# مێژووی شیکاریی ڕاگەیاندنی ڕووسیا

**سەرچاوە:**
تأریخ تحلیلی رسانەهای روسیە
سید علیرضا مرتضوی
چاپ اول 1378
**سروش/ تهران- 1378**

**ناوی کتێب: مێژووی شیکاریی ڕاگەیاندنی ڕووسیا**
**نووسینی: سەید عەلی رەزا مورتەزەوی**
**وەرگێرانی: بەهادین محەمەد**
**بابەت: مێژوویی**
**مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج**
**تیراژ: 1000 دانە**
**نرخ: 3500دینار**
**ژمارەی سپاردن: 121 ی 2007**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**چاپی : یەکەم ساڵی 2007**
**کوردستان -سلێمانی**
**www.sardamco.com**

سەید عەلی ڕەزا مورتەزەوی

# مێژووی شیکاریی ڕاگەیاندنی ڕووسیا

وەرگێرانی لە فارسییەوە

بەهادین محەمەد

سلێمانی 2007

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە** (418)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

# ( سوپاس و پێزانین )


- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ ( د. مۆفەق دەرگەڵەیی) سەرۆکی بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی کە ناو و دەستەواژە ڕووسییەکانی دووتوێی کتێبەکەی بەراورد کردەوەو شێوازێکی زانستیانەتری پێبەخشی.
- سوپاس و پێزانینم بۆ برای رۆژنامەنوس و وەرگێڕ (کارزان محەمەد) کە دەقی کتێبەکەی تایپ و هەڵەچن کردو دواتریش لەگەڵ دەقە فارسییەکەیدا بەراوردی کردەوە.

# ناوەڕۆک

پێشەکی نووسەر/ 9
بەشی یەکەم : مێژووی بڵاوکراوەکانی ڕوسیا/ 11
بەشی دووەم : مێژووی ڕادیۆی ڕوسیا/ 93
بەشی سێیەم : مێژووی تەلەفزیۆنی ڕووسی/ 151
بەشی چوارەم : مێژووی ئاژانسەکانی هەواڵ لەڕوسیادا/ 211

# پێشەکی نوسەر

هەرچەندە لەگەڵ بابەتەکانی ڕاگەیاندندا ئاشنایەتیم هەیە، و بابەتەکانی تایبەت بەو بوارە تاوتوێ ئەکەم، بەڵام هیچکات نەمتوانیبوو ئەو پەردەی نهێنیانەی کە بەسەر ڕاگەیاندنی ڕووسیاو یەکێتی سۆڤییەتەوە لەهزری مندا بوو، لابدەمو بگەمە وێنەیەکی ڕاستەقینەی سیستەمی هەواڵ گەیاندنی ئەودیوی دیوارە ئاسنینەکان. ئەگەرچی ئەو پەردەی گومانەی کەلە ماوەیەکی کورتدا سێبەری بەسەر هەموو سوچو کەلێنێکی ئەو وڵاتەدا کێشابوو. بەڵام ڕووداوەکانی کە دواتر ڕوویان داو بونەهۆکاری لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەتی سۆشیالیستی، زۆر لەو تاریکیو گومانانەی ڕوون کردەوەو ڕاستییەکانی خستەبەردەم حکومی خەڵکی جیهان.

لەساڵی ((1991))داو لەسەروبەندی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەتدا، سەردانی ڕووسیام کردو ئەو ماخولیای گومانانەی کە هەمبوون، بونە پاڵنەری دەستدانە کارێك کە بەرهەمەکەی ئەم کتێبەی بەردەستی ئێوەی لێکەوتەوە. ئەو کاتەی کە تاوتوێکردنی مێژووی ڕاگەیاندنی ڕووسیا لەمێشکمدابوو، ئامانجم تەنیا خستنەڕووی کارێکی مێژوویی- ئاماریی بوو. بەڵام هەرزوو لەوە گەیشتم کە مێژووی ڕاگەیاندنی ڕووسیا، بەجۆرێك لەگەڵ مێژووی سیاسی ئەم وڵاتەدا گرێدراوە کە بەکردەوە کارێکی وا لەتوانادا نابێت. بەوپێیە هاوشانی لێکۆڵینەوە لەمێژووی ڕاگەیاندنی ڕووسیا،

مێژووی سیاسی ئەو وڵاتەو کاریگەرییەکانی بەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ڕاگەیاندنیشەوەم تاوتوێ کرد.

لەم کتێبەدا، مێژووی ڕاگەیاندنەکانی ڕووسیا (بڵاوکراوەکان، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن‌و هەواڵدەرییەکان) لەسەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا، دەورانی دواشۆڕشی ئۆکتۆبەر و دروستبوونی یەکێتی سۆڤییەت، دەورانی پرۆسترۆیکەو دەورانی پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤییەت‌و دروستبوونی کۆماری فیدراسیۆنی ڕووسیا تا ساڵی (1998) لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە. لەئامادەکردنی ئەم کتێبەدا، لەسەرچاوەکانی زمانە بنەڕەتییەکە کەڵك وەرگیراوەو دەستنیشانکردنی پەراوێزەکان‌و سەرچاوەکانی کە لەم کتێبەدا ئاماژەیان پێدراوە، وەرگێڕانی دەستنیشانکراوەکانی ئەو بڵاوکراوەو کتێبانەن.

لەکۆتاییدا پێویستە ئەوە بەبیربهێنمەوە، بەهۆی تازەیی بابەتەکەوەو، ئەو هۆکارەشەوە کەهیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەك لەم بوارەدا ئەنجام نەدراوە، ئەتوانرێت ئەمەی بەردەست بەیەکەم نوسینی فارسی دەربارەی مێژووی ڕاگەیاندنەکانی ڕووسیای دەورانی تزار تا ئەمڕۆ دابنرێت، کەواتە ئەم بەرهەمە لەکەموکوڕی بەدەر نییە، بەڵام هیوادارم ببێتەمایەی سودگەیاندن بۆ شەیدایانی ئەم بوارە.

**سەید عەلی ڕەزا مورتەزەوی**

# * بەشی یەکەم *

## مێژووی بڵاوکراوەکانی ڕوسیا

*بڵاوکراوەکانی ڕوسیا لەسەدەی هەژدەیەمدا
*بڵاوکراوەکانی ڕوسیا لەسەدەی نۆزدەیەمدا
*بڵاوکراوەکانی ڕوسیا لەسەردەمی حکومەتی کۆمۆنیستیدا
*ستراکتۆری بڵاوکراوەکانی یەکێتی سۆڤییەت
*ناواخنی بڵاوکراوە کۆمۆنیستییەکان
*مێژووی بڵاوکراوەکانی سۆڤییەت
*بڵاوکراوەکانی سۆڤییەت لەسەردەمی پریسترۆیکە
*بڵاوکراوەکانی سۆڤییەت لەسەردەمی دیموکراسیدا
*بڵاوکراوەکانی ڕوسیا دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت

## *بڵاوکراوەکانی ڕوسیا لەسەدەی هەژدەیەمدا

یەکەمین ڕۆژنامەی روسی زمان کە بەتایپ، چاپکراوە ڕۆژنامەی ڤیدۆمۆستی[1] (هەواڵ) بوە کە لەساڵی 1702ی زاینیدا یەکەمین ژمارەی لێبڵاوکراوەتەوە، بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە کەڕۆژنامەیەکی حکومی بووە چارەکە سەدەیە بەبەردەوامی چاپو بڵاوکراوەتەوەو لەساڵی 1727دا لەبڵاوکراونەوە وەستا[2]. ئەم ڕۆژنامەیە کە ئەتوانرێت بەباوکی بڵاوکراوەکانی ڕوسیا دابنرێت لەپێکهێنانی ڕۆژنامەوانی پیشەییدا، لەڕوسیادا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە.

ئەم ڕۆژنامەیە ئەتوانرێت بەنموونەیەك لەهەوڵە چاکسازییەکانی پیتەری گەورە دابنرێت. هاوکات لەگەڵ ڕاگیرانی ڤیدۆمۆستی، ڕۆژنامەی سانکت پیتەر بورگسکین ڤیدۆمۆستی[3] (هەواڵەکانی سانپۆتروسبۆرگ)، لەژێر چاودێری فەرهەنگستانی زانستی ڕوسیا، لە سانپترۆسبۆرگ دەستی بەکارکرد[4]. ئەم بڵاوکراوەیە بۆ یەکەمین جار لەمێژووی چاپەمەنی ڕوسیادا شێوازی نوێی وێنەیی هێنایە ئاراوە، بابەتی زانستیو ئەدەبی بڵاوکردەوە، بڵاوبوونەوەی ئەو ڕۆژنامەیە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لەپێکهاتنی شێوازی بڵاوکراوەی نوێدا، لێرە بەدواوە بڵاوکراوەکانی ڕوسیا تەنیا هەواڵی سیاسی، سەربازیو کۆمەڵایەتییان بڵاونەئەکردەوە، بەڵکو هەوڵیان ئەدا لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵ لەوانەش:

---

1- vedomosti

2–ڤلادیمێر ئەلکساندەروڤیچ زاپادوف، سیستەمی ڕوسیا لەسەدەی هەژدەیەمدا، جلدی 1، لینینگراد: چاپخانەی گ.ئەی.خ.ل، 1950

3- sankt peterburgskie vedomosti

4–ئەلکساندەر ڤاسیلیڤیچ زاپادۆف، مێژووی ڕۆژنامەوانی ڕوسیا لەسەدەکانی 18و19، مۆسکۆ چاپخانەی ڤیسشایا، ئاشکولا، 1973

ئەدەبیات، زانست، فەرهەنگو هونەریش بگرنەخۆ. بەشێوەیەك هەمەڕەنگی بابەتەکانی ڕۆژنامە، وایکردبوو بگۆردرێت بەسەرچاوەیەك بۆ مێژوونووسانو لێکۆڵەرەکانی زانستی مێژوو.

یەکێك لەگەورەترین زانایانی ڕوسیا لەو سەردەمەدا (میکایل ڤاسلیڤیچ لۆمۆنۆسۆڤ)[5]، سکرتێری بەشی هەواڵەکانی دەرەوەیی ئەم بڵاوکراوەیە بوو[6]، ئەم ڕۆژنامەیە دوای دەرچونی لەساڵی 1728دا گۆڤاری (مپاچنیە ستاریچسکیە ئای گیوگرافیچسکیە پریمیچانیاك ڤیدوموشیام)[7] پاشکۆی مانگانەی مێژوویی‌و جوگرافی ڕۆژنامەی هەواڵ بوو بڵاوکردەوە[8]، ئەتوانرێت ئەو گۆڤارە بەبناغەی گۆڤارە زانستیو ئەدەبییەکانی ئەمڕۆی ڕوسیا دابنرێت. بەدەستپێشخەری لۆمۆنۆسۆڤ لەساڵی 1755دا مانگنامەی یویژە مسیاچنیە ساچیننیاك پولزا ئای سلوژاشیە)[9]، بەرهەمی مانگانە بۆ سەرگەرمیو کەڵك بەخشین بڵاوبۆوە[10]. هەرچەندە تەمەنی ئەم گۆڤارە لەدە ساڵێك کەمتر بوو، لەو ماوە کورتەشدا توانی کاریگەرییەکی تەواو لەسەر گۆڤارەکانیتری ڕوسیا هەبێت. بەتایبەت ئەو کاتەی گۆڤارەکە بەسەرپەرشتی ئەدیبی گەورەی ڕوسیا میلەر[11] بڵاوئەکرایەوە. ئەم گۆڤارە خوێنەرەکانی خۆی بەکۆمەڵێك بابەتی وەك مێژووی ئەدەبیات، مێژوو، جوگرافیاو ئامار ئاشنا ئەکردو بەیەکێك لەگۆڤارە سەرکەوتووەکان ئەدرایە قەڵەم.

---

5- Mikhail vasilevich Lomonosov

6–ئەلکساندەر ڤاسیلڤیچ لومونوسۆف، دەربارەی ئەرکەکانی رۆژنامەوانی، هەڵبژاردەی دووبەرهەمی دو جلدی، مۆسکۆ، چاپخانەی ناڤکا، 1986.

7- Mesyachnie Storicheskie i Gograficheskie primechaniyak bvedomostyam.

8–ئەلکساندەر ڤاسیلڤیچ زاپادۆف، م.و.لومونوسوفو رۆژنامەوانی، مۆسکۆ: چاپخانەی ڤیسشایا ئاشکولا 1961.

9- Yezhemesya chnie Sochineniyak polze i uveseleniu Shuzhashchie.

10–هەمان جێگا

11- Miller.

بۆ یەکەمینجار لومونوسۆڤ لەیەکێك لەوتارە گرنگەکانی خۆیدا باسی لەڕۆژنامەنووس، ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسو ئەرکی لەکۆمەڵگەدا کردبوو، بنەمای گرنگی لەو بارەیەوە خستبوەڕوو[12]. لەهەمان سەردەمدا بوو کەیەکێك لەکۆنترین بڵاوکراوەکانی ڕوسیا واتە ڕۆژنامەی زانکۆی مۆسکۆ بەناوی (موسکوڤیسکەیە ڤیدۆمستی)[13] دامەزرا. ئەم ڕۆژنامەیە تەنیا بەمەسەلەکانی تایبەت بەزانکۆوە نەئەوەستا، بەڵکو هەواڵی سەربازی، دەرەوەیی، دەربارەی قەیسەرو ئاگاداری جۆراوجۆریشی چاپ ئەکرد.

ئەوەی تا ئێستا باسی لێوەکراوە تایبەت بوو بەو بڵاوکراوانەی کەبەشێوەی راستەوخۆ لەلایەن حکومەت یان ڕێکخراوەکانی سەر بەحکومەتەوە بڵاوکراونەتەوەو بەڕێوەبراون. بڵاوکراوە ناحکومییەکان 57ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕوسیا، واتە لەساڵی 1759دا بڵاوبۆوە. یەکەمین ڕۆژنامەی ناحکومی بەناوی ترۆدۆلیبیڤایە پچیلا[14] (هەنگی رەنجدەر) بەسەرپەرشتی ئەی سومارۆکوڤ[15] (کە لەلایەن لۆمۆنۆسوڤەوە پشتیوانی لێئەکرا)، لەساڵی 1759دا بڵاوکرایەوە. ئەو ڕۆژنامەیە لەو سەردەمەدا شێوازێکی ئۆپۆزسیۆنانەی هەبوو، ڕۆژنامەیەکی گاڵتەئامێز بوو.

مێژووی ڕوسیاو مێژووی بڵاوکراوەکانی پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە، لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی هەژدەیەمدا، رژێمی فیوداڵی ڕوسیا لەکۆتایی تەمەنی خۆی نزیك بوبۆوە، بارودۆخی خراپی جوتیاران، باجی زۆرو سەرهەڵدانی یاخیبوونو شۆرشی جوتیاران بۆ بەدەستهێنانی ئازادی لەو سەردەمەدا لەڕووداوە گرنگەکانی ڕوسیا بوون[16]. شەڕوپێکدادانی جوتیاران لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا زەمینەی بۆ گەشەکردنی فیکری

[12]—دەربارەی ئەرکەکانی رۆژنامەوانی. م.و. لۆمۆنۆسۆف.

13- Moskovskie Vedomosti.
14- Trudolyubivaya Pchela.
15- A.sumarokov

[16]—مێژووی رۆژنامەوانی ڕوسیا لەسەدەکانی 18و 19 دا.

شارنشینانو گرنگیدانی ڕووناکبیرانی ڕوسیا بەبارودۆخی نالەبارو سەختی جوتیارانی ولاتەکەیان فەراهەم کردبوو. بەوەی کەڕووناکبیریو خوێندنی بالاّ پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ یەکتریدا هەیەو خوێندن تایبەت بوە بە کەسوکاری دەربارەکانو بەگزائەکان، دوایی ئەوانیش بونە یەکەمین نەیارانی دەربار. ئەو ئالوگۆڕانە جولانەوەی جیاجیای لەڕۆژنامەوانی ڕوسیادا هێنایە ئاراوە: جولانەوەی کۆنەپارێزەکانی وەکو ڤسیاکایا ڤسیاچینا[17] (لەهەر دەرێ باسێك) جولانەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئازادیخوازی وەکو ڕۆژنامەکانی ترونن[18] (سەربار)و ژیفوپیستس[19] (وێنەکێش)[20]، لەو سەردەمەدا گەپ یاگالتەئامێزی کەدیاردەیەکی نوێ بوو، بەشێوەیەکی فراوان هاتە ناو بلاوکراوەکانەوەو، بلاوکراوە گەپ ئامێزەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەمەیدانی ڕۆژنامەوانیدا سەریان هەلدا. شاژنە کاترینای دووەم[21] لەو کەسانەبوو کەگرنگییەکی تایبەتی ئەدا بەگەپ، لەو بڕوایەدابوو ئەم شێوە نیشاندانو دەربڕینە ئەبێت بگۆڕدرێت بەچەکێکی کاریگەر بۆ ڕۆژنامەنووسە کۆنەپارێزەکان[22].

یەکێك لەبەناوبانگترین گەپ نووسەکانی ڕوسیا (نیڤیکۆڤ)[23] بوو لەڕۆژنامەکانی (ترونو ژیڤوپیستس) دا ڕەخنەی لەدۆخی فەرمانڕەوایانی دەربارو ژیانی دەولەمەندەکان ئەگرتو بەراوردی ئەکرد لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی جوتیارانو خاوەن زەوییەکاندا، ئەو باسانەی کردبوە قسەو باسی ئەو ڕۆژانە. بەرهەمەکانی ناوبراو زۆر گالتەئامێز بوو

---

17- Vsyakaya Vsyachina.
18- Truten.
19- Zhivopisetz.
20- مێژووی ڕۆژنامەوانی ڕوسیا لەسەدەکانی 18و19 دا.
21- Gathrine ii.
22- نیکۆلا ئەلکساندەرۆڤیچ دوبرولیوبۆڤ، کۆمەڵە بەرهەم، جەلدی پێنجەم، مۆسکۆ، چاپخانەی گوس لیت ئیزادات، 1962.
23- Novikov

گاڵتەپێکردنێکی لێزانانەی ئاڕاستەی چینە خۆشگوزەرانەکانی ڕوسیا ئەکرد، بەتایبەت خاوەن زەوییەکانی ئازارئەدا[24].

سەرکەوتنە ئەدەبیەکانی نیڤیکۆڤو دەستکراوەیی‌و لێزانی ئەو لەبواری ڕۆژنامەوانیدا، وایکرد کەڕۆژنامەی مۆسکۆ ڤیسکیە ڤیدمستی بەسەرپەرشتی ئەو بڵاوبکرێتەوە، ئەو ڕۆژنامەیە لەسەردەمی سەرنوسەریی ئەودا بەخێرایی پێشکەوتن‌و ئاستی خۆشەویستی بۆ ڕۆژنامەکەو ژمارەی خوێنەرانی زیادیان کرد.

نیڤیکۆڤ جگە لەچاپکردنی پاشکۆی گۆڤاری (پریباڤلینەکە مۆسکۆ ڤاسکیم ڤیدومستیام)[25] (پاشکۆی هەواڵەکانی مۆسکۆ)و، ڕۆژنامەی تریشی چاپ‌و بڵاوئەکردەوە. حکومەتی مۆسکۆ لەزیادبوونی رادەی خۆشەویستبوونی ئەم نوسەرەو قەڵەمی بەهێزوتیژی ئەو نیگەران ببوو، نێتوانی رەخنەکانی ئەو قبوڵ بکات‌و سەرەنجام نیڤیکۆڤ-ی دەستگیرکرد. دەتوانرێت بوترێت نیڤیکۆڤ یەکەم کەس بوو گەپ‌و شێوەی گەپنووسی هێنایە ناو ڕۆژنامەنوسی روسییەوە، ڕۆڵی بەرچاوی ئەو لەبڵاوکراوەکان‌و ئەدەبیاتی روسیدا جێگای دەستخۆشیلێکردنی نوسەران‌و شاعیرانی گەورەی وەکو پۆشکین، بلینسکی[26] و دۆبرۆلیربۆف[27] بوو.

دەستگیرکردنی نیڤیکۆڤ ئەتوانرێت بەسەرەتای جەنگی نێوان حکومەت‌و بڵاوکراوەکان لەڕوسیادا بدرێتە قەڵەم. ئیمپراتۆری ڕوسیا نیشانیدا کەتوانای خۆڕاگرتنی نیە لەبەردەم رەخنەی بڵاوکراوەکانداو بڵاوکراوەکانیش بڕیاریاندا دژ بەدەسەڵاتداران بوەستنەوە، حکومەت لەچەندین شێوازی جۆراوجۆری سەرکوتکردن کەڵکی وەردەگرت بۆ سەرکوتکردنی

---

[24]-پاناو مویچ برکۆڤ، گۆڤارەکانی تەنز- نوڤیکۆڤ، مۆسکۆ، چاپخانەی فەرهەنگستانی زانستی سۆڤێتی، 1951.

25- Paribavlenie K Moskovskim vedomostyam
26- Blelinsky
27- Dobrolyubov

ڕۆژنامەوانەكان، هەموو تواناكانی خۆی بەكاردەهێنا بۆ دروستكردنی بڵاوكراوەی ناحكومەتی كە لەسنورو دەستوری لەسەررۆیشتوی حكومەت لانەدات. ئەو مەسەلەیە بووە هۆی گەشەكردنی ویستی پەڕگیری (**تطرف**) لەبڵاوكراوەكانی ڕوسیاداو بڵاوكراوەكان بونە چەكی دوژمنایەتیكردنی حكومەت خۆپەرەستی ئیمپراتۆری روسیو دواكەوتویی ئەو بونەهۆی نەفرەتلێكردنی لەلایەن رۆشنبیرانەوە. بێهۆنەبوو كەنزیكەی هەموو نوسەرانو هونەرمەندانی روسی لەڕیزی نەیارانی حكومەتدا بوون. بەگشتی دەركەوتنی بڵاوكراوەكانی ڕوسیا لەسەرەتادا بەهۆی هاوكاری نوسەرە بەناوبانگەكانەوە بووە لەگەڵ ئەو بڵاوكراوانەدا. كەسانی وەكو: گۆگۆڵ، پۆشكین، نكراسۆڤ[28] و كریلۆف[29]. یاخود ڕۆژنامەو گۆڤاریان چاپو بڵاوئەكردەوە یان هاوكاری بڵاوكراوەیەك بوون. كریلوف نوسەری بەناوبانگی روسی لەساڵی 1789دا بڵاوكراوەیەكی گەپئامێزی بەناوی **پچتالۆخۆڤ**[30] بڵاوئەكردەوە[31]. تاكۆتایی سەدەی هەژدەیەم بڵاوكراوەكانی ڕوسیا تاڕادەیەك شێوازێكی پیشەییان بەخۆوەگرتو فراوانبوونو بڵاوكراوەی نوێش بەخێرایی سەریان هەڵدا.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا جگە لەبڵاوكراوە ناوەندییەكانی كە لەمۆسكۆو سانپۆترۆسبۆرگ بڵاوئەكرانەوە، بڵاوكراوێتریش لەگۆشەو كەناری وڵاتدا بڵاوئەكرانەوە، كەڕەنگدەرەوەی تەشەنەكردنی ئەو دیاردە نوێیە بوو، كە پەڕیبۆوە بۆ زۆربەی ناوچەكانیتری ڕووسیاش.

---

28-Nekrasov
29-Krylov
30-Pochtalokhov

[31]–مێژووی ڕۆژنامەوانی ڕوسیا لەسەدەكانی 18و 19دا.

## *چاپەمەنییەکانی ڕوسیا لەسەدەی نۆزدەهەمدا

لەسەدەی نۆزدەهەمدا ئاڵوگۆڕی زۆر لەڕوسیادا هاتنەئاراوە کەسەرەنجام زەمینەی بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر خۆشکرد، ئەم سەدەیە هاوکات بوو لەگەڵ شەپۆلێکی نوێی ناسیونالیستی لەڕوسیادا. گرنگیدانی ڕووناکبیران بەگیروگرفتەکانی کۆمەڵگای ڕوسیا وای کردبوو، کەخەڵکی ناو کۆمەڵگای گەورەی ئیمپراتۆریەکە، بەتەواوی لەوچوارچێوەی گرنگیپێدانی ئەو ڕووناکبیرانە بەدەربێت.

سەرکەوتنی روسەکان لەشەڕ لەگەڵ ناپلیۆندا، بوبووەهۆی بەهێزتربوونی هەستی ناسیونالیستیانو چاپەمەنییەکانی ئەم سەدەیە زیاتر پیاهەڵدانبوو لەبارەی ئازایەتیو فیداکاری خەڵکی ڕوسیاوە. ڕۆژنامەی سین ئۆت چێستڤا[32] (کوڕی نیشتمان) ، یەکێك بوو لەڕۆژنامە گرنگەکانی ئەو سەردەمە کەپاش کۆتاییهاتنی جەنگ، زیاتر رووی کردبوە بابەتەکانی شەڕو ئازایەتی روسەکان لەبەرانبەر دوژمندا. کارامزین[33] یەکێك لەخانەدانەکانی ڕوسیا بوو-کەمێژونوسی ڕەسمی حکومەتی ڕوسیاش بوو- ڕۆژنامەی — ڤستنیك یوروپی[34]- (پەیامی ئەوروپا)ی بڵاوکردەوە (1803-1830)[35]. لەم ڕۆژنامەیەدا بۆ یەکەمین جار چەپەکانو ڕاسترەوەکانی ڕوسیا، دەرکەوتنو هەر لەگەڵ دەرکەوتنیاندا کەوتنە شەڕە قسە.

---

32-Sin Otechestva
33-Karamzin
34-Vestnik Evropy

[35]–ڤالانتینا گریگوریۆڤنا بریوزیتا، ڕۆژنامەوانی ڕوسیا لەچارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، لینینگراد چاپخانەی زانکۆی لینینگراد، 1965

بەگشتی ئەو بڵاوکراوانەی کەبەهۆی کاریگەرییەکانی جەنگی فەڕەنساو ڕوسیاوە بڵاوبوونەوەو کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ڕەوتی چاپەمەنییەکان دانا:

1-ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانە، بونە بناغە داڕێژەری ڕۆژنامەوانی سەربازی بۆ نمونە سەرکردەی بەناوبانگی ڕوسیا، مارشاڵ یەك چاو (کۆتۆزۆف)[□□] چاپخانەیەکی گەڕۆکی هەبوو، بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەربازەکانی‌و دەرکردنی راپۆرتەکانی مەیدانی جەنگ‌و بڕیارە سەربازییەکان، بڵاوکراوەی چاپ ئەکرد.

2-جەنگ، بوەهۆی لاکردنەوەی روناکبیرانی روسی بەلای بیروباوەڕی تازەی کۆمۆنیستی‌و چەپداو، ئەو پردەی کەپوتروسی یەکەم لەنێوان ڕوسیاو ئەوروپادا، دای مەزراندبوو، دواتر پشت گوێ خرابوو، جارێکی‌تر دامەزرایەوەو، کۆمەڵگای دواکەوتوی روسی بەو هۆیەوە ئاشنایەتی لەگەڵ بیروبۆچوون‌و ئاستی پێشکەوتنی ئەواندا پەیدا کردەوە.

روسەکان بینیان کە ئەوروپا بەرلەئەمان خۆی لەدەسەڵاتی فیودالی ڕزگارکردوەو، بەهاتنە ئارای سیستەمی سەرمایەداری باری ئابوری ئەو کۆمەڵگایانە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەدا بەها مەعنەوییەکانیان لەدەستداوە، هەروەها باوەڕبوونی روسەکان بەئامانجە تایبەتەکانی ڕوسیاو، باوەڕبوون بەتایبەتمەندبوون‌و سەربەخۆبوونی نەتەوەو کۆمەڵگای روس وایکردبوو، کەبزووتنەوەی سیاسی زۆر بێنە ئاراوە، کەهەوڵەکانیان بۆ خەڵکی ڕوسیا بووەو بەس، هەوڵیان ئەدا ئازادییەکی شێوە ڕوسیانە بێننە ئاراوە. لەم سەردەمەدا بووە کەجۆرێکی نوێ لەڕۆژنامە، واتا چاپەمەنی نهێنی‌و بەیاننامەی چەپڕەوانەو، ئەو دیاردەیەش بوو بەیەکێك لەدیاردە ئاشکراکانی چاپەمەنی ڕوسیا. یەکەمین بەیاننامە (دیکابریستەکان) (راپەڕیوە روناکبیرە بەگزادەکان) کە لەبارەی یاخی‌بون لە فەوجی سیمۆنۆف لەساڵی (1920)دا بوو بڵاوکرایەوە[□□]. دییکار بریستەکان کەسانی زۆر

36-Kutuzov

[□□]-مێژووی رۆژنامەوانی ڕوسیا لەسەدەکانی 18و 19

رۆمانسیو بەهەستو بەرزەفڕبون. یاخیبوونی لەخۆڕازیبوانەی ئەوان لە 14ی کانونی یەکەمی 1825دا دەربڕی ناواقیعی بونی یاخیبونەکەی ئەوانی دەگەیاند. دیکاربریستەکان داوایان لەقەیسەر ئەکرد کەئازادی بۆ جوتیاران دەستەبەر بکات، بەڵام شکستیان خوارد. زۆربەیان دەستگیرکرانو دواتر ئیعدام کرانو ژمارەیەکیشیان بۆ سیبیریا دورخرانەوە. یادگاریو بیرەوەری ئەو کەسانە تا ئێستاش لەڕوسیادا لەهزری خەڵکیدا زیندوە.

بەم جۆرە هەر لەسەرەتاوە، ئۆپۆزیسیۆنی روسی بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی خۆی خەباتی چەکداریو ژێرزەمینی گرتەبەرو، پۆلیسی نهێنی روسی لەساڵی 1825دا لەگەڵ دیاردەیەکی نوێی لەمەیدانی چاپەمەنیدا ڕووبەڕوبوونەوە واتا رووبەڕوبونەوە لەگەڵ چاپەمەنی نایاساییو ژێرزەمینی. چاپەمەنییەك کە لەگەڵ ئەوەدا تیراژی کەم بووە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خەڵك هەبوو. بیروباوەڕی ئازادیخوازانەی ئەوان کەزۆرجار هەوڵدانبو بۆ لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگاو سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی، گەورەترین هەڕەشە بو بۆ ئاسایشی ڕوسیا.

## *ڕۆژنامەکانی ڕوسیا لەسەدەی نۆزدەیەمدا

هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێدرا لەسەدەی هەژدەیەمدا ڕۆژنامە حکومیەکانی سانکت پوتور بورگسکیە ڤدمستیو، مۆسکۆ ڤسکیە ڤدمستی بلاۆئەکرانەوە. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا، سێهەمین بلاوکراوەی حکومی بەناوی سێڤرنەیەپۆچتە[38] (پۆستی باکور) بلاوکرایەوە[39]. ئەو بلاوکراوەیە هەفتەی دوجار بلاوئەکرایەوە. لەگەڵ گەشەکردنی ئابوریدا لەڕوسیادا، توانایەکی زیاتر پەیدابوو بۆ بلاوکردنەوەی هەواڵە ئابوریەکانو، زیاتربونی ئەو هەواڵو دەنگو باسانە ڕۆژنامەی سانکت بوتوربورگسیکیە ڤیدمستی، پاشکۆیەکی ئابوری بەناوی (سانکت بوترپورگسیکیە کامر چسکیە نوڤستی) بلاوکردەوە. لەگەڵ ئەو گەشەکردنو پێشکەوتنەدا، کاری چاپکردنو بلاوکردنەوەی ڕۆژنامە لەپایتەخت تێپەڕیکردو، یەکەمین ڕۆژنامەی دەرەوەی پایتەخت لەساڵی (1811) لەکازان بلاوکرایەوە، ڕۆژنامەی (کازانسکیە ئیزڤیستیا) (هەواڵەکانی کازان)، لەساڵی (1811 تا 1820) لەلایەن زانکۆی ئەو شارەوە بلاوئەکرایەوە، بەشێوەیەکی گشتی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا ڕۆژنامەکانی ڕوسیا هێشتا بەشێوەیەکی باش جێپێی خۆیان قایم نەکردبوو، ڕۆژنامەکان چوار تا هەشت لاپەڕەبونو هەموویان شێوەیان لەیەك ئەچوو لەنوسینو شێوەی داڕشتنیانداو، بەخشتەو ستونی جیاجیا بابەتەکانیان دابەش نەئەکرا وەکو ئەمڕۆ، جگە لەوەش ڕۆژنامەکان بەشێوەی بەردەوامو لەکاتی خۆیاندا چاپو بلاونەئەکرانەوەو، لەبەر چەندین هۆکار هەرزوو لەبلاوکردنەوە ئەوەستان. لەم قۆناغەدا ئاستی ڕۆژنامە روسیەکان زۆر لەخوارەوەی ئاستی

---

38-Severnaya Pochta

[39]–بوریس ئیڤانۆڤیچ بسین، کورتەمێژوی گەشەکردنی چاپەمەنی لەڕوسیادا لەسەدەکانی 18و 19، مۆسکۆ، چاپخانەی زانکۆی مۆسکۆ، 1967.

ڕۆژنامە دەرەوەییەکاندا بوون. ڕۆژنامەکانی ئەم سەردەمە، ڕۆژنامەی حکومیبوون، هەواڵەکانی لاپەڕەی یەکەمیان هەواڵو دەنگوباسەکانی تایبەت بەدەربارو خانەدانەکانو خاوەن سەرمایە گەورەکان بوو، دوای ئەوە هەواڵی خەڵكو بابەتی جۆراوجۆریان لەبارەی دڵسۆزیو دەسەلات ویستی خەڵكو هەلومەرجی ژیانیانەوە بلاوئەکردەوە، سەرەڕای کەشو هەوا.

زۆر لەبابەتەکان، لەڕۆژنامە بیانیەکانەوە وەرئەگیران، ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە زۆر تامەزرۆی بلاوکردنەوەی دەنگو باسو هەواڵی پرسەروسەدابوون. لەساڵی (1819)دا ڕۆژنامەی سیڤرنەیەپۆچتە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لەبلاوکردنەوە وەستا، لەساڵی (1825)دا ڕۆژنامەیەك لەژێر ناوی (سیڤرنەیە پچلا[40] (هەنگی باکور)دا دەستی بەبلاوبوونەوە کرد، کەیەکەمین ڕۆژنامەی کەرتی تایبەت بوو، یەکەمین ڕۆژنامەش بوو کەستونێکی بۆ دەنگوباسی سیاسی تێدابوو، ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (بولگارین)[41]ەوە چاپو بلاوئەکرایەوە، هەر زوو (گرچ)[42]یش پەیوەندی بەبولگارینەوە کردو بوە هاوبەشی بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەی. ئەم ڕۆژنامەیە سەرەتا هەفتەی سێ ڕۆژ چاپ ئەکراو، دواترو لەساڵی (1831)دا بوە، ڕۆژنامەیەکی پڕخوێنەرو تیراژەکەی گەیشتە (دوو هەزار) دانە[43]. لەساڵانی (1830)دا ڕۆژنامەی ناحکومی زیادیان کردو، یەکێك لەئاستەنگو گرفتەکانی ئەم ڕۆژنامانە مەسەلەی ڕێگانەدانیان بوو بەچاپو بلاوکردنەوەی ئاگاداریو ریکلام. بولگارین هەولیدا کەحکومەت ڕێگای بدات لەڕۆژنامەکەیدا ریکلامو

---

40-Severnaya Pchela
41-Bulgarin
42-Grech

[43]–کۆمەڵەوتارێك دەربارەی مێژوو ئاماری چاپەمەنیەکانی ڕوسیا لەماوەی ساڵانی 1703تا 1903، لینینگراد" چاپخانەی کۆمەڵەی کتێبناسی ڕوسیا 1903

ئاگاداری بڵاوبکاتەوەو، لەجیاتی ئەوەش بەڵێنی دابوو کەساڵانە پێنج هەزار ڕۆبڵی زێڕ بداتە وەزارەتی پەروەردە، بەڵام وەزیری پەروەردە داواکەی دابوە دواوە.

ڕۆژنامەی سێڤرنەیە پچلا لەپەنجاکاندا پاش سەرهەڵدانی جەنگی کریمە (پێشکەوتن)، هەروەك بولگارین خۆی وتبوی: (جەنگو نائارامی یارمەتی زیادبونی ئابونەو کڕینی ڕۆژنامەکان ئەدات)، ژمارەی هاوبەشانی ڕۆژنامەکە لەسەردەمی شەڕی کریمەندا گەیشتە دە هەزار دانە[44]. بەڵام ئەم قۆناغە کورت خایەن بوو، لەکۆتایی پەنجاکانی هەمان سەدەدا، سێڤرنەیە پچلا گەیشتە بن بەست[45]. بەگەشەکردنی بواری ڕۆژنامەوانیو بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی زیاتر، حکومەتی قەیسەری بۆ دروستکردنی ئاستەنگو ڕێگری لەڕۆژنامەکان، یاسای سانسۆری هێنایە ئاراوە، ئەم یاسایە لەساڵی 1826دا بڕیاری لێدراو، بەشێکی تایبەت لەوەزارەتی ناوخۆ کرایە لێپرساو بۆ چاودێریکردن بەسەر ڕۆژنامەکانەوە، ئەو سانسۆردانانە زۆر کاریگەری هەبوو لەبەردەم ئازادی کاری ڕۆژنامەکاندا لەو سەردەمەدا. ئەو ڕۆژنامەنوسانەی کە لەبواری گەپ نوسینو کۆمیدیادا قەڵەمیان بەبڕشت بوو، تەنیا ئەیانتوانی لەسەر ڕووداوە کۆنەکانو، بابەتی بێزیانی سەرگەرمکەر شت بنوسنو ڕێگای شتیتریان نەئەدرا. لەبەرانبەر ئەو سانسۆرە زاڵمانەیەدا کەحکومەتی قەیسەر سەپاندبووی، ئۆپۆزسیۆنی دژ بەقەیسەر کەوتنە چاپو بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی نهێنیو کاری ژێرزەمینی. یەکەم بڵاوکراوەی نهێنی ناوی کولوکول (زەنگ)[46] بوو. کەکۆمەڵی شۆڕشگێڕی ڕوسیا[47] دەریان ئەکرد. پاش تەواوبوونی جەنگی کریمە، حکومەتی قەیسەر سانسۆری کەمکردەوەو، ڕێگای ئاسانکاری بۆ بواری ڕۆژنامەوانیو بڵاوکردنەوە کردەوەو، ڕێگای بەدەرکردنی

---

44– کۆمەڵێك وتار دەربارەی مێژوو و ئاماری بڵاوکراوەکانی ڕووسیا لە ساڵەکانی (1703 تا 1903) لینینگراد: چاپخانەی کۆمەڵگای کتێبناسی ڕووسیا. 1903

45–کورتە مێژووی گەشەکردنی چاپەمەنیەکان لەڕوسیادا لەسەدەکانی 18و19.

46-Kolokol

47-Gertzen

ڕۆژنامەی نوێ دا، لەدواسالّی (1855)ەوە ڕێگا بەهەموو ڕۆژنامەکان درا کەبابەت لەسەر سیاسەتی ناوخۆو دەرەوە بلاّوبکەنەوە. لەسالاّنی (1846) تا (1855) شەست ڕۆژنامە بەڕەسمی ڕێگاپێدانی بلاّوبوونەوەیان وەرگرت، بەلاّم تا سالّی (1846) تەنیا (28)ڕۆژنامە لەو ژمارەیەی سەرەوە چاپو بلاّوبوونەوە. لەگەلّ قایمبوونی شوێن پێی سەرمایەدارەکانی ڕوسیاو گەشەکردنی چالاکیو کاری ئازادانەی ئابوریدا، بواری کاری ڕۆژنامەوانیش پێیەنایە قۆناغێکی نوێوە. خاوەن سەرمایەکان بۆ بەدەستهێنانی قازانجی زیاتر، کەوتنە چاپکردنی ڕۆژنامەو، لێرەوە ڕۆژنامەکان وردە وردە پیشەییتر ئەبوون. زۆربوونی ژمارەی ڕۆژنامەکانو هەمەجۆریان جێگای بەگۆڤارە پڕتیراژو هەمەڕەنگەکان لەق کرد. بەخێرابوونو گەشەکردنی ئالّوگۆڕە کۆمەلاّیەتییەکان، خوێنەر نەی ئەتوانی تەنیا بەخوێندنەوەی گۆڤار-کەماوەی بلاّوکرانەوەی درێژتربوو لەڕۆژنامە- بڕوی خوێندنەوەو زانیارییەکانی بشکێت، هەربەو هۆیەوە بوو کە خوێنەران روویان کردە ڕۆژنامەکانو تیراژی گۆڤارەکان کەم بوونەوە.

ڕووناکبیرانی روس زیاتر ڕوویان لەبابەتە پسپۆڕییە دیاریکراوەکانی خوازیاری خۆیان کردو، هەروەها چینو توێژی نوێ ڕوویان لەخوێندنەوەی ڕۆژنامەکان کرد کەبازرگانانو بازاڕیەکانو کارمەندان، کارمەندانی حکومەتو..بوون، بەم شێوەیە تیراژو ژمارەی ڕۆژنامەکانی کەرتی تایبەت زیادیان کرد. حکومەت بواری ئازادیو مافەکانی ڕۆژنامەنووسانی کەرتی تایبەتیان فراوانترکردو یاسای (بڕیاری کاتی دەربارەی کاری چاپو بلاّوکردنەوە) لەسالّی (1865) پەسەندکرا.

خوێنەری ڕۆژنامە، بەتایبەت لەکاتی کێشەو بەگژاچوونەوەکانی نێوان ڕوسیاو عوسمانیدا، لەسالاّنی (1877-1878)بەرەو زیادی ڕۆیشتو، لەو سەردەمەدا ئاڕاستەو سیاسەتی ڕۆژنامەکان بەئاشکرا لایەنگیری لەدەسەلاّتدارانو خاوەن سەرمایەکانی ڕوسیا ئەکرد، لەو سەردەمەدا ڕۆژنامەی چەپ بەئاشکرا توانای بلاّوبوونەوەی نەبوو، سەرکەوتووترین ڕۆژنامەی

چەپی ئەم قۆناغە ڕۆژنامەی ئاڕاستەو کارکردن بو بۆ ئایدیای سۆسیالیستی کەناوی (نیدلیا)بوو، کەدەستەیەك لەکارمەندانی چاپخانەی روسکویەسلوڤو[48] (حیکمەتی روسی)و سەڤرمینك[49] (هاوسەردەم)، بلاویان ئەکردەوە. ئەو ڕۆژنامەیە لەساڵی (1868) دەستی بەبڵاوکردنەوە کردو ساڵی (1871) بەفەرمانی قەیسەر داخرا[50].

قۆناغی نوێی بواری ڕۆژنامەوانی، دوای چاکسازی گشتی دێت کەلەساڵی (1861)دا دەستیپێکردو تیایدا دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ جوتیاران لەلایەن ئەلکساندەری دووەمەوە ڕاگەیەندرابوو، لەدوای ئەو ڕاگەیاندنە ڕۆژنامەی زۆرتر تایبەت کرابوو بەچینە هەژارو کۆلکە خوێندەوارەکانو ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە چاپو بڵاوئەکرایەوە. ئەو ڕۆژنامانەش بەزۆری نازناوی پیاوە کۆمەڵایەتیو پیشەییەکانیان هەڵگرتبوو. لەساڵی (1863)دا ڕۆژنامەی ڤاسکرسنی دوسوگ[51] (ساتی بێکاری یەکشەموان) بڵاوکرایەوە[52]. ئەم ڕۆژنامەیە بۆ خەڵکی ئاساییو کەم خوێندەوار لەبەرچاوگیرابوو ئەم جۆرە ڕۆژنامانە بڵاوبوونەوەیان بەردەوامبوو بەرە بەرە ژمارەشیان زیادی ئەکرد.

دەتوانرێت لەو ڕۆژنامانە ناوی ڕۆژنامەی رابوچی (کرێکار) کە لەساڵی (1875)دا دەرچوو، هەروەها نارودنی لیستۆك (نامەی خەڵك) لەساڵی (1876)و سلسکی ڤێستیك (پەیامی لادێ) کە لەساڵی (1881)دا بلاوکراوەتەوە ببرێت. لەساڵی (1862)دا حکومەت ڕێگای بەدەرچونی ڕۆژنامەی کەرتی تایبەت دا کەرپێکلامو ئاگاداری چاپو

---

48-Russkoye slovo
49-Sovremennik
[50]–کورتەمێژوی گەشەکردنی چاپکراوەکان لەڕوسیادا لەسەدەکانی 18و 19
51-Voskresny Dosug
[52]–ڤالنتینا گریگوریو نابریوە نابریوزتیاو کەسانیتر، مێژوی رۆژنامەوانی ڕوسیا لەسەدەکانی 18و 19، مۆسکۆ: بلاوکراوە کتێبیە دەرسیەکان 1963

بڵاوبکەنەوەو، ئەو بڕیارەش یارمەتی بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی ڕۆژنامەکانیداو، هۆکارێکیش بوو بۆ ڕاکێشانی خاوەن سەرمایەکان بۆ کارکردن لەبواری چاپەمەنیدا.

یەکێك لەخاوەن بانکەکان بڕیاریدا کەئاژانسی دەنگوباسی نەتەوەیی دابمەزرێنێت، شایانی باسە ئەو ڕۆژنامەیەکی بەناوی بیژویە ڤیدمستی[52] (هەواڵی بۆرسە)ی بلاوئەکردەوە، بەو هۆیەوە لەوە گەیشتبوو کە (تەلەگراف) یەکێکە لەپێویستییە هەرە گرنگەکانی کارکردنی بواری ڕۆژنامەوانیو، کەبەهۆیەوە ئەتوانرێت خێرا هەواڵ بەدەست بهێنرێتو بلاویش بکرێتەوە، لەبەرئەوە هەواڵ ئەو کاتە بەهای دەبێت کە گەرماو گەرمو نوێ بێت. ناوبراو لەساڵی (1866)دا ئاژانسی تەلەگرافی ڕوسیا (R-T-A)ی دامەزراند. لەسەرەتادا ئەو ئاژانسە تەنیا خۆی بەوەرگرتنی هەواڵەکانی دەرەوە خەریك کردبوو، ئەو هەواڵانەی ئەدایە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان، بەڵام دواتر دەستیکرد بەوەرگرتنو کۆکردنەوەی هەواڵو دەنگوباسەکانی ناوخۆو ناردنیان بۆ دەرەوە، ئەم ئاژانسە بۆ خێرا گەیاندنی هەواڵو دەنگوباسەکان پاشکۆیەکی چاپ ئەکرد کە پاشنیوەڕوان دەردەچوو، تا ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە هەواڵو دەنگوباسەکانی ڕۆژنامەکاندا بەو هۆیەوە دروستبوبوو. ئەو پاشکۆیە توانای ئەوەیدا بەڕۆژنامە دورە دەستەکان کەتا ئەو کاتە ناچاربوون هەواڵەکانیان لەڕۆژنامەکانی ناوەندەوە وەرگرن، لەمەودوا لەو پاشکۆیەوە هەواڵو دەنگوباسەکانی خۆیان هەڵبهێنجن، جەنگی نێوان روسو عوسمانیەکان، بووەهۆی سەرهەڵدانی شەپۆلێکی نوێ لەڕۆژنامە لەڕوسیاداو، گرنگترین ڕۆژنامەی ئەم قۆناغەش بیرژویە ڤیدمستی بوو. هەروەها لەڕۆژنامە پلەیەکەکانیتر ئەتوانین ناوی گولوس[53] (دەنگ)و نوڤیە ڤرمیا[54] (سەردەمی نوێ) ناوببەین.

---

52-Birzhevye Vedomosti
53-Golos
54-Noviyeh Veremiya

لەم قۆناغەدا ڕۆژنامەکان زیاتر بایەخیان دابوو بەهەواڵو ڕووداوە ناوخۆییو دەرەوەییەکان، هەرچەندە ئەدەبیش جێگایەکی تایبەتی لەو بڵاوکراوانەدا بۆخۆی قۆرخ کردبوو.

ڕۆژنامەکانی سانکت پوتربورگسکیە ڤیدمستیو، موسکوڤسکیە ڤیدمستی هەرچەندە ڕۆژنامەی حکومی بوون، بەڵام لەبەربڵاوکردنەوەی بابەتی جێی پەسەندی خەڵك، جێگایەکی تایبەتیان لەناو ڕۆژنامەکانیتردا بۆ خۆیان داگیرکردبوو. ڕۆژنامەی گولوس کەسەرنوسەرەکەی کریڤسکی بوو، لەساڵی (1877)دا بوبوە یەکێك لەباشترین ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە، ئەم ڕۆژنامەیە بەتیراژی سی هەزار دانە بڵاوئەبۆوەو، لەچوارسەد سەرچاوەی هەواڵەوە لەڕوسیاداو (146) سەرچاوەیتر لەدەرەوە، هەواڵو زانیاری وەرئەگرتو لەڕۆژنامەکەی خۆیدا بڵاوی ئەکردەوە. هەر لەو سەردەمەدا بو کە ڕۆژنامەی (نوڤیە ڤرێمیە) بەخێرایی ناوبانگی بڵاوبۆوە، سەرنوسەری ئەم ڕۆژنامەیە (سۆڤۆرین)[56]ی ڕۆژنامەنوسی چالاكو بەڕێوەبەری بەئەزمونی بواری ڕاگەیاندن بووە، هەرچەندە لینین ناوبراوی (بەڕۆژنامەنوسێکی خۆفرۆش) ناوبردبوو، ڕۆژنامەکەی لەساڵی (1867)دا ژمارەی هاوبەشەکانی (1500)کەس بوو، لەساڵی (1876)دا ئەو ژمارەیە گەیشتە سیانزە هەزار هاوبەش. سوڤورین گرنگیەکی زۆری ئەدا بەخواستو ئارەزووەکانی خوێنەرەکانیو بەردەوام لەکاردابوو، بۆ نەهێڵانی کەموکورتیەکانی ڕۆژنامەکەی.

ناوبراو بەردەوام هەوڵی ئەدا سود لەو توانایانە وەربگرێت کەدەستی ئەکەوت، لەڕۆژنامەکەیدا بۆ چاپو بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانو، یەکەمین کەسیش بوو، کەسەروتاری بەناوی (سەروتار) لەڕۆژنامەکەیدا چاپ کردووە بۆ هەموو بابەتەکانیش مانشێتی تایبەتی دائەنا، هەر ئەو پێشکەوتنانەش بوو وایکردبوو کەخوێنەران بایەخێکی زۆربدەنە بابەتەکانی ڕۆژنامەکەی. ژمارەی ڕۆژنامەکان لەساڵی (1871)دا لەڕوسیادا (سیونۆ) ڕۆژنامەبوو.

---

56-Suvorin

لەساڵی (1881)دا ئەو ژمارەیە گەیشتە هەشتاوسێ ڕۆژنامەو، لەساڵی (1895)دا گەیشتنە (93)ڕۆژنامە.

لەم قۆناغەدا خەڵکی ئارەزووی زیاتری لەخوێندنەوەی ڕۆژنامەبوو تا خوێندنەوەی گۆڤار، لێرەوە بواری بڵاوبوونەوەی گۆڤار بەرتەسکتر بۆوە. پاش کوژرانی قەیسەر لەساڵی (1881)دا، بەدەستی ئەندامانی بزوتنەوەی نەرۆدنەیە ڤۆلیا (ویستی گەل)، زنجیری سانسۆر کرایە گەردنی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانو بەتەواوی کەوتنەژێر گوشاری سانسۆری دەسەڵاتدارانەوە. بەهۆی گوشاری زۆرەوە ژمارەیەکی بەرچاو لەڕۆژنامەکان خوێنەرانی خۆیان لەدەستداو سەرەنجام شکستیان هێنا. ڕۆژنامە کۆنەکانی سانکت پیتەر بورگسکیە ڤیدمستیو مۆسکۆ ڤسکیە ڤیدمستی سەرەنجام لەمەیدانەکە چوونەدەرەوەو، تیراژی زۆرو خاوەن خوێنەری ڕۆژنامەی (گولوس)یش هاتەخوارەوە. بەڵام جێگای ئەو ڕۆژنامانە بەچۆڵی نەمایەوەو، چاپەمەنییەکان بەبەردەوامی لەهەوڵدابون بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییو کەمبونەوەیە. شوێنی ڕۆژنامە شکست خواردوو ڕاگیراوەکان، لەلایەن نەوەی نوێوە هەوڵی پڕکردنەوەی دراو، بەڕۆژنامەی روسکویە سلوڤ (وتەی روسی)و سڤێت[57] (روناکی) پڕکرانەوە.

لەم قۆناغەدا ژمارەی ڕۆژنامە ناوچەییەکان زیادیان کردو، ڕۆژنامەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ڕای گشتی، هەبوو.

ڕێژەی لە (60٪)ی ڕۆژنامەکانی ئەم قۆناغە هەفتەی شەش تا حەوت جار بڵاوئەکرانەوە. نمونەی بەرجەستەو دیارو ڕۆژنامەی ناسراوی ئەم قۆناغە (کۆتایی سەدەی نۆزدە)، ڕۆژنامەی (نوڤیە ڤرێمیە) بوو، کە لەکۆتایی نەوەدەکانی ئەو سەدەیەدا تیراژەکەی گەیشتە پەنجا هەزار دانەو (35هەزار هاوبەشو 15هەزاریش بەفرۆشتنی ئازاد). لەکەموکوڕییەکانی ئەو ڕۆژنامەیە گرنگیدانی زیاد لەپێویست بوو بەڕووداوە دەرەوەییەکانو

57-Svet

چاپکردنی بابەتی کەم بایەخو بابەتی سەرگەرمکردنی خوێنەران. ڕۆژنامەیەکی‌تری کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، ڕۆژنامەی (روڤسکیە) بوو، ئەم ڕۆژنامەیە لەساڵی (1895)دا بڵاوبۆوە، لەساڵی (1897)دا سەرمایەداری روسی (سیتین)، ڕۆژنامەکەی کڕی‌و کردی بەیەکێك لەگەورەترین ڕۆژنامەکانی ناو ڕوسیا، یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی ئەو ڕۆژنامەیە نوسەرەکەی بوو کەناوی (داروشوڤیج) بوو، نوسەری بەناوبانگی روسی (تمیروڤیج دانچینکوتی)، بەردەوام هاوکاری ئەم ڕۆژنامەیەی ئەکرد کەئەوەش هۆیەکی‌تری سەرکەوتنی ئەو ڕۆژنامەیە بوو. روسکەیە سلۆڤە لەسەر ستانداردی جیهانی کاری ئەکردو، پەیامنێرەکانی زۆر چالاکانە کاریان ئەکردو شارەزاییەکی باشیان لەبواری ڕۆژنامەنوسی‌دا هەبوو، بەتەواوی توانیبویان کۆنترۆڵی کاروباری ڕۆژنامەکەیان بکەن. هەموو ئەوانەی سەرەوە بونەهۆکاری بەرچاوی ڕۆژنامەکە. سەرەتا ڕۆژنامەکە بەتیراژی سیانزەهەزار دانە دەستی بەکارکردو لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا تیراژی خۆی گەیاندە سەد هەزار. بێ‌دوودڵی ئەتوانرێت بوترێت کە ئەم ڕۆژنامەیە بەهۆی چڕو فرەجۆری هەواڵ‌و زانیارییەکانیەوە بوبوە ڕۆژنامەیەکی سەرکەوتو لەناو ڕۆژنامەکانی ڕوسیادا. سەرنوسەری ئەم ڕۆژنامەیە، کەڕۆژنامەنووسێکی کارامەو شارەزابوو، هەوڵی‌دابوو بەبابەتیانەو خێراکارکردن‌و وردەکاری لەکارەکەیدا زۆر زوو ئاستی ڕۆژنامەکەی خۆی بەرزبکاتەوەو متمانەیەکی زۆر باشیشی بۆ خۆی بەدەست هێنابوو، لەڕاستیدا ناوبراو رۆحی ڕۆژنامەکە بوو، دارشویچ-ی ڕۆژنامەنووس بەپادشای تەنزنوسی لەڕوسیادا ناوبانگی دەرکردبوو.

ماوەیەك بەر لەشۆڕشی ئۆکتۆبەری ((1917)) سیتین ڕۆژنامەی راننیەئوترا (بەیانی زوو)و ڤیچێرنەیە نیە ئیزڤیستیە (هەواڵەکانی دوانیوەڕۆ)و (کۆپیکا)ی کڕی‌و، بوە سەرمایەدارێکی گەورە لەبواری ڕۆژنامەو چاپو بڵاوکردنەوەدا. دیاردەیەکی‌تری ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، زۆربوونی ژمارەی ئەو ڕۆژنامانە بوو، کەنرخەکەیان هەرزان بوو، ڕۆژنامەی (سوت) لەبەرکەمی نرخەکەی تیراژەکەی گەیشتبوە حەفتا هەزار دانە، ڕۆژنامە

هەرزانەکان بۆ خەڵکی ئاسایی‌و کەم دەرامەت‌و کرێکاران چاپ ئەکران. ڕۆژنامەی موسکوڤیسکی لیستوك (بەیاننامەی موسکۆ)، کە سەرنوسەرەکەی (پاستوخۆف) بوو، لەساڵی (1818)دا، دامەزراو زۆر زوو تیراژی گەیشتە چل هەزار دانە، لەم ڕۆژنامەیەدا، بەشێکی تایبەت بەهەواڵ‌و بابەتەکانی تاوان‌و چیرۆکە هەواڵ‌و کاری سەرچڵانەی ناو ڕوسیای تیا تەرخان کرابوو.

(پاستوخوف) ڕۆژنامەنوسێکی کارامەو نمونەی نوسەری راپۆرتە هەواڵی سەرکەوتوو بوو، پەیامنێری بەناوبانگی روسی (کیلیار ڤیسکی) کە لەبەردەستی ناوبراودا کاری ئەکرد ئەویش ڕۆژنامەنوسێکی سەرکەوتوو بوو.

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەدەبیاتیش لەچوارچێوەی بابەتەکانی ڕۆژنامە بەدەرنەبوو، زۆربەی ڕۆژنامەکان کورتە چیرۆکیان بڵاوئەکردەوەو نوسەری گەورەی روسی وەکو چیخۆف، گارین، میخایلۆڤسکی، کوپرین‌و کەسانی‌تری هاوشێوەیان بەشداریکردن بەبابەت لەو ڕۆژنامانەدا بەلایانەوە یەکێك بوو لەڕووداوە گرنگ‌و جێی شانازییەکانی ژیانی ئەدەبیان.

بەم شێوەیە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، ڕۆژنامەکانی ڕوسیا دوای دوو سەدە بەشێوەیەکی باش ڕێکخران‌و لەڕۆژنامەی بێ‌مانشێت‌و، بێ‌ستونەوە گۆڕدران بۆ ڕۆژنامەی گەورەو پڕتیراژو پیشەیی، رکەبەری نێوان ڕۆژنامەکان هۆکاری بنەڕەتی پێشکەوتنی ڕۆژنامەکانی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو، بەڵام دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕۆژنامەکانیش خرانەچوارچێوەی سانسۆرێکی توندوکەم وێنەوەو بەلشەفیزم بەشێوەیەك ڕۆژنامەکانی ژێرەوژور کرد، کە سانسۆری سەردەمی قەیسەر لەبەرامبەریدا شەرمەزار بوو بوو.

## *گۆڤارە روسیەکان لەسەدەی نۆزدەیەمدا

بێهیچ دودڵیەك ئەتوانرێت بوترێت کە گرنگترین گۆڤاری سەدەی نۆزدەیەم لەڕوسیادا (سەڤریمێنیك) بوە، کە لەساڵی (1836)دا پوشکین چاپوبلاَوی کردەوە، بەلاَم بە کوژرانی ناوبراو لەساڵی (1837)دا، قۆناغی پاشەکشەکردنی گۆڤارەکەش دەستیپێکرد، لەساڵی (1846)دا (نکراسۆڤ)و (پانایۆڤ)، گۆڤارەکەیان لە(پلۆتۆنوڤ)ی خاوەن گۆڤارەکە کڕیەوە، کەدوا پوشکین بەڕێوەی ئەبرد، لەبەرئەوەی سەڤریمێنیك گۆڤارێکی ئەدەبی بوو، ئەدەبیش بیەوێ‌و نەیەوێت تێکەڵاوی خەتی سیاسی ئەبێتەوە، بابەتەکانی (سەڤریمێنیك)یش ئەدەبێك بوو پەیڕەوی لەڕاوبۆچونەکانی دەورانی  نوێی ڕوسیا ئەکردو، ئەو رووناکبیرانەش کە لەو گۆڤارەدا بابەتیان ئەنوسی زۆربەیان بیروباوەڕی چەپیان هەبوو، هەرئەوەش بوبوە هۆی دروستکردنی سەریەشەیەکی زۆر بۆ خاوەنی گۆڤارەکە. بەهەرحاڵ بابەتەکان‌و ئاڕاستەی ئەو گۆڤارە لەمێژوی رەخنەی ئەدەبی نوێ لەڕوسیادا جێگایەکی شایستەی بۆخۆی دەستەبەرکردبوو.

بلینسکی کە یەکێك بوو لە بەناوبانگترین رەخنەگرانی ئەو سەردەمەی ڕوسیا، بەبلاَوکردنەوەی بابەت‌و وتار لەو گۆڤارەدا، کەوتە دژایەتیکردنی رۆمانسیزم، ناوبراو لەسەر ئەو رایەبوو کە سەردەمی رۆمانسیزم بەسەرچوەو، ئەدەبیاتی نوێی روسی لەپێنوسەکەی گۆگۆلەوە سەرچاوەی گرتوە، ناوبراو کەوتبوە رەخنەگرتن لەبیروبۆچونی سلاڤ یا نوفیلەکان (لایەنگرانی سلاڤیەکان)، ئەو گروپە لایان وابو سلاڤەکان‌و بەتایبەت روسەکان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا شوێنێکی تایبەتیان هەیەو رۆڵی رزگارکەری گەلانی جیهان دەگێڕن. لەوتارێکدا لەژێر ناوی (بیسمە گۆگیلو)[58]، (نامەیەك بۆ گۆگۆل) کەوتە رەخنەگرتن لەفیودالیزمی

58-Pismok Gogoliu

روسیو بانگەشەی لەناوچونی ئەکرد، بلینسکی لەساڵی (1848)دا مردو بەوەش نکراسۆڤ یەکێك لەنزیکترین هاوڕێیانی خۆی لەکاری چاپو بڵاوکردنەوەی ئەو گۆڤارەدا لەدەستدا.

له ڕوسیاوه بەرەو ئەوروپا هەڵات، (گرتسنی)ی شۆڕشگێڕ له ڕووسیاوه هەڵات بۆ ئەوروپا بەڵام نکراسۆف دەستی له گۆڤارەکه هەڵنەگرتو بەمجۆره گۆڤارەکه درێژەی به کاری خۆی دا، بەڵام نکراسۆڤ لەساڵی (1854)دا بەشی بەزمەسات (کومید)ی لەگۆڤارەکەدا کردەوه لەژێر ناوی لیتراتورنی یرالاش[59] (بەزمەساتی ئەدەبی)، لەم بەشەدا بۆ یەکەمجار نوسینەکانی کوزما (بروڤیتکۆڤ)، کۆمیدی نوسی گەورەی روسی چاپو بڵاوکرانەوه. لەساڵی (1854)دا (چرنیشێفیسکی)، سۆسیالیستیش هاتەناو دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکەوەو، کەوتە نوسینی وتاری رەخنەیی، کەسانیتریش کەبابەتیان ئەنارد بۆ گۆڤارەکه ئەتوانرێت ئاماژە بەناوی لیڤ تۆلستوی، سالتیکۆڤ شدرین[60] (نوسەری تەنزنوسی بەناوبانگی روسی که لەسالانی چلەکاندا دورخرابۆوه)، هەروەها یوسپنسکی، بکرێت. گۆڤاری سەڤرێمێنیك بەبناغەدانەرو رچەشکێنی ئەدەبیاتی نوێ لەڕوسیا دائەنرێتو زۆر لەنوسەره ناودارەکانی ڕوسیا ئەزمونی سەرەتای ئەدەبی خۆیان لەو گۆڤارەدا بڵاوکردۆتەوه. لەساڵی (1861) دا راپەڕینی سەرلەنوێی جوتیارانی ڕوسیا سەری هەڵدایەوه که ئەوه قەیسەری ناچارکرد لەهەمان ساڵدا سیستمی فیودالی هەڵوەشێنێتەوه.

لەساڵی 1862دا چرنیشێفسکی کەڕای وابوو پێویسته جوتیارانی ڕوسیا ببنه هێزی بزوێنەری کۆمەڵگای ڕوسیا، هەوڵیدا ڕۆژنامەیەکی نهێنی بەناوی زملیا ڤولیا (زەویو ئازادی)، بڵاوبکاتەوه بەڵام دەستگیرکرا، لەهەمان ساڵیشدا سەڤرێمێنیك بۆ ماوەی هەشت مانگ راگیراو، پاش ئەوەی کەهاوولاتیەکی روسی تەقەی لەئەلکساندەری دووەم کرد گۆڤارەکه بۆ هەمیشه داخرا.

59-Literaturnaya Yeralash
60-Saltykov-Shchedrin

لەگۆڤارەکانیتری ئەو قۆناغە ئەتوانرێت ئاماژە بەگۆڤارە تەنزنوسەکان بکرێتو دیارترین نمونەی ئەو گۆڤارانەش، گۆڤاری کاریکاتۆری رادیکاڵو چەپڕەوی ئیسکرە[61] (بریسکە)یە، کە لەساڵانی 1859-1873دا، لەسەردەستی سەرنوسەری گۆڤارەکە کوروچکین ستیپانوڤ دەستی بەدەرچوون کرد.

ئایسکرا زۆرگرنگی بەو بابەتو هەواڵانە ئەدا کە لەهەموو گۆشەو کەنارەکانی ڕوسیاوە ئەگەیشتە ئۆفیسەکەی، ستیپانوف لەو گۆڤارەدا بەشێکی بەناوی (نام پیشوت)[62] کردەوە، لەو گۆشەیەدا ئەو نامانەی چاپو بڵاوئەکردەوە کە لەخوێنەرانەوە بۆی ئەهات، وەزارەتی ناوخۆ هەر زوو ئەو بەشەی لەبەرئەوەی رەخنەی زۆری لەسیستەمی حوکم ئەگرت داخست.

گۆڤارە روسیەکان لەم قۆناغەدا، جێگای گرنگیپێدانێکی زۆرن لەبەرئەوەی بەشی زۆری کاتەکانی ئەم قۆناغە سەردەمی زێڕینی ئەدەبیاتی ڕوسیایەو، خۆخەریککردنی ئەم گۆڤارانە بەئەدەبیاتەوە، بوبووەهۆی رەونەق پەیداکردنی ئەو گۆڤارانە لای خەڵك.

---

61-Iskra
62-Nam Pishut

## *بڵاوکراوەکانی ڕوسیا لەسەردەمی حکومەتی کۆمۆنیستی دا

شۆڕشی ئۆکتۆبەری ((1917)) لەڕوسیادا ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دروست کرد لەکۆمەڵگای ئەو وڵاتەداو، ئەو ئاڵوگۆڕانە بواری بڵاوکردنەوەشی گرتبۆوە. لەدوای شۆڕش هەموو دامودەزگاکانی کەرتی تایبەتو لەوانەش ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش کرانە موڵکی دەوڵەت، بڵاوکراوەکانی سەردەمی شۆڕش هیچ پەیوەندییەکیان لەفۆرمو بابەتدا نەئەچووەوە سەر بڵاوکراوەکانی سەردەمی قەیسەر لەڕوسیادا، لەسەرەتای شۆڕشدا ژمارەیەك بڵاوکراوەی ناکۆمۆنیستی کە هی گروپە لیبراڵو چەپەکان بوون ڕێگایان پێدرابوو کەبڵاوببنەوە، بەڵام بەلشەفیکەکان هەر زوو نیشانیاندا کەناتوانن هیچ کەسێك جگە لەخۆیانو ڕەخنەی هیچ کەسێکیش قبوڵ بکەن، تەنانەت ئەو ڕەخنانەش ئەگەر لەلایەن هاوپەیمانەکانی دوێنێی خۆشیانەوە بێت، کاربەوە گەیشت کەتەنانەت ڕۆژنامەی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانیش دەستبەسەردا بگرن یان پێیان دابخەن، بۆنموونە ڕۆژنامەکەی ماکسیم گۆرگیش بەفەرمانی لینین راگیرا. لەو سەردەمە نوێیەدا زۆربەی نووسەرە دیارەکانی بواری ڕۆژنامەگەریو چاپو بڵاوکردنەوە یان تێرۆرکران یان خۆیان ناچاربوون وڵات جێبێڵن.

لەو قۆناغەدا حکومەتی کۆمۆنیستی هەوڵیدا بڵاوکراوەکانی کە سەر بەخۆی بوون گەشە پێبداتو ڕێکیان بخاتەوە، لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەشدا ئەو ڕۆژنامانە نەیان ئەتوانی لەگەڵ هێڵو شێوازی کارکردنی پێشوویاندا جیاوازییان هەبێت، هەر لەبەرئەوەش بوو، بۆ چەسپاندنی شێوازی نوێو ئاڕاستەی کارکردنی نوێ ڕۆژنامەکانیان دابەشکرد بەسەر ئۆرگانی جیاجیای وەزارەتەکاندا، وەکو وەزارەتی پیشەسازیو بەشەکانیو سەندیکاکانی کرێکارانو هەر لەوێوە چاپو بڵاوئەکرانەوە. جگەلەوانەش کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمونیستی سۆڤییەت دەیان ڕۆژنامەو گۆڤاری چاپ ئەکرد کەهەموو ئەوانە بانگەشەو پیاهەڵدانبوون بەئامانجەکانی کۆمۆنیزمدا.

## *ستراکتوری بڵاوکراوەکانی یەکێتیی سۆڤییەت

### *بڵاوکراوە حیزبییەکان

-ئۆرگانی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست.

-ئۆرگانە ناوەندییەکانی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤییەت.

-ئۆرگانی پارتە کۆمۆنیستییەکانی ناوچە ئۆتۆنۆمیدارەکانی سۆڤییەت.

-ئۆرگانی کۆمیتەی پارێزگاکانی، پارتی کۆمۆنیستی کۆمارەکانی سۆڤییەت.

### *بڵاوکراوەکانی سەر بەکەرتی پیشەسازی

-ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سەندیکا کرێکارییەکان

-ئۆرگانی وەزارەتەکان (بۆ نموونە کەشتیرانی) کە بەزۆری تایبەت بوو بەسەندیکای کرێکارانی ئەو بەشانەی وەزارەتەکان.

-ئۆرگانی کارگەکان یان دامودەزگاکان، کە ڕۆژنامەی کەم تیراژیی بونو، بەزۆر بەکرێکارانیان ئەفرۆشتەوە.

### *بڵاوکراوەکانی وابەستە بەئەنجومەنەکان

-ئۆرگانەکانی ئەنجومەنی باڵای کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤییەت

-ئۆرگانی ئەنجومەنە ناوچەییەکان (کەبەزۆری بەئۆرگانی پارتە ناوچیەکان ئەدرانە قەڵەم)

-ئۆرگانی ئەنجومەنی باڵای کۆمارە ئۆتۆنۆمیدارەکانی سۆڤییەتو ئۆرگانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کۆمارەکانی سۆڤییەت.

زۆربەی ئەم بڵاوکراوانە تەنانەت لەکۆمارە نارِوسی زمانەکانیشدا هەر بەزمانی روسی بڵاوئەکرانەوە، لەو مەسەلەیەدا تەنیا لەئۆرگانی ئەنجومەنی باڵای کۆمارەکان، ئۆرگانی ناوچە خاوەن ئۆتۆنۆمییەکان لەو مەسەلەیە بەدەربوون، زۆربەی ڕۆژنامە حزبیەکانیش، بەزمانی روسیو بەزمانی ناوچەیش چاپو بڵاوئەکرانەوە، بەو جۆرە پارتی کۆمۆنیست لەهەموو کۆمارەکاندا دوو ئۆرگانی ناوەندی هەبوە، یەکێکیان بەزمانی روسیو ئەویتریشیان بەزمانی ناوچەکە.

***بڵاوکراوە سەربازییەکان**

-ئۆرگانی ناوەندی سوپای یەکێتیی گەلانی سۆڤییەت

-ئۆرگانی بەشە جیاجیاکانی سوپا

-ئۆرگانی یەکە سەربازییەکان کەبچووکترینیان لەئاستی فیرقە دابوو (لیواو فەوجو یەکە بچوکەکانی خوارئەوان ڕۆژنامەیان نەبوە). جگە لەو ئۆرگانانەی کە لەسەرەوە باسکران، هەموو شارە گەورەکان ڕۆژنامەی حزبیو ئۆرگانی ئەنجومەنی شاریشیان هەبوو، سەرەڕای ئەو بڵاوکراوانەش پایتەختی هەر کۆمارێك بڵاوکراوەیەکی ئۆرگانی تایبەت بەخۆیان هەبوە، کەبەزۆری بەزمانی دانیشتوانی ئەو شوێنە بڵاوئەکرایەوە، زۆربەی چاپخانەکان موڵکی حزبی کۆمۆنیست بوونو، ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان تەنیا لەو چاپخانانەدا چاپ ئەکران، ڕۆژنامە ناوەندییەکان (سەرەکیەکان)، بەهۆی فۆتۆتەلەگرافەوە ئەنێردران، بۆ شارە دوورونزیکەکانو، هاوکات لەمۆسکۆش بڵاوئەکرانەوە، بابەتە بڵاوکراوەکانی ئەو رۆژنامانە بەزۆری لەیەك ئەچوون، بەتایبەتی لەو مەسەلانەدا کەدەربارەی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت بوون، هەروەها بابەتو هەواڵە گرنگە دەرەکیو ناوخۆییەکانیش.

بەشێکی زۆری ئەو بابەتانە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە ئەنوسران. بەو جۆرە هەموو گوتارو ڕووداوکان کەتایبەت بوون بەژیانی حیزبایەتی لەهەموو ڕۆژنامەکاندا بەبێ جیاوازی

بڵاوئەکرانەوە، تەنانەت کار بەوە گەیشتبو کەبڵاوکراوە مەزهەبیەکانیش ئەبو وتەکانی (لینین) بڵاوبکەنەوە.

ناکرێت ئەوەش فەرامۆش بکرێت، کەحکومەتی سۆڤییەتی سەرەڕای نامەزهەبی بونیشی، ڕێگای بەهەموو کۆڕو کۆمەڵە مەزهەبیەکان دابوو کەبڵاوکراوەی تایبەت بەخۆیان چاپو بڵاوبکەنەوە.

ڕۆژنامە مەزهەبیە جیاوازەکان، بەپێی ڕێنوێنییەکانی حزب خۆیان ئەگۆڕیو، هانی کۆمەڵگایان ئەدا تا بیروباوەڕی حیزبی وەربگرنو بیرودیدگای حیزب هەرچیەکە قبوڵی بکەن.

بەشێکیتری بڵاوکراوەکانی ڕوسیا، ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکانی تایبەت بەگروپو ڕێکخراوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکان بوو، هەفتەنامەکانی یەکێتیی فەرهەنگی لەگەڵ گەلانی دەرەوەیی، هەروەها هەفتەنامەی یەکێتیی نووسەرانو، مانگنامەی ئۆرگانی یەکێتیی نووسەرانیش بڵاوئەکرانەوە. دیارە زۆربەی بابەتەکانی ئەو بڵاوکراوانە دەربارەی ئەدەب بوون. ئەو بڵاوکراوەو مانگنامانە گرنگییەکی تایبەتییان هەبوو لەمێژووی ئەدەبیاتی کۆمۆنیستیدا.

## *ناوەڕۆکی بڵاوکراوە کۆمۆنیستییەکان

بابەتو نوسینەکانی بڵاوکراوەکانی ئەم قۆناغە، هەرچەندە بەمانشێتی جۆراوجۆر لەچاپ ئەدران، بەڵام سەرنجڕاکێش نەبوون، بابەتەکان هەرچەندە بەشێوازو زمانی جیاوازی ڕاگەیاندن ئەهۆنرانەوەو ئەنوسران، بەڵام هەموویان لەسەریەك ریتمو شێوە ئەڕۆیشتن لەدەورانی جەنگی ناوخۆدا، زۆربەی نووسراوو بابەتی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان دەربارەی ئەو جەنگەو، پڕوپاگەندەی دژ بەسوپای سپی بوون‌و، خەڵکیان هانئەدا بۆ هاوکاریکردنی سوپای برسی‌و هەژاران‌و، پەیوەندیکردن بەسوپای سورەوە. لەدەورانی دروستکردنی (سەفخۆز)و (کۆڵخۆزەکان)دا، زۆربەی وتارو بابەتەکانی بڵاوکراوەی چاپەمەنییەکان پیاهەڵدان‌و بانگەشەکردنی خەڵك بوو بۆ پەیوەندیکردن بەو کۆڵخۆزانەوەو، پڕوپاگەندەکردنی خراپیش بوو، دژ بە(کۆلاك)ەکان‌و (خاوەن زەوییەکان)و، هەروەها باس لەو هەوڵانەبوون کەسەرانی حیزب ئەیاندا بۆ هێنانە ئاراو بنیاتنانی کۆمۆنیزم لەوڵاتدا.

لە دەورانی شەڕەکانی ستالین لەگەڵ تێکدەرانی پێشکەوتنی پیشەسازیدا (لەسەرەتای سیەکاندا)، هەموو ڕۆژنامەکان، خەریکی دروستکردنی چیرۆك‌و بابەتی سەیروجۆراوجۆرو هۆنینەوەبوو لەو بارەیەوە،بەوتاری رقاوی‌و ئاگراوی داوای ریشەکێشکردنی ئەو تێکدەرانەیان ئەکرد، لەدەورانی هەوڵدان بۆ بەپیشەسازیکردنی ڕوسیادا (ناوەڕاستی ساڵانی سیەکان) هەموو خەڵکیان هان ئەدا بۆ فیداکاری لەپێناوی پەرەپێدانی پیشەسازی، دروستکردنی بەنداو، کارخانەی قەبەی پۆڵاسازی.

هەر لەو سەروبەندەدا بوو کەڕۆژنامەو چاپکراوەکان کەوتبونە بڵاوکردنەوەی بابەت‌و چیرۆکی سەیروسەمەرەو سەرسوڕهێنەر دەربارەی ئەو کەسانەی کەکاریان ئەکرد بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی‌و ڕۆڵی سەرکردەو کارایان هەبوو لەو گەشەپێدانەداو، ئیتر ئەو

پیاهەڵدانو چیرۆك دروستكردنانە بوبونە شتێكی ڕۆژانەو باوو تەقلید، ساڵانی دواتریش ئەو شێوازەی چیرۆك چنیو كەس بەرزكردنەوەیە هەر درێژەی هەبوو، قۆناغێكی نوێ بانگەشەی بۆ كرا ئەویش ناونرابوو بەساڵانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لەسەرەتای (1937)دا چاپەمەنییەكان كەوتنە هاشوهوشو پروپاگەندە بۆ كارە سەرچڵیو شێتانەكانی ستالینو گەورەكردنی ئەو زاتەن، هەوڵو خەباتكردنی ئەو لەپێناوی نەهێشتنی (جیاوازی چینایەتی)و، زیرەكیو هەوڵەكانی ئەو بۆ دۆزینەوەی سیخوڕانو بەكرێگیراوانی (ئیمپریالیزمی جیهانی)و (دوژمنانی گەل)، كارەكە بەجێگایەك گەیشت كەتەنانەت خودی ئەو ڕۆژنامانەو ڕۆژنامەنووسەكانیش گیانیان لەو هەڵمەتانەدا بەسەلامەتی بەدەرنەبردو، دەیان ڕۆژنامەنووس لەگەڵ ملیۆنان كەسیتردا لەو هەڵمەتانەدا گیانیان لەدەستداو، زۆر لەڕۆژنامەكانیش داخران.

(جەنگی نیشتمانی)، لە (21 حوزەیرانی 1941)دا بەهێرشی نازییەكان بۆ سەر سۆڤییەت دەستی پێكردو، تا كۆتایی جەنگ بڵاوكراوەكان بەهەموو تواناوە لەخزمەت ئەو جەنگەو مەسەلەكانی پەیوەندیدار بەو جەنگەدا بوون. هەر كەجەنگەكەش كۆتایی هات بڵاوكراوەكان كەوتنە پڕوپاگەندەیەكی بەربڵاو بۆ بەشداریكردنی خەڵك لەبنیاتنانەوەی وڵاتدا.

بەمردنی ستالین، سانسۆرو گوشاری سەربڵاوكراوەكان سوك بوونو بەهاتنەسەركاری خرۆشۆف، تاماوەیەكی كورت ئازادی بۆ بڵاوكراوەكان دەستەبەربوو، ئەو بارودۆخە نوێیە كەهاتبووە ئاراوە، نەوەیەكی دژ بەحكومەتی كۆمۆنیستی دروست كرد، لەو سەردەمەدا بوو كەخروشۆف زاواكەی خۆی (ئاجوبی) كردە سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئیزڤیستیا (سەبارەت بەئیزڤیستیە لەبەشەكانی دواتردا بەدرێژی قسە ئەكەین). ئەو دەستنیشانكردنەی خرۆشۆف وایكرد كەڕۆژنامەی ئیزڤیستیا تاماوەیەك ببێتە یەكەم ڕۆژنامە. هەر لەو سەروبەندەدا بوو كە(ئەلەكساندەر تواردیفسكی)، سەرنوسەری مانگنامەی، جیهانی نوێ، ئازایەتی دایەبەر خۆییو بەسەرهاتی (سولژنیتسین)ی لەژێر ناوی (ڕۆژێك لەژیانی ئیڤان دنیسوڤیچ)ی چاپو

بڵاوکردەوە، کەخرۆشۆف لەو بارەیەوە دەست خۆشی لێکردو بابەتەکەی بەرزنرخاندو (سولژنیتش)یش بوە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی سۆڤییەت.

هەر لەم قۆناغەدا بوو، کە(یوری گاگارین) فڕی بۆ فەزاو، بڵاوکراوەکانی سۆڤییەتیش بەلێشاو بابەتو وتاریان لەو بارەیەوە چاپوبڵاوکردەوە. هەرچەندە سانسۆری سەرچاپەمەنییەکان کەمێك سوککرابوو، بەڵام ئەو سوککردنو ئازادییە زۆر زوو کۆتاییهات. پەلامارو هێرشی تانکەکانی سۆڤییەت بۆ سەر مەجەرستان دەستیپێکردو ڕۆژنامەکانیش لەبارەی ئەو ڕووداوەوە دەیان بابەتیان لەژێر ناوی خەباتی قارەمانانەی دژ بەئیمپریالیزمو هاوکاری ئەنتەرناسیونالیستیانەو کۆمەك بە(گەلانی برا) بڵاوکردەوە.

کوژرانی سەدان کرێکاری ناڕازیو خۆپیشاندەر بەهۆی گرفتی گرانیو برسێتییەوە لەشاری (نوڤچەرکاسك) ڕۆژنامەکانی نەجوڵاندو بەهیچ جۆرێك باسیان لەو کارەساتە نەکرد. لەو سەردەمەدا ڕۆژنامەکان لەسەریانبوو باس لە بەختەوەریو خۆشگوزەرانی خەڵك بکەنو باس لەڕۆڵی کاریگەریی حزب بکەن لەسەرناردرنی یەکەم هاووڵاتی سۆڤییەتی بۆ فەزا، یەکێکیتر لەڕووداوەکانی ئەو سەردەمە دەرچواندنی بڵاوکراوەیەك بوو بەناوی ئیزادت[63] (تایپی ئۆتۆماتیکی) کە هەرچەندە کاریگەریو گرنگییەکی وای نەبوو، بەڵام دەرخەری ئەوەبوو کەناڕازی لەوڵاتدا هەیەو، لەو بوارەدا هەوڵی ئەدا کەخەبات بکاتو دەنگی خۆی بگەیەنێتە خەڵك. سەردەمی حوکمی خرۆشۆف، زۆر زوو کۆتایی هاتو بریژنێف دەسەڵاتی گرتەدەستو لێرەوە سانسۆر زیادی کردەوەو، چاپەمەنییەکان لەبارەی هەواڵو دەنگوباسەکانی ناوخۆدا کەوتنە پیاهەڵدانو بەئەفسانەکردنی حیزبی کۆمۆنیستو، قەبەکردنی سەرکردەکانی حیزبو، هاشەو هوشەکردنو پیاهەڵدانی بەرنامەی پێنج ساڵەو گرنگی تەواوبوونی ئەو بەرنامەیە لەماوەی چوارساڵ دا، هەروەها ڕۆژنامەکان لەسەریان بوو لەبارەی بەختەوەریو خۆشگوزەرانی خەڵکەوە بابەت بنوسنو، لەڕۆژنامەو بڵاوکراوەکاندا ئەبوو ئاماژە بەو

---

63-Sam Izdat

تەلەگرافانە بدرێت کەوەکو ئەمەکدارییەك بۆ (شێرە پیاوانی قارەمان) بەڕێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیست، لەشوێنە جیاجیاکانەوە لێدەدران.

لەبواری سیاسەتی دەرەوەشدا بلاّوکراوەکان دەبوو باس لەدەستکەوتە گەورەکانی نەتەوە براکان (ولاّتانی سۆسیالیستی) بکەنو، نەفرەت لەچینیە خیانەتکارەکان لەسۆسیالیزم بکرێتو، لەچاپەمەنیەکاندا بەجوانی رەنگ بداتەوە. هەروەها بەشێکی زۆریش تەرخان کرابوو بۆ ئیمپریالیزمی ئەمریکاو هاوپەیمانە ئینگلیزو فەرەنسیەکانی، زۆربەی سەرنوسەرو بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەو بلاّوکراوەکانو ئاژانسەکانی هەواڵدەری لەلایەن حیزبەوە دائەنرانو، لەودانانەشدا تەنیا شتی رەچاو ئەکرا، وەفاداریان بو بۆ حیزبی کۆمۆنیست، نەك شارەزاییان لەبواری راگەیاندندا.

پەیامنێرانی دەرەوەی ولاّت زیاتر لەکارمەندانی (K.G.B) بوون. لەم قۆناغەدا کۆمیتەکانی حیزب کۆنترۆڵی تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنیان کردبوو، ئەوان دژی هەر بابەتێك بونو رێگربون لەبلاّوکردنەوەی ئەگەر بابەتێکی تیابەدی بکرایە کەدژی خەتی حیزبو سیاسەتو کارەکانی حیزب بوایە، مەرج نەبوو ئەو بابەتانەی بلاّونەئەکرانەوە دژ بەکۆمۆنیستو سۆسیالیزمیش بن بەڵکو بچوکترین بۆنی باسکردن لە گەندەڵی دارایی دەوڵەتی لێبهاتایە، یان تەنانەت قسەکردن بوایە لەبارەی گیروگرفتەکانی خەڵکیشەوە بڤەوقەدەغەبوون.

## *مێژووی بڵاوکراوەکانی سۆڤییەت

جێگای خۆیەتی ئەگەر لەم بەشەدا بەدواداچوونێك دەربارەی ڕۆژنامەی پراڤدە[64] (ڕاستی)، باوکی ڕۆژنامەکانی یەکێتیی سۆڤییەت ئەنجام بدەین، بەزۆری لەبەرئەوەش کەئەم ڕۆژنامەیە پێش هەموو ڕۆژنامەکانیتری سۆڤییەتو تەنانەت بەر لەشۆڕشی ئۆکتۆبەریش، واتا لەسەردەمی حکومەتی قەیسەردا چاپو بڵاوبۆتەوە. پراڤدە تا ئەو کاتەی حکومەتیکۆمۆنیستی ڕوخا، ئۆرگانی ناوەندی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤییەت بوو.

پراڤدە لە (5ی ئایاری 1912)دا، کەسەرەتا بەناوی بڵاوکراوەی ڕەسمی باڵی سۆسیال دیموکراتەکانی ناو دۆمای حکومەتی ڕوسیا (ئەنجومەنی دۆمای قەیسەری)یەوە چاپو بڵاوئەکرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە وەکو بڵاوکراوەیەکی زمانحاڵی کرێکاران ڕۆژانە بڵاوئەکرایەوەو، بەکردەوەش ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسیا (باڵی بەلشویکەکان) بوو. دامەزرێنەری ئەم ڕۆژنامەیە ڤلادیمیر ئیلیچ ئۆلیانۆڤ (لینین) بوو، تیراژی ئەم ڕۆژنامەیە لەسەرەتای بڵاوبوونەوەیدا چل هەزار دانەبوو.

لە سەروتاری یەکەم ژمارەی پراڤدەدا دەربارەی هۆکارو ئاراستەی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکەو ئامانجی ڕۆژنامەکەوە نوسرا بوو: (دەربارییان، ڕوحانیەکان، خاوەن کارخانەکان، فەرمانبەرانی بۆرسەو بازرگانان، هەموویان خاوەنی ڕۆژنامەو گۆڤاری تایبەت بەخۆیانن‌و، لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا مەسەلەو بابەتەکانی ژیان‌و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان لەدیدو تێڕوانینی خۆیانەوە لێك ئەدەنەوەو شییان ئەکەنەوەو، بەرگری لەبەرژەوەندی چینایەتیو کۆمەڵایەتی خۆیان ئەکەن، هەوڵ ئەدەن بەهۆیانەوە کرێکاران فریوبدەن‌و لەخشتەیان بەرن،

---

64-Pravda

لێرەوەیە هەوڵ ئەدرێت، کە کرێکاران لە تەونی جاڵجاڵۆکەیی‌و دووڕوویی‌و فریودان‌و بوختان پێکردنە رزگاربکرێن، چینی کرێکار پێویستی بەڕۆژنامەی تایبەت بەخۆیەتی تا ڕاستییەکان پەی پێببات. ڕۆژنامەی کرێکاری پراڤدە (راستی)، پێویستە لەگەڵ ناوەکەی خۆیدا بگونجێت، ئەگەر وابو ئەوا (پراڤدە) ئەرکی سەرشانی خۆی بەئەنجام گەیاندوە)[]٠

پراڤدە هەر لەسەرەتاوە بوە هۆی نیگەرانی‌و بێزاربوونی حکومەتی قەیسەرو، هەر لەسالانی سەرەتای بلاوبوونەوەیەوەو، لە (645)ژمارەی ڕۆژنامەکە (190) ژمارەیان کەوتنەبەر پەلاماری حکومەت‌و لەبازاڕدا کۆئەکرانەوە. ڕۆژنامەکە بەبەردەوامی لە بلاوکردنەوە ڕائەگیراو ناچاربوو هەر جارەو ناوێکی نوێ بەزیادکردنی پێشگر یان پاشگرێك بۆ ناوەکەی خۆی (پراڤدە)، دووبارە چاپ‌و بلاوبکرێتەوە. بەر لەهەڵگیرسانی شەڕ ڕۆژنامەکە لەژێر ناوی ترۆدۆڤایا پراڤدە (راستیی کارکردن)، بلاوئەبۆوە. بەلام راگیراو ئەوانەش کەکاریان تیائەکرد دەستگیرکران، لە( 8ی تەمموزی 1914)دا، بۆماوەیەکی زۆرداخراو، دوای لەسەر کارلابردنی نیکۆلای دوەم لەسەر کورسی دەسەلات ئەوکات ڕێگای سەرلەنوێ بلاوکردنەوەی پێدرایەوە.

لە (5ی مارتی (1917))داو پێنج ڕۆژ بەر لەسەرنگونکردنی نیکۆلا، پراڤدە وەکو ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی سۆسیال دیموکراتی کرێکاری ڕوسیا (بەلشەفیك)، دەستی بەبلاوکردنەوەی خۆی کرد، لەو سەردەمەدا تیراژی ڕۆژنامەکە زۆر کەم بوو، لەمانگی مارتدا تیراژەکەی (8)هەزار دانەبوو، لەنیسانی هەمان سالدا بوە (13)هەزارو، لەمارتدا بوە (18)هەزارو لەحوزەیراندا گەیشتە (21)هەزار ژمارە لە (5)ی حوزەیراندا پراڤدە لەلایەن نەیارەکانیەوە پەلاماردراو تاکاتی شۆڕشی بەلشەفیکەکان بەداخراوی مایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە

---

[]–ئیڤان ڤاسیلوڤیچ کوزنتسوف، یکیم مارکوڤیچ فینگیرەیت، دنیا چاپەمەنییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، جەڵدی یەکەم، مۆسکۆ: چاپەمەنییەکانی زانکۆی مۆسکۆ، 1976

لە (27)ی ئۆکتۆبەرەوە، وەك ئۆرگانی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستو لەژێر ناوی (پراڤدە)دا سەرلەنوێ بڵاوکرانەوەی خۆیو ئەمجارەیان وەك ڕۆژنامەی چینی حوکمڕان دەستی بەبڵاوبوونەوەی خۆی کردەوەو کاروچالاکی خۆی پەرەپێدا، لەو سەروبەندەدا بابەتەکانی پراڤدە زیاتر دەربارەی فەرمانەکانی (لینین)، کە لەمەڕ مەسەلەی ئاشتیو زەویوزار بوو، قسەکانی لینین بەتایبەت ئاڕاستەی جوتیاران ئەکرا، کە گەورەترین توێژی کۆمەڵگای ئەوسای ڕوسیابوو، لەمارتی ((1918))داو لەگەڵ گوازرانەوەی حکومەت لەسانپتروسبۆرگەوە بۆ مۆسکۆ، پراڤدەش بۆ مۆسکۆ گوازرایەوە. ڕۆژی (20)ی ئەیلولی ((1918)) لینین لەوتارێکدا لەڕۆژنامەی پراڤدە لەژێر ناوی (دەربارەی سروشتی ڕۆژنامەکەی ئێمە( شێوەی کارکردنی ڕۆژنامەوانیو پەیامنێری قۆناغی پەڕینەوە لەسەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزمی دەستنیشان کردبوو: ئێمە بەڕاستی شەڕی یەکلاکەرەوە، بێبەزەییانەو بەڕاستی شۆڕشگێڕانەمان بەرانبەر بەلایەنگرانی هێزەکانی دوژمن نییە، بەڵام هەوڵی پەروەردەکردنی کۆمەڵگا ئەدەین بەهۆی نموونەی بەرجەستەو جێگای باوەڕەوە. ئەوەیە ئەرکی سەرەکی چاپەمەنییەکانی ئێمە لەپەڕینەوە لەکاپیتالیزمەوە بۆ کۆمۆنیزم)(). 

پاش کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆ، پراڤدە خەڵکی بۆ بەشداریکردن لەبنیاتنانەوەی وڵات هان ئەدا، لەساڵی ((1925))دا تیراژی پراڤدە گەیشتە 504هەزار دانە، ڕۆژنامەکە ئەم قۆناغەی بەقۆناغی شەڕ لەگەڵ ترۆتسکیزمو گروپەکانیتر کەئەیانویست دژایەتی ستالین بکەن ناوزەدکردبوو، لەکۆتایی کانونییەکەمی ((1926))دا ئەو شەڕە بەلەڕیشەوە هەڵکەندنی تروتیسکیەکان کۆتایی هات.

()–ڤلادیمێر ئیلیچ لینین، سەرجەم بەرهەمەکان–جەڵدی 33، مۆسکۆ: بڵاوکراوەکانی پولیت ئیزدات، 1959.

لەسەرەتای ساڵانی سیدا، پراڤدە وتارەکانی ستالین، سکرتێری یەکەمی حیزبی لەبارەی بزوتنەوەی بەکێشکردنی جوتیاران بۆ ناو کۆڵخۆزەکان بلاَوئەکردەوە، ئەو بزوتنەوەی کەبوەهۆی هێنانە ئارای برسێتیو قاتوقڕی لەسەرتاسەری ولاَتدا.

چەندین ملیۆن جوتیاری ئۆکرانی لەشوێنە گەنمەزارییەکانی سۆڤییەت بەهۆی قاتوقڕییەوە مردن. ملیۆنان جوتیاری دەوڵەمەندو نیۆنجی بەناوی (کۆلاك)ی خوێنخۆرەوە رەوانەی سێبریا کران، کەزۆربەیان لەبرسێتیو سەرمادا لەئۆردوگاکانی سێبریا لەناوچون، بەلاَم پراڤدە ئەو رووداوانەی بەسەرکەوتنی سۆسیالیزمو حوکمڕانی سیستەمی پێشکەوتوی کشتوکاڵی سۆسیالیستی ئەدایە قەڵەم، لەناوەڕاستی سییەکاندا پراڤدە کەوتە باسکردنی شەڕی تێکدەرانی بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم لەگەڵ حکومەتی سۆڤێتیدا، ئەم پڕوپاگەندەیەی پراڤدە پێشەکیەك بوو، بۆ کۆمەڵکوژییەکانی کە دواتر ڕوویان دا.

شێتگیریی بەرانبەر (بەدوژمنانی گەل) ڕوپەڕی ڕۆژنامەکەی داپۆشیبو، هەر لەو سەردەمەدا بوو کەڕۆژنامەکە کەوتە باسی دادگاییکردنی زۆربەی هاوڕێ نزیکەکانی (لینین) لەوانە بوخارینو ریکۆف، زینۆڤ، کامینۆڤو ئەو کەسانەیتری وەك ئەوان کە لەوانەبوو پلەی سکرتێری حیزب بەدەستبێنن، لەلایەن ستالینەوە بەتۆمەتی جاسوس، بەکرێگیراو خیانەتکار حوکمی مەرگیان بەسەردا دراو، پراڤدەش لەو کاتەدا سەرگەرمی پیاهەڵدانو دەستخۆشانەو باسکردنی دوربینیو جەربەزەیی رابەری گەلان (ستالین) بوە، پاش ئەوە قۆناغی شەڕی نیشتمانی هاتو پراڤدە کەوتە پیاهەڵدانو بەرزنیشاندانی ڕۆڵی ستالین. بەدرێژایی جەنگی جیهانی دووەم پراڤدە چەندین مەدالیای وەرگرت.

تیراژی ڕۆژنامەکە لەساڵی 1970دا گەیشتە 9ملیۆنو 200هەزار دانە، کەبەزیادبوونی ژمارەی ئەندامانی حیزب ژمارەی ڕۆژنامەکەش زیادی ئەکرد. دووەمین ڕۆژنامەی گرنگ لەناو بلاوکراوەکانی سۆڤییەتدا ڕۆژنامەی ئیزڤێستیە[67] (هەواڵ) بوو. ئەم

67-Izvestia

ڕۆژنامەیە ئۆرگانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی ڕەنجدەرانی سۆڤییەت بوو، بەشێوەیەکی بەرچاو هێڵی کارکردنەکەی تەواو سیاسیانە بوو، بەئۆرگانی لیژنەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای سۆڤییەتی دادەنرا. ئیزڤیستیە لە 1ی مارتی (1917) سەرەتا بەناوی ئۆرگانی ئەنجومەنی نوێنەرانی کرێکاران‌و سەربازانی پیترۆگرادەوە بڵاوکرایەوە(□□)، لە 14ی ئابی تا 29 ئەیلولی (1917) وەکو ئۆرگانی کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ناوەندی‌و ئەنجومەنی نوێنەرانی کرێکاران‌و سەربازانی پیترۆگرادو، لە 29ی ئەیلولەوە وەکو ئۆرگانی کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ناوەندی ئەنجومەنی نوێنەرانی کرێکاران‌و سەربازانەوە درێژەی بەبڵاوبوونەوەی خۆیدا. ئەم ڕۆژنامەیە تا شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەژێر دەستی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان مەنشەفیکەکان (کەمایەتیەکان)دا بوو. بەڵام پاش شۆڕش کەوتە دەست بەلشەفیکەکان. بەرلەوەی ئەم ڕۆژنامەیە بکەوێتە دەستی بەلشەفیکەکان کەوتبوە بەر غەزەب‌و ڕقی لینین. ناوبراو لەپراڤدەدا لەبارەی ئیزڤیستیەیەوە نوسیبوی: (مەنشەفیکەکان، کەئیزڤیستیە بڵاوئەکەنەوە، ئەیانەوێت بەسۆسیالیست ناوبرێن، بەڵام تەنانەت ناتوانن دیموکراتیش بن)(□□). بەڵام لە 9ی ئۆکتۆبەری (1917)ەوە بەلشەفیکەکان ڕێڕەوی سیاسەتی ئەو ڕۆژنامەیان بەپێی ویستی خۆیان گۆڕی. ڕۆژنامەی ئیزڤیستیە لە 12ی مارتی (1918)دا لەگەڵ گوازرانەوەی دەزگاکانی حکومەتی بەلشەفیدا گوازرایەوە بۆ مۆسکۆ. لەکانونی یەکەمی (1922)دا لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی گەلانی سۆڤییەتی سۆسیالیستیدا، ڕۆژنامەی ئیزڤیستیەش کرایە ئۆرگانی کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ناوەندی‌و ئۆرگانی ناوەندی‌و ڕاپەڕاندنی گشت سۆڤییەت. تا ناوەڕاستی (1925) ستلۆکۆڤ سەرنوسەری ڕۆژنامەکە بوو، دواتر لەجێگای ئەو لینینیستێکی توندڕەو بەناوی سکورتشۆڤ

---

(□□)– ئەلبومی ئیزڤیستیە (چەرەدەیەک لەڕۆژنامەکانی مۆسکۆ)

(□□)– سەرچەمی بەرهەمەکان، جەڵدی 33

ستپاتوڤ کرایە سەرنوسەری ئیزڤیستیە، لە 26ی کانونی دووەمی (1937)دا ئیزڤیستیە لەژێرناوی ئۆرگانی ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی گەلانی سۆڤییەتدا بڵاوئەکرایەوەو، تا پایزی (1991) بەهەمان ناونیشان بڵاوبوونەوەی خۆی درێژە پێدا. بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەتی، ئیزڤیستیە لەیەکەمی کانونی دووەمی (1960)دا، بوە ڕۆژنامەی دوانیوەڕوان، لەهەمان ساڵەوە، هەفتەنامەیەکی پاشکۆشی بەناوی نیدلیا(□□) (هەفتە) بڵاوکردەوە(□□).

دوای ئەوەی برێژنیف دەسەڵاتی گرتەدەست، ئاجوبی کە لەساڵی (1957)ەوە سەرنوسەری ئیزڤیستیە بوو، دەمودەست لەسەر کار لادرا. تیراژی ڕۆژنامەکە لەدەورانی حوکمڕانی برێژنێڤدا گەیشتبوە زیاتر لە 9ملیۆن دانە. ئیزڤیستیە لەبەراورد بەڕۆژنامەکانیتری سۆڤییەت میانڕەوتر بوو، لەبەرهەمان هۆکاربوو کەژمارەی خوێنەرانی لەڕۆژنامەکانیتری سۆڤییەت زیاتر بوو. سەرەڕای ئەوەش شێوازێکی تایبەتیشی لەنوسیندا هەبوو. لەبڵاوکراوە حزبیەکانیتردا پێویستە ئاماژە بە ئیزڤیستیە سنترالنەڤە کۆمینتار. ک پ (ب)(□□)ی (ئۆرگانی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسیا-بەلشەفیکەکان) ببرێت، کە لە(28)ی‌ئایاری (1918) دا بڵاوکرایەوە. لەسەرەتای بڵاوبونەوەیدا ئەم بڵاوکراوەیە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بڵاونەئەکرایەوە. لەساڵی (1921)دا گۆڕدرا بۆ دوو هەفتەنامەو لە ئۆکتۆبەری ((1929))دا بابەتی لەبارەی پەیکەری حیزبیو مەسەلەکانی ناوخۆی حیزبو ژیانی حیزبایەتییەوە بڵاوئەکردەوە. ئەم ڕۆژنامەیە لەساڵی (1946)دا ناوی خۆی گۆڕی بۆ پارتینایاژیزن (ژیانی حیزبی)(□□) و لێکۆڵینەوەی لەبارەی مەسەلە حیزبیەکانەوە ئەکرد.

---

70-Nidelia

(□□)-دنیای چاپەمەنییەکانی یەکێتی سۆڤیەت

72-Izvestia Centeralnavo R.K.P (B)

73-Partinaya Zhizn

یەکێك لەگەنجترین بڵاوکراوە دوانیوەڕوانیەکانی سەردەمی حوکمڕانی کۆمۆنیزم، ڕۆژنامەی سەڤیەتسکەیەرەسیە[74] (ڕوسیای سۆڤییەتی) بوو کە لەیەکەمی کانونی دووەمی (1956)دا، وەکو ئۆرگانی لیژنەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەتی بڵاوبۆوەوە، بابەتی لەبارەی ڕوسیاو ئەنجومەنی وەزیرانو فیدراسیۆنی ڕوسیاوە چاپو بڵاوئەکردەوە، ئەم بڵاوکراوەیە بەتیشك خستنەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگای فیدراسیۆنی ڕوسیاوە خەریك بوو، جگەلەوەش دەربارەی کاروچالاکییەکانی ئەنجومەنی باڵای ڕوسیاو ئەنجومەنی وەزیران بابەتو هەواڵی بڵاوئەکردەوە، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت لە پیرۆزباییدا، بەبۆنەی کردنەوەو دەستبەکاربونی ئەم ڕۆژنامەیەوە وتبوی: (ڕۆژنامەی سەڤیەتسکەیەرەسیە، پێویستە هۆکارێکی کاریگەری ڕێکخستنو کۆکردنەوەی چینو توێژەکانی خەڵکی بێتو، هاوکاری ڕێکخراوە حیزبیو ئەنجومەنیەکانو، هەموو ڕەنجدەرانی فیدراسیۆنی ڕوسیا بێت لەخەبات بۆ گەشەپێدانی ئابوریو فەرهەنگی فیدراسیۆنی ڕوسیادا). ئەم ڕۆژنامەیە لەناو جەماوەری کۆمارەکانی ڕوسیادا لایەنگرێکی زۆری هەبوو تیراژەکەشی لەساڵی (1956)دا گەیشتبوە یەك ملیۆنو لەساڵی (1970)دا گەیشتە سێ ملیۆن دانە.

ڕۆژنامەیەکیتر کە لەسەرەتای دەستبەکاربونی حکومەتی بەلشەفیکەکاندا بڵاوکرایەوە، ڕۆژنامەی گۆدۆك[75] (نوکە، دونگ) بوو کەتایبەت بوو بەپیشەسازی. گودۆك ئۆرگانی وەزارەتی ڕێگاوبانی سۆڤییەتو، کۆمیتەی ناوەندی یەکێتیی کرێکارانو، کرێکارانی هێڵی ئاسنی ڕوسیا بوو، کە لە (23ی کانونی یەکەمی 1917)ەوە دەستی بەبڵاوبونەوە کردوە. گۆدۆك یەکێك لەڕۆژنامە سەرەتاییەکانی سۆڤییەت بوو کە لایەنگری لەکرێکارانو پیشەوەرەکان ئەکرد، ئەم ڕۆژنامەیە زیاتر گرنگی بەمەسەلەکانی وەزارەتی ڕێگاوبانو

74-Sovetskaya Russia

75-Godok

کرێکارانی هێڵی ئاسن ئەدا. لەکۆتایی حەفتاکاندا تیراژی ئەم ڕۆژنامەیە گەیشتە 800هەزار دانە(□□).

جوتیاران‌و مەسەلەکانی ئەوانیش لەچوارچێوەی گرنگی پێدانی حیزبی کۆمۆنیست بەدەرنەبوون، بۆ دەرخستنی ئەو گرنگی‌پێدان‌و ڕێنوێنیانەی جوتیاران بەرەو سەرکەوتن‌و پێشکەوتن لەناو حیزبی کۆمۆنیستدا، لە (27)ی مارتی (1918) ڕۆژنامەی بدناتا (هەژاری) کە بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ بڵاوئەکرایەوە، ناوەکەی گۆڕدرا بۆ ڕۆژنامەی سێسکەیە ژیزن(□□) (ژیانی لادێ)، وەکو ڕۆژنامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست، بەزمانێکی سادە چاپ‌و بڵاوئەکرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە لەسالآنی سی‌دا جارێکی‌تر ناوی خۆی گۆڕی‌و ناوی سوسیالیتیچکەیە زملیدێلیە(□□) (چاندنی سۆسیالیستیانە) لەخۆی نا، دوای ئەوەو لەساڵی (1953)دا جارێکی‌تر ناوی خۆی گۆڕی بەسلسکویە خائازیا ستوا(□□) (کشتوکاڵی).

سەرەنجام پاش ئەو هەموو ناو گۆڕینە لەساڵی (1960)دا تا دوایی بەناوی پێشوی خۆی، (سێلسکایە ژیزن)ەوە بڵاوئەبۆوە. سێلسکایە ژیزن بڕیارەکانی حیزبی پەیوەندیدار بەکشتوکاڵی ئەبردە ناو گوندنشینەکان‌و، لەبارەی داهێنانە زانستی‌و کۆمەڵە پێشڕەوەکان‌و ئەزمونەکانیانەوە بابەتی بڵاوئەکردەوە. تیراژەکەی لەکۆتاییەکانی سالآنی حەفتادا گەیشتە حەوت ملیۆن دانە(□□). ئەوە تەنیا ڕۆژنامەی سێلسکایە ژیزن نەبوو کەبەردەوام ناوەکەی خۆی ئەگۆڕی. هەفتەنامەی ئەکۆنۆمیچسکەیە ژیز(□□) (ژیانی ئابوری)یش چەندین جار ناوی خۆی گۆڕی بوو، ئەم بڵاوکراوەیە کە لەساڵی (1918) ەوە بڵاوئەبۆوە، ئۆرگانی ئەنجومەنی

---

□□-دنیای چاپەمەنییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت

77-Selskayaz

78-Sotsialisticheskoye Zemledie

79-Selskoe khozaistvo

□□-ئەلبومی سێلسکایە ژیزن (چەردەیەك لەڕۆژنامەکانی مۆسکۆ).

81-Economicheskaia Zhizn

بالآی ئابوری گەلیو کۆمیتە جەماوەرییە ئابوریەکان بوو. ئەکۆنۆمیچسکەیە ژیزن لە 6ی تشرینی دووەمی (1918) ەوە سەرگەرمی لێکدانەوەی مەسەلە ئابوریو داراییەکان بوو. لەساڵی 1938دا بەویستی حکومەتی ستالین، ئەم هەفتەنامەیە، ناوی خۆی گۆڕی بە فینانسوڤایە گازێتە[⃞⃞] (ڕۆژنامەی دارایی)[⃞⃞]وە کرایە ڕۆژنامەو وەك ئۆرگانی کۆمیتەی جەماوەری کاروباری دارایی سۆڤییەت، بانکی حکومی سۆڤییەتی، بانکی پیشەسازی سۆڤییەتی، بانکی کشتوکاڵی سۆڤییەتو سەندیکای کرێکارانی بەشی دارایی ناسێنرا. پاش دەستپێکردنی جەنگی جیهانی دووەم، لە (27ی حوزەیرانی 1941)دا، فینانسوڤایە گازێتە لەبلآوکردنەوە وەستا، بەڵام لەساڵی (1956)دا بەناوی پرومیشلنو فینانسوڤایە گازێتە (ڕۆژنامەی پیشەسازی-دارایی) بلآوبوونەوەی خۆی دەستپێکردەوە. ئەم ڕۆژنامەیە لەم قۆناغەدا بوە ئۆرگانی کۆمیتەی حکومی ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤییەت لەکاروباری تەکنەلۆژیای نویٚداو، ڕۆژە نا ڕۆژێك بلآودەبۆوە (ئەم کۆمیتەیە دواتر ناوی گۆڕدرا بۆ: کۆمیتەی حکومی زانست-تەکنەلۆژی ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤییەت). پرومیشلیننوفینانسوڤایە گازێتە، لە( 29ی ئایاری 1960)ناوی خۆی بۆ ئەکۆنۆمیچسکەیە ژیزن گازێتە، گۆڕی ئەمجارەیان بوە ڕۆژانەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەتو، لە (7ی ئابی 1961)دا کرایە هەفتەنامە. ئەم هەفتەنامەیە کە دەپەرژایە سەر کاروباری دارایی، بۆ سەرۆکی دەزگاکان، کۆڵخۆزەکانو رێکخراوەکانیتری حکومەت تەرخان کرابوو، تیراژەکەی لەساڵی (1968)دا گەیشتە (500)هەزار دانە. لەساڵی (1989)دا ئەم هەفتەنامەیە ناوی خۆی گۆڕی بە ئەکۆنۆمیکەئی ژیزن (ئابوریو ژیان)[⃞⃞].

---

⃞⃞–دنیای چاپەمەنی یەکێتیی سۆڤیەت

83-Finansovaya Gazeta

⃞⃞–سەرتاسەری مۆسکۆ: 1990و 1991، مۆسکۆ، چاپخانەی پراڤدا 1991

پەروەردەکردنی بەردەوامو راکێشانی حیزبی کرێکان لەدروشمە سەرەکییەکانی سۆڤییەت بوو. بڵاوکراوەی تایبەت  بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە بڵاوئەکرایەوە کەگرنگترینو دیارە کۆنترینی ئەو بڵاوکراوانە ڕۆژنامەی (ترود)(□□) بوو، ئەم ڕۆژنامەیە لە 19ی شوباتی (1921)دا دامەزرا. لەسەروتاری یەکەم ژمارەیدا ئاوا نوسراوە: (ئامانجی ئێمە، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکی کرێکاری وەهایە کەببێتە دەنگی کرێکاران، تا کرۆکی کرێکاران بتوانێت، زۆربەی کرێکاران رابکێشێت بەلای خۆیداو، جڵەوی بەرهەمهێنان بگرێتەدەستو بەردەوام ئەم چالاکییە بەردەوام بکاتو گەشەی پێبدات).

ئامانجی ڕۆژنامەی ترود (کار) پێشکەشکردنی زانیاری دەربارەی ژیانی کرێکاران، پەیوەندی حیزب بەکارگەکان، سەندیکاکانو بەکۆڵخۆزەکانو شوێنەکانیترەوە بوو(□□). بابەتەکانی ئەو ڕۆژنامەیە هەموو دەورەیەك گۆڕانی بەسەر ئەهات، لەسەرەتای بڵاوبوونەوەیدا، گرنگی دابوو بەگرفتی سوتەمەنی. لەساڵی (1930)دا زیاتر بابەتو دەنگوباسی کۆنگرەی (16)ی حیزبی بڵاوئەکردەوە. لەسەردەمی جێبەجێکردنی بەرنامەی پێنج ساڵە، زۆربەی بابەتەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان کرابوو.

لەپەنجاکاندا، بەزیادبوونی تیراژی ترود، دەستەی نوسەرانیش زیادیان کرد، ڕۆژنامەکە لەزۆربەی ناوەندە پیشەسازییەکانو هەندێك وڵاتانی دەرەوەدا، ناوەندی هەواڵی کردەوە، بەتێپەڕبوونی کات تیراژی ڕۆژنامەکە زیادی کردو لەساڵانی شەستەکاندا ئەو ژمارەیە گەیشتە 5ملیۆن دانەو لەهەشتاکاندا گەیشتە 18ملیۆن دانەو لەناو ڕۆژنامەکانی ڕوسیادا پلەی یەکەمی لەتیراژو زۆریدا بەدەستهێنا.

ئاڕاستەی چالاکی هەندێك لەڕۆژنامەکانی سۆڤییەت لەو سەردەمەدا بەردەوام گۆڕانی بەسەر ئەهات. بۆ نموونە بڵاوکراوەیەك کە لەبارەی مەسەلەی کرێکارانەوە ئەینوسی ماوەیەك

---

85-Trud

□□– یگیم مارکوڤیچ ڤینگرەیت، رۆژنامەوانی سۆڤیەت

دواتر رووی لەمەسەلەیەکیتر ئەکرد، ڕۆژنامەی رابوچەیە گازێتە (ڕۆژنامەی کرێکاری)[87] یەکێك لەنمونە بەرجەستەکانی ئەو جۆرە ڕۆژنامەیە بوو. ئەم ڕۆژنامەیە کە بەشێوەی رەسمی، یەکێك لەئۆرگانەکانی سەر بەکۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست بوو، لەسەرەتای مارتی (1922)دا بڵاوکرایەوە، لەساڵی (1931)دا لە ناکاو سیاسەتی خۆی گۆڕیو بەتەنیا بابەتی لەبارەی کاروباری کرێکارانی بواری پیشەسازی کانزاکانو خەڵوزی بەردینەوە بڵاوئەکردەوە. دواترو لەساڵی (1932)دا رووی لەمەیدانێکی نوێ کردو ناوی خۆی گۆڕی بە ڤۆدنی ترانسپۆرت[88] (بارکردنو گواستنەوەی ئاوی).

ڕۆژنامەکە خۆی بڵاوی کردبۆوە کە لەپەیوەند بەبڕیارو فەرمانەکانی حیزب بۆ گرنگیدانی زیاتر بەمەسەلەی بارکردنو گواستنەوەی ئاوی، ڕۆژنامەکەمان لەمەودوا بابەتەکانی تەرخان ئەکات بۆ ئەو بوارە، بەڵام بارکردنو گواستنەوە لەڕوبارو دەریاکاندا جێگای گرنگی پێدانی حیزب نەبوو، حیزب کەڕابەرایەتی رەهای کۆمەڵگای بەدەستەوەبوو، گرنگی بەهەموو بوارەکانی چالاکی پیشەسازی ئەدا. یەکێك لەو بوارانەش بەرهەمهێنانی بەرهەمە خۆراکییەکان بوو، بۆ هاندانی کرێکاران بۆ بەرهەمهێنانی زیاتری بەرهەمە خۆراکییەکان، ڕۆژنامەیەکی بەناوی پیش ئێڤیك[89] (بەرهەم هێنەری بەرهەمە خۆراکییەکان)ەوە لە 27ی حوزەیرانی (1921)دا بەناوی ئۆرگانی سەندیکای کرێکاری کرێکارانو کارمەندانی ئەم بوارەی پیشەسازی بەتیراژی بیست هەزار دانە بەچاپ گەیاند. لەحوزەیرانی (1931)دا ڕۆژنامەکە داخراو لەجیاتی ئەو لەسەرەتای تەموزی هەمان ساڵدا ڕۆژنامەی پیشڤایە ئیندرۆستریا (بۆ پیشەسازی خۆراکی)، ئۆرگانی کۆمیتەی گەلی دڵنیایی سۆڤییەتی بڵاوکرایەوە، دواگۆڕینی ڕۆژنامەکە بۆ ناوی پیشڤایە ئیندروستریا، زۆر دەوامی نەکردو سەرەنجام ڕۆژنامەکە لەساڵی 1940دا ڕاگیرا. هۆکاری سەرەکی راگیرانی

87-Rabochaia Gazeta

88-Vodni Transport

89-Pishchevik

بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە، ناسەرکەوتوویی حیزب بوو لەبەشی بەرهەمهێنانی مەوادی خۆراکیدا، جیاوازی زۆرو ئاشکرای نێوان پڕوپاگەندەکانی حیزب لەگەڵ ڕاستی ڕووداوەکاندا لەو بارەیەوە بوو. یەکێك لەڕۆژنامەکانی پەیوەندیدار بەپیشەسازی سۆڤییەتی، سوتسیالیستیچسکایا ئیندوستریا[90] (پیشەسازییە سۆسیالیستییەکان) بوو. کەوەکو ڕۆژنامەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەتی لەیەکەمی تەمموزی 1969دا بڵاوکرایەوە. تیراژی ئەم ڕۆژنامەیە نزیك بەیەك ملیۆن دانەبوو. ئەم ڕۆژنامەیە بۆ پسپۆڕانو کارمەندانی بواری زانستی، کرێکارانی پیشەسازیو بیناسازی لەبەرچاو گیرابوو.

بەشی بازرگانیش ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆی هەبوو، ڕۆژنامەی تارگوڤەیە گازێتە[91] (ڕۆژنامەی بازرگانی)، لەشوباتی (1922)دا دامەزرا. ئەم ڕۆژنامەیە ئۆرگانی بەشی بازرگانی فیدراسیۆنی سۆسیالیستی ڕوسیا بوو. لەیەکەمی مانگیئایاری (1922)دا ئەم ڕۆژنامەیە کەمێك ئاڵوگۆڕی بەخۆیەوە بینیوناوەکەشی بۆ تارگوڤا-پرومیشلنایە گازێتە[92] (ڕۆژنامەی بازرگانی-پیشەسازی) گۆڕدرا کە ئۆرگانی ئەنجومەنی باڵای پیشەسازی خەڵکی ڕوسیاو سۆڤییەت بوو.

ئەم ڕۆژنامەیە سەرقاڵی دەنگوباسی مەسەلەی بارکردنو گواستنەوە، کاروباری دارایی، بۆرسەکان، نرخەکانو بازاڕ، بوو[93]. لەکانونی دووەمی ساڵی (1930)دا گۆڕدرا بۆ زائیندوستریا لیزاچیا (لایەنگرانی بەپیشەسازی بوون)، ئۆرگانی ئەنجومەنی باڵای سۆڤییەتو سەرقاڵی ڕوونکردنەوەی بارودۆخی پیشەسازی سۆڤییەت بوو. لەسەرەتای ئۆکتۆبەری (1940)دا ناوی ڕۆژنامەکە کرایە کانزاگەری ڕەشی ئۆرگانی کۆمیتەی گەلی کانزای

---

90-Sotsialistechkaia Industria

91-Torgovia Gazeta

92-Torgovo-Promyshlennaya Gazeta

93-Zaindustrialiszatsiu

ڕەشی سۆڤییەت، کەهەفتەی سێ ڕۆژ بڵاوئەکرایەوەو، تیراژەکەی (100)هەزار دانە بوو، لەسەرنجدان بۆ ئاڵوگۆڕی تەواو لەناوەڕۆکی ڕۆژنامەکەدا، لەبەراورد بەسەرەتای بڵاوبونەوەی وتراوە: (پیشەسازی کانزای ڕەش لەم قۆناغەدا بۆتە بەشێکی زەبەلاح لەپیشەسازی سۆڤییەتو، هەقی ئەوەی هەیە کەڕۆژنامەی تایبەت بەخۆی هەبێت). دواژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لەئابی (1941)دا بڵاوکراوەتەوە، وادەرئەکەوێت کەڕابەری حیزبی کۆمۆنیست بڕیاری دابێت لەسەردەمی جەنگدا گرنگیەکی زۆرنەدات بەو بوارەی پیشەسازی.

لەیەکێتی سۆڤییەتدا، پیشەسازی تایبەت بەدارستان (پیشەسازی جەنگەڵی)یش ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆی هەبوو. لە (8ی ئازاری 1929)دا ڕۆژنامەی کرێکاری جەنگەڵی دەستی بەبڵاوبوونەوە کرد. دواتر گۆڕدرا بۆ پیشەسازی جەنگەڵی، کەئۆرگانی وەزارەتی تەختەو دارستانی سۆڤییەتی بوو. لەساڵی (1969)دا تیراژی ڕۆژنامەکە (300)هەزار دانەبوو. لە (1938)داو، لە لوتکەی تەنگەتاویو کوشتو بڕەکانی ستالیندا، دوو بڵاوکراوەی نوێ بڵاوکرانەوە، یەکێك لەبەو بڵاوکراوانە میدیتسینسکەیە گازێتە[94] (ڕۆژنامەی پزیشکی)، ئۆرگانی وەزارەتی تەندروستی سۆڤییەتی بوو، کە لە (15ی کانونی دووەمی 1938)دا هەفتەی دوو ڕۆژ بڵاوئەکرایەوە. دواتر ئەو بڵاوکراوەیە لەهەر مانگێکدا (10) ژمارەی بڵاوئەکرایەوەو ناوەکەشی بۆ ماوەیەك کرایە میدیتسینسکی رابوتنیك[95] (کارمەندی پزیشکی). ئەم ڕۆژنامەیە مەسەلەکانی تەندروستیو چارەسەرکردنی سۆڤییەتی تاوتوێ ئەکرد. لە )2ی تشرینی دووەمی 1962(دا، دووبارە بەناوە کۆنەکەی خۆی (میدیتسینسکەیە گازێتە)وە بڵاوئەکرایەوە[96]

پاش کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆو حوکمڕانی کۆمۆنیستەکان سوپای سور بەخێرایی خۆی

94-Meditzinskaya Gazeta
95-Medizinskiy Rabotnik

[96]-جیهانی چاپەمەنی یەکێتیی سۆڤیەت

ڕێکخستو، یەکێك لە پایەکانی ئەم سوپایە، ئۆرگانی چاپەمەنی‌یەکەی بوو. ڕۆژنامەی کراسنەیە زڤیوزدە (ئەستێرەی سوور)(□□) ئۆرگانی وەزارەتی بەرگری سۆڤییەت بوو، کە لەیەکەمی کانونی دووەمی (1922)دا بڵاوکرایەوە(□□)، ئەم ڕۆژنامەیە، ڕۆژنامەیەکی بەربڵاوبوو، لەبارەی مەسەلە پەیوەندیدارەکان بەسوپاوە بابەتی بڵاوئەکردەوە. ئەرکی ئەستێرەی سور گەشەپێدانی ئەزمونەکانی سوپا کە بەدەستهاتوونو تۆکمەکردنی پایەکانی سوپای سۆڤییەتی بوو، لەساڵی (1933)دا بەهۆی ئەنجامدانی سەرکەوتووانەی ئەرکەکانی خۆی خەڵاتی ئەستێرەی سوری بەدەستهێنا.

لەسەردەمی جەنگدا، نوسەرانی بەناوبانگی روسی وەکو ئیلیا ورنبورگ(□□)، لەگەڵ ئەم ڕۆژنامەیەدا هاوکاری ئەکردو، راپۆرتی لەبەرەکانی جەنگەوە دەنارد، تیراژی ئەم ڕۆژنامەیە لەحەفتاکاندا گەیشتبوە (2)ملیۆنو (400)هەزار دانە(□□□).

مێژووی چاپەمەنی سۆڤییەت بڵاوکراوەی تەمەن کورتیشی بەخۆیەوە بینیوە، زۆر لەبڵاوکراوەکان لەسەرەتای شۆڕشدا لەچەند ساڵ زیاتر تەمەنیان نەبوە. ڕۆژنامەی ڤواروژننی نارود(□□□) یەکێك لەو بڵاوکراوانەیە. ئەم ڕۆژنامەیە کە ئۆرگانی بەشی ناوەندیی فێرکاری گشتی سەربازی بوو، لە (6 ی کانونی یەکەمی 1918)دا، دەستی بەبڵاوبوونەوە کردو، ئەرکی خزمەتکردن بوو لەسوپادا بۆ پەروەردەکردن لەبواری هەموو هونەرەکانی سەربازیو ڕێکخستنی ڕێنوێنی گشتی سەربازی بەهەموو شوێنە سەربازییەکان رابگەیەنێت. لەسەرەتای کانونی دووەمی (1919)دا ئەم ڕۆژنامەیە دوای بڵاوبونەوەی 21ژمارە

97-Krasnaya Zvezda

□□–ئەلبومی کراسنایا زوزدا (چەردەیەك لەڕۆژنامەکانی مۆسکۆ)

99-Ilia orenburg

□□□–ئەلبومی کراسنایا زوزدا (چەردەیەك لەڕۆژنامەکانی مۆسکۆ)

101-Voorzhonny

داخرا[102]. هەروەکو باسکرا چاپەمەنی تازە سەرپێکەوتوی ڕوسیا خۆی لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا ئەداو، یەکێك لەگرنگترین مەسەلە بۆ ئەوان وەرزش بوو. بەگرنگیدانو فراوانکردنی پڕوپاگەندە لەو مەیدانەدا، وەرزش گۆڕدرا بەیەکێك لەگرنگترین چەکەکانی پڕوپاگەندە بۆ سۆڤییەتو، حیزبی کۆمۆنیست سەرکەوتنەکانی سۆڤییەتی لەبوارەکانی وەرزشدا وەکو نیشانەیەکی سەرکەوتنی سۆسیالیزم بەسەر کاپیتالیزم ئەدایە قەڵەم.

وەرزشیش وەکو مەسەلەکانیتری کۆمەڵگا لەژێر چاودێری حیزبدا بوو، حکومەت سەرپەرشتی ئەکرد. کۆمیتەی حکومەت لەکاروباری پەروەردەی جەستەییو، وەرزشی ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤییەت ڕۆژنامەیەکیان بەناوی سەڤیەتسکی سپۆرت[103] (وەرزشی سۆڤییەتی)، بڵاوئەکردەوە.

بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە لەڕاستیدا، درێژەپێدەری بڵاوکردنەوەی هەفتەنامەی کراسنی سپۆرت[104] (وەرزشی سور) بوو، کە لە (20حوزەیرانی 1944)دا دەستی بەبڵاوکردنەوە کردبوو، تیراژی ئەم هەفتەنامەیە لەسەرەتادا (25)هەزار دانەبوو، بەڵام وردە وردە تیراژەکەی دابەزیو لەساڵی (1927)دا ئەو تیراژە گەیشتبوە )13(هەزاردانەو لە (1928)دا ڕاگیرابوو، لەبری ئەو هەفتەنامەیەکی وێنەیی بەناوی فیزکەلتورایای سپۆرت[105] (پەروەردەی جەستەییو وەرزش) بڵاوکرایەوە. بابەتی وەکو هەواڵی وەرزشی بورژوازی، کەموکوڕییەکانی وەرزشی بورژوازیو..بڵاوئەکردەوە. لە (19ی ئازاری 1946)دا ئەم هەفتەنامەیە گۆڕدرا بۆ ڕۆژنامەی سەڤیەتسکی سپۆرت (دوو ڕۆژ جارێك لەهەفتەدا بڵاوئەبۆوە). ئەمجارە تیراژی ڕۆژنامەکە زیادی کردو لەساڵی (1969)دا گەیشتە (3)ملیۆنو (15)هەزار دانە. لەمانگی ئایاری (1960)ەوە ئەم ڕۆژنامەیەن

---

[102]—دنیای چاپەمەنییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت

103-Sovietsky Sport

104-Krasny-Sport

105-Fizhultura I Sport

پاشکۆیەکی تایبەت بە تۆپی پێی بڵاوئەکردەوە. کە (3ی کانونی یەکەمی 1967)دا ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (فتبول-هۆکی) جگەلەوەش لە (5ی تەمموزی 1968)دا گۆڤارێکی تایبەت بەشەترەنج بەناوی (64)ەوە بڵاوکرایەوە.

حیزبی کۆمۆنیست، پاشماوەیەك هەستی بە پێویستی دامەزراندنی چاپەمەنی تایبەت بەکارمەندانی سیستمی پەروەردەی وڵات کردو، پەروەردەو فێرکردنی سۆڤییەت زۆربەی بابەتەکانی پەروەرئەکردنی ئایدۆلۆژیانە بوو، پەروەردەی نەوەیەکی بەوەفا بۆ حیزب، مەسەلەیەکی گرنگ بوو کە هەرگیز وەهیچ کات نەئەکرا لەدەرەوەی گرنگی پێدانی حکومەت بێت، ڕۆژنامەی ئوچیتلسکەیە گازێتە[106] (ڕۆژنامەی مامۆستا)، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کارمەندانی پەروەردەو فێرکردنی سۆڤییەت بوو، کە لە (3 ئۆکتۆبەری 1924)دا، هەفتەی دووجار بڵاوئەکرایەوە. لەسەروتاری یەکەم ژمارەیدا لەژێر ناوی (ئامانجی ڕۆژنامە)کەدا هاتووە:- (حیزبی کۆمۆنیست خوازیاری ئەوەیە کەمامۆستا، نەك هەر کارمەندێکی قوتابخانە بێ، بەڵکو دەبێت ببێتە ئەندامێکی کارای کۆمەڵایەتیش، بۆ چەسپاندنی فەرهەنگی سۆسیالیستی بەهۆی مامۆستاوە دەبێت ئامانجەکانی کرێکاران لەلادێ دواکەوتوە نەخوێندەوارەکاندا بچەسپێت، ڕۆژنامەکەی ئێمە ئەرکی خۆی ئەزانێت، یارمەتی مامۆستا ئەدات تا ببێتە بزوێنەری کۆمەڵایەتی، بۆ ڕونکردنەوەی سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسیاو، ئاشنابوونی کۆمەڵگا بەئامانجە پرۆلیتاریەکان).

کەسانی وەکو کرۆپسکایای هاوسەری لینین، لوناچارسکی، وەزیری پەروەردەو فێرکردنی ئەو کاتە (کەکارولنگو، نوسەری بەناوبانگی ئۆکرانی بەتوندی ڕەخنەی لێئەگرت). لەم ڕۆژنامەیەدا ئامانجەکانی حیزبی بڵاوئەکردەوە. لەساڵی (1930)دا تیراژی ڕۆژنامەکە گەیشتە (150)هەزار دانە.

---

106-Vchitelskaya Gazeta

له (9ی نیسانی1930)دا لەبارەی مەسەلەکانی شۆڕشی فەرهەنگیەوە، ڕۆژنامەیەك بەناوی: لایەنگرانی پەروەردەو فێرکردنی کۆمۆنیستی، ئۆرگانی یەکێتیی کارمەندانی پەروەردەو فێرکردنی سۆڤییەت بلاّوکرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە لەژێر دروشمی (پەروەردەو فێرکردنی کۆمۆنیستی) سەرقالّی بەدواداچوونی مەسەلەکانی شۆڕشی فەرهەنگی لەلادێکاندا بوو. دروشمو داخوازییەکانی ڕۆژنامەکە ئەوەبوو، کەکۆنگرەی شەشەمی حیزبی کۆمۆنیست (هەر کۆلّخۆزێك) ناوبنێت (یەك هیکتاری فەرهەنگی). دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هیکتارو فەرهەنگ، مەسەلەیەك بوو کەڕوونکردنەوەی تەنیا ستالین لەعۆدەی ئەهات. (ئەم ئایدیایە لەلایەن ستالینەوە ئەدرایە ڕۆژنامەکان). له 9ی ئۆکتۆبەری 1937دا بلاّوکردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە راگیراو، لەجیاتی ئەو ئوچیتلسکەیە گازێتە (ڕۆژنامەی مامۆستا) بلاّوکرایەوە. لەسالّی 1965دا تیراژی ئەم ڕۆژنامەیە یەك ملیۆن دانە بوو.

(باشترین شت بۆ منداڵان) یەکێك لەناسراوترین دروشمەکان بو لەسۆڤییەتدا، ئەم دروشمە لەڕاستیدا، نیشاندەری گرنگیدانی تایبەتی حیزب بوو بەمنداڵان. بۆئەوەی منداڵان سەرەڕای ڕێنوێنیەکانی خوێندنگە، دەربارەی لینین-یش لەدەرەوەی خوێندنگە بەشێوەیەکی بەردەوام فێربکرێنو لەکارتێکردنی کاریگەری بورژوازی بپارێزرێن. بۆئەوان ڕۆژنامەیەك بەناوی پیۆنێرسکەیە پراڤدە(□□□) (پراڤدەی پێشەنگ) بلاّوئەکرایەوە کە تیایدا سۆسیالیزم بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشەرو ئاسان بۆ ئەوان باس ئەکرا.

پیۆنێرسکەیە پراڤدە، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سەندیکای کۆمۆنیستی لاوانی لینینسیتی سۆڤییەتی، هەروەها ئەنجومەنی ناوەندی پێشەنگانی لینینی بوو. له 6ی ئازاری (1925)دا بلاّوئەکرایەوە(□□□). ئەم ڕۆژنامەیە لەسەرەتادا بابەتی لەبارەی بەگژاچونەوەی

107-pionerskaia pravda

□□□–ئا.ئا. ژدانۆڤ، چاپەمەنییە پێشەنگەکان لەئاوێنەی بەڵگەنامەکاندا، لینینگراد، چاپخانەی کۆشکی پێشەنگ

نەخوێندەواری، کۆلاکەکانو سەرلێشێواوییەوە بلاوئەکردەوە، لەکۆتایی بیستەکاندا تیراژەکەی گەیشتە 200هەزار دانە. لە 27ی ئەیلولی (1932)دا، ڕۆژنامەکە هەواڵی کوژرانی پێشەنگان، (پاولیك ماروزوڤ)و براکەی (فیدیا)ی بەدەستی دوژمنان بلاوکردەوە. هەستیاریو خوێنگەرمیو دڵسۆزی پاولیك ماروزوڤ تا دواڕۆژەکانی لەسەرپێمانەوەی سۆڤییەت لەشتە پیرۆزە دەست لێنەدراوەکان بو لەو ولاتەدا. بەپێی ئەو بەسەرهاتە پاولیك باوکی خۆی کەدوژمنی حیزبی کۆمۆنیست بوو لەدادگادا دایە دەستی عەدالەتی سۆسیالیستی دواتر خۆی بەدەستی دوژمنان واتا (مامەکانی) ئەکوژرێتەوە.

ڕاستی ئەو مەسەلە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت ڕوون نیە، بەلام ئەم جۆرە فێرکردنو حەماسە دروستکردنە، کە بەشێوەیەکی زۆر لێزانانە ئەدرا بەگوێی منداڵانداو ئەوانی پێگۆش ئەکرا، یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆئەوەی کەسەکانی ناوخێزانێك ببنە جاسوس بەسەر یەکتریەوە، ئەوەش شتێك بوو کە لەکۆتایی سیەکاندا هاتەدی، هەر چۆنێك بێت پراڤدەی پێشەنگان لەناو منداڵاندا خۆشەویستییەکی زۆری هەبوو، لەساڵی 1965دا تیراژەکەی گەیشتە 7ملیۆنو 500هەزاردانەو، لە 1970دا 9ملیۆنو 700هەزار دانە.

بۆ ئەوەی پەروەردەو فێرکردنی کۆمۆنیستی منداڵان لەهەرزەکارانو لاوانیشدا بەردەوامی هەبێت، حیزبی کۆمۆنیست، هەفتەنامەی کامسەمولسکەیە پراڤدە (پراڤدەی لاوان)، بلاوکرایەوە. لە24ی‌ئایاری (1925)دا گۆڤاری کۆمۆنیستی لاو، کەئۆرگانی یەکێتیە کۆمۆنیستیەکانی لاوانی لینینی ڕوسیا بوو، بەلام گەشەکردنی یەکێتیە کۆمۆنیستییەکانی لاوانو، زیادبونی مەسەلەکانی ئەو بوارە، وایکرد کە ئەو هەفتەنامەیە بگۆڕدرێت بەرۆژنامەی (کەمسەمولسکەیە پراڤدە) لەسەرەتادا تیراژی ڕۆژنامەکە 31هەزار دانەبوو، بەلام تا کۆتایی ساڵ گەیشتە 110هەزار دانەو، لەساڵی (1935)دا گەیشتە نیوملیۆن دانە. لەساڵانی جەنگی جیهانی‌دا، ئەم ڕۆژنامەیە کەوتە بلاوکردنەوەی بابەتی وا کە وورەی سەربازان بەرزبکاتەوەو، حەماسەو قارەمانیەکانی ئەوان لەجەنگدا لەبەرانبەر ئەڵمانیە

هیتلەرییەکاندا بەرزبنرخێنێت‌و، لەشەستەکان‌و دواتریش سەرگەرمی لەرپیشەکێشان‌و سەرکوتکردنی لایەنگرانی (بیتل)و، رەخنەگرتن لەمۆسیقای رۆك و مۆسیقای خۆرئاوایی لاوان، بەڵام لەو کارەی‌دا زۆر سەرکەوتو نەبوو، لەساڵی 1970دا، تیراژی ڕۆژنامەکە گەیشتە 7ملیۆن دانە.

ڕۆژنامەی کراسنەیە مالادیۆژ[109] (لاوانی سور)یش یەکێك لەڕۆژنامە تایبەتەکانی لاوان بوو، بەڵام لەڕاکێشانی لاوان بەلای خۆیدا سەرکەوتنێکی وای بەدەست نەهێنا. ئەم ڕۆژنامەیە لە 10ی نیسانی (1921)دا وەکو ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی یەکێتیی لاوانی کۆمۆنیستی ڕوسیا بەتیراژی 15هەزار دانە بلاوکرایەوە. بەڵام دوای چەند رۆژ واتا لە (22نیسانی 1921)دا ڕاوەستا، لەبەرئەوە کڕیاری نەبوو، جگە لەوە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە نەیتوانی کاغەزی تەواو بۆ چاپی ئەو ڕۆژنامەیە دەستەبەر نەکات.

چاپەمەنیە ئەدەبیەکانی سۆڤییەت-یش نەیان ئەتوانی لەدەرەوەی فەرمان‌و چوارچێوە حیزبییەکاندا چالاکی ئەنجام بدەن. ئەگەر وانەبوایە ئەوا چارەنووسی ئەو بلاوکراوەیە جگە لەقەدەغەکردنی دەرچون، شتێکی‌تر نەئەبوو. بۆنموونە ئەتوانرێت ناوی گۆڤاری ئەدەبی زڤیۆزدە[110] (ئەستێرە) ببرێت کە لەدواداوایییەکانی تەمەنی ستالیندا، بەهۆی وەفادارنەبونی بێ‌چەندوچونیەوە بۆ بیروبۆچوونەکانی ناوبراو داخرا. ئەم گۆڤارە لەلینینگراد بلاوئەکرایەوەو، نوسەرانی وەکو شاعیری بەناوبانگی روسی (ئانەئەخماتۆڤە)، گەپنوسی بەناوبانگی سۆڤییەت ژڤیشینکۆ، هاوکاریان ئەکرد کە هیچکات نەئەتوانرا ئەوان بەلایەنگری حکومەتی کۆمۆنیستی تاوانبار بکرێن. نمونەیەکی‌ترن تواردۆڤسکی شاعیری بەناوبانگ‌و سەرنوسەری

---

109-Krasnaia Molodiozh
110-Zvezda

میانڕەوی مانگنامەی ئەدەبی نوڤیمیر[111] (جیهانی نوێ) بوو، کەئازایەتی ئەوەی دابوە بەرخۆی بەسەرهاتی سولژنیتسین بڵاوبکاتەوەو، دەستبەجێ لەسەرکارەکەی دەرکرا[112].

بەڵام ئەو بڵاوکراوە ئەدەبیانەی کە بەتەواوی‌و تاسەر بەوەفاداربوون بۆ حیزب مانەوە، لەمەترسی داخران بەدەربوون، یەکێك لەو نمونانەش لیتراتورنەیە گازێتە[113] (ڕۆژنامەی ئەدەبی)بوو، ئەم هەفتەنامەیە ئۆرگانی یەکێتیی نوسەرانی سۆڤییەت بوو، لە (22ی نیسانی 1929)دا بڵاوکرایەوە[114]. تیراژی ژمارەکانی سەرەتای دەرچونی (45) هەزار دانەبوو. ئەم هەفتەنامەیە دروستکردنی پەیوەندی نزیکی نێوان نوسەران‌و کۆمەڵ، هاندانی نوسەران بۆ گرنگیدانی زیاترو تایبەتیتر بەمەسەلەکانی کۆمەڵگاو، نوسینی بابەت دەربارەی بەرهەمهێنان‌و هەوڵدانی کرێکاران‌و جوتیارانی سۆڤییەتی بەئەرکی سەرەکی خۆی ئەزانی. لەوتارە هەمیشەییەکانی ئەم ڕۆژنامەیە (نوسەران بەرەو پێشبڕکێ)، (نوسەران لەبەرەی دژ بەئایین)و (لاوان‌و ئەدەب) بوون.

لەسەرەتای کانونی دووەمی 1942دا، ئەم هەفتەنامەیە لەگەڵ هەفتەنامەی هونەری ئەنجومەنیدا یەکیانگرت‌و، بەسەرنوسەری ئەلکساندەر فادایوف، نوسەری کتێبی پاسەوانی لاو، درێژەی بەکاروچالاکیەکانی خۆیدا.

لە (7ی کانونی یەکەمی 1944)دا ئەودوو بڵاوکراوەیە لەیەك جیابوونەوەو تیراژی لیتراتورنەیە گازێتە لەساڵی (1971) گەیشتە یەك ملیۆن‌و (272)هەزار دانە[115].

---

111-Novi Mir

[112]-ئەلەکساندەر ئیسایوڤیچ سولژنتیسین، گوێرەکە لەگەڵ داربەڕودا قۆچیان لەیەکگیرکردوە)، نۆڤەمبەر، 1990، ژمارەکانی 4، 5، 6

113-Literaturnaia Gazeta

[114]-دنیای چاپەمەنیەکانی یەکێتیی سۆڤیەت

[115]-ئالائیسا ئاکونوڤاو خومنسکایا، لیتراتورنایا گازێتاو خوێنەرانی، مۆسکۆ: چاپخانەی زانکۆ مۆسکۆ 1978.

لێرەدا پێویستە باس لەبڵاوکراوەوەیەکی لائیکیش بکەین، کەبڵاوکراوەیەکی دژ بەبیروبۆچونە دینیەکان بو کەلەلایەن ئۆرگانی یەکێتی نەیارانی دینیەوە دەرئەچوو، لە (21کانونی یەکەمی 1922)دا بڵاوکرایەوەو تیراژەکەی (15)هەزار دانە بوو، لە (تەموزی 1941)دا لەدەرچون وەستا.

لەهەفتەنامەکانیتری ئەو قۆناغە (مسکو ڤسکیە نوڤستی)[116] (دەنگوباسی مۆسکۆ)، ئۆرگانی کۆمیتەی حکومی پەیوەندیەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بوو کە بەچەندین زمان لەوانەش: عەرەبی، ئیسپانی، ئینگلیزی، فەرەنسیو یۆنانی لەدەرەوەی وڵات بڵاوئەکرایەوە. ئەم هەفتەنامەیە بەزۆری بەدەگمەن دەست ئەکەوت. (مسکو ڤسکیە نوڤستی) کە لایەنگری فەرهەنگی گشتی بوو، جێگای پەسەندی رۆشنبیران بوو.

لەو گۆڤارانەی لە سۆڤییەتدا شیاوی گرنگیپێدان بوون نوڤیە ڤرێمیە (سەدەی نوێ) بوو، کە لە (حوزەیرانی 1942)دا بڵاوکرایەوە. ئەم هەفتەنامەیە بەزمانی ئینگلیزیش چاپ ئەکرا. نوڤیە ڤرێمیە، تارادەیەك جێگای پەسەندی رۆشنبیرانو بیانیەکانیش بوو. تیراژی ئەم هەفتەنامەیە سنورداربوو، بەشێوەیەکی پچرپچڕ دەرئەچوو.

هەفتەنامەی کینیژنویە ئابازرینە[117] (رامان لەکتێب)، بڵاوکراوەیەکی گرنگیتربوو کە لەشەستەکانداو لە (5یئایاری 1966)دا دامەزرا. ئەم بڵاوکراوەیە سەرچاوەیەکی گرنگ بوو، بۆ ئاشنابوون بەو کتێبانەی کە لە سۆڤییەتدا بڵاوئەکرانەوەو، بەشێکی زۆری ئەم هەفتەنامەیە تایبەت کرابوو بەناساندنی ئەو کتێبانە. ئەم هەفتەنامەیە بەشی تایبەتی وەکو (کتێبی هەفتە)و (رێنوێنی خوێنەران)، بۆ دۆزینەوەی کتێبی دڵخوازی خۆیان لەناو ئەو کتێبانەدا کە بڵاوئەکرانەوە، جگەلەوەش بەسودوەرگرتن لەسەرچاوەی هەواڵدەری تاس، هەواڵی لەبارەی کتێبە چاپکراوەکانی دەرەوەش بڵاوئەکردەوە.

---

116-Moskovskiy Novesty

117-Knizhnoe obozrenie

## *چاپەمەنیەکانی سۆڤییەت لەسەردەمی پریسترۆیکە

بەشێوەیەگی گشتی چاپەمەنییەکان لەدەورانی (پرۆسترۆیکە)، دەورانی پاش لێکهەڵوەشانەوەی سۆڤییەتو لەهەلومەرجی ئێستادا لەو مەسەلانەن کە بەشێوەیەکی تەواو، مێژنووسان گرنگی پێئەدەن. سەردەمی پرۆسترۆیکە (سەرلەنوێ بنیاتنانەوە)، دوای هاتنەسەرکاری گۆباچۆڤ لەسۆڤییەتدا دەستی پێکردوە. لەکاتێکدا کە گۆرباچۆڤ لەساڵی 1985دا هاتەسەر حوکم، کەم کەس هەبوو پێشبینی ئەوە بکات کە ئەو کەم تەمەنەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیست، مێژووی زلهێزە گەورەکەی رۆژهەڵات کۆتایی پێبێنێت. یەکەمین هەنگاوی گۆرباچۆڤ بەگژاچوونەوەی ئەلکهولیزم (دژایەتی ئەلکهول)، بوو چاپەمەنیەکانی سۆڤییەت ئەم هەنگاوەیان بەرزنرخاندو، بۆ دژایەتیکردنی خواردنەوەی ئەلکهولو بانگەشەکردن بۆ (سەماوەر لەجیاتی ئەلکهول) پڕوپاگەندەیەکی زۆریان کرد، لەو قۆناغەدا پیشەسازی، دووچاری تەنگژە بووبوو، نرخی نەوت لەبازاڕی جیهانیدا دابەزیبوو، ئابوری سۆڤییەت ڕوو لەپوکانەوە بوو، گەندەڵی دارایی لەدەزگاکانی دەوڵەتدا پەرەی سەندبوو، گۆرباچۆڤ بۆ دەربازکردنی ئابوری لەو تەنگژەیە، دروشمی (پرۆسترۆیکە)ی بەرز کردەوە، بۆئەوەی بتوانێت ئاڵوگۆڕێك لەئابوریدا بێنێتە ئاراوە، بڕیاریدا هاوکات لەچەکێك کەڵك وەرگرێت کەسەرەنجام بوەهۆی لێکهەڵوەشاندنەوەی سۆڤییەتو هێنانەئارای (15)وڵاتی نوێ لەنەخشەی سیاسیی جیهاندا. ئەو چەکەش (گلاسنۆست) (کرانەوەی گشتی(شفافیەت)-ڕوونی) بوو. گۆرباچۆڤ بڕیاریدا بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ گەندەڵی دارایی فەرمانگەکانو، باشترکردنی ئابوری، کەڵك لەدیموکراسی وەرگرێت. گلاسنۆست ئەبوو پەردە لەسەر داخورانی سیستەمی کۆمۆنیستی هەڵماڵێتو، ڕێگا بۆ چاکسازی بکاتەوە. ئەو ئەیویست بۆ پاراستنی ئامانجەکانی خۆی سود لەڕای گشتی

وەرگرێت، لەبەرئەوەی حیزبی بەباشی ئەناسیو، ئەیزانی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە ناتوانێت کەڵك لەپشتیوانی ڕێبەرانی حیزب وەرگرێت. لەبەرئەوە بوو ئازادی بۆ چاپەمەنییەکان دەستەبەرکرد. بەڵام هێشتا حیزب لەڕۆژنامەکاندا ئامادەییەکی چالاكو کارای هەبوو، ئامانج لەئازادی چاپەمەنیەکان، بەرگری لە(سۆسیالیزم بەڕووە مرۆڤایەتییەکەی)داو، بڕیار وەرگرتنەکانی (سکرتێری گشتی) بوو. لەپاش ئازادی چاپەمەنیەکانو ڕێنوێنیکردنی خەڵك بەرەو دیموکراسی، ئیتر گۆرپاچۆڤ گەیشتە ئەو باوەڕەی کە لەتوانادا نییە کپ بکرێتەوە. ئازادی هەمەلایەنە بوو، شەپۆلی خۆشیو شادیو لەهەمان کاتیشدا سەرسامیو سەرسوڕمان وڵاتی گرتبۆوە. بۆ یەکەمینجار لەمێژووی سۆڤییەتدا، ڕۆژنامەکان دەستیان کرد بەپەردە هەڵماڵین لەسەر قۆناغی دەسەڵاتداری ستالینو، کوشتنی ملیۆنان مرۆڤی بێتاوانو، لەهەمان کاتیشدا، چاپەمەنییەکان پەردەیان لەسەر گەندەڵیەکانی سەردەمی حوکمی برێژنێف هەڵماڵی. دوو لێکۆڵەرەوەی تایبەتی دادگای گشتی سۆڤییەت، گدلیانو ئیڤانۆڤ ڕۆڵی چاپەمەنییەکانیان لەئاشکراکردنی گەندەڵی دارایی ملیۆنی لەبواری بەرهەمهێنانی لۆکە لەکۆماری ئۆزبەکستان بەرزنرخاند. خەڵك ئەو چاوەڕوانیەیان نەبوو کەبڵاوکراوکراوەکان ئەوەندە بنوسنو لەبارەی کێشەکانی ڕۆژەوە بەو ڕادەیە بابەت بڵاوبکەنەوە. بەڵام لەهەموو ئەو ماوەیەدا (تاکۆتایی 1988) بڵاوکراوەکان زیاتر مەسەلە مێژووییەکانیان دەختە بەرباسو، ئەو ئازایەتییەیان نەبوو کەرەخنە لەبەرپرسان بگرن، لەم سەردەمەدا تەنیا وەکو جاران بەشانوباڵی ڕێبەراندا هەڵیان ئەداو هیچیتر.

بەهەرحاڵ لەم قۆناغەدا، هەست بەگۆڕانکاری بنەڕەتی ئەکرا لەناو کۆمەڵگاداو، کۆمەڵگا درکی بەو کارەساتانە کردبوو کەبەسەری هاتبوونو، دژی ئەنجامدرابوون لەژێر پەردەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگادا. بەو هۆیەوە راچڵەکیو وریا بۆوە، ئەگەرچی خەڵکی تا ماوەیەك لەوەوبەر تەنیا ئەیانزانی کەستالین هەڵەی کردوە (بریژنێڤو بەرپرسانیتر کە

لەگەڵیدا بوون، نەیانتوانی پاش پەردەهەڵمانیەکانی خرۆشۆڤ لەکۆنگرەی بیستەمدا، ئەو مەسەلەیە بشارنەوەو دیزە بەدەرخۆنەی بکەن).

پاش ئەوەی یەکەمین باس لە هەڵەکانی حیزب کرا، زۆربەی خەڵکی درکیان بەوەکرد کە ئەکرێت حیزبیش بخرێتە قەفەزی دادگایکردنەوەو تاوانبار بکرێت. خەڵکی ئەیانبینی کەچاپەمەنیەکان ئەتوانن بێترس، بۆچونەکانی خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕن. بەو جۆرە ئەتوانرێت بوترێت ڕۆڵی بڵاوکراوەکان لەم قۆناغەدا لەهەر کاتێکیتر زیاتر ئەوەی کە بەشارەوایی مابۆوە دەربڕێت. دوای ئەوە نۆرەی چاپەمەنیەکانی کۆمارەکان هات. یەکەمین جار بڵاوکراوەکانی کۆمارەکانی بالتیك لەو بارەیەوە هەنگاویان هەڵێنا. ئەم کۆمارانە بەبەراورد لەگەڵ کۆمارەکانیتردا پێشینەیەکی کەمتریان لەئەندامێتی لەیەکێتیی سۆڤێتیدا هەبوو. سەرەڕای ئەوەش لەبەر ئەو رقەی لەبەرانبەر سۆڤییەتدا هەیانبوو بەهۆی ڕێککەوتننامەی مۆلۆتۆڤ-رینبترو.پ لەساڵی 1939دا کەبەهۆیەوە سەربەخۆیی خۆیان لەدەستدابوو، جەنگی نەتەوەییان دژ بەسۆڤییەت (روسەکان) دەستپێکرد. لەم قۆناغەدا بڵاوکراوەکانی ناوەند، زیاتر خۆیان بەمەسەلەی ژینگەوە سەرقاڵ کردبوو. ساڵی 1987 بەدروشمی ئازادی لەکۆمارەکانی بالتیكو خەباتی سەوزەکان لەناوەند نەوەستاو، بڵاوکراوەکانی ناوەند، پاش کارەساتی چەرنوبێل (هاوینی 1986) لەبارەی بەرهەمهێنانی مادەی کیمیایی ترسناك، نائاسایشبونی وێستگەکانی کارەبای ئەتۆمی، لەدایکبوونی مناڵی نابەکام، سودوەرگرتنی زیاد لەپێویستی ژەهر لەکشتوکاڵداو کاردانەوە خراپەکانییەوە، بابەتیان ئەنوسی. لەم سەردەمەدا بوو کە بڵاوکراوەی نوێ هاتنەئاراوەو لەگەڵ ئەوەشدا تیراژی هەموو ڕۆژنامەکان زۆر زیادیان کرد، ڕۆژنامەی کامسا مولسکایا پراڤدەو هەفتەنامەکانی مۆسکۆ ڤسکیە نوڤستیو، ئاگاتیوك، لایەنگرێکی زۆریان لەناو لایەنگرانی دیموکراتیدا پەیداکرد. تیراژی مانگنامەو هەفتەنامەکانی تایبەت بەبواری ئەدەبیش زیادیان کردبوو، زۆربەی ئەو بڵاوکراوانە بەسەختی دەست ئەکەوتنو دەگمەن بووبوون لەبەرزۆری

خوێنەر، چاپکردنی ئەو کتێبانەی تا ئەو ئەکاتە قەدەغەبوون، پێویستیان بەکاتێکی زۆرهەبوو، بۆ چاپکردنو بلاوکردنەوەیان، بۆیە گۆڤارو مانگنامەکان توانیبویان بۆشایی ئەوانیش پڕبکەنەوە. بەرهەمی سولژنیتسین، گینزبورگ، ئاکسیونۆڤ، بوریس پاسترناك نوسەری ڕۆمانی (دکتۆر ژیڤاگو)، نوسەرانیتری بەناوبانگ لەم مانگنامانەدا بلاوئەکرانەوە. بۆ نمونە ئەتوانرێت ناوی مانگنامەی نۆڤیمیر (جیهانی نوێ)، یونوسۆڤ (لاوێتی)، دروژ بەنەرودوڤ (دۆستایەتی گەلان)، ئەکتیابر (ئۆکتۆبەر) ببرێت.

لەلایەکیترەوە هەندێك لەڕۆژنامە کۆنە پێشینەدارەکان لەوانەش، سەڤیەتسکەیەرەسیەڤ پراڤدەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیتری حیزبی کۆمۆنیست دەستیان کرد بەناڕەزایەتی دەربڕین لەبەرانبەر ئەو سوکایەتیکردنانەدا کە ئەکرانەسەر بەها بەنرخەکانی رابردو، ئەوان لەو باوەڕەدابوون کە هەڵەکان تێپەڕیونو، دەستکەوتەکانی سۆڤییەت لەوانەش پەیوەندی دۆستانەی نێوان گەلان، پەروەردەو تەندروستیو شوێنی نیشتەجێبوونی خۆڕاییو لەڕیشەهەڵکێشانی بێکاری لەو دەستکەوتانەن کە ناکرێت بەهەند وەرنەگیرێنو چاویان لەئاستدا بنوقێنرێت. ئەو جۆرە بلاوکراوانە لەسەر ئەو باوەڕە بوون لە سەردەمی حوکمی ستالینو بریژنێڤدا هەڵەکراونو، بەگشتی دەستکەوتەکانی حیزبو ئەو رەنجەی کە چەندین نەوە لەخەڵکی سۆڤییەت دابوی بێئەنجام نەبوەو، ئێستا ئەبێت ئەو هەلانە نەهێلرێن. بەتایبەتی کە گۆرباچۆڤ خۆشی پێی لەسەرئەوە داگرتووە کەسەرمایەداری ناوێت، بەڵکو لایەنگری سۆشیالیزمێکی بێ هەڵەو کەموکوڕییەکانی پێشووەو بەچاوێکی کراوەوە لەگەڵ ئامانجەکانی لینیندایە. هەندێکیتر لەبلاوکراوەکان وەکو: ناش سەڤریمێنیك (هاوسەردەمی ئێمە)، مالادایا گواردیا (گاردی لاوان)، گرنگی خۆیان لەسەر ناسیونالیزم لەڕوسیادا چڕکردبۆوە. جارێکیتر باسو خواسەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لەبارەی رۆڵی نەتەوەی ڕوس لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هاتبووە ئاراوە، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ئەم بلاوکراوانە مەسەلەی جولەکەو رۆڵیان لەمێژووی ڕوسیاداو، سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو چۆنیەتی بەئەنجام

گەیشتنی ئەو شۆڕشەیان خستبووەوە بەر باس‌و دوبارە شەپۆلی دژایەتی جولەکە لە ڕوسیادا هاتەوە گۆڕێ.

ئەوانەی باسکران بەگشتی ئەو ڕەوت‌و بزووتنەوە سیاسیانە بوون کە لەسالآنی پاش دەستپێکردنی پرۆسترۆیکە لەچاپەمەنیەکانی ڕوسیادا، پەیدابوبوون. ئەم ڕەوت‌و بزوتنەوانە دواتر لەشێوەی جولآنەوەی سیاسی‌و حیزبی نوێدا دەرکەوتن. ئازادی چاپەمەنی تەنیا نەبوبوە هۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەو رەوتی سیاسی لەچاپەمەنییەکاندا، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەشدا بڵاوکراوەی ئاست نزم‌و ناوەرۆك دزێویش دەستیان بەبڵاوبونەوە کرد، ئەو هەفتەنامە ئاست نزمانە بەتایپی دەستی‌و لەسەر کاغەزی خراپ چاپ ئەکران. نەبونی یاسایەك کەئەو جۆرە بڵاوکراوانە کۆنترۆڵ بکات وای کردبوو کەئەو جۆرە بڵاوکراوانە لەهەموو دوکان‌و شوێنە قەرەباڵغەکاندا بەبەرچاوی هەموانەوە بفرۆشرێن. خەڵکێکی زۆر لەم ڕێگایەوە پارەیەکی مۆلێان چنگ کەوت، بەڵام پاش ماوەیەك داخوازی لەسەر ئەو بڵاوکراوانە کەم بۆوە.

فەزای گلاسنۆست تا ساڵی 1988 باڵی بەسەر بڵاوکراوەکاندا کێشابوو. لەوێ بەدواوە قۆناغی دیموکراسی لەبڵاوکراوەکاندا دەستپێکرد. بڵاوکراوەکانی ڕوسیاو سۆڤییەت، ڕۆژ بەڕۆژ لە حیزبی کۆمۆنیست دوورتر ئەکەوتنەوەو، بە دەستپێکی بڵاوکراوە نوێیەکان بزربون، ئەو بڵاوکراوانەی کە ئەمڕۆ ڕۆڵێکی گرنگ لە بارودۆخی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ڕوسیادا دەگێڕن.

## *چاپكراوەكانی سۆڤییەت لە سەردەمی دیموكراسیدا

لەساڵی 1988دا دوو روداوی گرنگ رویاندا. یەكەمیان كۆمارەكانی باڵتیك یەكەمین خۆپیشاندانی ئاشكرایان دژ بەسۆڤییەت ئەنجامدا، بەدروشمی جیابونەوە، كە لەمێژوی سۆڤییەتدا شتیوا، رووی نەداوە، بەتایبەتی گرنگیەكەی لەوەدابوو كەخۆپیشاندەران سەركوت نەكران. دواتر لەشوباتی هەمان ساڵدا بێنە وبەرەی كارەباخ لەقەوقازدا سەری هەڵدا، ئەم روداوە كەیەكەمجار رادیۆی دەنگی ئەمریكاو رادیۆی سڤایۆدە (ئازادی) بڵاویان كردەوە، كە بوەهۆی داماڵینو لاوازبونی دوا ئەڵقەی گەردنی چاپكراوەكان. بڵاوكراوە ناوچەییەكان لەپێش هەمواندا نارەزاییان دەربڕیو، بڵاوكراوەكانی ناوەندیش بێئەوەی هەست بەخۆیان بكەن، كەوتنە بڵاوكردنەوەی هەواڵەكانی ئەو ڕووداوانە. ڕۆژنامەنوسەكانی ڕۆژنامەكانی ناوەند لەژێر كاریگەریی ئەو روداوانەدا كەوتنە تاوانباركردنی سیاسەتە دژ بەنەتەوایەتیەكانی لینینو، بۆ یەكەمجار لەژیانی بڵاوكراوەكاندا كەوتنە وێزەی بنەماكانی پێكهاتەی یەكێتیی سۆڤییەت. هەندێك لەبڵاوكراوەكان نارەزایەتیان دژ بەبەزۆر هێشتنەوەی كۆمارەكانی بالتیك لەچوارچێوەی سۆڤییەتدا دەربڕیو، لەو ڕۆژنامانەدا بڵاوئەكرایەوە كە لەكۆماری قرقیزستاندا زمانی نەتەوەیی قرقیزی لەحاڵەتی مردنو لەناوچوندایەو، لەپایتەختی ئەم كۆمارەدا تەنیا یەك قوتابخانەی قرقیزی هەیەو، لە ئۆكرانیاو بلۆڕوسیا (ڕوسیای سپی)شدا، بارودۆخەكە لەوێ باشتر نیە. لەهەمان سەردەمدا بوو كەبڵاوكراوەی وەكو یڤرێسكەیە گازێتە (ڕۆژنامەی جولەكەكان)و ئارمیانسكی ڤستنیك (هەواڵنامەی ئەرمەنی) لەمۆسكۆ دەستیان بەبڵاوكردنەوە كرد. سانسۆرو بۆقۆرخكردنی حیزب لەسەر چاپەمەنیەكان نەماو، زۆربەی ئەو بڵاوكراوە نوێیانە خۆیان بەبڵاوكراوەی سەربەخۆ ناساند. بڵاوكراوەی نوێی وەكو هەفتەنامەی كەمیرسانت (بازرگان)و ڕۆژنامەكانی نیزاڤیسیمەیە گازێتە (ڕۆژنامەی بێلایەن)و كورانتی

(کاژمێری بورج) لەساڵی 1989دا دەستیان بەبڵاوبونەوە کرد. ئەم بڵاوکراوانە لەڕاستیدا یەکەم بڵاوکراوەی بێلایەن بون، کە لەڕوسیادا بڵاوئەکرانەوەو، لەڕاکێشانی خوێنەردا سەرکەوتنێکی زۆریان بەدەست هێنابوو. لەگەڵ ئەواندا دەیان ڕۆژنامەو هەفتەنامێتریش دەستیان بەبڵاوبونەوە کرد.

لەکۆتایی ساڵی 1988دا نوێنەرانی خەڵکی سۆڤییەت هەڵبژێردران. لەو کەسانەش ئەتوانرێت ئاماژە بەساخارۆڤو یەلتسین بکرێت. گۆرباچۆڤیش گەیشتە پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای سۆڤییەت. بەدرێژایی بەرپابونی کۆنگرەی نوێنەرانی خەڵك، خەڵکەکە بەسەرسوڕمانەوە گوێیان بۆ وتەی پاڵێوراوان شل ئەکرد. ئاشکرا بوو کە هێشتا لەوڵاتدا سەدان زیندانی سیاسی هەیە. ئەندرێ گرۆمیکۆ، سەرۆکی پێشوی ئەنجومەنی باڵا، بەگەندەڵی دارایی تاوانبارکرا. سۆڤییەت بەتاوانکاری دژ بەنەتەوەکەی خۆیو داگیرکردنی ئەفغانستان تاوانبار کرا. ساخارۆڤ خوازیاری کۆتاییهێنان بەمانەوەی سۆڤییەت لەئەفغانستانو ئازادی لەناو وڵات دابوو. ئیتر نوێنەرەکان داوای دادگاییکردنی سەرانی (K.G.B)و سەرانی حیزبیان ئەکرد کە لەتاوان دژ بەخەڵکی سۆڤییەتدا دەستیان هەبوە. ئەرمەنەکانو ئازەریەکان هەریەکەیان لەکۆنگرەدا ئەویتری بەبانگەشە بۆ سەربەخۆییو ئۆتۆنۆمی لایەکەیتر تاوانبار ئەکرد. کەسانی وەکو: پاپۆڤ، سابچاك، ستارا ویتواو کەسانیتر، بەسیاسەتمەدارانی داهاتوی ڕوسیا ناویان دەرکرد. لەم کۆنگرەیەدا هەڵمەتی چاکسازی ئابوری حکومەتەکەی ریژکۆڤ ڕەخنەی لیگیراو نوێنەران داوای ئازادی خەڵکیان ئەکرد لەبەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتدا بڵاوکراوەکانیش بەهۆی ئەو بارودۆخەوە کە هاتبوە ئاراوە دەستیان کرد بەنوسین لەبارەی گیروگرفتەکانی خەڵكو بێتوانایی حکومەت. بەم جۆرە بڵاوکراوەکان، دەستیان کرد بەرەخنەگرتنێکی توند لەحکومەت.

قسەوباس لەبارەی کارەساتی چێرنۆبێل، دوبارە هاتەوە بەرباسو، گۆرباچۆڤ بەشاردنەوەی راستیەکان لەخەڵك تاوانبار کرا. هەزاران کەس لەوانەی بۆ ڕێگری لەکاریگەری کارەساتی

تەقینەوەی وێستگەی کارۆئەتۆمی، بەشدارییان کردبوو، ئەوەندە تیشکی رادیۆئەکتیڤ کاری تێکردبون مەترسی گەورە لەسەرگیانیان هەبوو، کەچی حکومەت بێ‌ئەوەی مشورێکیان بخوات بەو حاڵەوە بەرەڵایی کردبوون. ئەو جۆرە بابەتانە لەسەر ئاستێکی فراوان لەبڵاوکراوەکاندا چاپ ئەکران.

بڵاوکراوەکان خوازیاری دەرچونی سۆڤییەت لەئەفغانستانو، لابردنی مادەی شەشەمی یاسای بنەڕەتی بوون، (کە بەپێی ئەو یاسایە ئەبوو تەنیا حیزبی رێگا پێدراوە لە سۆڤییەتدا، تەنیا حیزبی کۆمۆنیست بێت).

ئەم قۆناغە، قۆناغی حوکمڕانی چاپەمەنیەکانی لایەنگری دیموکراسی بوو، ئەم قۆناغەو رووداوەکانی نیشانیاندا کەخەڵکی سۆڤییەت تا چ ئاستێك تینوی دەنگ‌وباس‌و هەواڵن. بەڵام زۆربەی بڵاوکراوەکان گرنگیان بەشیکردنەوەو لێکدانەوە دابوو.

یەکێك لە نیشانەکانی ئەو تینوێتی‌و پێویست بوونە، تیراژی سەرسام کەری ڕۆژنامەی (ئەرگیومێنتی ئەی فاکتی-بەڵگەو فاکتەکان) بوو، کە لەماوەی یەك ساڵدا (33) ملیۆن خوێنەری بۆخۆی پەیدا کردبوو، ئەم بڵاوکراوەیە، تەنیا هەواڵو روداوەکانی بێ‌شیکردنەوەو رونکردنەوە بڵاوئەکردەوە.

لەسەرەتای ساڵی (1990)دا ، ئیتر ئەوە هەر ڕۆژنامەکان نەبون کە ئازادیان داوائەکرد، کار بەوە گەیشتبو کە تەلەفزیۆنی حکومی چاو قایمی ئەکردو، هەواڵێك کە بەپێویستی ئەزانی بڵاوی ئەکردەوە، کە سور ئەیزانی کێشەشی بۆ ئەنێتەوە. ئیتر هیچ شتێك نیتوانی بەر بەرپێرەوی سەربەخۆیی ڕۆژنامەکان بگرێت. نزیکەی زۆربەی ئەو ڕۆژنامانەی کەپێشتر ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیست بوونو، لەخولگەی ئەودابوون، خۆیان بێلایەن‌و سەربەخۆ راگەیاند. بۆ نموونە کامسەمولسکەیە پراڤدە، کە ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کەمسەمول (رێکخراوی لاوان) بوو، گۆڕدرا بە ڕۆژنامەیەکی بێلایەن‌و ئەوەش رێگایەك بوو کە زۆربەی بڵاوکراوەکانی‌تریش گرتبوویانە بەر. ئیزڤستیە، کە ئۆرگانی ئەنجومەنی باڵای

سۆڤییەتو، هەموو ئەنجومەنەکان بوو، وردە وردە دەستیکرد بەگرتنەبەری ڕێبازێکی تایبەت بەخۆیو، هەوڵیدا کە لەژێر دەسەلاتی ئەنجومەنی بالا بێتەدەرەوە، پاش هەڵبژاردنی سەرنوسەری ڕۆژنامە، لاپتۆڤ بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی گەلانو ئەنجومەنی بالای سۆڤییەت، گۆرباچۆڤ نوێنەری خۆی یفرمۆڤی ناردە ئەو ڕۆژنامەیە، کێشمەکێشی نێوان سەرنوسەر (یفرمۆڤ)و جێگری یەکەمی، نیشاندەری ئەو ململانێیەی نێوان حیزب (کەنەیئەویست ڕۆژنامەکە لەدەست بداتو ڕۆژنامەنووسانو دەستەی نوسەران (کەئەیانویست ڕۆژنامەکە سەربەخۆ بێت) بوو. سەرەنجام لەساڵی ((1991))دا سۆڤییەت نەماو، بلاوکراوە ناوەندیەکانی سۆڤییەت بونە بلاوکراوەی ڕوسیا، هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ڕوسیا لەبەهاری ((1991))دا بەپشتیوانیکردنی بەربلاوی بلاوکراوەکان لەکاندیدی هێزە دیموکراتیەکان (یەلتسین)، دەریخست، کەچاپەمەنیەکان چارەنوسی خۆیان بە ڕوسیاوە گرێداوە. لەسەرەتای هەمان ساڵدا، ڕۆژنامەکان نارەزایەتیان لەدژی هێرشی هێزە چەکدارەکانی سۆڤییەت بۆ سەر ناوەندی تەلەفزیۆنی لیتوانی دەربڕی، کەبوەهۆی کوژرانی دەیان کەس. ئەم هەڵوێستە نیشاندەری جیایی بلاوکراوەکان لەدەوڵەتی سۆڤییەتی بوو. لەهەمان سەردەمدا بوو، کەپەیوەندی گۆرباچۆڤ لەگەڵ حیزبدا خراپ بوو، کۆمیتەی ناوەندی لەبەهاری (1991)دا، داوای لێکرد دەست لەکاربکشێتەوە بەلام گۆرباچۆڤ ڕێگایەکیتری گرتەبەر. قۆناغی دیموکراسی بلاوکراوەکانی سۆڤییەت لە (ئابی 1991)دا بەشێوەیەکی کاتی کۆتایی پێهات. کودەتای سەرنەکەوتوی ئابی بەکردەوە تەمەنی سۆڤییەتی کۆتایی پێهێناو، هەوڵەکانی گۆرباچۆڤ بۆ هەڵنەوەشانەوەی سۆڤییەت بێئەنجام بوو، لە (کانونی یەکەمی 1991)دا بلاوکراوەکان هەواڵێکی گرنگیان بلاوکردەوە: سێ سەرکۆماری کۆمارەکانی سلۆڤانی یەکێتیی سۆڤییەتیان بەهەڵوەشاوە ڕاگەیاند. لەدوای کودەتای (21ی ئابی 1991) بلاوکراوەکانیش بەسەردو باڵدا دابەشبون، ڕۆژنامەکانی لایەنگری دیموکراسی وەکو: نزاڤسیمەیە گازێتە، کامسەمولسکەیە پراڤدە، مسکوڤسکیەنوڤستی، مێگەپێلس

ئەکسپریس (ڕۆژنامەی تازە سەرپێکەوتوی سۆڤییەت)و چەند ڕۆژنامەیەکیتر کە کودەتاچیەکان بلاوکردنەوەی ئەوانیان قەدەغە راگەیاند بوو، ڕۆژنامەی هاوبەشیان چاپکردو لەماوەی سێ ڕۆژی حکومەتی کودەتاچیەکاندا، دژی وەستانەوە. ڕۆژنامەکانی پراڤدە، سەڤیەتسکەیەرەسیەو هەندێکیتر لەبلاوکراوەکانی حیزبی کۆمۆنیست کەوتنە بەرگریکردن لەکودەتاکە، کەدوای تێشکانی کودەتاکە، بەتۆمەتی ئەو کارەیان لەلایەن یەلتسینەوە راگیران (هەرچەندە رۆژی دواتر دەستیان بەبلاوبونەوە کردەوە). ڕۆژنامەی (ئیزڤیستیە)ش سەرەنجام لەکۆتو بەند رزگاری بوو، ریگای خۆی بەرەو گۆڕان بەرەو خەتی چاپەمەنی ئازاد گرتەبەر. ئەم ڕۆژنامەیە جگە لەوەی کەیەکێکە لەنمونە سەرکەوتوەکانی بلاوکراوەکانی ڕوسیا، چاپخانەیەکیشی هەیە کە زۆربەی ڕۆژنامەکانیتر لەوە بێبەشن.

هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت نیشانەی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ بوو بۆ ڕوسیاو، سەرەتای قۆناغی سەرمایەدارییە لەم ولاتەدا، ئەو قۆناغو شوێنەی کەململانێی نێوان بلاوکراوەکان دەگاتە لوتکە تیایدا.

## *چاوگێڕانێك بەئاماری بلاوکراوەکانی سۆڤییەتدا

بەچاوگێڕان بە ئاماری کە لەبەردەستدایە لەبارەی ژمارەو تیراژی بلاوکراوەکانی ڕوسیاوە، ئەتوانرێت بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن بکرێن: لەساڵی (1918)دا کاتێك شەڕی ناوخۆ لەڕوسیادا دەستیپێکرد، (884) ڕۆژنامە لەڕوسیادا بلاوئەکرانەوە، کەکۆی تیراژەکەیان (2)ملیۆنو (700) هەزاردانە بوە. پاش هاتنە سەرکاری بەلشەفیکەکانو سانسۆردانان لەسەر بلاوکراوەکان، ژمارەی ڕۆژنامەکان کەمتر بونەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، کۆمۆنیستەکان بۆ پروپاگەندەکردن بۆ ئامانجەکانی خۆیان پێویستیان بەبلاوکردنەوەی بلاوکراوەی نوێ هەبوو، هەر لەبەرئەوەبو کەدوای کۆتایی جەنگ، دەیان ڕۆژنامەو گۆڤاریان

دەرچواند. لەساڵی (1923)دا ژمارەی ڕۆژنامەکانو تیراژەکانیان تا ڕادەیەك زیادیکرد، بەڵام ئەمجارە هەموو ئەو ڕۆژنامانە هی حیزب بونو، لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا بوون. لەساڵی (1925)دا تیراژی گشتی بڵاوکراوەکان (7ملیۆنو 500)هەزار دانە بوو، لەساڵی (1931)دا ئەم ژمارەیە، بوە (36)ملیۆن دانە. لەکۆتایی ساڵانی (1960)داو لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا لەسۆڤییەتدا (8000)ڕۆژنامەو (4500)گۆڤار بەتیراژی (250) ملیۆن دانە بڵاوئەکرانەوە. ژمارەی بڵاوکراوەکان بۆ هەر هەزار کەس (1061)دانە بوو. لەم قۆناغەدا بڵاوکراوەکانی سۆڤییەت بە (57) زمانی نەتەوە جیاجیاکانی سۆڤییەتو نۆ زمانی بیانی بڵاوئەکرانەوە.

نابێت ئەوەش فەرامۆش بکەین کە لەزۆرکاتداو بەتایبەتی لەسەردەمی برێژنێڤدا، کڕینی ڕۆژنامە ناچارکردن بوەو بۆ نمونە: خوێندکاران ناچارکرابون کە ڕۆژنامەی کامسامسولسکایا پراڤدە، بکڕن.

جگەلەوەش ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست دەبو ڕۆژنامەی پراڤدە بکڕنو خوێندکارانی لاویش ئەبو، مالادوی کۆمۆنیست (کۆمۆنیستی لاو) بەزۆرەملێ بکڕن. هاوبەشبونی (اشتراك)و کڕینی ڕۆژنامەی ئەستێرەی سور بۆ کەسانی سەربەسوپا زۆرەملێ بوو، بەڵام کڕینی ڕۆژنامە ناحیزبییەکانو سەربەئەنجومەنەکان بۆ هاوڵاتیان زۆرەملێ نەبووو، خۆشویستنو کڕینی ئەم ڕۆژنامانە کەمو زۆر لەڕوی خۆشویستنو راستیەوە بون نەك زۆر. نزیکەی زۆربەی دەرچوانی قۆناغەکانی خوێندن هاوبەشییان ئەکردو ڕۆژنامەی ئیزڤیزستیایان ئەکڕی. ڕۆژنامە ناوچەییەکانیش لەناو خەڵکی ئەو ناوچەیەدا لایەنگرو کڕیاریان هەبوو، بەڵام ڕۆژنامەکانی مۆسکۆ هەمیشە خۆشەویستیەکی تایبەتیان هەبوو لەناو بڵاوکراوەکانی سەرتاسەری سۆڤییەتداو، هەموو ئەو ڕۆژنامانەی کەخوێنەریان زۆربوو، کەمو زۆر لەمۆسکۆ بڵاوئەکرانەوە لەو بڵاوکراوانەش ئەتوانرێت ناوی ڕۆژنامەی مسکۆڤسکەیە پراڤدە، ئۆرگانی

کۆمیتەی حیزبیی شاری مۆسکۆو، هەروەها ڕۆژنامەی مۆسکۆفسکی کەمسەمولتس ئۆرگانی کۆمیتەی ناو شاری ڕێکخراوی لاوانی مۆسکۆ، ببرێت.

## *چاپکراوەکانی ڕوسیا دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت

هەڵوەشانەوەی سۆڤییەتو، دەستپێکردنی چاکسازی ئابوری، یەکەم کاریگەری لەسەر لایەنەکانی دارایی‌و ئابوری چاپەمەنیەکان جێهێشت. بەدەستپێکردنی چاکسازی ئابوری‌و کەمبونەوەی کۆمەکی حکومەت بۆ بلاوکراوەکان، لەساڵی (1992)دا نرخی بلاوکراوەکان بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەرزبۆوەو، هاوکات تیراژی چەند ملیۆنی ڕۆژنامەکانو هەفتەنامەکانیش کەمبۆوە. ڕۆژنامە حکومیەکانی وەکو راسیسکایا گازێتە (ئۆرگانی ئەنجومەنی باڵای ڕوسیا)و، راسیسکویە ڤیستی (ئۆرگانی حکومەتی ڕوسیا)، بەپشتیوانی حکومەت، هەرچەندە بەشێوەیەکی لاواز، توانیان تاڕادەیەك خۆیان بەپێوەبگرن، بەڵام زۆربەی ڕۆژنامە پڕخوێنەرەکان بەبارێکی سەرلێشێواوی‌و داهاتویەکی نادیارەوە کاریان ئەکرد.

بەپێی راپۆرتی (ژوری کتێبو بلاوکراوەکانی ڕوسیا)[118]، تیراژی ساڵانەی بلاوکراوەکانی ڕوسیا لەساڵی (1990 تا 1995) نزیکەی (6)جار دابەزی بو، لەهەموان زیاتر کەمبونەوەی تیراژی ڕۆژنامەکانی ناوەند دوچاری ئەو ئافاتە بەهێزە هاتبون، چونکە دانیشتوانی شارۆچکەکان کەمتر بەدوای روداوو دەنگوباسەکانی ناوەندەوە بونو، مەسەلەکانی ناوچەکەی خۆیان بۆ ئەوان گرنگیەکی زیاتری هەبوو.

بەپێی ئەو راپرسیانەی کەئەنجام دراون ڕێژەی لە (50٪)ی هاوولاتیانی ڕوسیا بلاوکراوە ناوچەییەکانی خۆیان بەلاوە باشتر بوو. بۆ نمونە لەپریموریە کۆی تیراژی بلاوکراوەکانی ناوەند (100)هەزار دانەیە، ئەوە لەکاتێکدایە کەڕۆژنامەی ناوچەیی ڤلادی ڤەستۆك بەتیراژی

118-Knizhmaya palata

(126)هەزاردانە بلاّوئەکرێتەوە. هەمان شێوەش لەناوچەکانی‌تری ڕوسیادا ئەبینرێت. لەلایەکی‌ترەوە، بەو بلاّوکراوانەی کەتیراژەکانیان دابەزیبو. بەهۆی چونە سەری تێچونی چاپکردنەوە روبەڕوی هەلومەرجێکی سەختی دارایی بوبونەوە، هەندێك لەوانەش بەناچاری لەبلاّوکردنەوە وەستان، یاخود چونەپالّ دەزگای بلاّوکردنەوە گەورەکانەوە. هەمان هۆکار وای کردبوو کە لەسالّی (1995)دا ناوەندی (یەکێتیی ڕۆژنامەنوسانی ڕوسیا)، لەنامەیەکدا داوای لەبۆریس یەلتسینی سەرکۆماری ڕوسیا کردبوو، کەبۆ رزگارکردنی چاپەمەنیەکانی ڕوسیا هاوکاری بکات. لەو کاتەدا ئەو نامەیە بارودۆخی چاپەمەنیەکانی دوای هەلّوەشانەوەی سۆڤییەتی بەڕونی نیشان داوە، ئاماژە بەچەند بەشێکی ئەو نامەیە ئەکەین:

"بەڕێز سەرۆك کۆمار!

.. تیراژی ڕۆژنامە سەرتاسەریەکان، بەڕێژەی 60٪ دابەزیون‌و، ئێستا ئەو ریژەیە ئەکاتە لە 7٪ی تیراژی ئەو رۆژنامانە لەسالّی 1990دا. ئێستا ئیتر فەزایەکی یەکگرتوی هەوالّ لەڕوسیا بونی نیەو، تەنیا هەندێك لەو ڕۆژنامە سەرتاسەریانەی لەمۆسکۆو ناوچەکانی نزیکی مۆسکۆن هەنگاویان فراوانتر بوەو ناوچەی بلاّوبونەوەیان تا ڕادەیەك بەهێزو فراوانە. نرخی هاوبەشی کڕینی ڕۆژنامە بەگشتی 13500بەرانبەر زیادی کردوە، ئەوە لەکاتێکدایە کەهەقدەستی کار 1300 بەرانبەر چۆتە سەرەوە."

"..بلاّوکردنەوەی گۆڤارە ناوچەییەکان تا ڕادەیەك نەماوە. گۆڤارەکانی ناوەندیش نیوەگیانن.. لەوانەیە بەم نزیکانە بەشێکی زۆری دانیشتوانی ولاّت لەدەستکەوتنی بلاّوکراوەو زانیاری سەبارەت بەژیانی کۆمەلاّیەتی، ئابوری‌و سیاسی‌و مەعنەوی ڕوسیاو، روداوە گرنگە نێونەتەوەییەکان مەحروم بن."

"ئێمە بەدلّنیاییەوە رای ئەگەیەنین، کەزۆربەی هاوولاّتیانی ڕوسیا لەبارەی بارودۆخی ناوخۆو دەرەوەی ڕوسیا، چالاکیەکانی سەرکۆمار، پەرلەمان، حکومەت‌و دراوسێکانی ئێمەو

لەبارەی کۆمەڵگای بەرژەوەندی هاوبەشەوە هیچ زانیارییەکیان نیەو، ئەم هەلومەرجەش تەنیا ئەتوانێت ببێتە هۆکارێك بۆ دوبەرەکی نانەوەی خەڵکی ڕوسیاو بەس."

"ئێمە دڵنیاین کە ئەوکاتە دێت، کە گرفتی خۆراکی هاووڵاتیانی ڕوسیا چارەسەر بکرێتو، تەندروستی خەڵکی باش ببێتەوە، بەڵام چۆن ئەتوانرێت سەلامەتی مەعنەویو عەقڵی گەل زیندوو بکرێتەوە؟"

"ئێستا بۆ هەر دە هاووڵاتی ڕوسیا یەك ڕۆژنامە هەیە. زۆربەی نوێنەرانی کۆنگرەی یەکێتی ڕۆژنامەنوسانی ڕوسیا لەو باوەڕەدان کەئێستا پرسیارێك لای هاووڵاتیان دروست بوە، کە ئایا موچە کەمەکەی خۆیان بدەن بەنان یان ڕۆژنامەی پێبکڕن؟ ئاشکرایە کەخەڵکی نانەکە ئەکڕن.."

"لەڕوسیادا لانی کەم دوو ڕێکخراو هەن، کە ئەرکی سەرشانیانە یارمەتی ڕۆژنامەوانە بیٚ کارەکان بدەن، مەبەستمان لەیەکێتیی ڕۆژنامەنوسانی ڕوسیاو یەکێتیی پیشەوەرانی بەشی ڕۆشنبیریە."

"بەڵام یەکێتیی ڕۆژنامەنوسان کەنێتوانی ببێتە سەندیکایەکی پیشەیی، ئەمڕۆ تەنیا هەرئەوەی لەدەست دێت کەدڵی ڕۆژنامەنوسەکان بداتەوەو بەس. ئەوپەڕی تواناکەی ئەو پەیاکردنی پارێزەرێکە کەشارەزایی لەتایبەتمەندیەکانی راگەیاندندا هەبێتو بتوانێت لەدادگادا بەرگری لەڕۆژنامەنوسێك بکات.."

".. هۆکارێك کەئێتوانی دیواری یەکێتیی پیشەیی ئەوان بپارێزێتو بەوەستاوی بیهێڵێتەوە تەنیا ئەوەبو کە هەم سەرنوسەرو هەم ڕۆژنامەنوسەکان تەنیا بەکرێگیراوی حکومەت بن."

"بەڵام بەهاتنی سەردەمی نویٚ، ئەم سیستەمە لێك هەڵوەشایەوە. شتێکی کەم کە لەیەکێتیی پیشەوەرانی رابردو ماوەتەوە. هەرچەندە ئەمڕۆ زیندوکردنەوەی ژیانی سەندیکایی سەری هەڵداوەتەوە، ڕۆژنامەنوسان لەو بوارەدا هیچ بەشدارییەك ناکەن..."

## *لێکۆڵینەوە لەگرنگترین بڵاوکراوەکانی ڕوسیا

### پراڤدە

ڕۆژنامەی پراڤدە (راستی) لەسەرەتای سەردەمی پریسترۆیکە پشتیوانی لەڕێبازی گۆرباچۆڤ ئەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی پارێزگارەکانیشی چاپ ئەکردو، بەهاوشانی لاوازبونی دەسەڵاتی گروپی گۆرپاچۆڤ-یاکوفلوف لەحیزبدا، چاپی ئەو جۆرە بابەتانەش زیادیان کرد، بەڵام بەگشتی پراڤدە بەپێچەوانەی سەڤیەتسکەیەرەسیە، بابەتی راسترەوانەی بڵاونەدەکردەوەو تاڕادەیەك بەمیانڕەوی مایەوە. بابەتەکانی پراڤدە دەربڕی دیدو بۆچونی دەسەڵاتدارانی پلەبەرزی حیزب بوو، ئەم ڕۆژنامەیە هێڵی سیاسی خۆی هاوشانی گۆڕانکاریەکانی هێڵی رەسمی حیزب ئەگۆڕی. بەڵام تەمومژو ناڕونی لەمەسەلەکانی حیزبدا، کەبەهۆی جیاوازی نێوان وتەی رەسمی رابەرانو بەڵگەنامەی کۆنگرەو پیلینۆمەکانو، نیەتی راستەقینەی دەزگاکانی حیزب بوو، بوبوە هۆی ناهاوسەنگی لەبابەتو نوسینەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا. سەرەنجام ئەم ڕۆژنامەیە نێتوانی جێگای خۆی لەناو هێزە سیاسیەکانی کۆمەڵگایەکدا کەبوبوە چەندین جەمسەرو هێڵی جیاجیا بدۆزێتەوە. جگە لەبەهای خۆی خوێنەرێکی زۆریشی لەدەستدا، ئەم ئاراستەیە لەدوای چاپکردنی وتارێکی سوکایەتی ئامێز لەبارەی گەشتەکەی یەلتسین بۆ ئەمریکا لەساڵی (1991)دا بەوەرگرتن لەڕۆژنامەی ریپەبلیکە[119]ی چاپی ئیتاڵیاوە بوو، گەیشتە ئەو رادەیەی خەڵك ژمارەکانی ڕۆژنامەی پراڤدە لەجادەو گۆڕەپانەکانی شاردا بسوتێنن. ئەو کارە بوە هۆی لابردنی (ئافاناسیف)، کەماوەیەکی دورودرێژ سەرنوسەری پراڤدە بوو.

---

119-Republika

پراڤدە پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت، کەوتە بارێکی دژوارەوە، لەبەرئەوەی پاش دەستبەسەرداگرتنی حسابە بانکیەکانی حیزبی کۆمۆنیستو، بەتایبەتی کۆمیتەی ناوەندی کە پراڤدە لەڕووی داراییەوە کۆمەکی لێوەرئەگرت، توانای دارایی‌و بەتایبەتی دراوی قورسی کەمبۆوەو، لەبەرئەوەش پەیامنێرەکانی دەرەوەی وڵات ژمارەیان کەمبۆوە. تیراژی ڕۆژنامەکە دابەزی بۆ 100هەزار دانە. ئەم ڕۆژنامەیە پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت چوەپاڵ ئۆپۆزسیۆنو، سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، هاوکاری بۆرسەو بانکەکانی ئەکرد بەبڵاوکردنەوەی ئاگاداری‌و ریکلامە بازرگانیەکانیان. ئەم ڕۆژنامەیە کە گیروگرفتی زۆری دارایی هەبوو، لەلایەن سەرمایەدارێکی یۆنانیەوە، کەبەڕێکەوت خۆشەویستی بۆ حیزبی کۆمۆنیستی هەبوو کڕدرا.

پراڤدە لەهەموو بوارە سیاسیەکاندا، دەربڕی دیدگای حیزبی کۆمۆنیست بوو. ئەم ڕۆژنامەیە لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ساڵی 1995دا، هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ڕوسیا لە 1996دا، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك پاشکۆیەکی لەبارەی هەڵبژاردنەوە بڵاوئەکردەوە، کەتیایدا، بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست، بەیاننامەکانو، گوتارەکانی گینادی زوگانۆڤ (سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیست)و هەموو رابەرانی حیزبی کۆمۆنیست، ژیاننامەو چاوپێکەوتنەکانی ئەوانو بەڵگەنامەکانی هەڵبژاردنەکانیتر چاپ ئەکرا. لەلایەکیترەوە رەخنەی لەهەموو هەنگاوەکانی حکومەت سەرکۆمار (یەلتسین)یش ئەگرت. لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا، هێڵی سەرەکی ئەم ڕۆژنامەیە، بانگەشەکردن بو بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ وڵاتانی هاوبەرژەوەندیداو، هیوا دەربڕین بۆ زیندوکردنەوەی سۆڤییەتی پێشوو، دژایەتی فراوانبونی ناتۆو سیاسەتی خۆرئاواو ئەمریکا لەبەرانبەر ڕوسیاداو، هەروەها دەربڕینی نیگەرانی لەبارەی زیانەکانی ڕێکەوتننامەکانی بواری چەکوچۆڵی ڕوسیا (لەوانەش ڕێکەوتننامەکانی کەمکردنەوەی موشەکە کلاوەئەتۆمیەکان).

## ئیزڤێستیە

ئیزڤێستیە (هەواڵ)، بەپێچەوانەی پراڤدەوە لەسەرەتای پرۆسترۆیکەوە تارادەیەك ئازادی بەدەست هێنابوو. سەرنوسەری ئیزڤێستیە لەو سەردەمەدا ئەی لاپتۆڤ (کەدواتر بوە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سۆڤییەت)، ڕێگری کاری ڕۆژنامەنوسانی نەئەکردو، گیروگرفتەکانی لەگەڵ لێپرسراوانی سەرەوەدا چارەسەر ئەکرد، بەڵام پاش هەڵبژاردنی لاپتۆڤ بۆ ئەو پۆستەی باسکرا، ئەنجومەنی باڵا دەیەویست ڕۆژنامەکە لەناوبەرێتو، یفیمۆڤ، ئەندامی پێشوی حیزبی بەپێچەوانەی ویستی ئەندامانی دەستەی نوسەرانەوە کردە سەرنوسەری. ئەم ململانێیە لەناو دەستەی نوسەراندا نزیکەی شەش مانگ درێژەی کێشاو سەرەئەنجام پاش شکستی کودەتا، بەسەرکەوتنی ڕۆژنامەنوسان کۆتایی هات.

پاش ئەوە دەستەی نوسەران خۆیان بەدامەزرێنەری ڕۆژنامەکە ناساندو گولومبیوفسکی وەك سەرنوسەری ڕۆژنامەکە دەستنیشان کرا.

هێڵی سیاسی ئیزڤێستیە، دیموکراتیە، ئەم ڕۆژنامەیە بەشێوەیەکی بەردەوام بلاوئەبۆوە لەساڵی (1997)دا تیراژەکەی (600)هەزار دانەبوو، وەك دەرئەکەوێت گیروگرفتی دارایی نیە. لەبەرئەوەی بنکەی چاپو بڵاوکردنەوەی گەورەی ئیزڤێستیە پەیوەستە بەدەستەی نوسەرانی ئەم ڕۆژنامەیەوە، پشتیوانو سەرچاوەی داراییو ئابوری ڕۆژنامەکە پتەوو بەهێزترە.

ئیزڤێستیە وەکو ڕۆژنامەیەکی متمانەدارو پێشینەدار هەوڵئەدات خۆی لەبابەتی توندڕەوانە بپارێزێت. لەبەرئەوەی لەهێزە چاکسازیخوازەکانو دیموکراتەکانەوە نزیکە. لەهەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا کەتیایدا یەلتسین سەرکەوتو زوگانۆڤ تێشکا، ڕۆژنامەی ئیزڤێستیە کەوتە پڕوپاگەندەیەکی بەربڵاو دژ بە بیروباوەڕی کۆمۆنیستی.

## نیزاڤیسیمەیە گازێتە

بڵاوبونەوەی نیزاڤیسیمەیە گازێتە[119] (ڕۆژنامەی سەربەخۆ)، لەکۆتایی ساڵی (1990)دا دەستیپێکرد. دامەزرێنەری ڕۆژنامەکە، ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵکی شاری مۆسکۆ بوون. سەرەتا ئەم ڕۆژنامەیە تەنها لەمۆسکۆ بڵاوئەبۆوە، بەڵام دواتر لەناوچەکانیتری ڕوسیاشدا دابەش ئەکراو بڵاوئەکرایەوە.

نیزاڤیسیمەیە گازێتە هەر لەسەرەتاوە جەختی لەسەر سەربەخۆبونی خۆی ئەکردەوە، بەڵام بەرگریشی لەهێزە دیموکراسیەکانو یەڵتسین ئەکرد. لەڕۆژانی کودەتای ئابی (1991)دا ئەم ڕۆژنامەیەو چەند ڕۆژنامەیەکیتر قەدەغەکرانو، شەونامەیان چاپو بڵاوئەکردەوە. پێداگرتن لەسەربەخۆبون لەهەموو هێزە سیاسیەکان، لە هەڵبژاردنی بابەتەکانیشدا ڕەنگی دابۆوە، بەجۆرێك کە بابەتو وتارە چاپکراوەکانی یەك ژمارە لەوانەبوو دژبەیەکیش بونایە. نیزاڤیسیمەیە گازێتە لای روناکبیران خۆشەویستەو، هەر لەبەرئەوەشە کەلێکۆڵینەوەی سیاسی زۆر چاپ ئەکاتو کەمتر هەواڵو دەنگوباسی بێشیکردنەوە بڵاوئەکاتەوە. لەنیزاڤیسیمەیە گازێتەدا جگە لەشیکردنەوە، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتیە دیارەکانی سۆڤییەتو (هەندێکجاریش کەسایەتیە بیانیەکان) ئەکاتو، بابەتە مێژوییو فەرهەنگیەکانیش چاپو بڵاوئەکاتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە هەردوای بڵاوبونەوەی ناوبانگی پەیداکردو، توانی لێکۆڵەرەوانو شیکەرەوە ناودارەکانی سۆڤییەتو وڵاتانیتر (لەوانە کۆچبەرە نیشتەجێکانی خۆرئاوا) بۆ هاوکاریکردن بەلای خۆیدا کێش بکات. لەبەشی فەرهەنگی ئەم ڕۆژنامەیەدا، وتاری تایبەت بەدەرچوانی بوارە جیاجیاکانی خوێندنی بڵاوئەکردەوە، کە زیاتر ئەو وتارانە تەرخانکراوە بۆ بابەت لەبارەی هونەرو ئەدەبیاتی روسی یا خۆرئاوایی. هەروەها وتاری ڕەخنەیی لەبارەی فیلمو کتێبە نوێکانەوە بەقەڵەمی کەسانی

---

119-Nezavisimaya Gazeta

شارەزا بڵاوئەکردەوە. لەساڵی 1993دا ژمارەیەك لەئەندامانی دەستەی نوسەران لەدژی هەوڵەکانی سەرنوسەر ڤیتالی ترتیاکوڤ، کەئەیویست زیاد لەپێویست ریکلامو ئاگادارینامەو بابەتی کەخەڵکی ئاسایی پەسەندیان بو بڵاوبکاتەوە، وازیان هێناو، لەبەرئەوە ڕۆژنامەکە دوچاری تەنگژەی ناوخۆیی هات. لەساڵی 1995دا نیزاڤیسیمەیە گازێتە، رووبەڕووی گێروگرفتی دارایی بۆوەو، سەرەتا ناچار بوو ژمارەی ڕۆژنامەکە لەهەفتەدا کەم بکاتەوە، دواتر بەتەواوی لەبڵاوکردنەوە وەستا. لەو سەردەمەدا بوو کەکۆمەڵێك لەکارمەندانی نیزاڤیسیمەیە گازێتە، بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەری دارایی پێشوی ڕۆژنامەکە، هەوڵی لابردنی ترتیاکۆڤو زیندوکردنەوەی ئەم بڵاوکراوەیان دا، بەڵام ترتیاکوڤ کەدەرکەوت توانیویەتی پشتیوانی دارایی بۆ ڕۆژنامەکە پەیدا بکات (یان لەژێر کاریگەریی ئەو رووداوەدا کەهاتبوە پێشەوەو پێشتری پێی رازی نەبوبو دابویە دواوە)، ئەو داخوازیانەی قبوڵ کرد)و، سەرلەنوێ بڵاوبونەوەی نیزاڤیسیمەیە گازێتە دەستپێکردەوە.

## کەمسەمۆلسکەیە پراڤدە

کامسەمولسکەیە پراڤدە (پراڤدەی لاوان)، بابەتی جێی پەسەندی لاوانی بڵاوئەکردەوەو کەمتر بابەتی قورسی جدی بڵاوئەکردەوە. لەسەرەتای پریسترۆیکەدا، هێڵی کارکردنی دیموکراتیانەی هەڵبژاردبوو کە لەگەڵ هێڵی بیروکارکردنی سەرۆکی رێکخراوی لاواندا دەهاتەوە. کامسەمولسکەیە پراڤدە لەدرێژەی رێڕەوی سیاسی خۆیدا کەوتە پشتیوانیکردن لەیەلتسین. ئەم ڕۆژنامەیە بۆ راکێشانی هەرچی زۆرتری لاوان کەوتە بڵاوکردنەوەی بابەتو ریکلامی نزمو، ئەو کارە بوەهۆی ئەوەی کەژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی دەستەی نوسەران ڕۆژنامەکە جێبێڵن.

کامسەمولسکەیە پراڤدە، لەسەروبەندی هەڵگیرسانی جەنگی چیچاندا بابەتی دەربارەی کۆتایی هێنان بەو جەنگەو، دەستپێکردنی گفتوگۆ بڵاوکردەوەو، لەهەندێك بابەتیشدا کەبڵاوی ئەکردەوە، بەئاشکرا کەوتە لایەنگیریکردن لەچیچان. بەزیادبونی باس‌و خواس لەو بارەیەوەو بەزیادبونی ژمارەی قوربانیەکانی ئەو جەنگە ئاوازی بابەتەکانی کامسەمولسکەیە پراڤدەش توندتربوون. لەهەندێك لەژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا چەند لاپەڕە بۆ کوژراوەکان لەچیچان تەرخان کرابوو بەڕەنگی سپی لەسەر ڕەش‌و بەوێنەوە ناوی سەربازە کوژراوەکانی چاپ‌و بڵاوئەکردەوە. دواتر ئاوازی بابەتەکانی کەئەم ڕۆژنامەیە لەبارەی سەرکۆماری ڕوسیاوە ئەینوسی گۆڕرا. ئەم ڕۆژنامەیە هەروەکو زۆربەی بڵاوکراوە راستڕەوە (دیموکراتیەکان)، بەهۆی جەنگی چیچان‌و هەندێك لەسیاسەتە ناوخۆییەکان‌و ئابوری حکومەتەوە کەوتە رەخنە لەیەلتسین.

بەسەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان لەهەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ڕوسیادا کە ئەگەری سەرکەوتنی ئەوانی لەهەڵبژاردنی سەرکۆماریدا بەهێزئەکردو، لەبەرنەبونی کاندیدێکی بەتوانا لەناو هێزە دیموکراتیەکاندا، هەموو هیواکانی ئەم باڵە بەسترایەوە بەیەلتسینەوە، هەرلەبەرئەوە بو کەئاوازی رەخنەگرتنەکانی ئەم ڕۆژنامەیە گۆڕدرا بۆ پشتیوانی‌کردنێکی وریایانە.

## سەڤیەتسکەیە رەسیە

سەڤیەتسکەیەرەسیە (ڕوسیای سۆڤییەتی)، کەبەر لەهاتنەسەرکاری گۆرباچۆڤ لەبارەی کەموکورتیەکانی کۆمەڵگای سۆسیالیستیەوە بابەتی ئەنوسی‌و، رەخنەی لەکارمەندانی حکومەت ئەگرت. پاش دەستپێکردنی پریسترۆیکە، زۆر کۆنەپارێز دەرچوو، کەوتە بەرگریکردن لەبەها کۆمۆنیستیەکان.

سەڤیەتسکەیەرەسیە، کەناوی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆو جەماوەری لەخۆی نابوو، بەرگری لەپاراستنی یەکێتیی سۆڤییەتی یەکگرتوو ئەکردو، دژی جیابوونەوەی کۆمارەکانی سۆڤییەت وەستایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە سەرەتا کەمتر لەبارەی بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەی روسەوە قسەی ئەکرد، بەڵام پاش ماوەیەك پێداگرتنی لەسەر ئەو مەسەلەیە زیاتر بوو. بەبڕوای ئەم ڕۆژنامەیە (دەستەو تاقمە نیشتمان پەرەستو ناسیونالیستەکان لەگەڵیدا ئیئتلافێکیان دروستکردبوو)، ڕوسیا تەنیا فیدراسیۆنی ڕوسیا نەبوو، بەڵکو هەموو سۆڤییەتی جارانی ئەگرتەوە، بەو پێیە جیابونەوەی کۆمارەکان لەو یەکێتیە، دابەشکردنی ڕوسیا بوو. لەسەرەتای دەرکەوتنی یەلتسین لەسەر گۆڕەپانی سیاسەتی وڵاتدا، سەڤیەتسکەیەرەسیە کەوتە دژایەتیکردنیو کاتێك یەلتسین بوە سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕوسیا، بەمەبەستی لاوازکردنی بابەتو وتاری دژی سیاسەتەکانی ئەو بڵاوئەکردەوە.

سەڤیەتسکەیەرەسیە دەربڕی بیروبۆچونی هێزە کۆنەپارێزەکان بو، خوازیاری زیندوکردنەوەی ڕوسیای گەورەو، هێنانەوە ناو ڕوسیای کۆمارە جیابۆوەکان بو. بەگەڕانەوەی کۆمۆنیستەکان بۆ مەیدانی سیاسەت لەڕوسیادا، ئەم ڕۆژنامەیە شوێن پێی خۆی بەهێزکردو، ڕووبەڕووبونەوەی سیاسیانە لەهەموو بابەتەکانیدا بەرچاو ئەکەوت، هەڵوێستو وەرگرتنەکانی لەبارەی سیاسەتی دەرەوە (هەروەك بڵاوکراوەکانیتری سەر بەهێزە چەپەکان) بەتەواوی ئاشکرا بوو. لەباسو خواس لەبارەی بۆسنەوە ئەم ڕۆژنامەیە لێبڕاوانە پشتیوانی لەبۆسنیەکان ئەکردو، لەزنجیرەیەك وتاردا دەستتێوەردانی ئەمریکاو پشتیوانیکردنی لەموسڵمانەکانو کرواتەکانی مەحکوم کردو، سیاسەتی حکومەتی ڕوسیای لەتەنگژەکانی بالکاندا بەناکاریگەرو لاواز دابوە قەڵەم. لەبارەی مەسەلەکانی ڕۆژهەڵاتیشەوە لێبڕاوانە پشتیوانی لەعەرەبو فەلەستینیەکان ئەکردو، حکومەتی ئیسرائیلی مەحکوم ئەکرد، لەساڵی 1997دا تیراژی ئەم ڕۆژنامەیە 250هەزاردانە بوو.

## کراسنیه زڤیوزده

کراسنیه زڤیوزده (ئەستێرەی سور)، بەردەوام ڕەنگدەرەوەی دیدوبۆچونی سەرۆکایەتی بالای سوپا بوو، کەتاکاتی کودەتاکەی ئابی (1991) لەگەڵ دیدگای کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەتدا هیچ جیاوازییەکی نەبوو. پاش کودەتاکەو گۆڕانی سەرۆکایەتی سوپاو، سەرهەڵدانی گیروگرفتی دارایی، ڕۆژنامەکە زیاتر رووی لەخوێنەرانی ئاسایی کردو لەبابەتی رەسمی وەك (گوتاری سەرکۆمار، سوپاییانی پلەبەرزو هیتر)ی کەمکردەوەو، زیاتر ڕویکردە گرفتی گرنگی سەربازانی ئاسایی. پێی لەسەر نیشتمانپەروەری ئەفسەران دائەگرتو لەهەمان کاتیشدا داوای لەبەرپرسان ئەکرد کەهەوڵی چارەسەری مەسەلە سیاسییەکانی تایبەت بەسوپا بدەن.

## مەسکۆڤسکی نۆڤەستی

مەسکۆڤسکی نۆڤەستی (دەنگوباسی مۆسکۆ)، هەفتەنامەیەکی سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگیو ئابوریە، کەبەزمانی روسیو ئینگلیزی بلاوئەکرێتەوە (ئینگلیزیەکەی لەڕوسیەکەی زۆر کورت ترە) ئەم ڕۆژنامەیە لەدیدگای سیاسیەوە لەبالی راست (دیموکراتیەوە) نزیکترەو لەزەمینەی سیاسەتی ناوخۆو ئابوری حکومەتو سەرکۆمارەوە، بەشێوەیەکی گشتی هاوبەشی دیدگای ئەو باڵە سیاسیەیە.

## ئوبشەیە گازێتە

ئوبشەیە گازێتە[121] (ڕۆژنامەی گشتی) لە(ئابی (1991))، ڕۆژەکانی کودەتا سەرنەکەوتوەکەی هێزە کۆمۆنیستەکانەوە، بەناوی ڕۆژنامەی گشتی هەموو بلاوکراوە

---

121-Obschaya Gazeta

قەدەغەکراوەکانەوە. بۆ خەباتکردنو پشتیوانیکردن لەکودەتاچیەکان بەشێوەی (شەونامە) بلاوئەکرایەوە.

پاش ماوەیەك ئەم بلاوکراوەیە بەیارمەتی دەزگای بلاوکردنەوەی (کەمەرسانت)، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بلاوئەکرایەوە.

ئوبشەیە گازێتە تاسەروبەندی هەلبژاردنە پەرلەمانیەکەی 1995 هەولی ئەدا بەشێوەیەکی هاوسەنگ رەخنە لەهەموو کاندیدکراوەکان بگرێتو، تەنانەت بەسەرکەوتنی کۆمۆنیستەکانیش لەو هەلبژاردنەدا ئەو سیاسەتەی خۆی نەگۆڕی. لەململانێی هەلبژاردن بۆ پۆستی سەرکۆمار، هەلوێست وەرگرتنی ئەم بلاوکراوەیە دژ بەهەموان بوو، هەرچەندە لەهەندێك بابەتیدا ئەو بۆچونە زەق دەبۆوە کەبۆ هێزە دیموکراتیەکان، سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکانو، ژیرینۆڤسکی (سەرکردەی نەتەوە پەرستەکانی حیزبی لیبرال دیموکراتیك)، سەرکەوتنی یەلتسین لەو هەلبژاردنەدا خراپترە.

## سێلسکایە ژیزن

سێلسکایە ژیزن (ژیانی لادێ)، لەسەرەتادا تەنها ڕۆژنامەیەکی ناوەندیو بەدەسەلات بوو، لەبواری کشتوکالدا، هەرەمی سەرکردایەتی حیزب بو لەبەشی کشتوکالداو، بەشی کشتوکالی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست بەشێوەی ڕاستەوخۆ ئەم ڕۆژنامەیەی بەڕێوەئەبرد. ئەم ڕۆژنامەیە لەسالانی پریسترۆیکەدا هاوجوت لەگەل سیاسەتەکانی بالی کۆنەپارێزی حیزبدا، بەرگری لەسیستمی کولخۆزی ئەکرد، هاوبەشیکردن (اشتراك)ی ئەم ڕۆژنامەیە لەکولخۆزو سەفخۆزەکاندا بەزۆربوو، هەر لەبەرئەوەش بوو کەتیراژەکەی زۆربوو.

سێلسکایە ژیزن، پاش پریسترۆیکەش شێوازی ڕۆژنامەوانی خۆی نەگۆڕی. زۆربەی ڕاپۆرتە هەوالەکانی لەبارەی یەکە کشتوکالیەکانەوە بوو، ئەم ڕۆژنامەیە لەولاتانی دەرەوە

هەواڵنێری کەمی هەبوو، هەواڵەکانی تەنیا لەهەواڵدەری (ئیتەر-تاس)ەوە وەرئەگرت. بەگشتی سێلسکایە ژیزن، تەنیا لەبەرئەوەی تاکە ڕۆژنامەی تایبەت بەبواری کشتوکاڵیە لەسەرتاسەری وڵاتدا ئێستاش بڵاوئەکرێتەوە.

## مسکۆڤسکەیە پراڤدە

مسکۆڤسکەیە پراڤدە[122] (پراڤدەی مۆسکۆ)، ئۆرگانی پێشوی کۆمیتەی حیزبی، شارو ناوچەی مۆسکۆ بوو، بەر لەکودەتای ئابی (1991) لەلایەنی سیاسیەوە زۆر چالاك بوو، هاوشانی گەشەکردنی دیدگای راستڕەوی لەسەرکردایەتی کۆمیتەی حیزبی شاری مۆسکۆدا، ڕێڕەوی ئەم ڕۆژنامەیەش گۆڕدرا بۆ راستڕەوێکی توندڕەوانە. هەرئەوەش بوو وایکرد ئەم ڕۆژنامەیە پاش کودەتاکە قەدەغەبکرێت. کارمەندانو ڕۆژنامەنوسانی مسکۆڤسکەیە پراڤدە. دواتر خۆیان لەهێڵی سیاسی پێشوتریان دورخستەوەو سەرنوسەرێکیان هەڵبژارد، کە لەیەکەم پەیامی خۆیدا بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکە پێی لەسەر ئەوە داگرت، کەڕۆژنامەکە پێویستە زیاتر روبکاتە بابەتی تایبەت بەشاری مۆسکۆو، کەمتر خۆی لەقەرەی سیاسەت بدات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕۆژنامەیە ناوەکەی خۆی نەگۆڕی، کەوشەی پراڤدە (راستی) ئاماژەیەك بو بۆ سەردەمی کۆمۆنیستی ئەو ڕۆژنامەیە. لەم ڕۆژنامەیەدا بابەتی وەکو: پێداویستییەکانی شار، مێژوی شاری مۆسکۆو، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتییە ناسراوەکانی ڕوسیادا بڵاوئەکرانەوە. کەئەو چاوپێکەوتنانە زیاتر مەسەلەی زانستیو بابەتی جێگای پەسەندی هەموو خەڵکی مۆسکۆ بوون.

ئاستی ریکلام لەم ڕۆژنامەیەدا تاڕادەیەك زۆربوو.

---

122_Moskovski Komsomolets

## مەسكۆڤسكی كەمسەمولیتس

مەسكۆڤسكی كەمسەمولیتس[123] (لاوانی مۆسكۆ)، ئۆرگانی پێشوی كۆمیتەی ناوشاری ڕێكخراوی لاوانی مۆسكۆ بوو، كە لە(11ی كانونی یەكەمی (1919))ەوە چاپو بڵاوكرایەوە، بەڵام پاش لێكهەڵوەشانەوەی سۆڤییەت، گۆڕدرا بۆ ڕۆژنامەیەكی كۆمەڵایەتی-سیاسی تایبەت بەلاوان. ئەم ڕۆژنامەیە یەكێك لەپڕ لایەنگرترین ڕۆژنامەكانی مۆسكۆ بوە، كەسەرەتا بەهۆی خراپیو كەمتوانایی هونەریی (كاغەزو تواناكانی چاپخانە)وە، بەردەوام بەدەگمەن دەست ئەكەوت. مەسكۆڤسكی كەمسەمولیتس، بەر لەپریسترۆیكە بەرگری لەهەندێك مەسەلە ئەكرد كەدواتر بونەهەوێنی پریسترۆیكە. خوێنەرانی سەرەكی ئەم ڕۆژنامەیە لاوانبون. هەر لەبەرئەوەش بوو كە ڕۆژنامەكە بەجۆرێك ڕێكخرابوو كە سەرنج ڕاكێش بێت. مانشێتی ناونیشانەكانو وتارەكان هەمووكات نائاسایی بوون، یان زاراوەی نائاسایی تیا بەكارئەهات.

ڕۆژنامەكە هەوڵی ئەدا كەخۆی بەسەربەخۆ نیشان بدات، هەرلەبەرئەوەش بوو سەرەڕای لایەنگری زۆربەی خەڵك لەهێزە دیموكراتیەكان، ئەم ڕۆژنامەیە لەكارە خراپەكانی ئەوانو بەتایبەتی ڕەخنەی كارە خراپەكانی بەرپرسانی شار (شارەوانیو ئەنجومەنی مۆسكۆ) ئەگرتو لەكاتی خۆیدا بەتوندی دژی قەدەغەكردنی چاپكردنی ڕۆژنامە كۆمۆنیستیەكان بوو لەدوای كودەتاكە. ئەم ڕۆژنامەیە بۆ زیاتر ڕاكێشانی لاوان، جگە لەبابەتە ئاساییەكانی ڕۆژنامەوانی، وتاری زۆری لەبارەی مۆسیقای خۆرئاوایی، وەرزشو بابەتی ئاست نزمیشی بەوێنەوە بڵاوئەكردەوە.

---

123_Moskovski Komsomolets

## کورانتی

لەساڵی (1991)دا کەئەنجومەنی مۆسکۆ یەکێك لەپایەکانی هێزە دیموکراتییەکانی وڵات بوو، ڕۆژنامەی کورانتی (کاتژمێری بورج)ی دامەزراند تا ململانێی لەگەڵ ڕۆژنامەی حیزبی شاری پێبکاتو ئەنجومەنی شاریش ڕۆژنامەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت. ئەم ڕۆژنامەیە بۆ یارمەتیدانی خەباتی هێزە دیموکراتیەکان دامەزرابوو، لەسەرەتادا بابەتی دژ بەکۆمۆنیستی بڵاوئەکردەوەو ئاوازێکی توندی رەخنەگرانەی هەبوو دژ بەکۆمۆنیستەکانو بەرپرسانی ئەو کاتەی وڵات. تەنانەت کار بەوەش گەیشتبوو کەکەسایەتییە ناسراوەکانی باڵی دیموکراتیش، ئەو کارەی ڕۆژنامەکەیان بەزیادەڕەوی لەدژایەتیکردنی کۆمۆنیزمدا ئەدایە قەڵەم.

## رابۆ چەیە تریبونە

رابوچەیە تریبونە[124] (سەکۆی کرێکاری)، ئۆرگانی پێشوی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤییەت بوو، بەر لەساڵی 1990 ناوی پیشەسازی سۆسیالیستی بوو، لەکانونی دووەمی 1990دا ناوی خۆی گۆڕیو، لەساڵی (1991)داو، دوای کودەتاو قەدەغەکرانی کاتیانەی ڕۆژنامەکە، گۆڕدرا بۆ ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی بەرگریکەری (کۆمەڵایەتی) لە زەحمەتکێشان.

بابەتەکانی رابوچەیە تریبونە، سادەو بابەتی رۆژانە بوو، زیاتر بابەتەکانی تایبەت بون بەمەسەلەکانی ناوخۆی وڵاتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە پەیامنێری لەوڵاتانی تریشدا هەبوو. پێش کودەتاکەی مانگی ئاب، ڕۆژنامەکە سەر بەباڵی حیزب بوو (کە لەگەڵ هێڵی سیاسی

---

124_Rabochaya Teriboona

گۆرباچۆڤدا جیاواز بوو)، لەوانیە لەبەرهەمان هۆکار بووبێت کەلەڕۆژەکانی کودەتاکەدا، لە ڕۆژنامە قەدەغە نەکراوەکان بووبێت.

پاش کودەتای کۆمۆنیستەکان کە فیدراسیۆنی سەندیکا پیشەییەکان لەم ڕۆژنامەیەوە سەریان هەڵدا، ڕۆژنامەکە شێوەیەکی سەندیکاییانەی بەخۆوەگرتو، دوای ئەوە زیاتر گرنگی بەمەسەلەکانی ڕۆژ لەوانەش بەرهەمهێناو ئابوری ئەدا. هەرچەندە بەئاشکرا لەگەڵ سیستەمی ئابوری بازاڕو سیاسەتی چاکسازی یەڵتسیندا، دژایەتی نەئەکرد، بەڵام بەناڕاستەوخۆ (بەبڵاوکردنەوەی وتاری زانایانی بیانی کە لەبارەی خراپی سیستەمی سەرمایەداری لەوڵاتانی ترەوە نوسیبویان) ناڕازیبونی خۆی لەو ئاڵوگۆڕانە نیشان ئەدا کە سیاسەتەکانی یەڵتسین هێنابویانە ئاراوە.

## کۆمێرسانت دیلی

کۆمێرسانت دیلی[125] (ڕۆژنامەی بازرگانی) کە ئۆرگانی ناوەندە میللییەکانی ڕوسیا بوو، هەوڵی ئەدا هەموو روداوەکانی وڵاتو دەرەوە لەگۆشەنیگای ناوەندە ئابوریەکانەوە لێك بداتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە لەدورەوە سەیری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کانونی یەکەمی 1995ی ئەکردو، بەئاشکرا بەرگری لەهیچکام لەپارتە بەشداربوەکانی هەڵبژاردن نەئەکرد. لەڕوداوە دەرەوەییەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو، راپۆرتی هەواڵدەرییە جیهانیەکانی وەکو خۆی بڵاوئەکردەوەو شیکردنەوەیەکی کورتیشی لەسەر بنەمای ئەو هەواڵانە بڵاوئەکردەوە، بەو شێوەیە دەتوانرێت بوترێت کەئەم ڕۆژنامەیە بەهیچ شێوەیەك ئارەزوی گەڕانەوەی کۆمۆنیستەکانی بۆ سەر کورسی دەسەڵات نەبوو.

125_Komersant Daily

## سیڤۆدینیە

ڕۆژنامەی سیڤۆدینیە[126] (ئەمڕۆ)، ڕۆژنامەیەکی ناوەندی بەدەسەلات بوو کە لەڕووی داراییەوە کۆمەلەی بانکەکانی (مۆست)، پشتیوانیان لێئەکرد. لەسالی 1996دا تیراژی سیڤۆدینیە، 100هەزار دانەبوو. ئەم ڕۆژنامەیە لەزۆربەی شارە گەورەکانی ڕوسیادا بلاوئەکرایەوەو، لەڕێگای کەنالە سەتەلایتیەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەش ئەنێردرا بۆ سەفارەتەکان، نوێنەرایەتیە بازرگانیەکان، کونسولگەریەکانو، نوێنەرەکانی ڕوسیا لەدەرەوەی ولات.

هەرچەند هەلوێست وەرگرتنەکانی ئەم ڕۆژنامەیە دژە کۆمۆنیستی بوو، بەلام ڕەنگدەرەوەی دیدگای هێزە ریفۆرمیستەکانو نوێنەرانی حکومەت، سەرکۆمارو ئەندامانی پلەبەرزی حیزبی کۆمۆنیستیش بوو.

وادێتە بەرچاو کەسیاسەتی ڕۆژنامەکە لەگەل سیاسەتی حکومەتدا یەك نەبووە، بۆ نمونە سەرکۆمارو وەزیرەکانی حکومەت بەتوندی بەگژ فراوانبونی ناتۆ بەرەو خۆرهەلاتدا ئەچونەوە، بەلام سیڤۆدینیە، وتاری وای بلاوئەکردەوە کەهانی خەلکی ئەدا بەهێمنی هەلسوکەوت لەگەل ئەو ڕوداوەدا بکەن. هەروەها وتاری ڕوونو کراوەی نوسەرانی بیانی بلاوئەکردەوە کەترسی روسەکانی لەفراوانبونی ناتۆ بەبێ بنەما ناوئەبرد.

126_Siwodniya

# * بەشی دووەم *

# مێژووی ڕادیۆی ڕوسیا

***چاوگێڕانێك بەكەناڵە رادیۆییەكانی ڕوسیادا**

***كەناڵە رادیۆییەكان لە خزمەت بیروباوەڕی ماركسیستی دا**

***كەناڵە رادیۆییەكانی دەورانی جەنگی دووەمی جیهان**

***كەناڵە رادیۆییەكان لە سەردەمی حوكمڕانی كۆمۆنیستیدا**

***كەناڵە رادیۆییەكانی ڕوسیا لە سەردەمی پریسترۆیكەو دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤییەتیدا**

***چاوگێڕانێكی گشتی بە پەیدابوونو كاری رادیۆی نێونەتەوەیی سۆڤییەتیدا**

## *چاوگێڕانێك بەکەناڵە ڕادیۆییەکانی ڕوسیادا

هەرچەندە ڕادیـۆ بـەر لەشۆڕشـی ئۆکتۆبـەر (1917) داهێنرابـوو، لەبـەر کەموکورِیـە زۆرەکانی، تەنیا وەکو دەزگایەکی پەیوەندیکردن کەڵکی لێوەرئەگیراو کەڵك لێوەرگرتنەکەشی لایەنی سەربازی هەبوو، یەکەمینجار لەرادیۆتەلەگرافەوە (بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی تەلـەگرافی بەیارمـەتی دەزگـای نێـرەری ڕادیـۆیی)، بـۆ نـاردنی هەواڵـەکان لـە ئۆکتۆبـەری (1917) دەستی پێکرد.

بەهۆی ئێستگە ڕادیۆییـەکانی ڕوسـیاوە، گوتارەکـانی لیـنین کـە ئاڕاسـتەی هاووڵاتیـانی ڕوسیای ئەکرد بەخێرایی بۆ هەموو شوێنەکانی ڕوسیا بەتەلەگراف ئەنێردرا(□□□)، لە ڕۆژنامـە ناوخۆییەکانی ڕوسیادا چـاپ ئـەکران. لەڕاسـتیدا ڕادیـۆ بۆبەلـشەفیکەکان بوبـوە هۆکـارێکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی سەرکەوتنەکانیان بەسەرتاسـەری وڵاتـی پانوبـەرینی ڕوسـیادا. دوای ئەوەش، هەواڵە گرنگەکان بەشێوەی ڕادیۆ تەلەگراف ئەنێردرا بۆ شوێنە جیاجیاکانی وڵات.

ڕادیـۆ تەلـەگراف خێراتـرین هۆکـاری ئـەو سـەردەمە بـوو بـۆ گواسـتنەوەی هەواڵـەکان. بەتایبەتی لەڕوسیادا کەزۆر لەشوێنەکانی هێڵـی تەلـەگرافیان نـەبوو. ئـەم ڕادیۆیـە بەشـێوەی ڕاستەوخۆ بەکارهێنانێکی گشتی نەبوو، بەڵکو سەرچاوەی خۆراکی بڵاوکراوەکان بـوو. ڕادیـۆ تەلەگرافەکانی بەرایی زیاتر بابەتە دروشمیو پڕوپاگەندەییـەکانی لەخۆئـەگرتو ئاڕاسـتەکەی ڕو لەکرێکارانو جوتیاران بوو.

ئەم بابەتانە بەتایپی ئاسایی چاپ ئەکرانو لەشوێنی تایبەت هەڵئەواسران تـا هاووڵاتیـان لەهەواڵو ڕووداوەکان ئاگاداربکەنەوە. ڕادیۆ هۆیەکی پەیوەندیکردنی سۆڤییەت بوو بەجیهانی

---

□□□–پاول سمیونوڤیچ گورڤیچو سولود نیکولاڤیچ روژنیکۆڤ، ڕادیۆی سۆڤیەت. مۆسکۆ: دەزگای بڵاوکردنەوەی ئیسکوستوا، 1976.

دەرەوەش. بۆ نمونە لەماوەی (133) ڕۆژی تەمەنی کۆماری شورایی مەجەرستاندا، لە (1919) پەیوەندی ڕوسیاو مەجەرستان بەڕادیۆ تەلەگراف بەیەکەوە بەسترابوو.

لەبەهاری (1918) لینین: پلانی بنیاتنانی سۆسیالیستی داڕشت. لەم پلانەدا ئاماژە بەسودوەرگرتنی فراوان لەڕادیۆ لەژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیدا کرابوو. لەساڵی (1918)دا ئەنجومەنی کۆمیساریای گەل (دەستەی دەوڵەت)، پێشنیازی دامەزراندنی کۆمیسیۆنێکی پێشکەوتوی تەکنیکی رادیۆیی فیدراسیۆنی ڕوسیای پەسەند کرد کەلینین پێشکەشی کردبوو[] لەناوەندی پارێزگاکانو شارەکانیتر لەدوری 1000 تا 1200 کیلۆمەتر لەمۆسکۆوە، دامەزراندنی بنکەی وەرگر (بەهێزکردنی) رادیۆیی دەستپێکرد. لەهاوینی (1918)دا ژمارەی ئێزگە وەرگرەکانی ڕوسیا گەیشتنە 75 دانەو، لە (1919)دا 81دانەو لەکۆتایی (1920)دا بە 200ئێزگە گەیشتن. لەحوزەیرانی (1918)دا ئەنجومەنی کۆمیساریای گەل فەرمانی یەکخستنی کاروباری تەکنیکی رادیۆی دەرکرد. بەپێی ئەو فەرمانە کەناڵە بەهێزە رادیۆییەکانی مۆسکۆو شارەکانیتر درایە کۆمیساریای گەلی پۆستو تەلەگرافو ئەنجومەنی تەکنیکی رادیۆیی لەکۆمیساریای ناوبراودا دامەزرێنرا، کە کاری ئەو ئەنجومەنە ڕێکخستنی کەناڵە رادیۆییەکان بوو. لەکانونی یەکەمی (1918)دا ناوەندی لێکۆڵینەوەی هونەری رادیۆ لە نیژنی نۆڤگەرۆد[] دامەزرێنرا. ئەم ناوەندە یەکەمین دەزگای لێکۆڵینەوە بوو لەسۆڤییەتداو، ڕۆڵێکی گرنگی لەهێنانەدی کۆڵەکەی هونەری پەخشکردنی رادیۆیی لەسۆڤییەتدا گێڕا. لەتشرینی دووەمی (1919) تاقیگای (**Laboeratorire**) نیژنی نۆڤگەرۆد بەرنامە ئەزمونیە رادیۆ-

---

[]–وادیم پترۆڤیچ ولکۆف، ڤیکتۆر یکۆلایڤیچ کازلوڤسکی، ئەلبێرت نیکولاڤیچ پریخودکو، رادیۆو تەلەفزیۆنی یەکێتیی سۆڤیەت. مۆسکۆ، ئیسکوستوا 1979

[]–Nighegorodski نیژنی نوگرود، دەکەوێتەسەر لێواری روباری ڤۆلگای باکوری رۆژهەڵاتی مۆسکۆ.

تەلەفۆنیەکانی خۆی پەخش کرد. لەتەمموزی (1920)دا ئەنجومەنی کالاّ و بەرگری، بڕیاری ڕێکخستنەوەی کاروباری رادیۆ تەلەگرافی فیدراسیۆنی سۆسیالیستی ڕوسیای دەرکرد. لەم بڕیارەدا ئاماژە بەدروستکردنی کەناڵی رادیۆیی نوێ لەمۆسکۆو نوێکردنەوەی ئێزگە کۆنەکان کرابوو. لەکۆتایی (1920)یشدا یەکەمین بەرنامەی رادیۆ-تەلەفۆنی نێونەتەوەیی مۆسکۆ-بەرلین پەخشکرا. لەسەرەتادا ئەگەری قسەکردنی دولایەنە پێشبینکرابوو، بەڵام گرفتی هونەری، تەنیا ڕێگای بەبڵاوکردنەوەی یەك لایەنەی مۆسکۆ-بەرلین دەستەبەرکردبوو، لە 27و28ی مایسی (1922) ناوەندی لێکۆڵینەوەی نیژگۆرۆدسکی یەکەمین کۆنسێرتە رادیۆییەکانی خۆی پەخشکرد. (پێویستە لێرەدا ئەوە بەبیرهێنینەوە کەبڵاوکردنەوەی کۆنسێرتی موزیکی بەهۆی درێژی فریکانسەوە، گرانترە لەبڵاوکردنەوەی دەنگی ئاسایی).

بەو شێوەیە گرفتە هونەرییەکانی تایبەت بەپەخشی بەرنامەکانی رادیۆ، بەتێپەڕبونی کات چارەسەرکراو هەلومەرجی دەستپێکردنی هەمەلایەنەی بەرنامەی رادیۆ هاتە ئاراوە، بەڵام ژمارەی بنکەکانی وەرگرتنی پەخش زۆر کەم بوو لە 21ئابی (1922)دا وێستگەی رادیۆ تەلەفۆنی ناوەندی لەمۆسکۆ دەستی بەکارکرد. بەبڕوای هەندێك لەلێکۆڵەرەوان ئەو مێژووە ئەکرێ بەمێژووی پەخشکردنی کاری رادیۆیی دابنرێت.

کاری ئەو وێستگەیە تێکەڵەیەك بو لەکاری رادیۆو تەلەفۆن. بەرنامە رادیۆییەکان (کە بەشێوەیەکی ناڕێك پەخش ئەکران)، بەهۆی وەرگر (استقبال)، وەرئەگیرانو بەیارمەتی دەزگایەکی هاوشێوەی تۆڕی تەلەفۆن ئەگەیشتە گوێی بەشداربوانی رادیۆیی، لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا ئەم وێستگەیە دوای هەندێك گۆڕانکاری هونەری بەشێوەی ڕەسمی کرایەوەو ناونرا وێستگەی پەخشی رادیۆیی ناوەندی کۆمێنتێرن[130] (کۆمەڵەی نێونەتەوەیی پارتە کۆمۆنیستییەکان). ئەوە یەکەمین وێستگەی رادیۆیی بوو لەسۆڤییەتدا.

130_Comintern

بەبۆچوونی دەستەیەکیتر لەلێکۆڵەرەوان مێژوی (23ی تشرینی دووەمی 1924) ئەبێت بەسەرەتای دەستپێکردنی رادیۆی سۆڤییەت دابنرێت لەبەرئەوەی لەکاتژمێر حەوتو پانزە خولەکەی دوانیوەڕۆی ئەو رۆژەدا ئاژانسی تەلەگرافی ڕوسیا، پەخشی رێکخراوی بەرنامە رادیۆییەکانی خۆی دەستپێکرد.

یەکەمین بەرنامەی رادیۆیی، ناوی ڕۆژنامەی رادیۆیی بوو کە لەم بەرنامانە پێکهاتبوو: ڕۆژنامەی رادیۆیی مانای چییە؟

بەخێرهێنان، هەواڵەکانی زانستو زانیاری، گاڵتەوگەپ، ئاگادارییەکان، وتارێك لەژێر ناوی (ئینگلیز، هەڕەشە لەحکومەتی میسر ئەکات).

لەساڵی (1923)دا تەنیا سێ سەد وێستگە وەرگر (استقبال) لەسۆڤییەتدا هەبوون، کەئەم ژمارەیە بۆ دەستپێکردنی فراوانی بەرنامە رادیۆییەکان ژمارەیەکی کەم بوو، لەبەرئەوە ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤییەت بۆ دامەزراندنو تەیارکردنی وێستگە رادیۆییەکان لەشارە گەورەکانی وڵاتدا بودجەی تایبەتی تەرخان کردبوو. پاش دامەزراندنو کردنەوەی وێستگەی رادیۆیی کۆمێنتێرن لەمۆسکۆ، سەرنجی چینو توێژە فراوانەکانی خەڵکی بۆ رادیۆ زیادی کردو، لەکۆتایی ساڵی (1924)دا ئەم بزوتنەوەو لایەنگیریەی خەڵکی بەشێوەی کۆمەڵەی لایەنگرانی رادیۆیی لێهات. ئەم کۆمەڵە بۆ هێنانە ئارای تۆڕی فراوانی رادیۆیی هەوڵێکی زۆریان دا. لەسەرەتای ئۆکتۆبەری (1924)دا رێکخراوی رادیۆ بۆ هەموان (کۆمپانیای هاوبەش بۆ پەخشی فراوانی رادیۆیی) دامەزراو، دوو مانگ دواتر ناوی خۆی بۆ کۆمپانیای هاوبەشی رادیۆپرداچا[131] (پەخشی رادیۆیی) گۆڕی.

کۆمەڵگەی بەرهەمهێنانی کارەبای گوشار نزم، هەواڵدەری تەلەگرافی ڕوسیاو وەزارەتی پۆستو تەلەگراف، دامەزرێنەرانی ئەم کۆمپانیا هاوبەشە بون. ئەم کۆمپانیا هاوبەشە وێستگە رادیۆییەکانی (خارکۆڤ، مینسك، نوڤنیکلایوفسك، کراسنتەدار، ئاسترەخانو

131-Radio perdacha

ڕستوڤ)یان دامەزراندو لەماوەیەکی کورتدا توانییان پەخشی رادیۆیی بەشێوەیەکی ڕێکوپێکو گونجاو بەرنامەکانی خۆیان ڕێکبخەن. لەسەرەتادا ئەرکی ئەم کۆمپانیا هاوبەشە ڕێکخستنی لایەنە هونەرییەکانو فراوانکردنی رادیۆ بوو، لەوانە دروستکردنی وێستگەی نێرەر (مرسل)، دروستکردنی دەستگای وەرگرو نوێکردنەوەی تۆڕە رادیۆییە تەلیەکان بوو، بەڵام راگەیاندنی کۆمپانیای هاوبەش کەیەکەمی کانونی یەکەمی (1924) لەلایەن ئەنجومەنی کاروبەرگریەوە پەسەند کرا ناوی کۆمپانیاکە بۆ پەخشی رادیۆیی ناوی خۆی گۆڕیو لەوێدا باسکرابوو کەکۆمپانیای هاوبەشی پەخشی رادیۆیی بەرپرسیارێتی ڕێکخستنی پەخشی بەرنامە رادیۆییەکان-یش ئەبێت. ئەم کۆمپانیایە تا ساڵی (1928) کۆنترۆڵو ڕێکخستنی پەخشی بەرنامە رادیۆییەکانی لەدەستدا بوو. لەساڵی (1928) ئەم کۆمپانیایە هەڵوەشایەوەو حکومەتی کۆمۆنیستی، کۆنترۆڵو ئاڕاستەکردنی رادیۆیی گرتەدەست([?]).

---

[?]–و.ن. روژنیکۆڤ ئاوا دەستی پێکرد، مۆسکۆ دەزگای بڵاوکردنەوەی ئیسکوستوا 1987

## *کەناڵە رادیۆییەکان لەخزمەت بیروباوەڕی مارکسیستی دا

رادیۆی سۆڤییەت هەر لەسەرەتاوە، زیاتر هۆیەکی پروپاگەنـدەیی بـوو تـا ئـەوەی هۆیـەك بێت بۆ گەیاندنی هەواڵو زانیاری بـە خـەڵك. ئـەو دیاردەیـە زۆربـەی کەناڵـەکانی گەیانـدنی سۆڤییەتی گرتبـۆوە. رادیـۆ کـە خێراتـرین هۆکـاری کـارتێکردن بـوو لەسـەر توێـژەکانی نـاو کۆمەڵو بوەهۆکارێکی خزمەتکردنی حیزبی کۆمۆنیست.

پارتی کۆمۆنیستو حکومەتی کۆمۆنیستی جگە لەپشت بەستنی بەکارمەندانی خۆیـان، بەردەوام بەدوای رێگادۆزینەوەی کۆنترۆڵی زیاترەوە بون، لەبەرئـەوەی رادیـۆ بـەهۆی پەخـشی راستەوخۆوە ئەیتوانی هەواڵی وابلاوبکاتەوە، کەبەهیچ شێوەیەك بەلای حیزبەوە پەسەند نیـە. لەبەرئـەو هۆیـە لـەهاوینی (1925)دا کۆمیـسیۆنی رادیـۆیی کۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتی کۆمۆنیستی ڕوسیا (بەلشەفیکەکان) دامەزرا(□□□). ئەرکی ئەم کۆمیـسیۆنە، ئاڕاسـتەکردنی پڕۆپاگەندەی رادیۆیی‌و بەڕێوەبردنی کاری هونەری‌و ئایـدیۆلۆژی رادیـۆ بـو. کروپـسکایا(□□□) هاوسـەرەکەی لیـنین‌و لیوناچارسـکی(□□□) سـەرۆکی کۆمیـساریای جـەماوەری راگەیانـدن، لەئەنـدامانی ئـەم کۆمیـسیۆنە بـون. کۆمیتـە حیزبیـەکانیش کۆمیـسیۆنە رادیۆییـە ناوچەییەکانیان بەڕێوە ئەبرد. جگەلەوەش کۆمیتە حیزبیـەکانو ئۆرگانـە تایبەتـەکانی‌تر بونـە لێپرسراوی رێکخستنی رادیۆو هەروەها بەرپرسی بەدواداچونی ناوەڕۆکی بەرنامەکان.

بەم شێوەیە لەئۆکتۆبەری (1925)دا، لەژێر چاودێری بەڕێوەبەرێتی گشتی راگەیانـدنی سیاسـی کۆمیـساریای خەڵکیـدا، ئەنجومـەنێك بـەناوی ئەنجومـەنی رادیـۆ دامـەزرا. ئـەم ئەنجومەنە بەرپرسی دیاریکردنی هێڵی بەڕێوەچوونی بەرنامـەکان، پلانـدانانی بەرنامـەکانی

---

□□□–رادیۆو تەلەفزیۆنی یەکێتیی سۆڤیەت

134-Krupskaya

135-lunacharski

داهاتوو راکێشانی نوێنەران بۆ کارکردن لەڕادیۆدا. ئەم مەسەلەیە کەتا سەردەمی هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت هەستی پێئەکرا نەك هەربوبوە هۆی گوێ لەمستی رادیۆ بەڵکو بوبوە هۆی لەباربردنی هەر جۆرە داهێنانێکی نوسەرانی رادیۆیش. رادیۆی سۆڤییەت هەر لەسەرەتاوە لەبیری گەشەپێدانی بیروباوەڕی مارکسیتی دابو لەدەرەوەی سنورەکانی ڕوسیا. لەبەرئەوە لە 7ی تشرینی دووەمی (1925)دا پەخشی بەرنامەی فەرەنسی، ئەڵمانی، ئینگلیزی دەستپێکرد. یەکەمین بەرنامەی دەرەوەیی ریپۆرتاژێکی رادیۆیی بو لەمەیدانی سورەوە کە هەواڵی مەراسیمی جەژنی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو. کەبەشی زۆری بەرنامەکانی ئەم رادیۆیە، بەرنامەکانی کۆنگرەو کۆنفرانسەکە حیزبیو گوتاری سیاسەتمەدارە ناسراوەکانی سۆڤییەت بوو. هەروەها رادیۆ وەکو چەکێکی بەهێزو کاریگەر، ئەرکی بانگەشەی بۆ بنەماکانی مارکسیستی لەناو جوتیاراندا بەئەستۆوە گرتبو. لەسەرەتای نیسانی (1926)دا یەکەمین گوتاری کالینین[136] (سەرۆك وەزیران)، کە ئاراستە بوو بۆ جوتیاران بلاوکرایەوە. پەخشی ئەم گوتارە سەرەتای دەستپێکی بەرنامەی رێکخراوبو بۆ لادێنشینەکان. لە 11نیسانی هەمان ساڵدا گۆڤاری رادیۆیی کریستانتسکایا رادیۆگازێتە[137] (ڕۆژنامەی رادیۆیی جوتیاران) دەستی بەکار کرد[138]. هەروەها لەم سەردەمەشدا پەخشی بەرنامەی وێستگە رادیۆییەکانی کۆمارە سۆسیالیستەکان دەستپێکرد.

لەتشرینی دووەمی (1925)دا وێستگەی رادیۆی بیلاڕوسیا (ڕوسیای سپی) دەستی بەکارکردن کرد. لەکانونی یەکەمی (1925)دا یەکەمین پەخشی ڕۆژنامەی رادیۆیی

136-Kalinin

137-Krestanskaya Radiogazeta

[138]–رادیۆ سۆڤیەت

کرێکاری ئۆکـرژین لەخارکۆڤـەوە پەخـشکرا. لـەباکۆ بەرنامـەکان بـەزمانی ئـازەری، روسـیو ئەرمەنی پەخش ئەکران.

لەتشرینی دووەمی (1927)دا یەکەمین بەرنامەی رادیۆیی کرێکاران لەلایەن دەسـتەی نوسەرانی ڕۆژنامەی (پراڤدە ڤلستۆکا)() (پراڤدەی خۆرهـەڵات) لەتاشـکەند پـەخش کـرا. لەمارتی (1927)دا ئێزگە رادیۆیەکانی تاشـکەند دەسـتیان بەپەخـشکردنی بەرنامـەکانی خۆیان بەزمانەکانی ئۆزبەکی، تورکمانی، کـازاخیو تـاجیکی کـرد. لـە 7تـشرینی دووەمـی هەمان ساڵدا یەکەمین کەناڵی نێرەری رادیۆی لەتاتارستان دەستی بەکارکرد.

ئەم ئێزگەیە بەرنامەی بەزمانەکانی تاتاری، باشکیریو روسی هـەبوو. بەرنامـەکانی ئـەم رادیۆیە لەژێرچاودێری توندوتیژی پارتی کۆمۆنیستدا بوو.

لێرەدا جێیخۆیەتی باس لەپرۆتۆکۆلی ژمـارە (50/358)ی بڕیارلێـدراوی دانیـشتنی لیژنەی سەرۆکایەتی کۆمیـساری راگەیانـدنی (وەزارەتـی شۆڕشـی ئەوکاتـە) بکـەین کـە لـە (30ی تـشرینی دووەمـی 1926)دا دەرکرابـوو، ئـەم پرۆتۆکۆلـە لەڕاسـتیدا بـەمانای راگەیاندنی سانسۆرکردن بوو لەڕادیۆدا().

-دیسانەوە پێدابگیرێتەوە لەسەر ئەوەی هیچ جۆرە بەرنامەیـەکی بەزمەسـاتو ئاهـەنگ لەشوێنە گشتییەکاندا بێ ڕێگاپێدانی گلاڤلیت() قەدەغەیە

139-pravda vostoka

-مێژوی هەواڵنێری رادیۆی ڕوسیا، کۆی بەڵگەنامەو دەقەکانی بەرنامەی رادیۆییو بیرەوەریەکان، جلدی دوەم، مۆسکۆ: دەزگای بڵاوکرانەوەی زانکۆی حکومەتی مۆسکۆ 1991

-Glavlit کورتکراوەی دوو وشەی روسیە بەمانای فەرمانگەی گشتی ئەدەبیات دێت کەڕێکخراوێکی فەرهەنگی خاوەن دەسەڵات بو لەیەکێتی سۆڤیەتدا، کەبەبێ ڕێگاپێدانی ئەو، بڵاوکردنەوەو چاپی هەر جۆرە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی، رادیۆیی، رۆژنامەو کتێب لەتوانادا نەبوو، دەزگای ناوبراو لەساڵی 1991دا هەڵوەشێنرایەوە.

-گلاڤلێت رادەسپێردرێت کەگرنگیەکی تایبەت بدات بەبەرنامە رادیۆییەکان لەبەرئـەوەی ئەگەر بتوانرێت لەشوێنێتردا پێشکەشبکرێت نابێت لـە ڕادیـۆدا پێشکەش بکرێت. پـارتی کۆمۆنیست بۆ دەستەبەرکردنی چۆنایەتی بەرنامـەکان، دریغـی لـەهیچ نەئـەکرد. تەنانـەت کالینین، کرۆپسکایا، لوناچارسکی، سماشکۆڤ(□□□) و یارۆسلاڤسکی(□□□) لەئەندامانی حیـزب بەشێوەیەکی رێکوپێك ناوەڕۆکی کۆمۆنیستی بەرنامەکانیان تاوتووێ ئەکرد. جگە لەڕۆژنامە رادیۆییەکان کە لەڕاستیدا دایکی هەواڵەکانی رادیـۆ بـون، گوتـاری گـەورە پیـاوانی حیزبـی، پەخشی بەرنامەی هەمەڕەنگتری رادیۆیی لەژێر ناوی گۆڤـاری رادیۆییـدا دەسـتیپێکرد. ئـەم بەرنامانـە کەڕادیۆپیونـەر(□□□) (رادیـۆی پێـشڕەو)و، رادیـۆ ئـەکتیا برینـۆك(□□□) (رادیـۆی منداڵانی پێشڕەو) یان ناوبوو، بۆ منداڵان تەرخان کرابـوون. بـەم جـۆرە پەخـشی ڕێکـوپێکی بەرنامەی منداڵان دەستیپێکرد.

ئێزگـەی کـۆمێنترن، بەرنامەیـەکی بـۆ منـداڵان پـەخش ئـەکرد کـەناوی مۆلـۆدۆی لینینتس(□□□) (لاوانی پەیڕەوی لینین) بوو. ئەم بەرنامەیـە یەکـەمین جار لـە 21ی مـایۆی (1925)دا پەخشکرا. لەو ڕۆژانەدا بەرنامە پەروەردەییەکان هەمـەڕەنگتربونو، بەرنامـەی مێـژوویی‌و بیروبـاوەڕی لائیکـی‌و بەرنامـەی زانستی‌و هونـەری ئامـادە ئـەکران. لەسـاڵی (1928) بـەدواوە، رادیـۆ کەوتـە پەخـشکردنی فێرکردنـی زمـانی بیانیـەکان. یەکـەمین کۆنـسێرتی رادیـۆیی لەسـاڵەکانی (1922)و (1923)دا بلاوکرایـەوە(□□□)و، زەمینەیەکی بۆ دەستکەوتنی ئاسانی مۆسیقای دەستەبەرکردو، بێدودڵی دەتـوانین بڵـێین ڕێگایـەکی بـۆ خۆشویـستنی چاوەڕواننەکراوی گۆرانیبێـژانو میوزیکـا ژەنـان کـردەوە. بـۆ

---

142-Smashkov

143-yaraslavski

144-pianer

145-oktiabrionok

146-Molodoi Lcninets

□□□–رادیۆی سۆڤیەت.

دەستەبەرکردنی کۆڕو بۆنەکانی نێوان هونەرمەندانو رادیۆ، ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤییەت لە 16ئازاری (1927)دا بڕیارێکی تایبەتی بەناوی ئازادی میکرۆفۆن[] دەرکرد.

بەم بڕیارەی کەدەرکرا رێگا بەناوەندەکانی پەخشی رادیۆیی درا کەبەبێ سنوردارکردنو رێگری لەهەموو تەلارەکانی کۆنسێرت، سێركو تەلارەکانی شانۆدا مایکرۆفۆن دابنێنو بەبێ بەرانبەر ئەو بەرنامانە وەربگرنو بلاوی بکەنەوە. ئەم رێگاپێدانە درابوو بەهەموو دەزگاکان کەمافی پەخشی رادیۆیی بێچەندوچونیان هەبێت. هەموو ئەو دەزگایانە سەربەستبون کەهەر جۆرە نمایشێك، بەرنامەیەکی ئاهەنگ، هەربۆنەیەك بێدانی بەرانبەر بەمافی دانەرو پێشکەشکەر پەخش بکەن.

هەروەك باسکرا یەکەمین کۆنسێرتی رادیۆیی لەساڵی (1922) بلاوکرایەوەو رێگای بۆ پەخشی بەردەوامی بەرنامە مۆسیقیەکان کردەوە. رادیۆ دەستی بەپەخشی پارچە مۆسیقا-هونەری پڕ ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانە کرد. یەکەمین بەرنامەی چاخی ئەدەبی لەساڵی (1925) لەڕادیۆدا پێشکەشکرا.

ئەم بەرنامەیە لەگەڵ ئەدیبە گەورەکانی روس، پوشکین، گۆگۆڵ، بلوكو یسنین پێشکەش ئەکرا، شاعیری گەورەی ڕوسیا، مایکۆڤسکی، شاعیری پیاهەڵدەری بەلشەڤیزمو ژمارەیەکیتر لەشاعیرانی روس لەئامائەکردنی ئەم بەرنامانەدا بەشداری راستەوخۆیان هەبوو.

لەساڵی (1927)دا بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی پراڤدە، ژمارەی گوێگرانی رادیۆ گەیشتبوە دو ملیۆن کەس. کۆنگرەی پانزەیەمی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت بەڕاگەیاندنی بەرپرسیارێتی فراوانکردنی هەمەلایەنەی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی رایگەیاند کە لەزەمینەی کارکردنی ئایدۆلۆژی-پەروەردەیی حیزبیدا، رادیۆ لەپلەی یەکەمدا ئەبێت. کۆنگرە لەبڕیارەکانی خۆیدا ئاماژەی بەپێویستبونی کەناڵە رادیۆییەکان لەدێهاتو ناوچە دورە

---

[]-مێژوی ڕۆژنامەوانی رادیۆی ڕوسیا.

دەستەکانیشدا دابوو. لە (1929)دا یەکەمین بەرنامەی پێنج ساڵەی رادیۆیی بڕیاری لێدرا، ئەم بەرنامەیە فراوانکردنی رادیۆو دامەزراندنی دەزگای وەرگرو نێرەری رادیۆیی تا ساڵی (1934) بوو. لە 13ژوئیەی (1928)دا ئەنجومەنی کارو بەرگری بڕیاریدا کەبەڕێوەبردنی رادیۆ بداتە کۆمیسارییای گەلی پۆستو تەلەگراف، دوابەدوای ئەوە لەژێرچاودێری کۆمیسارییای ناوەندی پەخشی رادیۆیی مۆسکۆدا رێکخرایەوە. کاری بنەڕەتی ئەم ناوەندە بریتیبوو لەپلاندانان، ئامادەکردنو پەخشی بەرنامەی رادیۆیی لەبارەی رووداوی گرنگی وڵات، کۆنسێرتو نمایشە شانۆییەکان[□□□]. لەدەی ئەیلولی (1931)دا کۆمیتەی ئەنجومەنی پەخشی رادیۆیی کۆمیسارییای گەلی پۆستو تەلەگراف دامەزرا. ئەم کۆمیتەیە تا نیسانی (1933) سەرگەرمی کارکردن بوو، وە دواتر هەڵوەشێنرایەوە.

هاوکات لەگەڵ گەشەپێدانی هونەریو رێکخستنی رادیۆدا، گرنگیو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی رادیۆ لەسەر کۆمەڵگاش زیادی ئەکرد. سیاسەتمەدارانی سۆڤییەت بەردەوام لەڕادیۆوە قسەوباسیان هەبوو. لوناچارسکی، یەکەمین وەزیری فەرهەنگی حکومەتی کۆمۆنیستی، لەڕادیۆوە بەرنامەیەکی بەناوی دەفتەری بیرەوەری کۆمیسارییای گەلی فەرهەنگی هەبوو، رادیۆ هەندێك لەدانیشتنەکانی کۆمسومۆڵ[□□□]و، کۆمیتەی ناوەندی پەخش ئەکرد. لەم دانیشتنانەدا گرنگی زۆر بۆ بانگەشەکردنی کارکردن بەبێ چاو لەهەقدەستو چالاکی جوتیارانی بۆ بەرژەوەندی پارتی کۆمۆنیست ئەکردو، گرنگیەکی تایبەتیشیان بەو مەسەلەیە دابوو.

لەساڵی (1928)دا یەکەمین بەرنامەی زانکۆیی رادیۆ، بەناوی زانکۆی رادیۆی کرێکارانو جوتیاران دامەزرێنرا. ئەم بەرنامە رادیۆییە پێنج زانکۆی لەخۆگرتبوو: زانکۆی

---

[□□□]–رادیۆیو تەلەفزیۆنی یەکێتیی سۆڤیەت

[□□□]–comsomol یەکێتیی کۆمۆنیستی–لینسیتی لاوانی یەکێتیی گەلانی سۆڤیەت

خوێندنی گشتی، زانکۆی فێرکردنی لائیکی، زانکۆی هەرەوەزی، زانکۆی پەروەردەو زانکۆی کشتوکاڵ. لەساڵی (1929)دا چەندین زانکۆی رادیۆییتریش دامەزران، کەبریتیبوون لەزانکۆی رادیۆی کرێکاران، جوتیاران، ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستو لاوانی کۆمۆنیست.

بۆ وانە وتنەوەی وانەکانی ئەم زانکۆیە، زانایانی بەناوبانگی روسی داوەت ئەکران تا لە ڕادیۆوە بابەتەکانی خۆیان پێشکەش بکەن. لەساڵی (1930)دا ئەم زانکۆیانە زیاتر لە شەست هەزار گوێگری هەبوو، لەئابی (1930)دا ئەم زانکۆیانە گۆڕدران بۆ ئەنستیتۆی خوێندنی نامەیی رادیۆ (تدریس بالمراسلە)، کە لقی لەناوچەکانی خارکۆف[151]، ڤارۆنیژ[152] و، سفردلۆڤسك[153]-دا هەبوو.

لەسالآنی سیدا ناوچەی کارکردنی رادیۆ لەگەڵ زیادبونی ژمارەی گوێگرانیدا فراوان بوو. لەهەمان ساڵدا سۆڤییەت لەژێر گوشاری ستالینو پروپاگەندەی زۆری کۆمۆنیستەکاندا بەرەو بەپیشەسازیکردن هەنگاوی ناو هاوکات شۆڕشی روناکبیری لەوڵاتدا دەستیپێکرد. لەبگرەوبەردەی شۆڕشی رووناکبیریدا، گۆڕانکاری لە پێکهاتەی رادیۆشدا هاتە ئاراوە. لە 31کانونی دووەمی (1933)دا ئەنجومەنی کۆمیسارپای گەلی سۆڤییەتی بڕیارێکی لەبارەی کۆمیتەی ئەنجومەنی بلاوکردنەوەی رادیۆییو پەخشی رادیۆیی سەر بەئەنجومەنی کۆمیسارپای گەلی سۆڤییەتی پەسەند کرد. لەم بڕیارەدا هاتبوو کە: (لەبەرئەوەی رادیۆ گرنگیەکی زۆری بۆ تاكو ژیانی سیاسیو ئابوری وڵات هەیە، پێویستە کۆمیتەی گشتی رادیۆو پەخشی رادیۆیی سۆڤییەت سەر بەئەنجومەنی کۆمیسارپای گەلی (ئەنجومەنی وەزیران) دابمەزرێت.

---

151-kharkov

152-voronej

153-sverdlovsk

بەم جۆرە کۆمیتەی گشتی ئەنجومەنی سەر بەوەزارەتی پۆستو تەلەگراف هەڵوەشێنرایەوە(□□□)، ئەم کۆمیتە نوێیە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لەڕێکخستنی کاری رادیۆیی‌و بەرنامەکانی رادیۆدا هێنایە ئاراوە. لەجیاتی ڕۆژنامە رادیۆیەکان کەشێوازی سەرەکی پەخشی هەواڵەکان بوو، پەخشی رێکوپێکی بەرنامەی دوا دەنگوباس بلاوکرایەوە(□□□). پەخشی خێرای هەواڵو راپۆرتەهەواڵی رادیۆیی بەتایبەت لەم سەردەمەدا بوەباو. هەروەها لەم رۆژانەدا سازدانی ریپۆرتاژی بەرنامە دورودرێژەکانی مەراسیمی ئاهەنگو بۆنە ناوخۆییەکانی سۆڤییەت بوە جێگای گرنگی‌پێدان.

بەرنامەی دواهەواڵەکان، جگە لەڕەنگدانەوەی هەواڵەکان تیایدا لەچوارچێوەی ئامانجە مارکسیستیەکاندا، کەوتە پڕوپاگەندە بۆ ژیانی قارەمانەکانی سۆڤییەتیش.

رادیۆ چالاکانە یارمەتی گوێگرانی ئەدا کە تاوەکو لەجیهانبینی مارکسیستی-لینینستی‌دا شارەزابن. لەو بەرنامانەش ئەتوانرێت باس لەو زنجیرە لێکۆڵینەوە رادیۆییانە بکرێت کە لەژێر ناوی مرۆڤایەتی ئەتوانێت بەسەر سروشتدا زاڵبێتو لێرەدا ئەتوانرێ بەرنامەی ناوی داروین‌و تیۆرییەکەی‌و پێکهاتەی مادەو، ئەکادیمیای بافلۆف ناوبرێت.

بێگومان بەرنامە داڕێژەرانی رادیۆ ئەیانزانی کە تەنیا بەدروشم ناتوانن گوێگران رازی بکەن، بێ‌بەرنامەی بەزم‌و خۆشی بەزوویی هەموان لە ڕادیۆ دەتەکنەوە، لەبەرهەمان هۆکار بوو کە پەخشکردنی بەرنامەی بەزم‌وخۆشی (بێ‌پڕوپاگەندەو بێ هەواڵو دەنگوباس)یش بوە ئامانجی گرنگی‌پێدانیان. بۆ ئەم مەبەستە لەکۆتایی بیستەکان‌و سەرەتای سییەکاندا گروپی مۆسیقی‌و ئۆرکسترا سەمفۆنێکی گەورە (کەنەك هەر لەناو سۆڤییەت، بەڵکو لەدەرەوەش ناوبانگیان هەبوو)، ئۆرکسترای مۆسیقای میللیشیان لە ڕادیۆدا دامەزراند.

---

(□□□)–رادیۆی سۆڤیەت

(□□□)–هەمان سەرچاوە

لەماوەی ساڵەکانی دەستپێکردنی رادیۆدا، پەخشی بەرنامە مۆسیقیەکان لەشێوازی سادەییوهەرەمەکیانەوە بەرەوپیشەیی بونو گەشەکردنی هەمەلایەنە بەرەوپێشەوە ئەچوو.

ملیۆنان کەس لەخەڵکی سۆڤییەت لەڕێگای رادیۆوە بەداهێنانەکانی مۆسیقازانانی بەناوبانگی سۆڤییەتی وەکو: دیمیتری شوستاکوڤیچ، یوری شاپورینو سیرگی پروکوفیڤ ئاشنا بوو[...]. ناتوانرێت ئەوەش لەبەرچاونەگیرێت کەڕادیۆ بیری خەڵکی سۆڤییەتی لەڕوی دیدو تێڕوانینی هونەریو پەروەردەییوفەرهەنگیەوە بەتەواوی گۆڕی.

---

[...]–رادیۆی سۆڤیەت

## *کەناڵە رادیۆییەکانی دەورانی جەنگی دووەمی جیهان

رادیـۆ لەسـاڵەکانی بـەر لەجـەنگی نیـشتمانی(□□□) گرنگـی زۆر تایبـەتی ئەدابـە نیشتمانپەروەری‌و مەسەلە سەربازییەکان، لەکۆمیتەی رادیـۆدا دەسـتەی نوسـەرانی بـەرگریی دامەزرا، لەساڵی 1939دا پەخشی بەرنامەی نوێی وەکو فێرکردنی ئـەلف‌و بێـی مـۆرس، وەرزش، کاتـژمێری رادیـۆیی سـوپای سـورو، کاتـژمێری رادیـۆیی کەشـتی گـەلی سـور دەستی‌پێکرد. کەناڵی دووەمی رادیۆ لەیەکی ئۆکتۆبەری (1933)دا کرایەوە. ئەم کەناڵـە، سیبیریا، رۆژهـەڵاتی دورو ئاسیای ناوەڕاستی رومـاڵ (**تغطیة**) ئـەکرد، بـەر لەسـاڵەکانی جـەنگی جیهـانی دووەم، وڵاتـانی ئـەڵمانیا، مەجەرسـتان، ئیتالیـا، ئیـسپانیاو هەنـدێك لەوڵاتانی‌تر گوێگرتن لەبەرنامـەکانی رادیـۆی سـۆڤییەت-یـان قەدەغـەکردو، گـوێگرتن لـەو رادیۆیەیان بەخیانەت ئەدایە قەڵەم. لەسەردەمی جەنگی نیشتمانی (1941-1945)دا ئەرکی سەرەکی رادیۆی دەرەوەیی سۆڤییەت، دژە پڕوپاگەندەبوو، رادیۆ هەوڵی ئەدا روبـەڕوی پڕوپاگەندە فاشیستیەکان ببێتەوە. بەدەستپێکردنی هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر سۆڤییەت، رادیۆ هەلومـەرجی کـارکردنی دەورانـی شـەڕی پیـادە کـرد لـەحوزەیرانی 1941دا. بەفـەرمانی سـتالین دیاردەیـەکی نـوێ هاتـەئاراوە، ئـەویش دروسـتکردنی لیژنـەی زانیاریـەکانی سۆڤییەت(□□□) بوو، کەتا کۆتایی جەنگ هەموو هەواڵ‌و دەنگوباسەکانی تایبـەت بەجـەنگی لەڕێگای بڵندگۆ دانراوەکانی ناو گۆڕەپانی لادێکان‌و شارەکانەوە ئەگەیاندە گوێی خەڵکی.

دەقی ناوەڕۆکی زۆربەی بەرنامە زانیاری، کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەکان لەلایەن ئەم ئاژانـسی هەواڵنێریـە جەنگیـەوە ئامـادە ئـەکران. بەگـشتی ئـەم ئاژانـسە 2373بەرنامـەی بـۆ پەخـشکردنی رادیـۆ ئامـادە ئـەکردو، ڕۆژنـەش سـەروتاری ڕۆژنامـەی پراڤـدە لـەڕادیۆوە

---

□□□-لە 21ژوئی 1941 سنورەکانی سۆڤیەت کەوتنە بەرپەلاماری ئەڵمانە نازیەکانەوە
158-sovinform beauru

دەخوێندرایەوە(□□□). هەواڵەکانی ئاژانسی هەواڵنێری تاس، راپۆرتەکانی پەیامنێرانی رادیـۆو بابەتی ڕۆژنامەکان، راپۆرتەکانی لیژنەی زانیاریەکانی سۆڤییەتیان تەواوئەکردو لەهەموو ئـەو کەناڵە هەواڵیانەوە، هەواڵو دەنگوباسی وەردەگرت.

لەهەموو راپۆرتە هەواڵیەکانی ئەو لیژنەیەدا باس لەقارەمانێتییەکانی خەڵکی سـۆڤییەت لەجەنگدا ئەکرا. بۆ ناوچەکانی پشتی بەرەی جەنگ (بۆ پارتیزانـەکان)و، ئـەو ناوچـانەی کـە لەژێر دەستی دوژمندا بون بەرنامەی رادیۆیی تایبەت ئامادەو بڵاوئەکرایەوە.

پەخشی بەرنامـە، بـەزمانی ئـۆکرانی لـە 29 تـشرینی دووەمـی 1941 لەناوەنـدی مۆسکۆوە دەستیپێکرد. بەرنامەکانی ئەم کەناڵە زیاتر لەبارەی هاندانو کۆکردنـەوەی هێـزی چەکدار دژ بەئەڵمانەکان بوو. هاوکات لەگەڵ ئەو کەناڵەدا لەسـاراتۆڤ(□□□) ئێزگـەی رادیـۆیی تاراس شڤچینکۆ(□□□) بەرنامەی بەزمانی ئـۆکرانی لەسـەر شـەپۆلی کـورت پـەخش ئـەکرد. لەیەکەمی کانونی دووەمی 1942دا بەرنامەش بـەزمانی بلۆڕوسـی لەمۆسـکۆوە پـەخش ئەکرا.

جەنگ بوەهۆی هەڵکەندنو ئاوارەبونی ملیۆنان کەس لەجێگاو رێگای خۆیـان، لەبەرئـەوە بەرنامەی نامـەکانی بـەرەکانی جـەنگ لایـەنگرانێکی زۆری پەیـدا کـرد. پەخشکردنی ئـەم بەرنامانە لە 9ی تەممووزی 1942 دەستیان پێکردو 9هـەزار بەرنامـە پێـشکەشکرا. ئـەم بەرنامەیە بەدرێژایی جەنگەکـە دوو ملیـۆن نامـەی پێگەیـشت. لـە 7ی تـشرینی دووەمـی 1941دا ریپۆرتاژێك لەنمایشی سوپا لەمەیدانی سور لەڕادیۆوە بڵاوکرایـەوە، ئـەم نمایـشەو ریپۆرتاژەکەی کە لەبارەیەوە بڵاوکرایەوە لەڕادیۆوە، رۆڵێکی گەورەی لەڕەوتی جەنگدا هەبوو. کاتێك کەسوپای ئەڵمانەکان بەخێرایی بەرەو مۆسکۆ دەهاتن لەمۆسکۆدا واتەوات (شایعە)ی

---

(□□□)–رادیۆو تەلەفزیۆنی یەکێتیی سۆڤیەت

(□□□)–شارێکە لەلیۆزی روباری ڤولگا (saratov)

(□□□)–ئەدیبێکی گەورەی ئۆکرانیە (shevchenkov)

ئـەوە بڵاوبـۆوە کەڕابـەرانی حیزبـی لەشـارەکە چـونەتە دەرەوە، سـتالین لـەگۆڕەپانی سـور ئامادەبوو، بەشداری بینینی ئەو نمایشەی کرد، ماوەیەك دوای ئەو نمایشە، هێزەکانی ئـەڵمانیا گەیشتنە دەروازەی مۆسکۆو، لەنۆزدە کیلۆمەتری کۆشکی کرملیندا، بۆ یەکـەمجار بەدەسـتی سوپای سور شکستیان خواردو پاشەکشەیان کرد. سـەدان سـەربازی بەسـەهۆڵبوی ئـەڵمانیا لەدەشتە پانوبەرینە بەبەفر داپۆشراوەکەی مۆسکۆدا جێمان.

رادیۆ لەم کاتەدا بەبەردەوامی دژ بەپڕوپاگەنـدەی دژە کۆمۆنیـستی فاشیـستەکان وتـاری ئاگرینی بڵاوئەکردەوە، ئابڕوی ئەڵمانەکانی ئەبرد بۆ ئەو شکستانەی لەشەڕەکەدا خواردبویان.

پەخشی بەرنامە بەزمانەکانی بێگانەش بەردەوامبو، شەڕ نێتـوانی ببێتـەهۆی کپکردنـی دەنگی سۆڤییەت. لەسەرەتای 1942دا رادیۆی سۆڤییەت بە 21زمانی بیانی بەرنامـەی بڵاوئەکردەوە، لەساڵانی جەنگـدا پەخـشی بەرنامـەکان بـەزمانی یۆنـانی، تـورکی، فارسـی، نەرویجی، پۆڵەندیو عیبری دەستیکرد بەبڵاوبونەوە.

رۆژانە بەرنامەی (فەرەنـسا لەخـەبات)دا (سـاڵانی 1942-1944) بڵاوئەکرایـەوە. یەکێتیی نیشتمانپەروەرانی پۆڵەندی، لەڕادیۆی سۆڤییەتیەوە، بەرنامەیان بـۆ پۆڵەنـدا پـەخش ئەکرد. هەروەها پەخشی بەرنامـە بـۆ هیندسـتان، عـەرەبـستانی سـعودی، یەمـەن، سـودانو ئوردون دەستپێکرد.

پیـاوانی نوسـەرو زانـای دەرەوەیـی لـەئامادەکردنی بەرنامـە رادیۆییـە دەرەوەییەکانـدا چـالاکانە بەشـداریان ئـەکرد. زۆربـەی ئـەو کەسـانەش دوای جـەنگ بونـە پیـاوی کـرملینو لەئەوروپای رۆژهەڵاتداو، هەندێکیشیان بونە رابەری کۆمۆنیستی لەوڵاتەکانی خۆیاندا.

رادیۆ لەدەورانی جەنگدا زۆرتر وەکو چەکێکی جەنگی لێهاتبو، تەنیا لەگەڵ نزیکبونەوەی کۆتایی جەنگدا هەندێك لەئەرکە ئاشتیخوازانەکەی خۆی وەرگرتـەوە. لەسـاڵی (1944)دا زۆرتر بەرنامەکانی رادیۆ بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی وڵاتی نیوە وێرانو دروستکردنی خانو بـۆ ئاوارەکانو، رزگارکردنی بەها فەرهەنگیەکان تەرخان کرابون. لەسەرەتای ساڵی (1945)دا

كاتێك شكستی هیتلەرو هاوپەیمانەكانی دەركـەوتبو، حكومـەتی سـۆڤییەت بەئـەركی خـۆی زانی تا دەستەیەكی تایبەت بنێرێت بۆ هێڵی پێشەوەی جەنگ لەبلۆڕوسیا (ڕوسـیای سـپی)، تا دەنگی دواقۆناغـەكانی جەنگ تۆمار بكات.

ئـەم دەسـتەیە دەنگـی جـەنگیان لـەنزیكی (ئـودر) لـەكاتی هێرشـكردنە سـەر بـەرلین‌و لەمەراسیمی ئیمزای خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیا تۆماركردو، وەكو دەستكەوتێكی گـرنگ بـۆ نەوەكانی داهاتو تۆماریان كردو هێشتیانەوە.

## *كەناڵە رادیۆییەكان لەسەردەمی حوكمڕانی كۆمۆنیستیدا

پاش كۆتایی هاتنی جەنگی نیشتمانی، حیزبی كۆمۆنیست هەروەكو پێشو گرنگی بەبەرنامەكانی رادیۆ ئەدا. لە (27ی كانونی دووەمی 1947)دا كۆمیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی سۆڤییەتی، یاسایەكی لەبارەی هەنگاونانی پێویست بۆ چاكتركردنی پەخشی بەرنامە رادیۆییەكان دەركرد. لەو بڕیارەدا دەستكەوتەكانی كۆمیتەی ناوەندی پەخشكردنی رادیۆیی، لەبارەی باشتركردنی چۆنایەتی بەرنامەی سیاسی، ئەدەبی، مۆسیقیو منداڵانەوە بەرز نرخاند بوو و پشتیوانیشی لێكردبوو.

لەساڵی (1948)دا كەناڵی سێیەمی رادیۆ كە كەناڵێكی سەرتاسەری بو، دەستی بەكاركردن كرد. لە (ئابی 1960)دا كەناڵی چوارەمی رادیۆی ناوەندی كرایەوە. ئەم كەناڵە تایبەت بوو بەناوچە دورەدەستەكانو رۆژانە بیست كاژێر بەرنامەی هەبوو. ئەم كەناڵە بۆ دووبەشی **A4**و **B4** دابەشكرا. كەناڵی **A4** ناوچەكانی ئاسیای ناوەڕاست، ئۆراڵ، كازاخستانو سیبیریای خۆرئاوای ڕوومال ئەكرد. كەناڵی **B4** بۆ گوێگرانی رۆژهەلاتی دورو سیبیریای رۆژهەلات لەبەرچاوگیرابوو. لەساڵی (1972)دا ئەم كەناڵە گۆڕدرا بۆ شەپۆلی سەروكورت (**FM**ی سۆڤییەت) تا كاتی هەڵوەشانەوەی یەكێتیی سۆڤییەت، مۆسیقای كلاسیكی بەشێوەی ستریوفونیك بلاوئەكردەوە.

لەتەمموزی (1949)دا كۆمیتەی باڵای رادیۆی سۆڤییەت (سەربەئەنجومەنی وەزیران)، بۆ دوبەشی كۆمیتەی زانیارییەكانی رادیۆیی (پەخشی رادیۆیی بۆ ناوخۆی وڵات)و كۆمیتەی پەخشی رادیۆیی (پەخشی رادیۆیی بۆ وڵاتانی دەرەوە) دابەشكرا.

لەساڵی (1953)دا ئەو دو كۆمیتەیە گۆڕانیان بەسەرداهاتو، ناوەكانیان گۆڕدرا بۆ بەڕێوەبەرێتی گشتی، بەو شێوەیە بەڕێوەبەرێتی گشتی زانیاریەكانی رادیۆو بەڕێوەبەرێتی

گشتی پەخشی رادیـۆیی چـونە ژێـر ركێفـی وەزارەتـی فەرهـەنگی یـەكێتیی گـەلانی سۆڤییەتیەوە.

لەسالآنی یەكەمی پاش جەنگدا ڕۆژانە دوانزە بەرنامەی دەنگوباس بلآوئەكرایـەوە. رادیـۆ هەروەكو پێشو گرنگیـەكی زۆری بەبانگەشـە بـۆ ئامانجـە ماركسی-لینینییـەكانو هانـدانی كرێكـاران بـۆ بـەدیهێنانی بەرنامـەكانی حیزبـی كۆمۆنیـست ئـەكردو، بـەردەوام بەرنامـەی دەربارەی بەرهەمەكانی لینینو ماركسو بابەتەكانی ماتریالیزمی دیالـەكتیكو ماتریـالیزمی مێژووی بلآوئەكردەوە.

كارمەندانی دامودەزگا كشتوكاڵیو لادێنـشینەكانیش كەوتبوونـە چوارچێوەی بەرنامـە رادیۆییەكانی حیزبی كۆمۆنیستەوە. هەروەها كەناڵی یەكەمی رادیـۆ چـەندین بەرنامـەی بـۆ جوتیارانو ئەندامانی كۆڵخۆزی لەبەرچاوگرتبوو.

بەرنامەی ژیانی نێونەتـەوەیی بانگەشـەی بـۆ سیاسـەتی دەرەوەی حكومـەتی سـۆڤییەت ئـەكرد. جگەلـەوەش رادیـۆ كـەوتبووە، كـاری بانگەشـەكردنو بەرێكخـستنی كارەكـانی دەستپێكی كۆنگرەی بیستەمی حیزبی كۆمۆنیستیشەوە سەرقاڵ بوو.

لەبەرنامـە رادیۆییەكانـەوە بـاس لـەگرنگی ئـەو كۆنگرەیـەو، ئـەو ئەركـەی كـە حیزبـی كۆمۆنیـستی خـستبویە ئەسـتۆی خـەڵكی سـۆڤییەتو، هـەروەها هـەوڵی رەنجـدەران بـۆ پیادەكردنی فەرمانەكانی حیزب قسەوباسی ئەكردو رێنوێنی بلآوئەكردەوە.

بەمردنی سـتالین لەسـاڵی (1953)و هاتنـە ئـارای قۆنـاغو سـەردەمێكی تاڕادەیـەك ئـازادتر، رادیـۆی روویكـردە بلآوكردنـەوەی بەرنامـەی دوور لەپڕوپاگەنـدەكردن بـۆ حیـزبو، گرنگییەكی زیاتری پێدراو، وردە وردە قەبارەی بەرنامە ناسیاسییەكانی زیاد كرد.

بلآوكردنەوەی بەرنامەی ئەدەبی، مۆسیقا، شانۆی رادیۆییو بەرنامەی دەرەوەیـی زیادیـان كـرد. نـاوەڕۆكی بەرنامـە دەرەوەییـەكانی سـۆڤییەت زیـاتر پڕوپاگەنـدەكردن بـوو لـەبارەی ئامانجەكانی كۆمەڵگای سۆسیالیـستیو هەلومـەرجی بـەرزی ژیـانی كرێكـارانو جوتیـارانو

چینو توێژەکانیتری خەڵکی لەیەکێتیی سۆڤییەتدا، رادیۆ لەبارەی پیادەکردنی بەرنامەی پێنج ساڵە، یاسای بنەڕەتی (دەستور)و تیزو سیاسەتەکانی لینین بۆ گوێگرانی دەرەوەیی بەرنامەی بڵاوئەکردەوە.

چاکسازی لەڕێکخستنی رادیۆدا بەردەوام بوو. بەپێی بڕیاری کۆمیتەی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت، لە (29ی کانونی دووەمی 1960)دا چوارچێوەی نوێی کۆمیتەی حکومەتی رادیۆو تەلەفزیۆن دارێژرا. لەبری بەڕێوەبەرێتی گشتی کەپێشتر هەبوو لیژنەی بەڕێوەبەرێتی گشتی هاتەئاراوە. ئەم لیژنانە خۆیان خاوەنی بەشی جۆراوجۆری پەخشکردنی بەرنامەی رادیۆیی بوون. کۆمیتەی حکومەتی رادیۆو تەلەفزیۆن بەو شێوەیە وەك رێکخراوێکی هونەرییان لێهات، کەزیاتر لەکاری رادیۆو تەلەفزیۆنەوە نزیکتربوو لەچاو جاراندا. لەسەرەتای (ئۆکتۆبەری 1960)دا بەشی پەخشی رادیۆیی، بوە شەورۆژی. لە (حوزەیرانی 1962)دا، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤییەت، بڕیارێکی نوێی لەبارەی باشترکردنی چۆنایەتی بەرنامە هونەریو فەرهەنگییەکان لەبەرچاو گرتبوو.

لە (یەکی ئابی 1964)دا لەجیاتی کەناڵی دووەمی رادیۆی ناوەندی، کەناڵێکی نوێ بەناوی مەیاك(□□□) (فانۆسی دەریایی)، دەستی بەکارکردن کرد. ئەم کەناڵە بەشێوەی شەورۆژی مۆسیقاو دەنگوباسی بڵاوئەکردەوە، کەناڵێکی لەو جۆرە دیاردەیەکی نوێ بوو بەلای خەڵکی سۆڤییەتەوەو خۆشەویستییەکی زۆری لەناو خەڵکیدا پەیدا کرد.

لەم کەناڵەوە هەر نیو سەعات جارێك هەواڵەکان بڵاوئەکرانەوە. هەروەها بڵاوکردنەوەی راپۆرتەهەواڵو شیکردنەوەی هەواڵە ناوخۆییو نێونەتەوەییەکانیش هەبوون کە لەنێوان دەنگوباسەکاندا پێشکەش ئەکرانو مۆسیقای جۆراوجۆریش بۆ چینو توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگاو سەلیقە هەمەچەشنەکان لەبەرچاو گیرابوو. لە (15ی نیسانی 1963)دا

کەناڵی پێنجەمی رادیۆ دەستی بەکارکردن کرد. ئەم کەناڵە بۆ خەڵکی روسی دەرەوەی ڕوسیاو ئەو دەرەوەییانەی کە بەزمانی روسی ئاشنابوون یان خەریکی فێربوونی زمانی رووسی بوون، بەشێوەی شەوو رۆژیی بەرنامەی بڵاوئەکردەوە.

رادیۆی سۆڤییەت دەستکەوتەکانی سۆڤێتی لەبواری فەزادا فەرامۆش نەکردبوو، وەسفکردنی ئەو دەستکەوتانە بەیەکێك لەدەستکەوتە سەرکەوتوە پیشەییەکانی ئەم کەناڵە دەژمێردرا. لە (12ی نیسانی 1961)دا هەموو ئیزگە رادیۆییەکان لەسەعات دەو دوو خولەکدا، ئەم دەستەواژانەیان لەزمانی هەواڵدەری تاس-ەوە بڵاوکردەوە: (لەنیسانی 1961)دا، لەیەکێتیی سۆڤییەتدا یەکەمین کەشتی ئاسمانی بەکەشتیوانێکەوە رەوانەی خولگەی زەمین کرا. کەشتیوانی کەشتی ڤاستۆك[163] (شەو)، خەڵکی یەکێتیی سۆڤییەت، سەرهەنگی فڕۆکەوان (یۆری گاگارین)ە...

رادیۆ بەردەوام داهێنانی نوێی پێشکەش ئەکردو دەستیکرد بەبڵاوکردنەوەی چیرۆکی رادیۆیی زنجیرەییو چاوپێکەوتنو گفتوگۆکردنی جۆراوجۆر داهێنانێکی نوێ لەپێشکەشکردنی بەرنامەکانی رادیۆدا، بەرنامەی تایبەت بەبیستەمین ساڵیادی سەرکەوتنی سۆڤییەت بەسەر ئەڵمانیادا بوو، ئامادەکارانی رادیۆ، دەنگی تۆمارکراوی سەردەمی شەڕیان پەیدا کردبوو.

ئەو بەرنامە بەڵگەنامەییە-هونەریانە کاسێتی دەنگیی سەردەمی جەنگو دوای جەنگی لەخۆگرتبوو، بیرەوەری فەرماندە ناسراوەکانو قارەمانانی جەنگی تیا تۆمارکرابوو. لەساڵی (1962)دا ئیزگەی رادیۆیی یونوست[164] (لاوێتی) دەستی بەکارکرد. بەرنامەی ئەم کەناڵە بۆ لاوانو دەربارەی ژیانی لاوان بوو، بەرنامەی جیاوازی بۆ لاوانی کرێکارو، جوتیار، خوێندکار، سەربازانی سوپای سۆڤییەتی بڵاوئەکردەوە. بەرنامەی پاشنیوەڕوانی یونوست

163_Vastook
164-Yunost

تایبەت بوو بۆ بـوارە جیاوازەکـانی هونـەرو ئـەدەبیات، درامـاو کلاسـیکی، هونەرمەنـدانو نوسەرانی سۆڤییەتیو دەرەوەیی.

بەرنامـەی ئـەدەبی پاشـنیوەڕوان دەنگـی شـاعیرانی گـەورەی هاوچـەرخی روسـی وەکـو مایکۆڤسکی، یەسنینو باگرتیسکی بڵاوئەکردەوە. بەرنامەی کتێبخانەی بەرهەمە نوێیەکانی ئەدەبی سۆڤییەتی گوێگرانی بەسەرناوی کتێبە نوێیەکان ئاشـنا ئـەکردو بەرنامـەی زانکـۆیی رادیۆش گوێگرانی بەزانستەکانی رۆژ ئاشنا ئەکرد.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە مۆسیقا زیاترین بەشی بەرنامەکانی بۆخـۆی قـۆرغ کردبوو، رادیۆ چەندین گروپی مۆسیقی تایبەت بەخۆی هەبوو، بەرنامە مۆسـیقیەکانی رادیـۆ هەمەجۆری زۆری بەخۆیەوە گرتبوو، مۆسیقای (جگە لەمۆسیقای رۆك)، بڵاوئەکردەوە.

لەسەرەتای ساڵی (1966)دا لەیەکێتیی سۆڤییەت (88) دەزگـای وەرگـری رادیـۆیی لەناو خەڵك هەبوو. کۆی گشتی بەرنامەکانی رادیۆی ناوەندی بـۆ خـەڵکی سـۆڤییەت رۆژانـە (138) کـاژێر بـوو. لـە (2.69٪)ی ئـەو بەرنامانـە تایبـەت بـوون بەمەسـەلە کۆمەڵایـەتیو سیاسـییەکانو لـە (8.29٪)ی بەرنامـەکان تایبـەت بـوون بەبەرنامـەی سـەرگەرمیو کـات بەسـەربردن، رادیـۆی سـۆڤییەت لـەیادی پەنجایـەمین سـاڵڕۆژی شۆڕشـی ئۆکتۆبەرو سەد ساڵەی لـەدایکبوونی لینینـدا، کـاری گـەورەی پڕوپاگەنـدەییو رێکخراوەیـی خۆی بە ئەنجام گەیاندبوو.

بەشـی بنـەڕەتی بەرنامـەکان تـەرخان کرابـوو بـۆ باسـکردنو روونکردنـەوەی رۆڵـی سـەرکردایەتی حزبـی کۆمۆنیـستی یـەکێتیی سـۆڤییەت لەسـەر ژیـانی سیاسـی، ئـابووریو فەرهەنگی وڵاتو بانگەشـەکردن بـۆ کاریگـەربوونی سیاسـەتی ئـابووری حـزبو حکومـەت لەبارەی بنیاتنانی پایەکانی کۆمۆنیزم لەوڵاتو بۆ هەڵسەنگاندنو بەراوردکردنی پێداویـستییە مادیو مەعنەوییەکانی زەحمەتکێشان لەمرۆدا تەرخان کرابوو.

رادیۆی سۆڤییەت ناوەڕۆك‌و گرنگی یەکێتیی کرێکاران‌و جوتیارانی لەقۆناغی نوێی ژیانی خەڵکیدا شیئەکردەوەو بانگەشەی بۆ باشییەکەی ئەکرد. بەشێك لەبەرنامەو شانۆ رادیۆییەکان بەناساندنی کەسێتی (لینین)ەوە سەرقاڵبوون.

ئەو بەرنامانە هەوڵەکانی ئەوی لەماوەی ساڵەکانی بەر لەشۆڕشی کۆمۆنیستی‌و هەڵسوڕانی ئەو لەبارەی دەستەبەرکردنی سەرەتاکانی شۆڕش‌و، هەروەها سەرەتای بنیاتنانی سۆسیالیستی‌و، سەرکەوتنی ئامانجەکانی لینین وێنا ئەکردو ئەگرتەخۆ. لەچوارچێوەی ئەو بەرنامانەدا کەباسی لەشۆڕش‌و وڵات‌و ئەنجومەنەکان ئەکرد لەپەنجا ساڵی رابردوودا، مەسەلەی ڕۆڵی حزب لەشۆڕش‌و بنیاتنانی کۆمەڵگادا زیاتر بەدەرئەخست‌و بەرجەستەی ئەکردو، لاپەڕەکانی مێژووی رابردووی بەڕەنگ‌و بۆیەکی کۆمۆنیستیانە سەرلەنوێ نیشان ئەدایەوە.

بەرنامەی بەیەکەوە بەرەو یەك ئامانج، نیشاندەری سەرکەوتنی سیاسەتی نەتەوەیی لینین بوو، بەرنامەی ئۆکتۆبەری گەورەو چارەنووسی گەلان، کاریگەریی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر قۆناغە مێژووییەکان لەچوارچێوەی بەرنامە رادیۆییەکاندا بوون.

یەکێك لەئامانجە بنەڕەتییەکانی رادیۆی سۆڤییەت لەو سەردەمەدا، پڕوپاگەندەکردنێکی گەورە بۆ بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیای لینین بوو، لەبەرنامەی مانگانەی ڕۆژژمێری لینیندا بەپێی بەڵگەنامەکانی تایبەت بەژیان‌و چالاکییەکانی لینین‌و بیرەوەری هاوسەنگەرانی بەلشەفیکی ئەو، ژیاننامەی لینین شیئەکرایەوەو تاووتوێ ئەکرا. بەبۆنەی پەنجایەمین ساڵیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە. فیستیڤاڵی رادیۆیی کۆمارەکانی سۆڤییەت رێکخرا کەتیایدا زیاتر لەحەوت سەد بەرنامەی ناوخۆیی‌و بەقەبارەی 350 کاژێر لەرێگای رادیۆی ناوەندییەوە بڵاوکرایەوە. لەحوزەیرانی 1970دا چوارچێوەی رێکخراوەیی رادیۆ دووبارە گۆڕدراو، لەجیاتی کۆمیتەی پەخشی رادیۆو تەلەفزیۆن (سەربەئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤییەت).

کۆمیتەی حکومەتی ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤییەت بۆ کاروباری رادیۆو تەلەفزیۆن هاتە ئاراوە. رادیۆ لەحەفتاکاندا لـەتاووتوێکردنی هەولـّەکانی لیـنینو بەلـشەفیکەکانەوە گەڕایـەوە سەر مەسەلە ئاساییەکانی کۆمەڵگاو، کەوتە شیکردنەوەی گرنگیی بەرنامـەی پێـنج سـاڵەی ئـابوری. بەپێـچەوانەی هـەولّی فراوانـی رادیـۆ بـۆ روونکردنـەوەو نیـشاندانی پێـشکەوتنە ئابوورییـەکان، قـسەوباسی لـەبارەی پێـشڕەوانی کۆمـۆنیزمو روونکردنـەوەی زۆر لـەبارەی رێگاکانی باشترکردنی هەلومەرجی کـار. هـەموو ئەوانـە دەسـتکەوتێکی کـەمی بـۆ حیـزب لێئەکەوتـەوە. رادیـۆ وەك هۆکـارێکی پەیوەنـدی گـشتی نـەی ئـەتوانی رۆڵـی گرنگـی خـۆی بگێرێت، لەبەرئەوەی گرنگی نەئـەدا بەمەسـەلەکانی جێگـای گرنگـی پێـدانو خواسـتەکانی کۆمەڵگا زۆرتر خۆی کردبووە هۆکارێکی پڕوپاگەندەکردن بۆ حیزب.

رادیۆی کێبڵی یەکێك بوو لەدیاردەکانی تایبەت بەو وڵاتە. ئـەم مەسـەلەیە تـا ئـەمڕۆش بیانییەکانی سەرسام کردووە، کە لەهەر خانوو هەر باڵەخانەو تەلارێکدا لانی کەم رادیۆیـەکی کێبڵی هەبوو، کەتەنیا ئەو بەرنامانەی بڵاوئەکردەوە کەحیزب دەیویست بڵاوببنەوە، زۆرکـات کوژاندنەوەشی لەتوانادا نەبوو. لەگۆڕەپانی شارو لادێکاندا بڵندگۆیان دانابوو، کەبەرنامەکانی رادیۆیی بەردەوام لێوە پەخش ئەکرا(□□□).

---

□□□ –ئەندرێ بیسترەیتسکی (رادیۆ) سیڤودنیا ژمارە 63 نیسانی 1994

## تایبەتمەندییەکانی کەناڵە رادیۆییەکانی سۆڤییەت لەساڵی 1980دا

## قەوارەی بەرنامەکان

کەناڵی یەکەم: 20کاژێر.

کەناڵی یەکەم بۆ سیبیریای خۆرئاوا، ئاسیای ناوەندو کازاخستان 20کاژێر.

کەناڵی یەکەم بۆ سیبیریا خۆرهەلآت: 20 کاژێر.

کەناڵی یەکەم بۆ رۆژهەلآتی دوور 20کاژێر.

کەناڵی دووەم (رادیۆی مەیاك): 24کاژێر.

کەناڵی سێیەم: 16کاژێر.

کەناڵی چوارەم: 9کاژێر.

کەناڵی پێنجەم: 24کاژێر.

## *ناوەڕۆکی بەرنامەکان

**کەناڵی یەکەم:** کەناڵی سەرتاسەری سۆڤییەت، بەناوەرۆك کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگیو هونەری.

بەرنامەی زانیارییەکانی لەبواری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، پیشەسازی، کشتوکاڵی، نێونەتەوەیی، زانستو فەرهەنگ، منداڵانو لاوانو بەرنامەی جۆراوجۆر لەبارەی ئەدەبو مۆسیقاوە بوو. قەبارەی بەرنامە زانستییەکانی کەناڵی یەکەم ڕۆژانە سێ کاژێرو نیوبوو. رۆژانە یانزە جار دەنگوباسو هەروەها بەرنامەی پەیوەست بەمەسەلە نێونەتەوەییەکان بڵاوئەکرایەوە. لەوانە ئەتوانرێت ئاماژە بەبەرنامەی رۆژژمێری نێونەتەوەییو بەرنامەی لەوڵاتانی سۆسیالیستیەوە بگرێت. رۆژانە پێنج کاژێر بەرنامە بۆ منداڵانو لاوان بڵاوئەکرایەوە. زیاتر لە (50٪)ی بەرنامەکان مۆسیقاو ئەدەبیات بوو، چوار کەناڵی یەکەم بۆ بوردی پەخشکردنی بەرنامەکانی خۆیان کاتژمێرەکانی پەخشیان وەك یەك بوو.

**کەناڵی دووەم (مەیاك):** کەناڵی سەرتاسەری سۆڤییەت بوو، ناوەڕۆکی بەرنامەکانی زانیاریو مۆسیقا بوو، هەر نیو کاژێر دەنگوباسێکی پێنج خولەکیو لەنێوانیاندا کۆنسێرتێکی (25) خولەکی بڵاوئەکرایەوە.

**کەناڵی سێیەم:** بەناوەڕۆکێکی ئەدەبی، هونەریی، مۆسیقی بەرنامەی بڵاوئەکردەوە. پەخشی رۆژانەی (5 یان 6) بەرنامەی ئەدەبی بوو دەربارەی شاکارە ئەدەبییەکانی سۆڤییەتو جیهان بابەتی بڵاوئەکردەوە. پەخشی راستەوخۆی شانۆییو کۆنسێرتو سێ کاژێریش بۆ بەرنامەی منداڵانو لاوان بوو.

**کەناڵی چوارەم:** مۆسیقا بەشێوازی ستریۆفونیك بەقەبارەی (6)کاژێر بەرنامە لەڕۆژێکدا بەرنامەی هەبوو.

**کەناڵی پێنجەم:** زانیاری، کۆمەڵایەتی، سیاسیو هونەری بڵاوئەکردەوە. بەرنامەکانی ئەم کەناڵە تایبەت بوو بەپسپۆرانی سۆڤییەت لەدەرەوەی وڵاتو، هەڵبژاردەیەك لەدەنگوباسەکانی کەناڵی یەکەمو پارچە مۆسیقاو بەرنامەی زانیاری کەناڵی (مەیاك)یشی بڵاوئەکردەوە. هەماهەنگیو دارشتنی هەموو بەرنامەکان لەئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرنامە پەخشکراوەکانی رادیۆدا بوو.

## *کەناڵــە رادیۆییـــەکانی ڕوســـیا لەســـەردەمی پریـــسترۆیکەو دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤییەتیدا

هەرچـەندە بەسـەرهەڵدانی پرۆسـترۆیکە کەناڵـەکانی راگەیانـدنی سـۆڤییەت تاڕادەیـەك ئازادییان بەدەستهێناو، رادیۆش پێینایـە بـارودۆخێکی نوێـوە، بـەڵام شـێوازی پروپاگەنـدەی رادیۆیی لەسەردەمی گۆرباچۆڤدا هەروەکو جاران شێوە تەقلیدییەکەی دەورانی پێشووی خـۆی پەیڕەوئەکرد. رادیـۆ هێـشتا بەتـەواوی هۆکـارێکی پروپاگەنـدەیی بـوو، لـەجیاتی بانگەشـەو پڕوپاگەندە بۆ بەرنامەی پێنج ساڵەی ئابوری، کەوتە پڕوپاگەندەی یەکلایەنە لەپریسترۆیکە.

یەکەمین هەنگاوی گۆرباچۆڤ قەدەغەکردنی خواردنەوەی ئەلکهولی‌بوو، رادیۆو تەلـەفزیۆن دووساڵ پڕوپاگەندەیان ئەکرد کەگوایە ئیتر کەسێك نییە گـیرۆدەی خواردنـەوە بێـتو، خـەڵك هەموان روویان لەچـا خواردنـەوە کـردوە، لەحاڵێکـدا کەمەسـەلەکە واش نـەبوو، ئـاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەڕادیۆی ڕوسیادا لەساڵی (1990)دا دەرکـەوت. هاوکـات لەگـەڵ گرتنەدەسـتی دەسەڵات لەلایەن بۆریس یەڵتسینەوە لەکۆماری ڕوسـیادا، رادیـۆی ڕوسـیا لـە (1991)دا هاتە ئاراوە، کە یەکەمین هەنگاوی رچەشکاندنی قۆرخکردنی کاری رادیۆیی بـوو لەڕوسـیادا، دوای ئەوە یەکـەمین رادیـۆی نـاحکومی دامـەزرا کـەناوی نوسـتالژی (حەسـرەت) بـوو، ئـەم رادیۆیە تەنیا مۆسیقای بلاوئەکردەوەو لەڕاستیدا یەکـەمین رادیـۆی کـەرتی تایبـەت بـوو لـە ڕوسیادا.

ورده ورده کــەناڵی نــوێی رادیــۆیی دامــەزران، بــۆ نموونــە ئــەتوانرێت نــاوی رادیــۆی ئاکومۆسکۆی (دەنگدانـەوەی مۆسـکۆ)، ببرێـت، کەلەهـەمان سـاڵدا دامـەزراو لـەڕۆژەکانی کودەتــای ئابــدا، تــەنیا رادیــۆ بــوو کەهەواڵــەکانی ســەرکردایەتی بــەرگریکردنی یەڵتــسین‌و

ئەنجومــەنی بــاڵای ڕوســیای بڵاوئــەکردەوە. ئــەم رادیۆیــە بەرنامــەی هەمــەڕەنگی هــەبوو، کەگرنگترین هۆکاری خۆشەویست بوونی ئەو رادیۆیە بوو لەناو خەڵكو رۆشنبیراندا.

هەمەجۆری بەرنامەکانیو توانای دروستکردنی پەیوەنـدی خـەڵك بـوو لەگـەڵ رادیـۆدا. رادیۆ سیاسەتمەدارانی بەناوبانگو هونەرمەندانی گەورەی بانگهێشت ئەکرد، تـا لەبەرنامـەی پەخشی راستەوخۆدا بەشداری بکەنو وەڵامی پرسیارەکانی گوێگران بدەنەوە.

رادیۆیەکی تری تایبەت بەپەخـشکردنی مۆسـیقا رادیـۆی یۆرۆپـا پلـوس[165] (سـەرباری ئەوروپا)یە کەرادیۆی کەرتی تایبەتو چـەند کۆمپانیایـەکی دەرەکییـە. ئـەم رادیۆیـە رۆژانـە (20)کاژێر مۆسیقای رۆكو پۆپ پەخش ئەکاتو لـەناو لاوانـدا خۆشەویـستە. رادیـۆیتریش بەسەرمایەگوزاری دەرەکـی دامـەزراون، بـۆ نموونـە ئـێم-رادیـۆ کـەرادیۆی فەرەنـسییەکانەو، رادیۆی حەوت کە هی سەرمایەگوزارە ئەمریکیەکانەو، زیاتر مۆسـیقای ئـەمریکایی پـەخش ئەکات، ئەم کەناڵانە بەرنامەکانی خۆیان لەسەر شەپۆلی (FM) بڵاوئەکەنەوە.

هەرچەندە رادیۆی ناحکومیش دامەزراون، بەڵام تا ئەم کاتەش زۆرترین گوێگر، گـوێگری رادیـۆ حکومییـەکانن، ئـەم مەسـەلەیەش دوو هۆکـاری هەیـە، یەکـەم ئەوەیـە کـەرادیۆ حکومیەکان بـۆ سەرتاسـەری ڕوسـیا بەرنامـە بڵاوئەکەنـەوە، بـەڵام بەرنامـە رادیۆییـە تـازە دامـەزراوەکان بەشـێوەیەکی سـنوردار لەسـەر شـەپۆلی (FM) بەرنامـە بڵاوئەکەنـەوە. دووەم ئەوەیە کە تەنانەت لەناو مۆسکۆشدا کەهەموو رادیۆکان وەرناگیرێن. هەربۆیەشە لایـەنگرانی رادیۆ حکومیەکان زیاترە، لەبەرئەوەی چەندین ساڵە خـەڵك خـوی بـەم رادیۆیانـەوە گرتـووەو لەگەڵیاندا راهاتووە.

جگەلەوەش لـەناو ئـەو رادیۆیانـەدا رادیـۆ حکومیـەکان بەرنامـەو دەنگوباسـەکانیان پـڕ ناوەڕۆکترن، 80%ی خەڵکی ڕوسیا بەشێوەیەکی رێکوپێـك گـوێ لـەرادیۆی ڕوسـیا ئـەگرن. جار هەیە سی ملیۆن کەس لەیەك کاتـدا سـەرگەرمی گـوێگرتنن لەبەرنامـەکانی ئـەو رادیـۆ

165-_ Europa Plus

حکومیانـە. ژمـارەی گـوێگرانی رادیـۆی مـاك (کـەناڵی دووەم)، کـەمێك لـەخوارترە، ئـەوە لەکاتێکدایە کەژمارەی گـوێگرانی رادیـۆ ناحکومیـەکان نزیکـەی لـە (10٪ تـا 15٪)ی ژمارەی هەموو گوێگرانە لەڕوسیادا.

## *گرنگترین کەناڵە رادیۆییەکانی ڕوسیا

پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییەت، کەناڵە رادیۆییـەکان یـەك لـەدوای یـەك هاتنـە مەیـدانی راگەیاندنـەوەو، هەوڵیانـدا جـێ پێـی خۆیـان لـەو بـوارەدا قـایم بکـەن، لـەدەورانی حکومــەتی کۆمۆنیــستیدا، مۆســکۆ تــەنیا ســێ ئیزگــەی رادیــۆیی هــەبوو، بــەڵام دوای سەرهەڵدانی دەورانی نوێ ژمارەی رادیۆکـان زۆربـوون، ئەمڕۆکـە هـەر شـارو شارۆچکەیەكو ناوچـەیەك لەسـنوری ناوچـەکەی خۆیـدا ئـەتوانێت رادیـۆی هـەبێت. هەنـدێکجاریش یەکـە سەربازییەکانیش رادیۆی خۆیان هەبوو. شارە گـەورەکانی وەکـو مۆسـکۆ، سانپترۆسـبۆرگو، نوڤسیبیرسك بونە خاوەنی چەندین کەناڵی رادیۆیی. لەلایەکیترەوە پێویستە ئـەوەش بوترێـت کەناوچـەی پەخـشی بەرنامـەکانی کەناڵـە نوێکـان زۆر سـنورداربوو، هەنـدێکجاریش نـەی ئــەتوانی هــەموو شــوێنەکانی ئــەو شــارەش داپۆشــێ، هەرئــەوەش بــوو وای کردبــوو کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر رای گشتی نەبێت. خاڵێکی گـرنگیتر ئـەوەبوو کـەزۆر لـەڕادیۆ نوێدەرکــەوتووەکان نەیاندەویــست لــەبارەی مەســەلە جدییــە سیاســی، فەرهــەنگیو کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرنامە ئامادە بکەن (بەتایبەتی ئەو رادیۆیانەی لەسەر شەپۆلە FMەکـان بەرنامــەیان پــەخش ئــەکرد). ئــەم کەناڵانــە زیــاتر مۆســیقای خۆرئاواییــان بڵاوئــەکردەوەو، پێشکەشکاری بەرنامەکان لەبەینی کۆپلە مۆسـیقیەکاندا قـسەیەکی خـۆش یـان نەسـتەقیان تێهەڵکێش ئەکردو باسی لەگۆرانیبێـژە ناسـراوەکان ئـەکردو وەڵامـی تەلـەفۆنی گوێگرانیـان ئەدایەوە کەداوای مۆسیقای جێگای پەسەندی خۆیان ئەکرد.

رادیۆ شەپۆل بەهێزترەکان راپۆرتی باری ئاووهەوا، هەواڵی کورتو زانیاری بەسودیان بلاوئەکردەوە، بەشێکی زۆر لەڕادیۆکانی شار بەرنامەیان بۆ شۆفێرەکان هەبوو بەردەوام زانیارییان لەبارەی بارودۆخی رێگاوبانو نرخی سوتەمەنیو پێویستی یەدەکییەکانی ئۆتۆمبیلەوە بۆ ئەوان بلاوئەکردەوە، بەسەرنجدان لەتێربوونی گوێگران لەکەناڵە رادیۆییە (FM)ەکان، کەناڵەکان ناچاربوون بەدوای هۆکارێکدا بگەڕێن بۆ جیاکردنەوەی بەرنامەکانی خۆیان لەکەناڵەکانیتر. بۆ نموونە چاودێرانی راگەیاندن خەریك بوو لەوە ئەگەیشتن کەنیشانەکانی بێزاری لاوان لەمۆسیقای خۆرئاواییو رووکردنەوە مۆسیقای رەسەنی روسیی سەری هەڵداوەتەوە، لەوەڵامدانەوە بەو دیاردەیە رادیۆی ڕوسیا دامەزرا، لەم کەناڵەدا گۆرانییەکانو مۆسیقاکان هەموو روسی بوون. لەلایەکیترەوە کەناڵی گەورەی رادیۆ هەن کەبەرنامەی هەمەڕەنگ هەروەکو پێشوو بلاوئەکەنەوەو چالاکییەکانی خۆیان درێژە پێئەدەن. لێرەدا بەدواداچوونێك بۆ گرنگترین کەناڵە رادیۆییەکانی ڕوسیای پاش لێکهەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤییەت دەخەینەبەرچاو:

## *رادیۆی یەك

ئەم رادیۆیە پێشتر پەیوەست بوو بەکەناڵی سەرتاسەری ئاستان کینۆوە (ناوەندی پەخشکردنی رادیۆو تەلەفزیۆنی یەکێتیی سۆڤییەت)و ناوی کەناڵی یەکەمی رادیۆ بوو.

دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤییەتو راگەیاندنی سەربەخۆیی ڕوسیا، هەلومەرجی ئەم کەناڵە سەخت بوو، پێش هەموو شتێك ئەو کەناڵەیان لەکەناڵی یەکەمی رادیۆیی کەشەپۆلەکانی سەرتاسەری ڕوسیای دادەپۆشی جیاکردەوەو گواستیانەوە بۆ کەناڵی دووەم، کەئەم کارە ژمارەی گوێگرەکانی کەمکردەوەو دەرامەتی ریکلامی رادیۆکەیشی دابەزاند.

لەگەڵ بوونی گیروگرفتی داراییو هەڵسوکەوتی ساردی بەرپرسانی رەسمیدا، رادیۆی 1 درێژەی بەچالاکییەکانی خۆیداو هەولیدا ببێتە کەناڵی خێزانەکانو، بەهۆی ئەو

سیاسەتەیەوە، گەورەکان لەلایەك و منداڵانیش لەلایەکی ترەوە، پێشوازییان لەبەرنامەکانی ئەکردو گوێیان لێئەگرت.

رادیۆی 1 رۆژانە بەرنامەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، منداڵان و لاوان، ئەدەبی، پەروەردەیی، مەزهەبی، مۆسیقاو پێشبڕکێی بڵاوئەکردەوە. بەگشتی لەبەرنامەکانی ئەم رادیۆیەوە دڵتەنگی دەربڕینێك بۆ دەورانی رابردوو هەست پێئەکرێت کەزۆر لەڕوسەکان هاوبەشی ئەم دڵتەنگییەی ئەو کەناڵەن. هەواڵەکانی ئەم رادیۆیە لەکەناڵەکانی تر درێژو چڕترو شێوازێکی بێلایەنانەشی تیا بەدی ئەکرێت. ئەم کەناڵە گرنگییەکی زیاتر بەمەسەلە: فەرهەنگی، خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان ئەدات.

## *رادیۆی ڕوسیا (رادیۆ رەسیە)

هەروەکو چۆن کەناڵی یەکەم سەر بەئاستان کینۆ بوو، رادیۆی ڕوسیاش سەر بەڕادیۆو تەلەفزیۆنی ڕوسیا (RTR)ە لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆییەکی تاڕادەیەك باشی هەیە. رادیۆی ڕوسیا لەساڵی 1990دا دامەزرێنراو هەر لەسەرەتاوە سەنگەری دیاری تایبەت بەخۆی هەبوو. بێژەرو بەڕێوەبەرانی بەرنامەکانی ئەم رادیۆیە بەئاشکرا پشتیوانییان لەیەلتسین و هێزە لایەنگیرەکانی چاکسازی ئەکردو، لەهەموو هەلوێستە ئاڵۆزو تەنگژاوییەکاندا بەرگرییان لەیەلتسین ئەکرد. وا بەرچاو ئەکەوێت کەڕادیۆی ڕوسیا رەنگدەرەوەی دیدگای رەسمی حکومەتی ڕوسیا بێت. ئەو مەسەلەیە لەشێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ شەڕەکانی چیچان و مەسەلەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرکۆماردا زیاتر رەنگی دابووەو دەرکەوتبوو. هەڵسوڕێنەرانی ئەم کەناڵە پشتیوانییان لەشەڕی چیچان نەئەکردو، بەردەوام داوای چارەسەرکردنیان بەشێوەی ئاشتیانە ئەکرد، هیچکات سەرکۆمارو بەرپرسانی حکومییان تاوانبار نەئەکرد لەو بارەیەوە. لەسەروبەندی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی نوڤەمبەرو کانونی یەکەمی 1995دا، رادیۆی ڕوسیا وەك کەناڵێکی حکومی ناچار بوو رێگا بەنوێنەری

هەموو پارتە تۆمارکراوەکانی کۆمسیۆنی ناوەندی هەڵبژاردنـەکان بـدات تـا ڕاوبۆچـوونەکانی خۆیان لەبڵندگۆی ئەم رادیۆیەوە: بگەیەننە گوێی خەڵکی.

بەڵام لەپرسیاری ڕۆژنامەنووسـانو شـیکردنەوەی لێکۆڵـەرەوانی ئـەم کەناڵـەوە دەرکـەوت کەئـەوان دژی کۆمۆنیـستەکانو گروپـە چـەپەکانیترن. هەرچـەندە کردەوەکـانی حکومـەتی بۆریس یەڵتسین هەندێکجار ژمـارەی لایـەنگرانی لەکەناڵـەکانی راگەیاندنـدا کـەمکردبۆوەو، بوبووە هۆی ئەوەی کە بیریارانیش رووی لێوەرگێڕن.

لەڕادیۆی ڕوسیادا، قۆناغی گرژیو ساردی نێوان بەڕێوەبـەری رادیـۆ لەگـەڵ سـەرکۆماردا زۆر درێژەی نەکێشاو لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماردا دووبارە لەهـەموو بوارەکانـدا پشتیوانی لەسەرکۆمار بەئاشکرا لەبەرنامەکانیدا هەستی پێئەکرا.

رادیۆی ڕوسیا بـەهۆی لەبەردەسـتدابوونی توانایـەکی زۆری دارایـیو هونەرییـەوە، هـەوڵ ئـەدات بەرنامـەکانی هەمـەجۆر بکـات تـا هـەموو چینو توێـژەکانی کۆمـەڵگای ڕوسـیاو، تەنانەت خەڵکی کۆمارە بەرژەوەندهاوبەشەکان (مشترك المنافع)یش ڕوومـاڵ بکـات لـەبارەی هەواڵو بابەتی بەرنامەی کەناڵەکەی خۆیەوە.

## *رادیۆی ئۆرفی[[]]

ئـەم رادیۆیـە کـە لەسـەردەمی حکومـەتی سـۆڤییەتدا دامـەزراو، لەگـەڵ ئـەو هـەموو گیروگرفتە داراییەدا، کەدوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤییەت ڕووبەڕووی بۆتەوە، درێژەی بـەژیانی خۆی داوە. تایبەتمەندی ئەم کەناڵە ئەوەیە کەتەنیا مۆسـیقای کلاسـیکی روسـیو ئـەورووپایی بلاوئەکاتـەوە. لـەم رادیۆیـەدا کاسـێتە کۆنـەکانو نوێکـانیش کـەڵکیان لێوەردەگیرێـتو بلاوئەکرێنەوە. ژمارەی گوێگرانی رادیۆی ئورفی کەمە، بەڵام کاتێـك کـە بڕیـاردرا دابخرێـت، خەڵکێکی زۆر نارەزاییان دەربڕی.

---

[[]] Orfei Radio–

## *رادیۆی مەیاك

مەیاك یەكێك لەناسراوترین‌و كۆنترین كەناڵە رادیۆییە حكومییەكانی ڕوسیایە، كەبەهۆی بڵاوكردنەوەی بابەتی جۆراوجۆرو مۆسیقاو بەرنامەی گەپ ئامێزەوە، لەسەردەمی سۆڤییەتدا لایەنگرێكی زۆری بۆ خۆی پەیداكردبوو، لەساڵی (1991) بەداوە كەكەناڵی رادیۆیی زۆر هاتنەئاراوەو بەرنامەكانیان لەسەركەناڵی (FM) بڵاوئەكردەوە تا توانای دەستەبەركردنی چۆنایەتییەكی باشتری مۆسیقای (ستریۆفۆنیك)یان بۆ بڕەخسێ، بازاڕی مەیاك تاڕادەیەك رووی لەكزی كرد. لەچوارچێوەی ئەو ئاڵوگۆڕەی سەرەوەدا بڕیاردرا كە (مەیاك) بەرنامەی جۆراوجۆر بڵاونەكاتەوەو، هەموو كاتی پەخشی خۆی بۆ پانۆرامای موزیكال-دەنگوباس تەرخان بكات بەم شێوەیە ئەم كەناڵە رادیۆییە بەزۆری مۆسیقا پەخش ئەكات‌و پاش هەر (10) خولەك، دەنگوباسێكی كورت، شیكردنەوەیەك، ریكلام‌و ئاگادارییەك، یان بەرنامەیەكی گەشتیاری بۆ گوێگرەكانی بڵاوئەكاتەوە ئەگەر بەگشتی وەری بگرین بەرنامەكانی مەیاك تاڕادەیەك هەمەڕەنگەو گوێگرێكی زۆریشی هەیە.

## *رادیۆی ئێخە مەسكڤی(سەدای مۆسكۆ):

ئەم رادیۆیە لەپێشڕەوانی رادیۆ ناحكومییەكانی ڕوسیایە، لەڕۆژانی گرژییەكانی كودەتای سەرنەكەوتووی ئابی (1991)دا، كودەتاچییەكان بەر لەهەموو شتێك ئەم رادیۆیەو هەموو كەناڵەكانی راگەیاندنی نەیاری كۆمۆنیستەكانیان داخست.

سەرەتا چالاكییەكانی ئەم رادیۆیە بەزۆری سیاسی بوو، ئێخە مۆسكۆ[*] (سەدای مۆسكۆ) هەوڵی ئەدا دەنگوباسەكان زوتر لەكەناڵەكانی‌تر بگەیەنێتە گوێی گوێگرەكانی، بەڵام وردە وردە ئەو پێداگرتنەی كەلەسەر مەسەلە سیاسییەكان لەسەرەتادا هەیبوو

[*] Echo Moskwy–

کەمبۆوەو تەنیا لەبارەی جەنگی چیچانەوە-کەدەنگدانەوەی مۆسکۆ بەتوندی مەحکومی کرد- تارادەیەك چوبوە سەرێ.

هەڵوێست وەرگرتنی سیاسی ئەم رادیۆیە دەربڕی تێڕوانینو روحیەتی رۆشنبیرانی مۆسکۆیە. لەگەڵ تێڕوانینی ئەم توێژەدا، ناوەرۆکی هەڵسەنگاندنەکانی رادیۆکەش لەبارەی سیاسەتەکانی حکومەتەوە گۆڕانی بەسەردا هات. پاش سەرهەڵدانی جەنگی چیچان، ئاوازی شیکردنەوەکانیشی نێگەتیڤانە بوونو، وردە وردە توندبوون. رەخنە لەکارەکانی سەرکۆمارو حکومەت لەزستانی (1995)دا، پاش شکستهێنانی هێزە دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا ڕەخنەکان گەیشتە لوتکە، بەڵام بەدەستپێکردنی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرکۆماریو، ئەگەری هەڵبژێردرانی رێبەری حزبی کۆمۆنیست بۆ ئەو پۆستەو گەڕانەوەی وڵات بۆ رژێمی پێشوو، ئەم رادیۆیە بەبێ حەزی خۆی کەوتە لایەنگیریکردن لە یەڵتسین. بەو جۆرە شێوەیەك لەپەشیمانبوونەوە لەبەرنامە سیاسییەکانی (دەنگدانەوە)دا بەرگوێ ئەکەوت. بەرنامەکانی رادیۆی ئیخە مۆسکۆ بۆ چەند بەشێك دابەش ئەکران:

بەرنامەی هەواڵو شیکردنەوە، بەرنامەی فەرهەنگیو سەرگەرمی، کێبەرکێی رادیۆیی، بەرنامەی مۆسیقی، بەرنامەی کۆمەڵایەتی-سیاسیو بەرنامەی زانستیو پزیشکی. ئەم رادیۆیە توانی چالاکییەکانی خۆی فراوان بکاتو کاژێرەکانی پەخشی خۆی بگەیەنێتە (24) کاژێر لەشەووڕۆژدا. زۆری ریکلامە بازرگانییەکانی کەناڵی ئیخە مۆسکۆ، نیشاندەری جێگای متمانەبوونی ئەم کەناڵە بوو لەلای کۆمپانیا بازرگانییەکانو هەرئەو خۆشەویستییە زۆرەشە کەبووەتە دروستکردنی جەماوەرێکی بەرفراوان لەگوێگران بۆ ئەم کەناڵە.

## *رادیۆی کراوە (2×2)

ئەم رادیۆیە کەسەرەتا بەشێوەی سەربەخۆ کاری ئەکرد، لەبەهاری 1995دا بەسترایەوە بەکەناڵی تەلەفزیۆنی (2×2)ەو لێرە بەدواوە بەرنامەکانی خۆی لەگەڵ ئەو کەناڵەدا هەماهەنگ کرد، ئەم ڕادیۆیە لەو رادیۆ دەگمەنانەیە کە لەسەر شەپۆلی **FM**ەو جگە لەمۆسیقا، بەرنامەی سیاسیش بڵاوئەکاتەوە. دیارە لەو کاتەوە کەبەستراوەتەوە بەکەناڵی (2×2)ەوە بەرنامەی سیاسی لەم کەناڵەدا کەمبۆتەوە. ئەم رادیۆیە رۆژی چەند جار بەرنامەی هەواڵەکانی کەپێکهاتووە لەدەنگوباسی سیاسی ناو ڕوسیاو جیهان، هەواڵی وەرزشی، هەواڵی ئابووریو دارایيو راپۆرت لەبارەی ئاووهەواوە بڵاوئەکاتەوە. هەروەها بەرنامە لەبارەی مۆدێل، مەسەلەی پزیشکی، رێنوێنی هاووڵاتیان لەهەڵبژاردنی کاڵای نوێو چۆنایەتی باشدا، کەئەکەوێتە بازاڕەوەو، هەروەها مۆسیقاش بڵاوئەکاتەوە.

رادیۆی کراوە، هەر لەسەرەتای کاری خۆیەوە، چەند کاژێر لەماوەی بەرنامەکانی خۆی دابوو بەڕادیۆی ئازادی (کەلەلایەن ئەمریکاوە پەخش ئەکرێت)و دەنگی ئەمریکا بەڕوسی بڵاوی ئەکاتەوە. بەو هۆیەوە باری دارایی رادیۆکە باش تر بوو بوو.

## *چاوگێڕانێکی گشتی بەپەیدابوونو کاری رادیۆی نێونەتەوەیی سۆڤییەتیدا

مێژووی کەوتنەکاری بەشی نێونەتەوەیی رادیۆی سۆڤییەت(□□□)، ئۆکتۆبەری (1929)یە، لەو کاتەوە پەخشی بەرنامەکانی بۆ ولاّتانی دەرەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دەستیپێکردووە، هەرچەندە کاری رادیۆ تەلەگراف بۆ ولاّتانی دەرەوە لەساڵی (1918)ەوە دەستیپێکردبوو، بۆ بلاّوکردنەوەی بەرنامە بۆ خەڵکی روسی زمان، زمانە بیانییەکانیتر لەسەر شەپۆلی رادیۆیی مۆسکۆ ئەبیسترا. لەپێنجی تشرینی دووەمی (1917)دا بەیاننامەی ئاشتی بەزمانی ئەڵمانی لەڕادیۆی مۆسکۆوە بلاّوئەکرایەوە لەبەرئەوەی ولاّتان وەلاّمێکیان لەو بارەیەوە بەمۆسکۆ نەدایەوە، بڕیاریاندا کەقسەوباسەکانیان ئاڕاستەی ئەو گەلانە بکەن کەحکومەتەکانیان لەشەڕدان لەگەڵ سۆڤییەتدا، بڕیاری ئاشتیو بەیاننامەی مافی گەلانی ڕوسیا چەندین جار لەڕادیۆوە بلاّوکرایەوە.

سۆڤییەتیش بەنۆرەی خۆی بەهۆی هۆکانی راگەیاندنەوە بەخێرایی ئاگاداری رووداوەکانی جیهان ئەبۆوە. لەئۆکتۆبەرو تشرینی دووەمی (1918)دا بوو کە لەڕێگای رادیۆ تەلەگرافەوە راپۆرتە هەواڵەکانی تایبەت بەڕووداوەکانی شۆڕش لەئەڵمانیا بلاّوکرانەوەو، لەمارتی (1919)دا لەبارەی دامەزراندنی حکومەتی یەکگرتووی پۆڵەندا، مەجەرستانو سۆڤییەت لەو ڕادیۆیەوە بلاّوکرانەوە.

---

□□□ –لەئامادەکردنی بابەتەکانی ئەم بەشەدا، سوود لەبەڵگەو دیکۆمێنتەکانی کە لەساڵی (1975)ەوە وەرگیراوە. لەبارەی پەیدابوونی بەشی دەرەکی رادیۆی سۆڤیەتیشەوە، بۆڵتنەکانی تایبەت بە یادی چلەمین ساڵرۆژی رادیۆی نێونەتەوەیی‌و بەڵگەنامەیتری بەردەست لەئەرشیفی رادیۆی ڕوسیاوە بەدەستهێنراون.

لەکۆتایی ساڵی (1920)دا پەخشی بەرنامە بۆ وڵاتانی دەرەوە (بەقسە نەك بەئەلف بای مۆرس) بۆ یەکەمجار بەشێوەی ئەزمونی دەستیپێکرد. لەو سەردەمەدا بۆ یەکەمینجار بەرنامەی رادیۆی تەلەفۆنی نێونەتەوەیی نێوان مۆسکۆو بەرلین ڕێکخرا. (ناونیشانی رادیۆی نێونەتەوەیی دواتر هاتە ئاراوە. تا ساڵی (1924) پەخشی بەرنامە، بەناوی رادیۆی تەلەفۆنی ناوی دەرکردبوو). دوای ئەوەو لەبیستەکاندا ژمارەیەك لەبەرنامە رادیۆییەکانی سۆڤییەت چەندین جار لەدەرەوە بڵاوکرایەوە، کەلەوانە ئەتوانرێت ناوی بەرنامەی ساڵیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ببرێت. لەئەرشیفی رادیۆو تەلەفزیۆنی حکومەتی ڕوسیادا بڕیاری ژمارە سێی (پێنجی تشرینی دووەمی 1928) دەربارەی پەخشی بەرنامەی رۆژی جەژنی یازدەیەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەیە کەتیادا باس لەوەکراوە کەدەبێت دروشمەکان وەرگێڕدرێنە سەر زمانەکانی ئەوروپای رۆژهەڵاتو داوا لەکەسانی بیانی بکرێت بۆ بێژەری لەو کەناڵانەدا بەزمانەکانی خۆیان بێنو ببنە بێژەر.

فراوانکردنو تەواوکردنی بەشی دەرەوەیی رادیۆی سۆڤییەتو هەموو مەسەلەکانی تایبەت بەو رادیۆیە لەژێر کۆنترۆڵی تەواوو بەردەوامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستدا بوو، دەربارەی مەسەلەکانی تایبەت بەکاری ئەو کەناڵە لەکۆبوونەوەکانی کۆمسیۆنی تایبەتدا گفتوگۆیان لەسەر ئەکرا.

بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیست لەبارەی داهاتووی ئەو جۆرە بابەتانەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بیست. لەحوزەیرانی (1925)دا بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیست، لەتەنیشت ناوەندی راگەیاندنەوە، کۆمسیۆنی ناوەندی رادیۆ دامەزرا، کەکاری ئەم کۆمسیۆنە کۆنترۆڵو رابەریکردنی رۆژانەی بەرنامە رادیۆییەکانی بەشی دەرەوە بوو، لەڕووی ئایدۆلۆژیی-سیاسیو یەکخستنی هەموو ئیشوکارەکانی رادیۆوە. لەئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا بۆ یارمەتیدانی کۆمسیۆنی رادیۆ، ئەنجومەنێك بۆ رادیۆ بنیات نرا کەنوێنەرانی

کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیست، یەکێتیی رادیۆی مۆسکۆو کۆمیسارییای گەلی پۆستو تەلەگرافی لەخۆدەگرت.

لەسەرەتای (1926)دا لەئەنجومەنی ناوەندی سیاسیدا، بەشێك پێکهێنرا کەکۆمیتەی ناوەندی حزب، ئەرکێکی بەم جۆرەی بۆ دەستنیشان کردبوو: (پێکهێنانو دامەزراندنی کەناڵی رادیۆیی لەگوندەکاندا، بەرپرسیار بوون لەبەرامبەر ناوەرۆکی ئایدۆلۆژی-سیاسی بەرنامە رادیۆییەکاندا، خستنەگەڕی تواناکانی رادیۆ لەکاری پروپاگەندەی سیاسیو، لێکۆڵینەوە لەکاریگەریی بەشی واتە وات). لەیەکەمی ئۆکتۆبەری (1924)دا بەپێی بڕیاری بەشی پروپاگەندەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ڕوسیا، کۆمپانیایەکی هاوبەش بەمەبەستی گەشەدان بەبەشی رادیۆ دامەزرا، کەپێی ئەوترا ناوەندی گفتوگۆ، کەخزمەتگوزارییەکانی تەلەگرافی ڕوسیا، کۆمیسارییای گەلیی پۆستو تەلەگرافو، ناوەندەکانی کارەبای لەخۆدەگرت.

ئەم کۆمپانیایە لە شوباتی (1925)دا یەکەمین ڕۆژنامەی خۆی بڵاوکردەوە، کەتایبەت بوو بەبەرنامەکانی رادیۆ، هەلومەرجی پەخشو تەکنیکی رادیۆیی. لە (3ی تەمموزی 1928)دا چالاکییەکانی کۆمپانیای هاوبەشی گفتوگۆ، راوەستاو بەپێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی کارو بەرگری کە لەبارەی چاکسازیو نوێکردنەوەی رادیۆو سەرپەرشتیکردنیەوە دەرچوبوو رادیۆی دایە دەست کۆمیسارییای گەلیی پۆستو تەلەگراف.

لە (14)ی کانونی یەکەمدا، ناوەندی پەخشی رادیۆی مۆسکۆ بووە جێگای پەسەندی حزبی کۆمۆنیست. لەفەرمانی ژمارە یەکدا کە لەبارەی ناوەندی پەخشی رادیۆ مۆسکۆ لە (8ی کانونی دووەمی 1929)دا هاتووە: (لەناوەندی پەخشی رادیۆی مۆسکۆدا پێویستە بەم شێوە کاربکرێت: پەخشی بەرنامە بۆ دەرەوەی وڵاتو ئامادەکردنو رێکخستنی کۆنسێرتی تایبەتو ئاڕاستەکردنی بۆ وڵاتانی دەرەوە).

پێویستی بەڕوونکردنەوە هەیە کەلەو ساڵانەدا کۆنسێرتەکانی لەڕادیۆوە بۆ گوێگرانی دەرەوەیی پەخش ئەکران، یەکێك لەڕێگاکانی راکێشانی گوێگرانی دەرەوەیی بوو بۆ بەرنامەکانی رادیۆی مۆسکۆ. بلاوکردنەوەی بەرنامە بۆ دەرەوە ئەگەرێتەوە بۆ ساڵانی (1927-1928)، لەوکاتەوە کە بەهۆی کەناڵی رادیۆی نێونەتەوەیی کۆمۆنیستییەوە جارجارە بەرنامە بۆ گوێگرانی دەرەوەی ولات بلاوئەکرایەوە.

لەڕاپۆرتی کۆمیسارییای پۆستو تەلەگرافدا کە لە (19ی کانونی یەکەمی 1927)دا کە لەئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤییەتدا هەلگیراوە ئەمە ئەخوێنینەوە: (ئەڵمانەکان ئیزگەیەکی رادیۆیی بۆ خۆیان بەتوانای (100) کیلۆ وات ئەکەنەوە.. لەئەمریکا لەساڵی (1930)دا ئیزگەیەکی رادیۆیی بەتوانای (100) کیلۆ وات، لەئەورووپای خۆرئاوادا بە (130) کیلۆوات، کەتا ساڵی (1935) ئەگاتە (1000)کیلۆ وات ئەکەوێتەگەڕ). ((لەساڵی (1927) کۆی توانای ئیزگەکانی ئەورووپای خۆرئاوا لە (35) کیلۆ وات تێنەئەپەڕی)).

بەلەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنو کامڵبوونی توانای ئیزگە رادیۆییەکان لەولاتانی ئەورووپای خۆرئاواو ئەمریکادا، کۆمیسارییای گەلیی پۆستو تەلەگراف لەڕاپۆرتی خۆیدا رووئەکاتە حکومەتو لەکانونی یەکەمی (1927)دا ئاوەهای نووسیوە: (ئیزگەی نێونەتەوەیی کۆمۆنیستی بەتوانای 40کیلۆ وات تا ئەم دوایییە بەهێزترین جۆری ئیزگەی رادیۆیی بوە لەئەورووپای خۆرئاوادا.. یەکێتیی سۆڤییەت لەبارەی توانای ئیزگەی رادیۆییەوە لەهەموو ولاتانیتر لەپێشەوەتر بووە، لەبەراورد بەولاتانی بۆرژوازی لەتوانایەکی باش بۆ پێشخستنی کاری پەخشی رادیۆیی بەهرەمەند بووە.. رادیۆکانی ئەورووپا بەشێوەیەکی ڕێکوپێك پڕوپاگەندەی خۆیان ئەکەن تەنانەت لەسەعاتەکانی ئیشکردنیشدا هەر بەردەوامن لەسەر ئەو کارەی خۆیانو ئەو بابەتانەی پەخشی ئەکەن).

لەبارەی ئەم بابەتەوە کۆمیسارییای گەلیی پۆستو تەلەگراف ئەوەی پشت راستکردۆتەوە کە گەشەکردنو زیادبوونی خێرایی توانا رادیۆییەکانی ولآت لە 300 کیلۆ وات بۆ زیادکردنی بۆ توانای 1000کیلۆ وات ماوەی دامەزراندنی ئیزگەیەکی لەوجۆرەش باسکرابوو، کەنەئەبوو لەدووساڵ تێپەڕ بکات.

لەو راپۆرتەی کەتایبەت بوو بەبەرنامەی دروستکردنی ئیزگەیەکی بەتوانا، ئاوا وترا بوو: (..بەیارمەتی دەزگاکانی ناردن، پەخشی بەرنامەکان لەمۆسکۆوە ئەتوانرێت تا هەر مەودایەك کەبویسترێت درێژ بکرێتەوە، ئەزموونێکی لەو جۆرەش کراوە، بۆ نموونە کاتی ئاهەنگی شۆڕشی ئۆکتۆبەر زیاتر لە 20ئیزگە لەمۆسکۆوە بەرنامەیان پەخش ئەکرد).

مەسەلەی تایبەت بەدامەزراندنی ئیزگەیەکی رادیۆیی نوێ، لەکۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی رادیۆیی کۆمیتەی ناوەندی حزبو، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی سۆڤییەتدا خرایە بەرباس. هاوکات لەگەڵ ئامائەکاری دامەزراندنی ئیزگەیەکی رادیۆیی شەپۆل کورتدا، کۆمەڵێك پێشنیاریش بۆ زیادکردنی تواناکانو ئاراستەکردنی ئەو ئیزگەیە خرانەبەرچاو.

لەئۆکتۆبەری (1929)دا دامەزراندنی کاملترین ئیزگەی رادیۆیی شەپۆل کورت بەتوانای هەزار کیلۆ وات، بەناوی ئیزگەی رادیۆیی یەکێتییەکان تەواوکرا. ئەو کارەش توانای پەخشی بەرنامەی بەشێوەیەکی رێکوپێك بۆ ولآتانی دەرەوە دەستەبەرکرد. هەروەها لەهەمان دەوراندا بەشی تایبەت بەئامادەکردنی بەرنامە بەزمانە بیانییەکان دامەزرا، کە یەکەمین بەرنامەی بەزمانی ئەڵمانی پەخش کرد. ئەم بەرنامەیە رۆژنا رۆژێكو بۆ ماوەی نیوکاژێر تا کاژێرو نیوێك بەرنامەی بلآوئەکردەوە.

پەخشی بەرنامەی رادیۆیی بۆ ولآتانی دەرەوە بەناوی یەکێتیی دەستپێکردو، ئەم کەناڵە رادیۆییە، بەشێوەیەکی بەرچاو خزمەتی بەحزبە کۆمۆنیستییە نێونەتەوەییەکان ئەکرد، لێکۆڵینەوەو وتارەکانی ئەو حزبانەی بەزمانە بیانییەکانو بەزۆری ئەڵمانی بلآوئەکردەوە.

چەند بەرنامەیەکیش بەزمانی فەرەنسی پەخش ئەکران. بەرنامەیەکیش بۆ کرێکارانی دەرەوەیی‌و، ئەو بیانیانەی کە لەسۆڤییەتدا ئەژیان لەبەرچاو گیرابوو. ئەوەش بەتەواوی وەڵامدەرەوەی ئەو پێشنیارە بوو کە لەشەشەمین کۆنگرەی نێونەتەوەی پارتە کۆمۆنیستەکان بوو، هەروەها جەخت کردنەوەش بوو لەسەر بەستنی پلینیۆمی پارتە کۆمۆنیستییە نێونەتەوەییەکان لەتەمموزی (1929)دا.

یەکەمین بەرنامەی رادیۆی مۆسکۆ بۆ گوێگرە دەرەوەییەکان تەژی زانیاری تایبەت بەپێکهاتەی سۆسیالیزم بوو لەسۆڤییەتدا. ناونیشانی بەرنامەکانی ئەو سەردەمە رەنگدەرەوەی ئەم بانگەشەیە بوو: بەرنامەی پێنج ساڵەی کشتوکاڵی (ئابوری نەتەوەیی)، هەرەوەزیی لەیەکێتیی گەلانی سۆڤییەتی سۆسیالیستیدا، پیشەوەران لەیەکێتیی گەلانی سۆڤییەتی سۆسیالیستیدا، رستن‌و چنین لەیەکێتیی گەلانی سۆڤییەتی سۆسیالیستیدا. مۆسیقاش بەشێك بوو لەو بەرنامانە. لەکاژێر (12)ی شەو گوێگرانی دەرەوەیی ئەیانتوانی دەنگی کاتژمێرەکەی بورجی سپاسکی کرملین ببیستن. بەم جۆرە لەساڵی (1928)ەوە شەوانە گوێگران، نەك هەر تەنیا لەمۆسکۆدا بەڵکو لەهەموو سۆڤییەتداو، تەنانەت لەولاتانی دەرەوەش ئەیانتوانی لەرێگای ئەو بەرنامانەوە خۆیان لەمەیدانی سوردا ببیننەوە. هەموو بەرنامەکانی مۆسکۆ کەبۆ ولاتانی دەرەوە بلاوئەکرانەوە بەم ڕستانە دەستی پێئەکرد: (ئێرە مۆسکۆیە! کرێکارانی جیهان یەکگرن!)، بەهەمان شێوەش بەرنامەکان کۆتاییان پێدەهات.

لەسپتامبەری (1929)وە جگە لەپەخشی بەرنامە لەمۆسکۆوە بۆ ولاتانی دەرەوە، لەڕادیۆی تریشەوە کە لە(تاشکەندو خارکۆڤ)و رادیۆی شەپۆل کورتی (خاباروفسك)ەوە بەرنامە بەشێوەی پچڕپچڕ دەربارەی ژیان لەسۆڤییەتدا، سەرەتا بەزمانی چینی‌و دواتر بەزمانی ئینگلیزی‌و ئیسپرانتو بلاوئەکرایەوە. لەگۆڤاری گوێگرانی رادیۆدا، جەخت لەسەرئەوە کرابۆوە کە: (لەهەموو ولاتەکانی دەوروبەری ئۆقیانووسی ئارامدا، ئەم رادیۆیە

گوێگری زۆری هەیە). یەکەم بەرنامەی رادیۆی مۆسکۆ، بوەهۆی پێشوازیلێکردنێکی گەرم لەلایەن گوێگرە دەرەوەییەکانەوە. یەکێك لەو بەرنامانە، راپۆرتێك بوو لەبارەی ئاهەنگی دوانزەیەمین ساڵیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەمۆسکۆ کە بەدوو زمانی روسیو ئەڵمانی بڵاوکرایەوە، لەگەڵ راپۆرتی بەرنامەی ساڵڕۆژی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، پەخشی بەرنامە بەزمانی فەرەنسیش دەستیپێکرد. لەکۆتایی ساڵی (1929)دا جگە لەپەخشکردنی بەرنامە بەزمانی ئەڵمانیو فەرەنسی، پەخشی بەرنامە بەزمانی ئینگلیزیش دامەزراو کەوتەکارو، ئەم بەرنامەیە لەساڵی (1930)ەوە بەشێوەی رۆژانە بڵاوئەبۆوە. بەڵام فراوانکردنو گەشەدان بەبەرنامە بۆ وڵاتانی دەرەوە پێویستی بەبنکەیەکی تەکنیکی بەتوانا هەبوو، یەکەمین هەنگاو لەو بارەیەوە لەکاتی یەکەمین بەرنامەی پێنج ساڵەی پێشکەوتنو گەشەکردنی رادیۆی ڕوسیادا خرایە بەرباسو کاربۆکردن، لەو کاتەوە بوو کەمەسەلەی پەیوەندیدار بەپەخشی بەرنامەی رادیۆیی لەسەر شەپۆلی کورتو پێشکەوتنو تەواوکردنی ئەو مەسەلەیە، بەردەوام جێگای گرنگیپێدانی کۆمپانیا جیاجیاکانی بواری پەیوەندییە رادیۆییەکان بوو بەدوای بەدیهێنانیەوە بوون.

لەماوەی بەرنامەی پێنج ساڵەی (1928-1933)دا پەخشی بەرنامە بۆ وڵاتانی دەرەوە زیادی کرد. لەساڵی (1932)دا رادیۆی مۆسکۆ نەك هەر بەرنامەکانی خۆی بەزمانەکانی ئەڵمانیو فەرەنسیو ئینگلیزی بڵاوئەکردەوە، بەڵکو بەزمانەکانی (چیکی، سویدی، ئیسپانیو مەجەری)یش بەرنامەی بڵاوئەکردەوە.

لەهەمان ساڵدا بەشێوەی پچرپچڕ بەرنامەشی بەزمانی تورکی بڵاوئەکردەوە. یەکەمین بەرنامەی کە لەساڵی (1932)دا بڵاوکرایەوە یاری تۆپیپێی نێوان سۆڤییەتو تورکیا بوو کە لە یاریگای دینامۆدا ئەنجامدرا.

لەساڵانی سەرەتادا، بابەتەکانی رادیۆ جیاوازییەکی وای نەبوو لەگەڵ ڕۆژنامەدا، ناوەڕۆكو دەقەکان زیاتر نووسراوی بوون تا قسەکردنو پێشکەشکردنی بەشێوازی رادیۆیی،

لەبەرئــەوە ئامادەکــارانی رادیــۆ هــەوڵیان ئــەدا، بابــەتو شــێوەو فــۆرمی رادیــۆیی بدەنــە بەرنامـەکانیانو کەوتنە ناردنی پەیامنێر بـۆ نـاردنی راپۆرتەهــەواڵ لەشـوێنی رووداوەکانـەوەو راپۆرتیــان لەشــوێنی رووداوەکــەوە ئــەناردو، ئــەتوانرێت پەخــشی راســتەوخۆی ئاهــەنگی دوانزەیەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی ئۆکتۆبـەر کـە کردنـەوەی بەرهەمهێنـەری وزەی کارەبـای تێـدا کرایەوە، بەیەکەمو سەرکەوتوترین پەخشی راستەوخۆ دابنرێت، لەگەڵ ئاهـەنگی سـەرکەوتنی کرێکارانی کانەکانی دونباسو کوزباسدا کەهەردووکیان راسـتەوخۆ لەشـوێنی ئاهەنگەکانـەوە راپۆرتەکانیان نێردراوەو لەڕادیۆوە پەخشکران. هـەموو هـەواڵنێرەکان بەتـەواوی نەیانئـەتوانی بەزمانی روسی پەیامـەکانیان بنێـرنو بـەهۆی وەرگێـڕەوە راپۆرتـەکانیان دەنـارد بـۆ رادیـۆی مۆسکۆ.

بەشی مۆسیقا شوێنێکی تایبەتی بۆ خۆی داگیرکردبـوو لـەڕادیۆی مۆسـکۆدا، لەسـاڵانی سییەکاندا مۆسیقا کاریگەرترین هۆ بوو بۆ راکێشانی گوێگر بـۆ رادیـۆ. لەسـاڵانی سـەرەتادا کۆنسێرتەکان بەشێوەی پچرپچڕ پەخش ئەکرانو، ناوەکان هاوکـات بـەزمانی روسـیو زمانـە بیانییەکان رائەگەیەنرا. لەسەرەتای ساڵانی سیدا راپۆرتو پەخشی کۆنسێرتە موزیکییـەکانو ئۆپێراکان راستەوخۆ بۆ گوێگرە دەرەوەییەکان لەساڵۆنەکانی پێشکەشکردنی کۆنسـێرتەکانەوە پەخش ئـەکران. بـەپێی رێککـەوتنێك کەلەگـەڵ رادیـۆی ئـەمریکادا کرابـوو، کۆنـسێرتەکان لـەڕێگای رادیـۆ ناوخۆییـەکانی ئـەمریکاوە بـۆ خـەڵکی ئـەو کیـشوەرە پـەخش ئەکرایـەوە. گـوێگرانی ئـەمریکایی پێـشوازییان لەبەرهەمـەکانی دێڤیـد ئاڤیـستراخاو ئـەمیلیا گیلساو ئاوازدانەرانیتری روسی ئەکردو بەتامەزرۆییەوە گوێیان لێئەگرت.

لەسـاڵی (1930)دا بابـەتی ئـەدەبی شـوێنێکی تایبـەتی لەبەرنامـەکانی دەرەوەیـی رادیۆدا بۆخۆی کردەوەو، لەبەرهــەمی نوســەرانی نـاوخۆو دەرەوە شـانۆگەری رادیـۆی ئامـادە ئـەکرا. بەشـی ناوەنـدی بەرنامــە ئەدەبییــەکان لــەنیوەی دووەمــی (1940)دا پێکهێنــرا. قەبارەی بەرنامەکان لەساڵانی سیدا زیادی کردو زمانی زیاتری بـۆ پێـشکەشکردنی بەرنامـە

تێکەوت، بەو جۆرە لەساڵی (1934)دا بەرنامەکانی رادیۆی مۆسکۆ ئەتوانرا بەزمانی پورتوگالیش لە بەرازیل ببیسترێت، لەساڵی (1936)دا بەشی ئیتاڵی رادیۆی مۆسکۆ کرایەوە، کەبووەهۆی پێشوازیکردنێکی گەرم لەلایەن ئیتالیە دژ بەفاشستەکانەوە. لەپاییزی (1939)دا بەشی بەرنامە بەزمانی فینلەندی دامەزراو، لەهەمان سەردەمدا بەرنامە بەزمانی ئینگلیزی بۆ گوێگرانی هیندی بلاوکرایەوە.

دوای سەربەخۆیی هیندستان لەساڵی (1947)و دابەشبوونی بەسەر هیندو پاکستاندا بەرنامەکانی رادیۆ لەلایەن گوێگرانی ئەو دوو ولاتەوە بەئینگلیزی ئەبیسترا. تا ناوەڕاستی سالآنی سی، بەتایبەت لەکاتی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیادا ژمارەی گوێگرانی هەمیشەیی رادیۆی مۆسکۆ زیادی کرد. لەو سەردەمەدا رۆژانە زیاتر لە شەش سەد نامە ئەگەیشتە بەشی ئیسپانی رادیۆی مۆسکۆ کە هەندێك لەو نامانە سەدان ئیمزای لەخۆگرتبوو. لەزۆربەی شارو لادێکانی ئیسپانیادا خەڵك بەکۆمەڵ پێکەوە گوێیان لێئەگرت.

شارەزایی بەشی دەرەوەی رادیۆی مۆسکۆ توانای ئەوەی دابوو کەبتوانن لیستێك لەبەرنامە ئامادە بکەن بۆ گوێگرانی دەرەوەیی‌و بۆ ئەو بەرنامانەی کەلایان خۆشەو بەگرنگی پێدانەوە گوێی لێئەگرن.

لەو سەردەمەدا کاتێ لەوەلآمدانەوەی نامەی گوێگراندا کارتێکیان ئامادە کردبوو، وەلآمەکانیان بۆ ئەناردنەوە کەوێنەی قارەمانانی ئەو سەردەمی سۆڤییەتی‌و بەشداربووانی یەکەمین گەشتی ئاسمانی لەڕێگای جەمسەری باکوورەوە بەرەو قولآیی ئاسمانی لەسەر چاپکرابوو، لەساڵی (1939)دا ژمارەی ئەو زمانانەی کەڕادیۆی مۆسکۆ بەرنامەی پێ ئامادەو بلآوئەکردنەوە گەیشتبووە بیست زمان.

بەزیادبوونی ژمارەی زمانە بەرنامە پێ بلآوکراوەکان، بڕیاردرا کە قەبارەی پەخشی ئەو بەرنامەو زانیارییانەی کە لەهەواڵدەری تاس‌و چاپکراوەکانەوە، وەرئەگیران کەمتر بکرێتەوەو، ئامادەکردنی بەرنامەی هەواڵ‌و زانیاری بەهۆی رادیۆوە ئەنجام بدرێت.

بەو شێوەیە لەسەرەتای (1940)دا لقێك بەناوی بەشی روسی دامەزرا. کارەکانی ئەم بەشە برێتی بوو لە: ئامادەکردنی هەواڵ لەڕۆژنامەکانی سۆڤییەتەوە، ئامائەکردنی هەواڵی ناو سۆڤییەتو جیهان، ئامادەکردنی وتارو لێکدانەوە، لەبارەی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی سۆڤییەت. ئامائەکردنی راپۆرتو بەرنامەی ئەدەبیو شانۆگەری رادیۆیی.

لەمانگی مارتی (1940)دا دەستەی نێونەتەوەیی لەبەشی روسی جیا بۆوەو بەرنامەی تایبەت بەوڵاتانی دەرەوەو مەسەلە نێونەتەوەییەکانو دیدگا جۆراوجۆرەکان لەبارەی هەلومەرجی نێونەتەوەیی شی ئەکردەوە کە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی سۆڤییەتی بوو. پەخشی هەواڵە نێونەتەوەییەکان لەو کاتەوە دەستیپێکردو بەرنامەی تایبەتی بۆ پارتە نهێنییە کۆمۆنیستییەکان ئامادە ئەکرد (وەکو پارتە کۆمۆنیستییەکانی ئەڵمانیا، ئیتالیاو ئیسپانیا کەبەشێوەی نهێنی کاریان ئەکرد).

## *رادیۆی نێونەتەوەیی سۆڤییەت لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا

جەنگی جیهانی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەرنامەکانی رادیۆی نێونەتەوەیی مۆسکۆ دانابوو. هەر لەڕۆژەکانی سەرەتای جەنگەوە، نوێکردنەوەی رادیۆ دەستیپێکردو نزیکەی (4\3)ی بەرنامەکان بریتی بوو لەقسەو بڕیارەکانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی سۆڤییەتو راپۆرتەهەواڵ کە لەمەیدانی جەنگەوە دەنێردران.

لەڕێگای رادیۆی مۆسکۆو کەسانی ناوداری وەکو ئەلەکسی تولستۆی، کوسانتین فیدین، ئیلیا ئارنبۆرگ، ڤیکتۆر گۆسییێڤ، راینبەرو کوستانتین سیمونوڤ قسەیان بۆ گوێگرانی رادیۆ ئەکرد.

میتینگە دژەفاشیستەکانی خوێندکارانو لاوانو ژنان بۆ هەموو زمانەکان وەرئەگێڕدرانو، راپۆرتێکی چڕوپڕ لەبارەی مەیدانەکانی جەنگەوە بلاوئەکرانەوەو، هەواڵە

نێونەتەوەییەکان، بابەت لەبارەی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەیی‌و چالاکی پارتیزانی‌و جولانەوەکانی دژ بەجەنگ لێرەوە بلاوئەکرانەوە. لە (حوزەیرانی 1943)دا هەموو بەرنامەکانی رادیۆ بەدروشمی بمرێ ئەلمانیای داگیرکەر دەستیان پێئەکردو هەر بەو دروشمەش کۆتاییان دەهات.

فاشیستەکان هەولیان ئەدا تەلاری رادیۆ لەناوبەرن. لەئەرشیفی یاداشتەکانی تایبەت بەحکومەت لەسەردەمی هیتلەردا فەرمانێکی دەستنوسی گۆبلزی وەزیری راگەیاندنی حکومەتی نازی کەدەربارەی ئەو مەسەلەیە، تیا دۆزراوەتەوە کەئەلێت: (پێویستە رادیۆی مۆسکۆ بێدەنگ بکرێت). کۆمەلێك بەفەرمانی هیتلەر هەولیاندا ئەو هەرەشەیە بەکردەوە جێبەجێ بکەن. لەڕۆژی (22ی تەمموزی 1941)دا بۆمبێك فڕێدرایە خوارەوە بۆ سەر تەلاری رادیۆی مۆسکۆو، لەحەوشەی رادیۆ دای بەزەویداو زیانێکی وای لێنەکەوتەوە، بەپێی شایەدی کۆنترین بێژەری رادیۆی مۆسکۆ (ئا.ژوزوڤ)، بۆمبێکی تر لەگۆڕەپانی پوشکین‌و سێیەم بۆمبیش کەوتەسەر تەلاری ڕۆژنامەی ئیزڤیستیە.

لەگەل گێروگرفتی جەنگیشدا، بەشی نوێ لەکۆمیتەی رادیۆ بۆ پەخشی بەرنامەی بولگاری، هۆلەندی، تورکی، یۆنانی‌و زمانی گەلانی سلاڤی‌و یوگوسلاڤی، فارسی، نەرویجی‌و پۆلۆنی، کرانەوە.

بەرنامە بەزمانی پۆلۆنی لەیەکەمین رۆژی جەنگدا پەخش کرا، لە (کانونی یەکەمی 1941)دا ژمارەی زمانە بیانییەکانی رادیۆی مۆسکۆ گەیشتنە (23)زمان‌و قەبارەی بەرنامەکانیش لە (50)کاژمێر زیاتر بوون لەشەوڕۆژدا. لەسالانی دواتردا فراوانکردنی بەشی دەرەوەیی رادیۆ درێژەی هەبوو، لەسالی (1942)دا رادیۆ بۆ ئامادەکردنی بەرنامە بەزمانی ژاپۆنی ئامادەبوو، پەخشی تایبەت بەزمانی هیندیش دەستیپێکردو بەرنامەی بەزمانی هیندی‌و پەنجابی بلاوئەکردەوە.

لەتەموزی (1923)دا گوێگرانی هیندی و پاکستانی توانییان بەرنامە بەزمانی بەنگالی ببیستن. لە (ئابی 1943)دا گوێگرانی رادیۆی مۆسکۆ لەولاتانی میسر، سوریا، لوبنان، عیراق، عەرەبستانی سعودی، یەمەن، ئوردون، لیبیا، سودانو ولاتانیتری عەرەبی زمان توانییان میلی رادیۆکەی خۆیان بسوڕێننە سەر بەشی عەرەبی رادیۆی مۆسکۆ. دوا پانزەڕۆژ بەشی دانیمارکیش دەستی بەکارکردو، لەسالی (1944)دا بەرنامەش بەزمانی ئوردویی بلاوکرایەوە.

لەسالی (1943)دا بەرنامەکان پێشتر لەسەر کاسێت تۆمارئەکران، لەو سەردەمەدا تەنیا گوتاری سیاسەتمەدارانو کەسایەتییە کۆمەلایەتییە بەناوبانگەکان بەشێوەی راستەوخۆو زیندوو پێشکەش ئەکران.

بەتێپەڕبوونی هەر سالێکی جەنگ، چالاکییەکانی رادیۆی مۆسکۆ زیاتر ئەبوون، لەبەشە جیاجیاکانی رادیۆدا گوێ لەبەرنامەی رادیۆ دەرەکییەکان ئەگیراو تۆماریشیان ئەکرد. ئەم بەرنامانە لێکۆلێنەوەیان لەسەر ئەکراو، لەهەمان رۆژدا شیکەرەوانی رادیۆ ئەو بەرنامانەیان لێك ئەدایەوەو لەڕادیۆوە بلاویان ئەکردەوە. بۆ بەگژداچوونەوەی پڕوپاگەندەی دەرەوە، دەستەیەکی تایبەتی پڕوپاگەندە لە لێکۆلەرەوان پێکهێنرابوو کەدەستبەجێ وەلامی پروپاگەندەکانی رادیۆکانی دەرەوەبیان ئەدایەوە.

مێژوونووسی بەناوبانگی فەرەنسی (ژان ریچارد بلوك) لەیەکەم ڕۆژی جەنگەوە تا سالی (1945) هاوکاری بەشی فەرەنسی رادیۆی مۆسکۆی ئەکرد، لێکدانەوەکانی ناوبراو کەهەفتەی دووجار پەخش ئەکرا، لەڕادەبەدەر سەرنج راکێش بوو، هەر لەبەرئەو کارەی بوو کە ئەنجومەنی نێونەتەوەیی ئاشتی، خەلاتی ئاشتی پێبەخشی.

دەنگی مۆسکۆ لەلایەن کۆمۆنیستەکانو، بەشدارانی جولانەوە بەرگریخوازەکان، پارتیزانەکانو ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانی شارو لادێکانی ولاتە جیاجیاکانی جیهانەوە گوێی لێئەگیرا، بەتایبەت ئەو ولاتانەی داگیرکرابوون لەلایەن نازییەکانەوە.

بۆ نموونە لەفەرەنسادا، بەشداربووانی جوڵانـەوەی پـارتیزانی بەشـێوەیەکی بـەردەوام، ئـەو بەرنامە تایبەتانەی کە شەوانە لەڕادیۆی مۆسکۆوە بـۆ ئـەوان بڵاوئەکرایـەوە، ئـەم بەرنامانـە پوختـەی هەواڵـەکانی بڵاوئـەکردەوەو، گوڵبـژێرێك لەبابەتـە جۆراوجۆرەکـانی چـاپکراوەکانی سۆڤییەتو چالاکی پارتیزانەکانی سۆڤییەتو شـێوازەکانی جـەنگی پـارتیزانی بـەگوێی ئـەو گوێگرانە ئەدا. لەچیکسلۆڤاکیا لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، ماڵێـك نـەبوو کـە تیایـدا گوێ لە ڕادیۆی مۆسکۆ نەگیرێت.

لـە یۆگۆسـلاڤیا لەسـاڵی (1942)دا توانایـەکی بـاش بـۆ کارمەنـدانی بەشـی ڕادارو وەرگێڕەکان دەستەبەر کرابوو، تا بتوانن بەرنامـەکانی رادیـۆی مۆسـکۆ تۆماربکـەنو، دواتـر بوڵتنە تایبەتەکانی بەناوی رادیـۆی مۆسـکۆ قسە ئـەکات، کـە (40 تـا 50) لاپـەڕەبوو چاپو بڵاوئەکردەوە.

لـــەیۆنان لەڕۆنامـــە نهێنییەکانـــدا لەســـاڵی (1943و 1944)دا پوختەیـــەك لەبەرنامەکانی رادیۆی مۆسکۆ چـاپ ئـەکران. لەئەسـینا ڕۆژنامەیـەك بـەناوی (دەنگوباسـی سۆڤییەت) چاپ ئەکرا، کە بەزۆری بابەتەکانی لەڕۆژنامەی مۆسکۆوە، وەرئەگیران.

لەئەرشیفی بەشی نێونەتەوەیی رادیۆی مۆسکۆدا ئەلبومێکی تایبەت هـەبوو، کـە نامـە نێردراوەکانی گوێگرانی سەردەمی تیـا هـەڵگیرابوو لەوانـە، گوێگرێـك لەفەرەنـساوە نامـەی نـاردبوو ئـاوا نوسـیبوی: (پارتیزانـان، شۆڕشـگێڕان، ئێمـە لەفیـداکاریو لـەخۆبووردوویی‌و ئازایەتی ئێوەوە فێربووین). ژنێکـیش لەنامەکـەی خۆیـدا وای نووسـیوە: (لـەماوەی جەنگدا سـەرەڕای گرفـت زۆریو مەترسـیداربوونی هەلومەرجەکـە، مـن زۆربـەی رۆژەکـان، بـەیانیان سـەعات شـەش گـوێم لەبەرنامـەکانی مۆسـکۆ ئـەگرت). فریـدریك ژۆلیوکیـوری، یـەکێك لەبەناوبانگترین زانایانو تێکۆشەرانی فەرەنـسا، پـاش کۆتـایی جـەنگ لـەڕادیۆی مۆسـکۆوە قسەی کردو لە قسەکانیدا وتی: (ئێستا کە خەریکم لەپشتی مایکرۆفۆنی رادیۆی مۆسـکۆوە لەگەڵ ئێوەدا قسە ئەکەم-رادیۆیەك کـە لـەماوەی سـاڵانی دووردرێـژی جـەنگو داگیرکاریـدا

ئەوەندە قسەو گفتوگۆی ئومێدبەخشانەو ئازایانەی بڵاوئەکردەوە- کەهەڵچوونو شەوقو مەستی تەواوی گیانمی دائەگرت، بەرنامەکانی رادیۆی مۆسکۆ خزمەتێکی زۆری بەخۆڕاگری فەرەنسا کردووە).

شاعیری یۆنانی، یانیسا ریتسوسا، لە (4ی ئابی 1956)دا لەپشتی میکرۆفۆنی رادیۆی مۆسکۆوە وتی: (لەوەی کەئەمڕۆ لەپشتی میکرۆفۆنی رادیۆی مۆسکۆوە لەگەڵ ئێوەدا قسە ئەکەم، لەڕادەبەدەر حەماس گرتومی، ئەم رادیۆیە لەسالآنی سەختو تاڵی داگیرکردندا ناوەندی گرنگی پێدانی جیهان بوو. ئەم رادیۆیە هەروەکو ترپەی دڵی مرۆڤایەتی کاریگەریی هەبوو، کەبەلێدانی ئەو دڵە خەڵکی هیوایان بەئازادی زیادی ئەکرد، "ئێرە مۆسکۆیە!، ئێرە مۆسکۆیە" بەبیستنی ئەو دەنگە هەناسە لەسینەی خەڵکدا پەنگی ئەخوارد، هەروەکو ئەوەی کەئەمان چاوەڕوانی بڕیار لێدانەوەی دووبارەی چارەنووسی خۆیان بووبن).

## *فراوانبوونی رادیۆی نێونەتەوەیی سۆڤییەت پاش جەنگی جیهانی دووەم

پاش کۆتاییی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، قۆناغی پێشکەوتنو کامڵبوونی هەرچی زیاتری بەشی نێونەتەوەیی رادیۆی مۆسکۆ بوو، هاوکاتی ئەوە بەرزکردنەوەی چۆنایەتی پێکهاتەو نوێکردنەوەی توانا تەکنیکییەکانیش لەبەرچاو گیرابوو.

لەساڵی (1945)دا پەخشکردنی بەرنامە بۆ وڵاتانی خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیاو لەوانەش ئەندەنوسیاو کۆریا دەستپێکرد. ساڵێك دواتر پەخشی بەرنامە لەڕادیۆی مۆسکۆوە بۆ مەنگۆلیا بەزمانی مەنگۆلیو لەتاشکەندەوە بەزمانی ئویگوری دەستپێکردو، لەخاباروفسکیش پەخشێك بەزمانی چینی دامەزرا. لەساڵی (1947)دا لەڕادیۆی مۆسکۆوە بەرنامەیەك بەشێوەی بەردەوام بەزمانی ئەلبانیو لەتاشکەندیشەوە بەزمانی

ئینگلیزیو بەنگالی بۆ هیندستان بڵاوئەکرایەوە. سەرەنجام تا کۆتایی ساڵانی چل رادیۆی مۆسکۆ لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی، رۆژهەڵاتی نزیک، رۆژهەڵات، وڵاتانی گەورەی خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا، ژاپۆن، ئەمریکاو ئەمریکای لاتیندا ئەبیسترا.

لەگەڵ گەشەکردنی بەشی نێونەتەوەیی رادیۆی سۆڤییەت لەدوای جەنگ، ئاڵوگۆڕی سەرتاپاگیر لەپێکهاتەو هەرەمی ئەو رادیۆیەدا ڕوویاندا، لە (6ی تەموزی 1949)دا کۆمیتەی نوێکردنەوەی کەناڵی رادیۆیی، ژێر چاودێری ئەنجومەنی وەزیرانی یەکێتیی گەلانی سۆڤییەتی سۆسیالیستی بۆ دوو کۆمیتەی جیاواز دابەشکرا: کۆمیتەی زانیاری رادیۆیی (بەشی یەکێتی)و، کۆمیتەی پەخشی رادیۆیی (بەشی نێونەتەوەیی).

زیادبوونی ژمارەی زمانەکان، پێویستی بەگەڕان بەدوای شێوازی نوێی راکێشانی سەرنجی هەرچی زیاتری بیسەرانی دەرەوەیی هێنایە ئاراوە. بەمەبەستی ئەو ئامانجە لەساڵی (1945)دا فێرکردنی زمانی روسی لەبەشی دەرەوەیی رادیۆدا، لەبەرچاوگیرابوو.

تا ساڵی (1945)یش هەروەکو پێشوو تۆمارکردنی دەنگ لەئاستێکی نزمدا بوو، بەدامەزراندنی بەشی تایبەت بەتۆمارکردن لەڕادیۆدا، رادیۆی مۆسکۆ توانی تواناکانی تۆمارکردنی رادیۆیی خۆی باشتر بکات. بەکارهێنانی نێرەر (مرسل) نوێو، دۆزینەوەی رێگای پێشکەوتوتر بۆ پەخشی بەرنامە لەساڵانی پەنجاکاندا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.

پەخشکردن بەچەند زمانی نوێ لەم قۆناغەدا دەستیپێکرد: لەساڵی (1951)دا زمانی ڤێتنامی، لەساڵی (1957)دا زمانی پشتۆ (ئەفغانی)، لەساڵی (1958)دا بەزمانی بیرمانسكو تامیلی هیندستان.

لەساڵی (1958)دا بەشی نێونەتەوەیی هیندو پاکستان نوێکرایەوەو، دووبەشی جیاو سەربەخۆ دامەزرا، سەرەڕای ئەوەش سێ بەشی نوێی تر دامەزران: بەشی ئایدۆلۆژی، بەشی رادیۆیی کۆمارە یەکگرتووەکانو، بەشی وڵاتانی سۆسیالیستی.

بۆ ململانێ لەگەڵ رادیۆکانی تری وەکو: بی.بی.سی، دەنگی ئەمریکا، ئەورووپای ئازادو ئازادی کە لەسەردەمی جەنگی سارددا هاتبووە ئاراوەو بۆ هەرچی زیاتر راکێشانی سەرنجی بیسەرانی دەرەوەیی بۆ رادیۆی مۆسکۆ، هەنگاوی تایبەت نرابوون لەوانە: بەرزکردنەوەی چۆنایەتی بەرنامەکان، خێرا بڵاوکردنەوەی هەواڵو دەنگوباسەکانو کەڵك وەرگرتن لەسەرچاوەی زانیاری زیاتر بوون.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە لەنیوەی دووەمی ساڵی (1956)داو، لەسەرەتای (1957)دا، یەکەمین ناوەندی هەواڵدەریی رادیۆی مۆسکۆ لەبەرلین، لەندەن، پاریس، وارشۆ، نیویۆرك، هانۆی، بۆن، رۆما، قاهیرە، بەلگراد، دهلیو جاکارتا کرایەوە. هەروەها بڕیاردرا پەیامنێر بۆ بۆن، بۆدابێستو تۆکیۆش ڕەوانە بکرێن. لەساڵانی پەنجاکاندا ژمارەی پەیامنێرانی رادیۆی نێونەتەوەیی لەمۆسکۆ بونە پانزە کەسو لەدەرەوەی وڵاتیش (23) کەس بوو. لەمانگی (ئایاری 1957)دا وەرگرتنو لێکدانەوەو شیکردنەوەی راپۆرتی ئاژانسەکانی هەواڵی دەرەوەیی (فرانس پرێس، ئاسۆشێتدپرێس، رۆیتەرز یۆنایتد پرێس) دەستپێکرد.

بابەتەکانی بەرنامەی رادیۆ، مۆسکۆ لەساڵانی پەنجاکاندا زۆر جیاوازو هەمەجۆر بوون، ئەم رادیۆیە سەرەڕای بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە لێکدانەوەی راپۆرتەکانو چاوپێکەوتنەکان دەستیکرد بەبڵاوکردنەوەی (کورتە چیرۆك، بەرنامەی ئەدەبی، مۆسیقا، هەڵسەنگاندنی کتێب)یش. لەساڵانی پەنجاکاندا لە (25٪ تا 30٪)ی قەبارەی بەرنامەکانی رادیۆو مۆسکۆ تەرخان کرابوو بۆ مۆسیقا- کەبانگەشەی بۆ فەرهەنگی مۆسیقای سۆڤییەتی ئەکردو خۆی بۆ تەرخان کردبوو.

لەساڵی (1950)دا گۆرانی سۆڤییەتی لەگەڵ وەرگێڕانەکەیدا بەزمانەکانی ئیسپانی، ئیتاڵیایی، فەرەنسایی، ئەڵمانی، ئینگلیزی، فینلەندیو دانیمارکیو زمانەکانی تر لەڕادیۆ مۆسکۆوە بڵاوئەکرانەوە.

لەسالآنی پەنجاکاندا ژمارەیەکی زۆر لەئاوازدانەرانی روسی لەبواری ئامادەکردنی بەرنامەی مۆسیقی بۆ گوێگرانی دەرەوەییدا کاریان ئەکرد.

لەکۆتایی سالآنی چلەکانداو کۆتایی پەنجاکاندا بەشی راگەیاندنی دەرەوەیی رادیۆی مۆسکۆ بەشێوەیەکی بەرچاو فراوانبوو، رێککەوتنی زۆر بۆ هاوکاری کارمەندانی رادیۆی مۆسکۆو، رادیۆکانی ولآتانی سۆسیالیستی لەگەڵ گەورەترین رادیۆکانی خۆرئاوادا ئیمزاکرا.

دواگۆڕانکاریی سالآنی پەنجاکان ئەتوانرێت بەیەکگرتنی بەڕێوەبەرێتی گشتیی رادیۆ بۆ ولآتانی دەرەوە لەگەڵ کۆمیتەی حکومی رادیۆو تەلەفزیۆن ( کە لەمانگی ئایاری 1957) دامەزرابوو لەمانگی (ئایاری 1959) کۆتایی پێبهێنرێت لەبەرئەوە گەورەترین گۆڕانکاری بوو لەو قۆناغەدا.

لەساڵی (1960)دا بەشی نێونەتەوەیی رادیۆی سۆڤییەت، بە (35)زمانو بەقەبارەی گشتی (130) کاژێر لەشەووڕۆژدا (بەزیادکردنی بەرنامەی شەش زمانەی زمانەکانی تری یەکێتیی سۆڤییەت)، بەرنامەی بلآوئەکردەوە.

لەشەستەکاندا بەشەکانی رادیۆی نێونەتەوەیی فراوانتر کراو زمانە نەتەوەییەکانی خواروی خۆرهەلآتی ئاسیا، رۆژهەلآتی نزیکو ئەفریقاش هاتنە سەر زمانە بلآوکراوەکانی تری رادیۆی مۆسکۆ. تا ساڵی (1970) ژمارەی زمانەکانی بەشی نێونەتەوەیی رادیۆی مۆسکۆ گەیشتە (64) زمانو قەبارەی نێوەنجی پەخشی بەرنامەکانیشی گەیشتە (200) کاژمێر. لەساڵی (1964)دا رادیۆی رێکخراوی کۆمەلآیەتی میرۆپرۆگرس (ئاشتیو پێشکەوتن) دامەزرا.

لەحەفتاکاندا رادیۆی مۆسکۆ لەبواری جۆراوجۆردا چالاکی ئەنجام ئەدا، یەکەمین بەشی خزمەتگوزاریو چالاکی نواندنی کەناڵی رادیۆ بەزمانی ئینگلیزی لە (20ی نیسانی 1978) دابوو کەکاری خۆی دەستپێکرد. لەساڵی (1980) بەشی بەرنامە بەزمانی ئینگلیزی بوە (24) کاتژمێری. لە (یەکی نیسانی 1983)دا بەشی زانیاری بەزمانی

فەرەنسیو لە (29ی نیسانی 1987)دا بەشی زانیاری بەزمانی ئەڵمانیو، لە (25ی ئەیلول)دا بەشی هەواڵ بەزمانی ئیسپانیو عەرەبیو لەیەکەمی (کانونی دووەمی 1989)دا شەشەمین بەرنامەی هەواڵیی رادیۆی مۆسکۆ، بەزمانی روسی دامەزرا. لەساڵەکانی هەشتادا ژمارەی زمانەکان کەبەرنامەیان پێ پێشکەش ئەکرا زیادی کردو بەرنامە بەزمانەکانی ئەمریکایی، فلیپینیو مالیزی بڵاوکرانەوە. لەساڵی (1987)دا بەشێکی تایبەت بەبەشی ناوخۆیی لەسەر شەپۆلی ناوەڕاست دامەزرا، کەبۆ گوێگرانی دەرەوەیی ناو مۆسکۆ (لەوانەش توریستەکانو بازرگانەکانو دیپلۆماتەکان) لەبەرچاوگیرابوو. لەساڵی (1988)دا بەرنامەی ناوخۆی مۆسکۆ بە (12) زمان: ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیتالی، ئیسپانی، عەرەبی، ژاپۆنی، چینی، هیندی، ئۆردویی، پشتۆییو فارسی بڵاوئەکرایەوە. لەساڵی (1988)دا رادیۆی نێونەتەوەیی چووە قۆناغێکی نوێوە ئەو قۆناغەش کاری بازرگانی بوو، لەو بوارەدا، ئاگاداریو ریکلامە بازرگانییەکان لەبەرنامەکانی رادیۆدا جێگایان کرابۆوە. یەکەمین بەرنامەی لەو جۆرە بۆ ئەمریکاو ئینگلستان بڵاوئەکرایەوە کە هەفتەی (20) خولەك بوو لەژێرناوی باسو خواسی بازاڕی نوێ بەگوێی گوێگران دەگات. ئامانجی ئەوەش راکێشانی سەرنجی خاوەن سەرمایەکانو پیاوانی بواری ئابووری وڵاتانی ئینگلیزی زمان بەرەو بازاڕەکانی ڕوسیا بوو.

## * بەشی سێیەم *

# مێژووی تەلەفزیۆنی ڕووسی

* چاوگێڕانێک بەتەلەفزیۆنی سۆڤێتیدا.
* تەلەفزیۆنی سۆڤێتی پاش پرۆسترۆیکە.
* تەلەفزیۆن پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت.
*گرنگترین کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ڕووسیا دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت.

## *چاوگێڕانێك بەتەلەفزیۆنی سۆڤییەتیدا

ڕۆژنامەی پراڤدە لە(30)ی نیسانی ((1931))دا نوسی:(سبەی بۆ یەکەمینجار پەخشی ئەزموونی وێنەیی بەیارمەتی ڕادیۆ بڵاوئەکرێتەوە کە بە هۆی نێرەرێکی شەپۆل کورتی ئەنیستیتۆ ئەلیکترۆ تەکنیکی سۆڤێتی جوڵەدارەوە لەسەر شەپۆلی (6 ,56م) بڵاوی ئەکاتەوە).

تەلەفزیۆنی سۆڤییەت کە هەرلەسەرەتاوە لەبەردەست پارتی کۆمۆنیستدا بوو، توانیبووی بەباشی کەڵکی لێوەربگرێت. یەکەمین ئەزموونی تەلەفزیۆنی لەسۆڤییەتدا لەسەردەمی لینیندا دەستی پێکردو ناوبراو کە بیروباوەڕی کۆمۆنیستی لە مێشکیدا قوڵپی دەدا، گرنگییەکی زۆرو تایبەتی ئەدا بە دامەزراندنی تەلەفزیۆن[170].

بەڵام یەکەمین بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەسۆڤییەت چەندین ساڵ پاش مەرگی ئەو پەخش کرا. ئەوەشی ئەوکاتەش لەیەکچوونێکی کەمی هەبوو لەگەڵ ئەمەی کە ئەمڕۆ هەیەو پێی دەوترێت بەرنامەی تەلەفزیۆنی. یەکەمین ئامێری پەخشوەرگری تەلەفزیۆن شاشەیەکی قەبارە بچوك بەئەندازەی پاکەتەشقارتەیەك ئەبوو. وێنەکەشی سەدانجار لەوێنەی تەلەفزیۆنی ئەم سەردەمەی ئێستا خراپتر بوو.

نێرەری تەلەفزیۆنی بەشێوازی ئەپتیکی- میکانیکی کاری ئەکرد. وێنە نیشاندراوەکان بەیارمەتی بازنەیەکی شکاوەوە بەسێ هێڵ دابەش ئەکرانو نێرەرەکەش (مرسلە) بەوجۆرە پەخشی ئەکردەوە.

---

170- لینین- سەرجەمی بەرهەمەکانی- بەرگی 52.

پرۆفیسۆر ئەرخانگلسنکی دروستکەری نێرەری تەلەفزیۆنی بوو هەروەها لێپرسراوی یەکەمین تەلەفزیۆنی سۆڤێتیش بوو[171].

لە تشرینی دووەمی (1934) بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بەشێوازێکی ڕێكوپێك بلاۆوئەکرانەوە. لەسالّی (1936)دا بنیاتنانی یەکەمین تەلاری تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی لەمۆسکۆ، لەشەقامی (شابلۆفکا) دەستی پێکردو لەسالّی (1939)دا توانرا تەلارەکەو هەموو دەزگا پێویستەکانی ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییە تەواو بکرێت. هەروەها ئەم ناوەندە ئەلیکترۆنییە دەستی بەپەخشی ڕێكوپێکی بەرنامەکانی خۆی کرد. چەند هەفتە بەرلەوەی مۆسکۆ ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی لینینگرادیش پەخشی ڕێكوپێکی بەرنامەکانی خۆی دەست پێکردبوو. هەلاّیسانی جەنگی نیشتمانی (1941-1945) وایکرد بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی ڕابگیردرێت. بەلاّم بەکۆتایهاتنی جەنگەکە یەکەمین کەناڵی ئەورووپایی کە پەخشی بەرنامەکانی خۆی دەست پێکردەوە، تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی بوو.

دوای دەستپێکردنەوەی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی بەرنامەکان لەهەفتەیەکدا دووجار پەخش ئەکران. بەرنامەکان زیاتر بریتی بوون لە کۆنسێرت، ئۆپێراو فیلمی سینەمایی. لەبارەی دەنگ‌وباس‌و هەواڵەکانەوە تەلەفزیۆن زۆر لەڕادیۆو ڕۆژنامەکان لاوازتر بوو. هەرچەندە بەوشێوەیەش بوو بەلاّم بەرنامەکان دەبوونە مایەی سەرسوڕمان‌و شادی‌وخۆشی بینەرانی کە ژمارەیان لە (3) هەزار کەس پتر نەبوو.

لەسالّی (1948)دا کەناڵی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی بۆ چاککردنەوەی گرفتی هونەری ماوەیەکی کورت لەپەخشکردن وەستاو لەم سەروبەندەدا کەرەستە و پێداویستی نوێی تەلەفزیۆنی لەناوەندی تەلەفزیۆنی مۆسکۆ دامەزرێنرا. دوای دەستپێکردنەوەی کاری

---

171- ولکۆف کازلۆفسکی، پریخود کۆ: رادیۆو تەلەفزیۆنی یەکێتی سۆڤییەت، مۆسکۆ دەزگای پەخشی ئیسکۆرا 1979.

تەلەفزیۆنی لەساڵی (1949)دا وێنەی تەلەفزیۆنی وەکو ستانداردی نوێی تەلەفزیۆنی سۆڤێتی (625) شەپۆلی بووە[172]. ئەتوانرێت ئەم سەردەمە بەسەردەمی دەستپێکردنی ڕاستەقینەی کاری تەلەفزیۆنی ناوبرێت.

سالآنی (1931-1948) بەکردەوە قۆناغی کۆرپەیی تەلەفزیۆن بوو، هەرچەندە ئەو سالآنە لەبواری ئەزمونی کاری تەلەفزیۆنییەوە گرنگن بەلآم لەڕووی هونەرییەوە زۆر سەرەتایی دێنەبەرچاو.

پاش کەوتنەوەکاری سەرلەنوێی ناوەندی تەلەفزیۆنی مۆسکۆ بەکردەوە ئەو تەلەفزیۆنە گۆڕدرابوو، بەپێشکەوتووترین کەناڵی تەلەفزیۆنیو دەزگایەکی بەهێزی نێرەری پەخشی تەلەفزیۆنی لەم سەردەمەدا پەخشکردنی بەرنامەکانی بەچۆنایەتییەکی باشەوە لەناوچەیەکی (60-70)کیلۆمەتریدا کەوتبووەگەڕ.

هەرلەوساڵەدا یەکەمین ئیزگەی گەڕۆکیش خرایەپاڵ ئەو کەناڵە کە توانای پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ستۆدیۆدا هەبوو. پەیدابوونی ئەم ئیزگەیە هەنگاوێکی گەورە بوو بەرەو چوونەدەرەوەی کاری تەلەفزیۆنی لەچوارچێوەی سنوری ستۆدیۆدا. ناوەندی تەلەفزیۆنی لینینگرادیش لەساڵی (1948)دا کە پەخشکردنی بەرنامەکانی بەهۆی جەنگەوە ڕاگیرابوو دووبارە کەوتەوەگەڕ. ئەم ناوەندەش گۆڕانی هونەری باشی بەخۆیەوە بینی بوو، وە شێوەیەکی ستانداردی وەرگرتبوو کە تائەوکاتە گۆڕانێکی کەمی بەسەردا هاتبوو جگەلە (ڕەنگ).

لە تشرینی دووەمی (1952)دا ئۆکرانیاش هەروەکو ڕووسیا بووەخاوەنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی تایبەت بەخۆی، و هەرلەو ساڵەدا بوو کە کەناڵی تەلەفزیۆنی لە (مینسک، سڤێردلوڤسك، ڕێگا، تالین، باکۆ، خارکۆف، گۆرگی، کۆیبیشۆف، فیلیشیۆسو

---

[172] -ئەلیکساندەر یۆرۆفسکی: تەلەفزیۆن: گرفتو ڕێگاچارەکان، مۆسکۆ، دەزگای پەخشی ئیسکۆسوا 1983.

تاشکەند)یش تەواوکرانو بەکردەوە لە شەستەکاندا ژمارەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بوونە چەند بەرامبەرو لەزۆربەی شارە گەورەکانو شارە بچوکەکاندا کەناڵی تەلەفزیۆنی دامەزرێندرا.

لە (15)ی ئەیلولی (1955)دا ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤییەت بڕیارێکی لەبارەی دامەزراندنی (27) ناوەندی تەلەفزیۆنییەوە دەرکرد کە خۆیان بەرنامە پەخش بکەن، و هەروەها بڕیاردرا بۆ دامەزراندنی (15)ناوەندی بەهێزکەری (تقویە) تەلەفزیۆنی کە دەبوایە تاساڵی (1958) جێبەجێ بکرێن[173].

لەساڵی (1955)دا ناوەندە تەلەفزیۆنییەکانی: (ڕێگا، خارکۆف، ئیمسک، تۆمسک، تالین، مینسک، سڤێردلوڤسک، ڤلادیڤستۆکو باکۆ) دەستیان بەپەخشکردن کرد[174].

ئاڕاستەی ستراتیژیو فراوانکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لەسۆڤییەتدا هەروەها دامەزراندنی کەناڵی نوێی تەلەفزیۆنی لەلایەن حیزبەوە دیاری ئەکراو سۆڤییەت هەوڵی دەدا کە گەورەترینو فراوانترین تۆڕی تەلەفزیۆنی لەجیهاندا دابمەزرێنێت.

هەرلەسەر بنەمای ئەو سیاسەتەش بوو کە دروستکردنی کەناڵی تەلەفزیۆنی نوێ کە خۆیان ڕاستەوخۆو بێ گەڕانەوە بۆ ناوەند بەرنامەیان پەخش ئەکرد بەخێرایی زیادیان کرد. لەساڵی (1960)دا ژمارەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان گەیشتنە (84) کەناڵو لەساڵی (1966)دا (121) کەناڵو لە (1975)دا (131) کەناڵ، و دواتریش ژمارەی ئەو

---

173 – ئەلیکساندەر یۆرۆفسکی: مێژووی ڕۆژنامەوانی سۆڤییەتی، مۆسکۆ، دەزگای پەخشی زانکۆ، مۆسکۆ 1982.

174 – ئەلیکساندەر یۆرۆفسکی: تەلەفزیۆن: گرفتو ڕێگاچارەکان، مۆسکۆ، دەزگای پەخشی ئیسکۆسوا 1983.

کەناڵانەی کە دەیانتوانی بەرنامە بەرهەم بهێنن کەم بۆوەو لەساڵی (1982)دا بووەوە بە (117) کەناڵ[175].

هۆکاری ئەو دابەزینەش نەبوون یا کەمی کەسانی شارەزا بوو، کەوای کردبوو بەرنامەکانی کەناڵە لاوەکییەکان (بچوکەکان) بێناوەڕۆك‌و کرچ‌و کاڵ بن. ئاشکرایە لەو سەردەمەدا چالاکییە هونەرییەکان دەبوو لەسەر ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی پێشکەش بکرێن، و بەرهەمهێنانی بەرنامەی باش‌و سەرنجڕاکێشیش گران تەواو دەبوون. جگەلەوەش دەستەبەرکردنی کادیری شارەزاو بەرنامەدارێژەر پێبەپێی پێشکەوتنە هونەرییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان‌و زیادبوونی ژمارەی ئەو کەناڵانە لەتوانادا نەبوو. هەرئەوەش وای کردبوو بەرنامەکان بێناوەڕۆك بن. بەوشێوەیە لە تەلەفزیۆنە ناوەندییەکاندا توانای داهێنان‌و نوێگەری هەبوو، بەڵام لە تەلەفزیۆنە ناوچەییەکان مافی ئەوەیان نەبوو بیڵێن کە تەلەفزیۆنە ناوەندییەکان دەیانتوانی بیڵێن. هەرلەبەرئەوەش بوو کە باشترین کادیرو هونەرمەند ڕوویان لە تەلەفزیۆنە ناوەندییەکان ئەکرد. تەنها کارمەندە نەشارەزاو کەمتواناکان دەچوونە کەناڵە لۆکاڵییەکان‌و جێگایان دەبۆوە. تا بەرلەساڵی (1956) ستۆدیۆی ناوەندی تەلەفزیۆنی سۆڤییەت تەنها یەك کەناڵی پەخشکردنی هەبوو. لەوساڵەدا دوو کەناڵی نوێ کرانەوەو لەساڵی (1967)دا چوارەم کەناڵی تەلەفزیۆنی کرایەوە. لەساڵی (1970) جگە لە ستۆدیۆی ناوەندی تەلەفزیۆن سێ کەناڵیتر (فرونزە، بیشکێك، تاشکەندو ئەڵماتە)ش چوار کەناڵیان بۆ پەخشکردنەوە هەبوو. (6) ئیزگەی ناوچەیی خاوەنی (3) کەناڵ بوون‌و (63) ئیزگێتری پەخشکردنەوە دوو کەناڵی سەرەکیان هەبوو[176].

---

[175] – ئەلیکساندەر یۆرۆفسکی: تەلەفزیۆن: گرفت‌و ڕێگاچارەکان، مۆسکۆ، دەزگای پەخشی ئیسکۆسوا 1983.

[176] -هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کەناڵی یەکەمی تەلەفزیۆنی ناوەندی سۆڤییەت کە بەکەناڵی سەرەکی دەژمێردرا، و بەرنامەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، سیاسیو هونەری هەبوو. ئەم کەناڵە زۆرترین ژمارەی بینەری هەبوو، ڕۆژانە (11) کاتژمێر بەرنامەی بڵاوئەکردەوە. ئیزگە ئاسمانیو زەمینییەکان بەرنامەکانی ئەم کەناڵەیان دەنارده شوێنە دووردەستەکانی سۆڤییەت. بۆنمونە جگە لەکەناڵی یەکەم، کەناڵی (یەکەم A)یش هەبوو کە بەرنامەکانی کەناڵی یەکەمی بۆ ئاسیای ناوەڕاستو هەندێك لەناوچەکانی سیبیریا دووبارە پەخش ئەکردەوە. کەناڵی (یەکەم A) لەساڵی (1971)دا دەستی بەکارکرد. کەناڵی دووەمی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی لەساڵی (1956)دا دەستی بەپەخشکردنی بەرنامەکانی خۆی کردبوو. زۆرترینی بابەتو بەرنامەکانی ئەم کەناڵە (زانیاری جۆراوجۆرو بابەتی کۆمەڵایەتی) بوون، بەرنامەی هونەرییو زانستیشی هەبوو بەرنامەکانی ئەم کەناڵە لە پارێزگای مۆسکۆو هەندێ لەپارێزگاکانی نزیکی بڵاوئەکرانەوە. وە پەخشەکەش ڕۆژانە شەش کاتژمێر بوو. کەناڵی سێیەم لەساڵی (1965)دا دامەزرا، و ئاڕاستەیەکی پەروەردەیی هەبوو. ماوەی بەرنامەکانی ڕۆژانە چوار کاتژمێرو نیو بوو.

کەناڵی چوارەمی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی لەساڵی (1972)دا دامەزرا، ئەم کەناڵە بەرنامەکانی کەناڵی یەکەمی بۆ ئەو کەسانە بڵاوئەکردەوە کە بەڕۆژ بەرنامەکانیان نەبینی بوو، (واتا هەمان بەرنامەکانی ڕۆژی دووبارە ئەکردەوە).

جگەلەوانەش کەناڵی چوارەم بەرنامەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، هونەری، زانستیو بەرنامەی تایبەت بەلاوانی هەبوو[177].

---

[177] -یوگینی میسارۆڤیج: رادیۆو تەلەفزیۆنی وڵات، بیلاڕووسیاو گرۆزنی، دەزگای پەخشی زنانیا، 1972.

کەناڵێکیتری سەربەخۆی تەلەفزیۆنی ناوەندی سۆڤییەت (ئۆربیتا)[178] بوو، بەرنامەکانی ئەم کەناڵە بۆ جێگا دوورە دەستەکان بوو. ئەم کەناڵە بەرنامە سەرەکییەکانی کەناڵی یەکەمو کەناڵەکانیتری تەلەفزیۆنی ناوەندی سۆڤییەتی بڵاوئەکردەوە. مەبەست لەپەخشکردنەوەی ئەو بەرنامانە، هێنانە ئارای فەزایەکی پڕ لەزانیاریو هۆشیارکردنەوە بوو بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە تا ئاگاداری بارودۆخی ناوەندی سۆڤییەتیش بنو لەهەواڵو ئاڵوگۆڕەکان بێبەش نەبن.

ئەو ناوچانەی پەخشی ئەم کەناڵە دەیگرتنەوە، ڕۆژهەڵاتی دوور، باکوری دوور، سیبیریاو ئاسیای ناوەڕاست بوو.

ئەم کەناڵە لەدووەمی تشرینی دووەمی ساڵی (1967)دا دەستی بەکارکرد، و ماوەی پەخشی بەرنامەکانی ڕۆژانە بەشێوەیەکی نێوەنجی (9 , 7) کاتژمێر بوو[179].

لەساڵی (1967)دا بەبۆنەی پەنجاهەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی کۆمۆنیستییەوە، ناوەندی گەورەی تەلەفزیۆنی (ئەستانکینە) لەشاری مۆسکۆ کرایەوە. (ئەستانکینە ناوی ئەو ناوچەیەیە لەمۆسکۆ کە ئەم ناوەندەی تیادا دامەزراوە).

کۆمەڵگەی تەلەفزیۆنی ئەستانکینە گەورەترین ناوەندی تەلەفزیۆنی بوو لەئەوروپادا. ئەم کۆمەڵگایە خاوەنی (14) ستۆدیۆ بوو. (ستۆدیۆی ئامادە بەدەزگای بەرهەمهێنانی فیلمو بەرنامەی تەلەفزیۆنی).

دوو ستۆدیۆی (1000)مەتر چوارگۆشە، (7) ستۆدیۆی فیلمگرتن بەڕووبەری (600)مەتر چوارگۆشەو (5) ستۆدیۆی فیلم بەپانتایی (150)مەتر چوارگۆشە. ئەم

---

[178] -Orbita.

[179] – یوگینی میسارۆڤیج: رادیۆو تەلەفزیۆنی وڵات، بیلاڕووسیاو گرۆزنی، دەزگای پەخشی زنانیا، 1972.

ناوەندە جگەلەوانەش ستۆدیۆیەکی تایبەت بەکۆنسێرتی تیادابوو کە شوێنی هەشت سەد تەماشاچی تیادا دەبۆوە[180].

کۆمەڵگەی کۆنی تەلەفزیۆنیی (شابۆلۆفکا) کە لەساڵی (1957)دا بنیات نرابوو، دووبارە نۆژەن کرایەوەو پاش کەوتنەپەخشی ناوەندی تەلەفزیۆنی (ئەستانکینە) ئەویشی پێوە بەسترایەوە. لەساڵی (1979)دا قۆناغی یەکەمو لەساڵی (1980)دا قۆناغی دووەمی دا ئۆلۆمپیکی ڕادیۆو تەلەفزیۆن دەستی بەکارکردن کرد.

ناوەندی ئۆلۆمپیکی ڕادیۆو تەلەفزیۆن، (70) ستۆدیۆی ڕادیۆییو (22) ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی هەبوو. لەم ناوەندەدا هەموو پێداویستییە تەکنیکیو ئەلیکترۆنییەکانو کەلوپەلە پێویستەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی تەلەفزیۆنی تیادا دەستەبەرکرابوو.

ناوەندی ئۆلۆمپێك لەکاتی یارییە ئۆلۆمپییەکانی مۆسکۆدا دەستی بەکارکردن کرد. لەهەموو یاریگاکانی مۆسکۆدا دەزگای نێرەری هەبوو بۆ ناردنی هەواڵو ڕیپۆرتاژە وەرزشییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ هەموو جیهان.

180 – ئەلیکساندەر یۆرۆفسکی: تەلەفزیۆن: گرفتو ڕێگاچارەکان، مۆسکۆ، دەزگای پەخشی ئیسکۆسوا 1983.

## * بەرهەمهێنانی وەرگرە تەلەفزیۆنییەکانو پەخشکردنی بەرنامەکان بەشێوەی ڕەنگاوڕەنگ

یەکەمین تەلەفزیۆن لە سەرەتادا، بەشێوازێکی سادەو بەدەست دروستکراو بوو، وە بەشێوازێکی میکانیکی کاری ئەکرد. کارکردنەکەش هاوشێوەی کارکردنی ڕادیۆ بوو، دەزگای تەلەفزیۆنەکە بێدەنگ بوو، وە دەنگەکەی لەسەر شەپۆلێکیتر بڵاوئەکرایەوەو بەوپێیە بۆ وەرگرتنی دەنگ‌ووێنە لە یەك کاتدا دوو وەرگر پێویست بوو، وەك پێشتر باس کرا وێنەکان تەنیا سێ شەپۆلی بوونو وێنەکانیش ڕوون نەبوون.

یەکەمین تەلەفزیۆن کە پێی بوترێ تەلەفزیۆن لە سۆڤییەت لە ساڵی (1940)دا بەرهەم هاتو ناونرابوو (تی-ئێن- 17-1)و تیرەی وێنەی سەر شاشەکەی وەك شاشەکانی ئەمڕۆ شینو خۆڵەمێشی نەبوون بەڵکو ڕەنگی سەوزباو بوو.

لەوکاتەدا نرخی ئەم تەلەفزیۆنانە (10,000) دە هەزار ڕۆبڵ بوو.

لە شاری مۆسکۆدا تەنها (300) سێ سەد کەس لەوجۆرە تەلەفزیۆنانەیان لە ماڵەکانیاندا هەبوو. هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی هەرزانترو بە چۆنایەتی باشتری دواخست.

لە ساڵی (1949)دا تەلەفزیۆنی جۆری (ك-و-ن-49) بەرهەم هێنرا کە ئەویش پانی شاشەکەی (18سم) بوو. لەساڵی (1950)دا ژمارەی ئامێرە تەلەفزیۆنییەکان لە مۆسکۆ گەیشتە (5,000) پێنج هەزار دانە. دوای ئەوە بە خێرایی زیادی کرد، بە جۆرێك لە ساڵی (1955)دا گەیشتە (435,000) چوارسەدو سیو پێنج هەزارو لە ساڵی (1960)دا (4,800,000) چوارمیلیۆنو هەشت سەد هەزارو وە لە ساڵی (1965)دا ئەو ژمارەیە بوو بە (15,700,000) پانزدە میلیۆنو حەوت سەد هەزارو لە ساڵی (1970) بوو بە (44,000,000) چلوچوار میلیۆنو لە ساڵی (1975)دا بووە (66,000,000) شەستو شەش میلیۆنو لە ساڵی

(1982)دا بوو به (77,000,000) حەفتاوحەوت میلیۆن كه بەرێژەی (12٪)ی ئەو ژمارەیە تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگی بەرهەمی سۆڤییەتی بوون[181].

بۆیەكەمجار بەرنامەی ڕەنگاڕەنگ له ساڵی (1953)دا بڵاوكرایەوه كه ئیتر نەئەكرا بەرنامەی تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ به تەلەفزیۆنی ڕەش‌وسپییەوه وەربگیردرێت.

بینەر لەوكاتەدا ئەبوو دوو تەلەفزیۆنی بۆ وەرگرتنی بەرنامەی ڕەنگاوڕەنگ‌و بەرنامەی ڕەش‌وسپی له ماڵەكەیدا هەبووایە، لەبەرئەو هۆكارە بوو داهێنانی ڕەنگاوڕەنگ‌و تاقیكردنەوەكەی سەرەتا سەركەوتنی بەدەست نەهێناو شایانی ئاماژه بۆ كردنیشە ئەو پەخشە ڕەنگاوڕەنگیانە، هەروەها سیستەمی كاركردنەكەشی له داهێنانی پسپۆڕانی سۆڤییەتی خۆی بوو.

له ساڵی (1954)دا كاركردن بەوجۆرە پەخشە ڕاوەستا. ئەزمونو هەوڵدانی دووبارە پەخش كردنەوەی بەرنامەی ڕەنگاوڕەنگ به هەوڵی سیستەمی هونەریی سۆڤییەتی له ساڵانی (1965-1966)یشدا شكستی هێناو سەركەوتوو نەبوو.

هەر ئەوە وای كرد لەساڵی (1966)دا بەپێی ڕێككەوتنامەیەك له نێوان حكومەتی سۆڤییەت‌و فەرەنسادا گرێ دراو زانایانی فەرەنسی لەسەر بنەمای سیستەمی (سكام)ی فەرەنسی سیستەمێكی ڕەنگاوڕەنگی هاوشێوەی (سكام)ی ڕووسیان داڕشت‌و ئامادە كرد كه ئەم سیستەمە تائەمڕۆشی لەگەڵدا بێت له ڕووسیادا ماوە. له ساڵی (1967)دا تەلەفزیۆنی سۆڤییەت به شێوەیەكی ڕێك‌وپێك بەرنامەكانی خۆی به شێوازی ڕەنگاوڕەنگ بڵاو ئەكردەوە. له ساڵی (1982) بەدواوە هەموو ستۆدیۆكانی كۆمارەكانی سۆڤییەت توانای پەخشی بەرنامەی ڕەنگاوڕەنگی كامڵیان هەبوو. جگەلەوەش ناوەندە تەلەفزیۆنییەكانی شارە گەورەكانی وەكو (ناوەندی پارێزگاكان)یش بەرنامەكانی خۆیان بەشێوەی ڕەنگاوڕەنگ پەخش ئەكرد.

---

181 - تەلەفزیۆن گرفت‌و ڕێگاچارەكان.

## فراوانبوونی ڕایەڵەکانی (تۆڕەکانی) تەلەفزیۆنی سۆڤییەت

بۆ پەخشو ئاڕاستەکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، بۆ جێگا دووردەستەکان، دەستەبەرکردنی کەناڵی تەلەفزیۆنیو گواستنەوەی شەپۆلە تەلەفزیۆنییەکان ڕاستەوخۆ یان بەیارمەتی کێبڵ یان ئەتمۆسفیرەوە ئەنجام ئەدران.

سەرەتا بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بەهۆی گۆڕینی شەپۆلە ئەلیکترۆموگناتیسییە درێژەکانەوە بۆ وێنە، لەسەر شەپۆلی درێژی چەند مەتری بوون. پاش ئەوە شەپۆلی درێژی دەسی مەتریش هاتە ئاراوە. کە زانستیش زیاتر گەشەی کرد، بەهۆی ئەنتێنی مانگە دەستکردەکانەوە شەپۆلە دەسیمەترییەکان وەردەگیران. تا ساڵی (1959) بەرنامەکانی کەناڵی تەلەفزیۆنی لینینگراد بەیارمەتی ئێزگەکانی سەرزەوییەوە، شەپۆلەکانیان ئەگەیەنرانە ڕێگانو تالین (پایتەختی وڵاتەکانی باڵتیکی ئێستاو لیتوانیاو ستوانیا)، مۆسکۆش بەنۆرەی خۆی بەرنامەکانی بۆ خارکۆف، کییف (ئۆکراین)و، مینیسک پەخشو بڵاوئەکردەوە.

تاساڵی (1962) بەهۆی دەزگای ڕیلەیی بەهێزکەرەوە توانرا پەخشی تەلەفزیۆنی بگەیەندرێتە قەفقازو ئاسیای ناوەڕاستو ئۆڕاڵو سیبیریای خۆرئاوا، بەم هۆیەوە بەشێکی گەورەو دانیشتوانێکی زۆری سۆڤییەت کەوتنە ژێر پەخشی بەرنامەکانی کەناڵی ناوەندییەوە.

لەساڵی (1992)دا ڕایەڵەی تەلەفزیۆنی سۆڤییەت لەگەڵ تەلەفزیۆنی (ئینتەرڤیدێنیێ)[182] بەیەکەوە بەسترانەوەو ئەم کەناڵە، کەناڵێکی هاوبەشی وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵاتو فینلەندا بوو. سەرەڕای ئەوەش ڕایەڵەی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی توانای بەسترانەوەی بەتۆڕی (یورۆڤیدێنیێ)[183] یەوە هەبوو کە کەناڵێکی هاوبەشی وڵاتانی خۆرئاوا بوو. فراوانکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانو بەهێزکردنی توانای پەخشەکانیان لەساڵی

[182]-inter videnye.
[183] -euro videnye

(1971)دا، وایکردبوو کە بتوانرێ ناردنی پەخشی کەناڵەکان بۆ ناوچە دوورەکانی ئاسیای ناوەڕاستو قەفقاز دەستەبەر بکات. ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییە کە ناوی واستۆك (ڕۆژهەڵات)بوو، بەرنامەکانی خۆی لەکەناڵی یەکەمی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتییەوە، درەنگ وەخت بۆ ئەو ناوچانە پەخش ئەکرد تا بینەران لەو ناوچانەدا بتوانن لەکاتێکی لەبارو گونجاودا بەرنامەکانی ببینن. لەساڵی (1965)داو بۆیەکەمجار بەهۆی مانگی دەستکردەوە کە ناوی (مۆلنیا)[184]، تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی بەرنامەکانی خۆی لەکەناڵی ناوەندی سۆڤییەتییەوە وەردەگرتو پەخشی ئەکردەوە. ئەم مانگە ناوەڕاستی وڵاتی سۆڤییەتی لەبواری تەلەفزیۆنییەوە بەخۆرهەڵاتی دوورەوە دەبەستەوە.

ڕایەڵەی مانگی دەستکردنی (مۆلنیا)ی لەساڵی (1967)دا بەهاوبەشی لەگەڵ ناوەندی هونەریی تەلەفزیۆنی ئەستانکینەدا دەستی بەکارەکانی خۆی کرد. لەنیوەی دووەمی حەفتاکاندا مانگە نوێیەکانی پەیوەندیکردنی وەکو: "ڕادۆگا[185]، ئەکران (واتا شاشە)[186]، گریزۆنت[187]" بەسترانەوە بە سیستەمی نوێی فەزایی سۆڤییەتییەوە کە ناوی (ئینتەرسپۆتنیك)[188] بوو.

بەوەش جگەلە وڵاتە سۆشیالیستەکانی ئەوروپا، ڕووماڵ (**تغطیە**)ی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی کوبا، ڤێتنام، مەنگۆلستانو ژمارەیەکیتر لە تەلەفزیۆنەکانی وڵاتانی ڕوولەگەشەی دەگرتەوە.

---

184 -molnia.
.185 -Raduga
.186 -Ecran
.187 -gorizont
.188 - Intersputnik

ئەم سیستەمە نوێیەی پەیوەندیکردن توانای ئاڵوگۆڕکردنی بەرنامەکانی نێوان کەناڵە جیاجیاکانی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی لەگەڵ وڵاتانی جیهان، هەروەها مۆسکۆ لەگەڵ لینینگرادو پایتەختەکانی کۆمارەکانیتری وڵاتانی سۆڤییەتو شارەکانیشی دەستەبەرئەکرد.

لەکاتی دەستبەکاربوونی سیستەمی (ئینتەرڤیدێنییێ)یەوە، لەساڵی (1960 تا 1982) ئاستی بەرنامە ئاڵوگۆڕکراوەکان لە (572) کاتژمێرەوە گەیشتە زیاتر لە (5) هەزار کاتژمێر لەساڵێکدا.

سیستەمی (ئاربیتا) توانای پەیوەندیگرتنی لەگەڵ سیستەمی مانگی دەستکردی (ئینتڵ سات)ی ئەوروپای خۆرئاوادا هەبوو. وە لەتوانایدا بوو وەك پردێکی تەلەفزیۆنی لەنێوان وڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا پەیوەندی دەستەبەربکات[189].

جگە لەسیستەمی گرانبەهای ئاربیتا، سیستەمیتری سەتەلایتی وەك مۆسکۆ، توانای پەخشی بەرنامەی بۆ مەودای کورتتر دابین ئەکرد. ئەم سیستەمە سەتەلایتیە هەرزانەو ئەو توانایەی دابوو بە ڕایەڵە تەلەفزیۆنییە ناوچەییەکان تاوەکو مەودای پەخشی بەرنامەکانی خۆیان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد بکەن. سودوەرگرتن و بەکارهێنانی هاوبەش لەسیستەمە تەلەفزیۆنییەکانی: ئەلبیتا، ئەکران، مۆسکۆو هەروەها هێڵە کێبڵییەکانو لەگەڵ ئەوانیشدا کەناڵە زەمینییە بەهێزکراوەکان، ئەو توانایەی دەستبەرکردبوو کە تاساڵی (1982) زیاتر لە (87٪)ی ناوچە جیاجیاکانی سۆڤییەت بکەونە ژێر ڕووماڵی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی کەناڵی ناوەندی سۆڤییەتییەوەو لەوناوچانەدا لەسەد خێزان، (98) خێزانیان ئامێری تەلەفزیۆنیان هەبوو.

لەکانونی دووەمی (1982)دا تەلەفزیۆنی مۆسکۆ (ناوەندی ئەستانکینە)، دەستی بەپەخشکردنی بەرنامەکانی خۆی کرد. لەدوو کەناڵەوە بۆ سەرتاسەری سۆڤییەت. کەناڵی

---

[189] -ڕادیۆو تەلەفزیۆنی وڵات، ڕووسیای سپیو پارێزگای گرۆزنی.

یەکەم لە (5) کاتی جیاوازدا بەرنامەکانی خۆی پەخش ئەکرد. کە ئەو پەخشکردنە لەڕاستیدا پەخشکردنەوەی بەرنامەی سەرەکی بوو، چوارجاریش هەمان بەرنامە بۆ چوار ناوچەی جیاوازی سۆڤییەت پەخش ئەکرایەوە. ژمارەی بینەرانی کەناڵی یەکەمی سۆڤییەت (230) میلیۆن کەسو ژمارەی بینەرانی کەناڵی دووەم زیاتر لە (100) ملیۆن کەس دەبوون. شایانی باسە ناوچەکانی خۆرهەلاّتی دوورو ئاسیای ناوەڕاست پەخشی ئەو بەرنامانەیان پێنەدەگەیشت. لەساڵی (1982)دا نزیکەی لە (64%)ی دانیشتوانی سۆڤییەت دەیانتوانی بەرنامەکانی هەردوو کەناڵە سەرتاسەرییەکەی سۆڤییەت بەشێوەیەکی باشتر ببینن،و لە (14%)ی دانیشتوانیش بەهۆی گەیشتنی پەخشی زیاترەوە توانای بینینی بەرنامەی کەناڵی زیاتریان هەبوو[190].

## *تۆمارکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان

توانای تۆمارکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، یەکێك لەدەستکەوتە گەورەکانی سالاّنی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بوو، نەبوونی توانای تۆمارکردنی بەرنامە زیانێکی گەورەی بەچۆنایەتی بەرنامەکان دەگەیاند.

مەبەست لەوەش ئەوەبوو کە تەنیا دەتوانرا بەرنامە زیندووەکان وەك چۆن ڕوویان دەدا، بلاّوبکرێنەوە. هەروەها زۆرلەڕووداوەکان لەکاتێکدا ڕوویان دەدا کە لەگەلّ پەخشی تەلەفزیۆنەکەدا نەدەهاتنەوە.

کەواتە تەنها بەتۆمارکردنی ئەو ڕووداوانە دەتوانرا لەکاتی گونجاودا بلاّوبکرێنەوە. سەرەڕای ئەوانەش نەبوونی توانای تۆمارکردنی بەرنامەو ڕووداوەکان، هاوسەنگی بەرنامە پەخشکراوەکانی تێك دەدا،و بەرهەمهێنانی بەرنامەکانیش زۆر گران تەواو دەبوون.

---

[190] – تەلەفزیۆن گرفتو ڕێگاچارەکان.

یەکەم شێوازی تۆمارکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بەفیلمگرتنێکی ئاسایی دەستی پێئەکردو تەلەفزیۆنی سۆڤییەت بۆ ئامادەکردنی فیلم، ستۆدیۆکانی فیلمگرتنی ڕادەسپارد تا وێنەی ڕووداوەکان لەسەر فیلم تۆمار بکەنو دواتریش ئەو فیلمانە لەستۆدیۆی تەلەفزیۆندا هەڵدەگیران.

شێوازێکیتری تۆمارکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، لەرێگای شاشەی تەلەفزیۆنەوە بوو.

واتا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەوە فیلمی لەبەردەگیرایەوە بەڵام وێنەگرتن کە بەمشێوەیە ئامادە ئەکرا لەڕووی چۆنایەتییەوە باش نەبوو. باش نەبوونەکەشی لەڕووی جیاوازیدا بوو لە فریکوێنسی هەردوولادا، واتا شاشەی تەلەفزیۆنەکە و زوومی کامێراکە گرتنی (24 وێنە لەچرکەدا)و فریکوێنسی گۆڕانی وێنەی تەلەفزیۆنی (25 وێنە لە چرکەدا) وایئەکرد کە وێنەکان شەپۆلیان تیادا دروست ببێت. بەڵام زوو هەوڵ دراو ئەو گرفتە لەوێنەگرتندا چارەسەر کرا. بەهۆی دەزگایەکی تایبەتییەی کە توانای فیلم گرتنی هەبوو لەشاشەی تەلەفزیۆنەوە کە بەکەڵك وەرگرتن لەکێبڵ لەبری هاووێنە (عدسە)ی کامێرا کارەکە ئەنجام دەدراو ئەوەش مەسەلەی فڕینی وێنە (دەرابەکردن)ی سەرشاشەی چارەسەر کرد، بەڵام لایەنە خراپەکەی ئەو شێوازە ئامادەکردنی جامی فیلمو وێنە شتنەوەکەی بوو.

کەکاتێکی زۆری دەویستو پێویستی بەتاقیگەیەکی گونجاو هەبوو، سەرەڕای ئەو گرفتانەش ئەو شێوازەی فیلمگرتن کە بۆیەکەمجار لەساڵی (1956)دا دەستی پێکردو تا سەرەتای ساڵانی حەفتا هەربەکاردەهێنرا. لەسەرەتای حەفتاکانەوە توانرا تۆمارکردنی بەرنامەو فیلم بەهۆی ڤیدیۆوە ئەنجام بدرێت.

باشییە گەورەکانی تۆمارکردنی فیلمی ڤیدۆیی، خێرایی کارو توانای پەخشکردنەوەی دەمودەستی بەرنامەکان بوو دوای تۆمارکردنیان. بەتایبەت بۆ بلاوکردنەوەی دەنگوباسو ئەو هەواڵانەی کە پێویست بوو، بەخێرایی وێنە بگیرێنو بلاوبکرێنەوە کە ئەوکارە بەهاو گرنگییەکی زۆری هەبوو لەڕووی کاری هەواڵگەیاندنەوە. بەدەستەبەرکردنی کاری

تۆمارکردنی ڤیدۆیی بەشی پەخشی ڕاستەوخۆی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن کەم بوونەوە. کە ئەو مەسەلەیەش کاری کردە سەر باشترکردنی چۆنایەتی بەرنامەکانو جۆری پەخش کردنیان.

ئەمڕۆ تەلەفزیۆن توانای زۆر زیاتری لەبەردەستدایە، مانگە دەستکرئەکان توانای بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانو شێوازی پەخشکردنیان تاڕادەیەکی زۆر لەسەرتاسەری جیهاندا دەستەبەرکردووە.

بەسەرهەلّدانو پەیڕەوکردنی بازاڕی ئازاد لەسۆڤییەتدا، دواتریش لەڕووسیادا تەلەفزیۆنی ناحکومیو تەلەفزیۆنی سیستەمی کێبلاّتیش زیادیان کرد. لێرەدا دەتوانرێ ئاماژە بە پەخشی بەرنامەی سێ ڕەهەندی (سەبعدی) بدرێت. هەرچەندە تاقیکردنەوەی ئەزموونی تەلەفزیۆنی سێ ڕەهەندی لەسەرەتای هەشتاکاندا بەسەرکەوتوویی لە (لینینگراد)دا ئەنجام درا، بەلاّم لێکهەلّوەشانەوەی سۆڤییەتو پەرتوبلاّوبوونی سیستەمی زانستی- پیشەسازی سۆڤییەتیو ڕووسیا بوونە ڕێگری هێنانەدی ئەم بەرنامانە.

## *تەلەفزیۆنی سۆڤیەتی و کەڵك وەرگرتن لە کەناڵی وێنەیی بۆ پڕوپاگەندە

ناوەندی تەلەفزیۆنیی مۆسکۆ لەسەرەتای ساڵی (1949)ەوە هەوڵەکانی خۆی بۆ دابینکردنی پێداویستییە هونەرییەکانو دانانی نێرەر (مرسلە)و ستۆدیۆی مۆدێرن وەستاندو لەهاوینی هەمان ساڵدا هەوڵەکانی خۆی دەست پێکردەوە. دوای ئەو چاکسازییانەی لەڕووی چۆنایەتییەوە کران، وێنەی تەلەفزیۆنی باشتر بوو، بەڵام بەرنامەکانی تەلەفزیۆن هەرئەو کۆنسێرتو شانۆگەریانە بوون کە لەوەوبەر پێشکەش ئەکران. وردەوردە پەیامنێری تەلەفزیۆنی، لێکۆڵەری بەرنامەی تەلەفزیۆنی، نوسەری تایبەتی بوارەجیاجیاکانی تەلەفزیۆنی، هاتنە مەیدانی کارکردنەوەو لەو بوارانەدا هەنگاوی گەورەیان ڕووەوباشترکردن نا.

پێویست بوو تەلەفزیۆن وردەوردە پەخشکردنی شانۆگەریی و کۆنسێرت بنێتەلاوە، تا خۆی کۆنسێرتو نمایشی تایبەت بەخۆی ئامادەبکاتو بەرنامەی وابێنێتە ئاراوە کە بۆخۆی ئامادەی کردبن، بەڵام تائەوکات تەلەفزیۆن لەبەراورد لەگەڵ ڕادیۆو کارو بەرنامەو چالاکییەکانی ڕادیۆو بڵاوکراوەو ڕۆژنامەکانیشدا زۆر لەدواوە بوو. تەنانەت لەوسەردەمانەدا نەدەتوانرا جگە لەوێنەکان کە نیشانی دەدان، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان بەرنامەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆندا بەدی بکرێت.

لەمارتی (1951)دا ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤییەت گەڵاڵەنامەیەکیان لەبارەی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پەخشی ڕۆژانەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانو دابینکردنی ستۆدیۆیەکی ناوەندی بۆ تەلەفزیۆن دارشتبوو. کە تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو کە پێویستە بۆ ئەو کارە سود لەتواناکانی کادیرو کارمەندانی ناوەندی تەلەفزیۆنی مۆسکۆ وەربگرێت[191].

---

191 - ڕادیۆو تەلەفزیۆنی یەکێتی سۆڤییەت.

یەکەمین بەرنامەی سەرلیستی بەرنامە نوێیەکانی تەلەفزیۆن، ڕیپۆرتاژی تەلەفزیۆنی بوو. یەکەمین ڕیپۆرتاژیش (ڕیبابچیکۆف)ی پەیامنێری گۆڤاری (ئۆگۆنیوك[192]) ئامادەی کردبوو. یەکەمین بێژەری تەلەفزیۆنیش، (نیاکندراتۆڤا) بوو، ناوبراو ناو و ناوبانگی لەزۆربەی سیاسەتمەدارەکانی سۆڤییەت بلاوتر بوو.

یەکەمین ڕیپۆرتاژی وەرزشیش کە لەتەلەفزیۆندا پێشکەشکرا، پەخشکردنی ڕاستەوخۆی یاری تۆپی پێ بوو لەساڵی (1949)دا لەبەرئەوەی ژمارەی کامێراکانو تۆمارکردنی هەمەلایەنەی جوڵەکانی یاریزانەکان کەم بوو، ئەو ڕیپۆرتاژە وەرزشییە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. لە (3ی نیسانی 1954)دا بەرنامەی زاناکان لە تەلەفزیۆنەوە پەخشکرا کە لەو بەرنامەیەدا زۆر لەزاناکانی سۆڤییەت بەشداربوون تیایدا.

پێشکەشکردنی ئەم بەرنامەیە، سەرەتای پێشکەشکردنی بەرنامە زانستییەکان بوو لە تەلەفزیۆنەوە. لە (11ی نیسانی 1954)یشدا یەکەمین لێکۆڵەرەوەی سیاسی بەرنامەی تەلەفزیۆنیی خۆی پێشکەش کرد، و هەروەها لە (نیسانی 1954)دا بوو کە یەکەمین ڕیپۆرتاژی تەلەفزیۆنی لەناو کۆشکی کرەملینەوە تۆمارو بلاوکرایەوە. ئەوە یەکەمینجاربوو کە دەرگای ئەو کۆشکە بەڕووی کامێرای تەلەفزیۆنیدا بکرێتەوە. لەو ماوەیەدا ژمارەی بینەرانی تەلەفزیۆن زیادی کردو گەیشتبووە (250) هەزار بینەرو جگە لەدانیشتوانی مۆسکۆو لینینگراد بینەران لە (کیف)یش دەیانتوانی سود لەپەخشی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان وەربگرن[193].

یەکەم بەرنامەی تایبەت بەهونەر، لە تەلەفزیۆنی سۆڤییەتیدا بەرنامەی ئیسکوستڤە (هونەر)بوو، کە زۆربەی لایەنە هونەرییەکانی ناو سۆڤییەتی ئەگرتەخۆ. لەساڵی

---

192 - Ogoniok.

193 - ئاسورۆفسکی (لەدایکبوونی ڕیپۆرتاژ)، شابۆلۆفکا کۆمەڵە وتاری کارمەندانی پێشووی تەلەفزیۆن، مۆسکۆ دەزگای پەخشی ئیسکۆستوا 1988.

(1951)دا بەرنامەی تەلەفزیۆنیی منداڵان بەرهەم هێنرا، گرفتە هونەرییەکانو لەوانەش لەتوانادانەبوونی وێنە لەدەرەوەی ستۆدیۆ ڕووداو و بەسەرهاتی سەیروسەمەرەی هێنابووە ئاراوە.

لەوبارەیەوە یەکێك لەبەرێوەبەرانی بەشی بەرنامەی منداڵان لەیادداشتەکانی خۆیدا نوسیویەتیو ئەڵێت: (لەبەرئەوەی نە ئەتوانرا کامێرا ببردرێتە دەرەوەو هەروەها توانای تۆمارکردنی بەرنامە لەسەر کاسێت نەبوو، وە بۆ ئاشناکردنی منداڵان بەگیاندارەکان ناچاردەبووین گیاندارەکە بێنینە ناو ستۆدیۆوە..)

یەکەمین بەرنامەی تایبەت بە منداڵان، لە (6ی نیسانی 1951)دا بەناوی (پێشەنگی لاوان) بڵاوکرایەوە. لەو بەرنامەیەدا چەندین بەرنامەی هەمەڕەنگی وەکو: دەمەتەقێ، گۆرانی، چیرۆكو بابەتی گاڵتەوگەپ بڵاوئەکرانەوە. (زاك) یەکێك بوو لەو کەسانەی کە بەڕاستی داهێنانو شێوازی نوێی هێنایە ئاراوە، بەتایبەتی لەبواری بەرنامەی منداڵان. ناوبراو یەکەم کەس بوو کە بوکەڵەی هێنایە ناو بەرنامەی منداڵانەوە لەستۆدیۆدا.

لە کاری تەلەفزیۆنیدا جگە لەگرفتی هونەری، هێزی کاری کارامەش بووبووە گرفتێکی گەورەو چووبووە سەر ئەو گرفتانێتر. لەو سەردەمەدا گرفتی نەبوونی بێژەرو نەبوونی پەیامنێری تەلەفزیۆنیو... کارەکانی هەموو سست کردبوو. هەندێکجار بێژەر دەبوو بەدرێژایی ڕۆژی کارکردنەکەی لەبەردەم کامێرادا بمێنێتەوە. لەساڵی (1956)داو بۆیەکەمینجار لە تەلەفزیۆنەوە نمایشێکی شانۆگەری نمایش کراو وێنەگیرا[194].

لەهەمان ساڵێشدا تەلەفزیۆن یەکەم خولی فێرکاری تایبەت بەپەیامنێریی کردەوە. لەوسەردەمەدا مەسەلەی خاوەندارێتی تەلەفزیۆن هاتبووە ئاراوە، هەرچەندە تاساڵی (1957) تەلەفزیۆن لەژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی رۆشنبیریدا بوو بەڵام دواتر بوو بەبەشێکی

194 -کۆزۆنۆڤا "چ شتێك دێتەوەیاد؟". مۆسکۆ دەزگای پەخشی ئیسکۆستوا 1988.

سەربەخۆو تایبەت. لەساڵی (1957)دا گەڵاڵەنامەی ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤییەتی سەبارەت بە پێکهێنانی کۆمیتەیەکی حکومی تایبەت بەکاروباری ڕادیۆو تەلەفزیۆنی سەربە ئەنجومەنی سۆڤییەتی تەلەفزیۆنی پەسەند کردو (ئیڤانۆڤ)یشی کردە لێپرسراوی ئەو کۆمیتەیە و لەهەمانکاتیشدا ناوبراو کرایە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنیش[195].

لەم سەردەمەدا وردە وردە کەفوکوڵی هەڵچووی جەنگی سارد ئەنیشتەوە،و ئەمەش وایکردبوو کە هاوکاریو پەیوەندیکردن لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی دەرەوەدا بێتە ئاراوە. بۆیەکەمجار لەساڵی (1958)دا کارمەندانی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتیو کۆمپانیای (BBC) پێکەوە فیلمێکی بەڵگەنامەییان لەژێرناوی (سۆڤییەتی ئەمڕۆ)دا ئامادە کرد[196]. زۆلۆتاریۆفسکی لێپرسراوی ئامادەکاری ئەو فیلمە بوو، ناوبراو باسی لەسەختیو ئەو گرفتە هونەرییانە کردووە کە لەئامادەکردنی ئەو فیلمەدا هاتۆتە ڕێگایان. ئاماژەشی بەوە کردووە کە سەرەڕای هەموو ئەو کەندوکۆسپانەش، فیلمی (سۆڤییەتی)ئەمڕۆ، زۆرباش بەبەرهەم هاتووە،و لەهەمانکاتی بڵاوبوونەوەیدا کەناڵی (BBC)یش ئەو فیلمەی بڵاوکردۆتەوە. لەساڵی (1960)دا ئیستافتانۆڤستی (گەیەنەری هەواڵەکان) بڵاوکرایەوە، کە یەکێك بوو لەبەرنامە بڵاوە بەناوبانگەکانی ساڵانی (1960).

ئەم بەرنامەیە یەکەمین بەرنامەی زیندوو بوو کە بەپەخشی ڕاستەوخۆ پێشکەش کرا بۆ ڕاکێشانو نزیککردنەوەی هەرچی زۆرتری بینەر. شایانی باسە ناوەڕۆكو شێوازی بەرنامەکان ڕەنگدەرەوەی بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی سۆڤییەتی ئەوسابوو، پێویستە ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە لەو سەردەمەدا سۆڤییەت لەبواری زانستییەوە بەخێرایی بەرەوپێشەوە هەنگاوی

---

195 - ڕابۆرتسکی (دۆزینەوەی تازەکارەکان). هەمان سەرچاوە.

196 - ل.زۆلۆتاریۆفسکی (بێحەسرەت) هەمان سەرچاوە.

دەناو لەوسەردەمەدا لەبواری زانستو گەشەکردنەوە هیچی لەپێشکەوتنی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان کەمتر نەبوو، لەزۆربواریشدا سۆڤییەت لەپێشەوە بوو.

یەکێك لەو بوارانەش بواری گەشتی فەزایی بوو لەوانەیە ئەوەش بگێڕدرێتەوە بۆ نهێنیکاری سۆڤییەت لەو سەردەمەدا لەچاو هەموو جیهاندا.

پەیامنێرە تەلەفزیۆنییەکانی سۆڤییەت دوای گەڕانەوەی (گاگارین) لەفەزاوە بۆ زەوی توانیان هەواڵی یەکەمین گەشتی ئاسمانی بڵاوبکەنەوەو بیگەیەننە چاو و گوێی دانیشتوانی سەرزەوی[197].

بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە بەس بوو بۆ ئەوەی زەمینەی ئامادەکردنی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی بێتەئاراوە لەبارەی گەشتی فەزایی سۆڤییەتییەوە. ئەم فیلمانە لەساڵانی (1963-1964)دا خەڵاتی فیستیڤاڵی تەلەفزیۆنی (مۆنتیکارلۆو ڕۆما)یان پێبەخشرا.

یەکێکیتر لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی کە لەکۆتایی پەنجاکاندا هاتە ئاراوە، کردنەوەی بەشی لاوان بوو. ئەو بەرنامە نوێیە بابەتی هەمەڕەنگی جیاجیای لەخۆگرتبوو کە بەرنامەیەکی تێدابوو دەربارەی ژیانی کەمسەمۆڵ (لاوانی حیزبی)و میوزیكو لەبارەی پێشبڕکێی جۆراوجۆرەوە بابەتی بڵاوئەکردەوە.

لەساڵی (1958)دا پێشانگای (ئەکسپۆ) لەشاری برۆکسل کرایەوە ئەوە بۆیەکەمجار بوو کە گروپێکی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی بنێردرێتە دەرەوە. ئەو سەردەمە تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی، پەیامنێری دەرەوەی وڵاتی نەبوو. ئەم سەردانە ئەزمونێکی نوێ بوو بۆ پەیامنێرەکانی سۆڤییەت کە تیایدا ئاشنادەبوون بە کارو بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی ئەوروپا. بەپێی وتەی یەکێك لەئەندامانی ئەو گروپە: تەلەفزیۆنەکانی ئەوروپا بەبەراورد لەگەڵ

---

197 – ل.زۆلۆتاریۆفسکی (بێحەسرەت) هەمان سەرچاوە.

تەلەفزیۆنی سۆڤییەت بەرنامەی سەرگەرم كردنو پێشبڕكێی كەمتری تیادابوو، هەروەها زۆربەی فیلمە تەلەفزیۆنییە پەخشكراوەكانیان بێدەنگ بوونو ڕیپۆرتاژو هەواڵی ڕاستەوخۆیان نەبوو. وە زۆربەی بەرنامەكانیان لەشێوەی (ڕیپۆرتاژ، چاوپێكەوتن، لێكۆڵینەوە، كۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی، پێشبڕكێ)دا بوو. بەڵام ئەوە هەبوو كە هەموو ئەو بەرنامانە كە ئامادەئەكران لەكاتی دیاریكراوی خۆیاندا پێشكەش ئەكرانو تەنانەت خولەكێكیش دوانەئەكەوتن.

لەدیارترین جیاوازییەكانی بەرنامە تەلەفزیۆنییەكانی ئەوروپا لەگەڵ بەرنامە تەلەفزیۆنییەكانی سۆڤییەتیدا، ڕۆڵی گرنگی پێشكەشكەری بەرنامەو پەیامنێرە تەلەفزیۆنییەكان بوو كە ئەوروپییەكان زۆر شارەزاترو پیشەییانەتر بوون لەچاو سۆڤییەتییەكاندا. گومانیشی تیادا نییە كە ئازادییەكی زیاتریشیان لەراپەڕاندنی كارەكانیاندا هەبووە. جگەلەوانەش، لێكۆڵەرەوانی بواری تەلەفزیۆنیش لەئەوروپا جیاوازییەكی زۆریان هەبوو لەچاو لێكۆڵەرەوانی سۆڤییەتیدا[198].

بەرنامەی هەواڵەكان كەناوی (دوادەنگوباس) بوو، یەكەمین بەرنامەی هەواڵگەیاندنی ڕێكوپێكی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی بوو. یەكێك لەجیاوازییەكانی نێوان تەلەفزیۆنو ڕادیۆ، تواناو دەستەبەربوونی ئامادەكردنی فیلم بوو لەبارەی ڕووداوە گرنگەكانەوە. بەڵام گرانی كاری شتنەوەی ئەو فیلمانە، كاتێكی زۆری دەبرد و ئەوەش وایكردبوو پەخشی ڕاپۆرتە هەواڵییە وێنەییەكان زۆر كەم بێت. تەلەفزیۆن بۆخۆجیاكردنەوەی لەڕادیۆ، پەڕگیری (**تطرف**)ی ئەكرد لەكارەكانیداو وێنەی بێژەرەكە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەرنەئەكەوتو تەنها دەنگەكەی دەبیسترا كە ڕیپۆرتاژە هەواڵییەكانی دەخوێندەوە.

تەلەفزیۆن كە پەی بە كەمی جیاوازی خۆیو ڕادیۆ برد، وێنەی بێژەرەكانی لەسەر شاشە دەرخست چونكە لەوكاتەدا نەئەتوانرا وێنەی هەموو ڕووداو و هەواڵەكان بگیردێت یان وێنە

---

[198] -ل. گلۆخۆفسكایا، ئەكسپۆ- 58. هەمان سەرچاوە.

گیراوەکان لەکاتی خۆیدا بگەیەندرێتە ستۆدیۆ بۆ پەخشکردنی. کەواتە لەکاتی خوێندنەوەی هەواڵەکاندا، نیشاندانی بێژەرەکە پێویست بوو. بەفراوانبوونی کەناڵی ناوخۆیی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی بەرنامەی (دواین هەواڵەکان) هەمەڕەنگترو هەمەلایەنتر بوو. لەوسەردەمەدا بابەتی زۆر لەستۆدیۆ ناوخۆییەکان وەرئەگیراو دواتر پەخش ئەکرانەوە. بەرنامەی دواین هەواڵ تەمەنێکی کورتی هەبوو، لەبەرئەوەی لەساڵی (1970)دا (هەواڵی تەلەفزیۆنی) جێگەی گرتەوە.

بەهۆی گرنگی ڕۆڵی تەلەفزیۆنو کاریگەری لەسەر چینوتوێژەکانی کۆمەڵ وە ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی کە ئەیتوانی بیگێرێت لەبواری پڕوپاگەندەدا تەلەفزیۆن بووە جێگای گرنگی پێدانی زیاتری حیزبی کۆمۆنیست.

تەلەفزیۆن: ئەم شێوازە نوێیەی ڕاگەیاندن توانیبووی لەماوەی سی ساڵی پەیدابوونی خۆیدا جێگایەکی گرنگ لەناو خەڵکدا بۆخۆی پەیدابکات. هەرلەبەر پەیبردن بەم کاریگەرییە بوو کە ڕاگەیاندن هەیبوو لەنیوەی دووەمی پەنجاکانەوە کەڵك وەرگرتن لـێی لەلایەن حیزبەوە بەشێوەیەکی هەست پێکراو برەوی پەیداکردبوو کە ئەرکی تەلەفزیۆن بوو بەشێوەیەکی ڕێکوپێكو شێلگیرانە ئەرکە ئایدۆلۆژییەکان جێبەجێبکاتو ببێتەبڵندگۆی ئامانجە کۆمۆنیستییەکانی حیزب.

دەبوو فەرمانەکانی حیزب بێچەندوچون ئەنجام بدرانایە و ئەندامانی حیزب لەبەشەکانی تەلەفزیۆندا ئەرکیان ئەوە بوو کە ڕێگا لەهەموو خەمساردییەكو کەمتەرخەمییەك بگرنو کارمەندانی ئەو کەناڵە لەسەر فەرمانو ڕێنماییەکانی حیزب باربهێننو لەچوارچێوەی ڕێگاپێدراو دەرنەچن.

هەرئەو کارانەش بوو وایانکردبوو تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی ببێتە سەیرترین تەلەفزیۆنی جیهان. پێویست بوو تەلەفزیۆن ببێتە هۆکارێکی گرنگی پەروەردەکردنی خەڵك لەسەربنەماکانی مارکسیزم- لینینیزمو دژی ئایدۆلۆژیای سەرمایەداری بوەستایەتەوەو بەو

ئاڕاستەیە بەرنامەکانی بڵاوکردبایەتەوە. لێرەدا ئەرکی سەرەکی تەلەفزیۆن بووبووە پڕوپاگەندەکردن بۆ بیروبۆچوونو بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت. زۆربەی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن دەربارەی بڕیارو فەرمانەکانی کۆنگرەی حیزبو سیاسەتە ناوخۆییو دەرەکییەکانی حکومەتی سۆڤییەتو خەباتی گەلانی سۆڤییەت بوو.

بەپێی فەرمانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەتی، هەموو ستۆدیۆکان ڕاسپێردرابوون کە لایەنی کەم هەفتەی کاتژمێرێك بەرنامەیان بۆ منداڵان هەبێتو هاندانی گیانی وەرزشدۆستیو وەرزشە جۆراوجۆرەکانیتر، و گرنگیدان بەپێشاندانی پێشبڕکێ وەرزشییەکان لە تەلەفزیۆنەوە. هەرلەو بڕیارانەدا باسی هەرچیزووتری دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەو بەرنامانە درابوون، لەوسەردەمەدا کارمەندانی تەلەفزیۆن سەربە دوو وەزارەتخانە بوونو بەشی تایبەت بەناوەڕۆکی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن واتا ئامادەکردنی بەرنامە، وێنەگرتنو سیناریۆنوسین لەژێرچاودێریی سانسۆری کۆمیتەیەکی تایبەتی حکومیدا بوون کە تایبەت بوون بەڕادیۆو تەلەفزیۆن. ئەو کۆمیتەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەئەنجومەنی وەزیرانەوە هەبوو. وە بەشی تایبەت بەخزمەتگوزارییە هونەرییەکانیش لەوانە تەکنیسۆنەکانو کارمەندانی ناردن (ارسال)و وەرگرتن (استقبال) سەربە وەزارەتی گەیاندن بوون. ئەم وەزارەتە کارەکانیان تەقیلدییو ڕۆتینێکی زۆریی تیادا بوو، کاری کارمەندانی تەلەفزیۆنیان بەباشی ڕایی نە ئەکرد. لەبەرئەوە لەساڵی (1961)دا هەموو ئەو خزمەتگوزارییە هونەریانەی تەلەفزیۆنیان لەم وەزارەتە سەندەوەو خرایە سەر کۆمیتەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنو تەنیا بەشی ناردنو وەرگرتنی پەخشە تەلەفزیۆنییەکان لەژێر چاودێری وەزارەتی گەیاندندا مانەوە.

لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانەوە، ژمارەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لەهەفتەدا زیادیان کرد هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرابوو بەهۆی کەمبوونەوەی بینەرانی بەرنامەی (هەواڵ)ەوە لەساڵی (1960) بەرنامەیەکی نوێ بەناوی ئیستافتانۆڤستی (دواین هەواڵەکان) کە بووە جێگای گرنگی پێدانی بینەران. لەبەرئەوەی ئەم بەرنامەیە سودی

لەڕاپۆرتە هەواڵییە وێنەییەکان وەردەگرت، سەرەنجام ئەم بەرنامەیە هەموو بەرنامە هاوشێوەکانیتری لە تەلەفزیۆندا شکست پێهێناو بووە تاکەبەرنامەی جێگای گرنگی پێدانی بینەران.

بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی بینەرانی خۆی، ئەم بەرنامەیە لەکەناڵەکانیترەوە بابەتو وێنەو ڕاپۆرتە هەواڵی وەردەگرتو بڵاوی ئەکردەوە. تا بەهۆیەوە بینەران ئاشنا بن بەشوێنە جیاجیاکانی سۆڤییەت.

بەرنامەی (دوایین هەواڵەکان) سەرەنجام بووە سەرچاوەو ئیلهام بۆ لەدایکبوونی بەرنامەی گرنگیتری وەك (هەواڵی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی) بەڵام بەتێپەڕبوونی کات ئەو بەرنامە سەرنجڕاکێشو زۆربینەرەش گرنگی خۆی لەدەست داو بەرنامەی هەواڵیی تری نوێ جێگایان گرتەوە. کە ئەم بەرنامە نوێیانە تا هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت بەرێكوپێکی درێژەی بەتەمەنی خۆی داو بڵاودەبۆوە. ئەو بەرنامە نوێیە ناوی ڤرێمیا (کات) بوو[199] کە یەکەمجار لەکانونی دووەمی (1968)دا بڵاوکرایەوە. دیارە بەرنامەی (ڤرێمیا) تاکە بەرنامەی هەواڵیی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی نەبوو، بەڵکو گرنگترینیان بوو. جگە لەو، بەرنامێتریش هەبوون دواترو لەساڵی (1989)دا بەرنامەی خزمەتگوزاری تەلەفزیۆنیش هاتە ئاراوەو لەبەرئەوەی ئەم بەرنامەیە کەمتر سانسۆری حیزبی بەسەرەوە بوو، هەر زوو توانی بەرنامەی ڤرێمیا لەمەیدان بکاتەدەرەوە.

جەماوەریبوونو خۆشەویستی بۆ ئەو بەرنامەیە گەیشتبووە ئاستێك هەردوای ڕاگیرانی بەرنامەکە، بەهۆی بڵاوکردنەوەی بەرنامەیەك لەسەر هێرشی هێزەکانی سۆڤییەت بۆسەر خۆپیشاندەرانی ڤیلنوس (لیتوانیا) دەستبەسەرداگرتنی ئەو کەناڵە توڕەبوونێکی جەماوەریی بەرفراوان دروستبوو، ئەوەش دەسەڵاتدارانی ناچارکرد کە ڕێگا بەپەخشی دووبارەی ئەو

---

198- Veremia.

بەرنامەیە بدەنەوە. بەڵام هەموو کارمەندانی ئەو بەرنامەیەیان لەسەرکار لابرد. ئەو بەرنامە هەواڵییە تا هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤییەت، لەسەر پێشکەشکردنی بەرنامەکانی خۆی بەردەوام بوو. پاش هاتنەسەرکاری خرۆشۆف لەشەستەکاندا، بەرنامەی لاوان لە تەلەفزیۆن دامەزراو بووبە بەرنامەیەکی هەمەڕەنگو سەرنجڕاکێش، بەڵام بەهاتنەسەرکاری برژنێف هەندێ لەبابەتو بڕگەکانی ئەو بەرنامەیە لابردران.

لەحەفتاکاندا فیلمە تەلەفزیۆنییەکان شوێنێکی گرنگیان لەبەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا بۆخۆیان پەیداکرد، زنجیرە تەلەفزیۆنییەکانو فیلمی زۆر لەوسالانەدا ئامادەکران. ئەو زنجیرە فیلمانە هێندە جەماوەریان هەبوو کە چەندینجار لێدەدرانەوە.

یەکێك لەوزنجیرە تەلەفزیۆنیانە (17چرکەی بەهار)بوو، کە دەربارەی (17)ڕۆژی بەهاری سیخوڕێکی سۆڤییەتی بوو لەبەرلین لەساڵی (1945)دا. ئەو زنجیرەیە لەساڵی (1973)دا نیشان درا. زنجیرەیەکیتری تەلەفزیۆنی ناوی (هەروەکچون پۆڵا زاخ درا)بوو کە لەساڵی (1973)دا ئەویش نیشان درا.

یەکێك لەسەرکەوتووترین فیلمەکانی ساڵانی (1970) فیلمی کۆمیدی (گەمەی چارەنوس)بوو کە خەڵاتی حکومەتی سۆڤییەتی پێبەخشرا. لەساڵی (1978)دا زنجیرەی تەلەفزیۆنی (تاوانی لەدایکبوونی شۆڕش) بوو کە باسی لەمێژووی خەباتی پارتیزانی سۆڤییەتی ئەکرد. کۆمپانیای سینەمای ئۆکرانیا ڕۆڵێکی گرنگی لەبەرهەمهێنانی فیلمی تەلەفزیۆنیدا هەبوو. ئەم کۆمپانیایە لەساڵی (1968)دا دامەزراو بەهۆیەوە ساڵانە سەدان کاتژمێر فیلمی بەڵگەنامەییو سینەمایی بەرهەم دەهێنراو لە تەلەفزیۆنەوە بڵاوئەکرایەوە. پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت هۆکاری دارایی وای کرد کە ئەو کۆمپانیایە شکست بهێنێتو نەمێنێت.

## *پێکهاتەی بەشەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتیو ناوەڕۆکی بەرنامەکانی

ڕێکخستنو ئامادەو پەخشکردنی بەرنامەکانی گشت کەناڵە تەلەفزیۆنییە ناوەندییەکانی سۆڤییەت لەئەستۆی دەستەی بەڕێوەبەری گشتی بەرنامەکاندا بوو. ئەرکی سەرەکی دەستەی بەڕێوەبەری گشتی، بەرنامەڕێژی پێکهاتەی پەخشو بەرنامەڕێژی بۆ ئامادەکردنی بەرنامەکان بوو. بەپێی بەرنامە و پێشنیارەکانی دەستەی بەڕێوەبردنە جیاجیاکانی تەلەفزیۆنەکانەوە، دەستەی بەڕێوەبردن هەروەها بەرپرسی هەماهەنگی، خشتەبەندکردنو ڕێکخستنی پەخشی بەرنامەکانی هەموو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ناوەندییەکان،و ڕێکخستنی پەخشکردنەوەی بەرنامە وەرگیراوەکان بوو لە تەلەفزیۆنە جیهانییەکانەوە. یەکەم پلانسازی دەستەی بەڕێوەبەرێتی گشتی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتو شێوەی پەخشی بەرنامەکانیان بۆ یەکساڵ دیاری ئەکردو بەپێی ئەو پێشنیارەش دەستەی بەڕێوەبردنی کەناڵە جیاجیاکانیش بەرنامەی کاری خۆیان بۆ یەك ساڵ دادەڕشت. بەشی هونەری بەرپرسی وەرگرتنو بڵاوکردنەوەی گشت ڕووداوە گرنگە جیهانییەکانو بەرپرسی ئامادەکردنی بەرنامەکان بوو بۆ بڵاوکردنەوە. بەشی زانیارییەکانی تەلەفزیۆنی ناوەندی سۆڤییەت دەسەڵاتێکی فراوانی هەبوو، وە دەیتوانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەرنامە بڵاوبکاتەوە.

ئەو کارە نیشاندەری باڵادەستی بەرنامە زانیارییەکان بوو. یەکێك لەبەشە گرنگەکانی تەلەفزیۆنی سۆڤییەت بەشی بێژەرەکان بوو، بێژەری پەخشی تەلەفزیۆنی لەساتی پەخشی بەرنامەدا بەنوێنەری تەلەفزیۆن دەدرایە قەڵەم.

ئەم بەشە تا دوادواییەکانی دەورانی سۆڤییەت، زۆر گەشەی کردبوو. بێژەران پسپۆڕێتی جیاجیایان هەبوو هەندێکیان ئەرکی خوێندنەوەی هەواڵەکانو هەندێکیتریان ئەرکی جێبەجێکردنی بەرنامەی دیاریکراوی (بۆنمونە میوزیك یا بەرنامەی منداڵان)یان لەئەستۆدا بوو.

## *بەرنامە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان

دەستەی گشتی نوسەرانی پڕوپاگەندەی تەلەفزیۆنی ناوەندی سۆڤییەت ئەرکی ئامادەو پەخشکردنی بەرنامەکانی پەیوەست بەبانگەشەکردن بۆ دروشمە کۆمۆنیستییەکان، ئامانجەکانی سۆشیالیزمو پەروەردەکردنی مارکسیانەی خەڵکی بوو. ئەم دەستەی نوسەرانە پیادەکەری سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت بوو لەناو خەڵکیداو جگەلەوەش دەبوایە ئەزموونەکانی کرێکارانی پێشەنگو پیشەسازییەکانی بەهەمووان ڕابگەیاندایە. دیارە تەنها بەرنامەکانی ئەم دەستەی نوسەرانە نەبوو کە لایەنی پڕوپاگەندەیی لەخۆگرتبوو. لەڕاستیدا ئەو بەرنامانە پڕوپاگەندەیەکی ڕووت بوون، لەکاتێکدا کە بەرنامەکانیتر کە لەژێرناوی منداڵان، میوزیكو...هتد بوون کەوتبوونە پروپاگەندەیەکی ناڕاستەوخۆ.

بەرنامەی سەرەکی دەستەی نوسەرانی پڕوپاگەندە، (زانکۆی لینینی ملیۆنان) بوو کە یەکەمین بەرنامەی لەساڵی (1965)دا بڵاوکرایەوە. بەرنامەی زانکۆی لینینی زیاتر لە چاودێری پشکنین دەچوو ئەم بەرنامەیە خولیای کۆنترۆڵی چۆنایەتی کار لەکارخانەکانو بەدواداچوونی کاری حیزبی بوو، وە ئەنجامەکانی کارەکانیانی هەفتانە لەبەرنامەی زانکۆ دەخستەڕوو. پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە ئامانجی ئەم بەرنامەیە زیاتر بەرەو هاندانی کرێکاران بوو بۆ کارکردنی زیاتر نەك ڕاکێشانی ئەوان بەرەو حیزبی کۆمۆنیست.

لەبەرئەوە بۆ ئەو مەبەستەیان لەکەرەستێتر کەڵکیان وەردەگرت، هەرچەندە لەهەردوو حاڵەتدا دەستکەوتەکانی حیزب بەتێپەڕبوونی کات بێبایەختر دەبوون.

## *هەواڵەکان

تەواوی بەرنامە هەواڵییەکانی تەلەفزیۆنی ناوەندی سۆڤییەت، لەلایەن دەستەی نوسەرانی گشتی زانیارییەکانەوە ئامادە دەکران. گرنگترین بەرهەمی بەشی زانیارییەکان بەرنامەی هەواڵیی (ڤرمیا- کات) بوو. جگەلەبەرنامەی ڤرمیا، ڕۆژانە دوو تا سێ جار کورتەهەواڵ وەکو دەنگوباس بڵاوئەکرایەوە. دەستەی نوسەرانی زانیارییەکان لێپرسراوی جێبەجێکردنو بڵاوکردنەوەی ڕیپۆرتاژە ڕاستەوخۆکان بوون لەڕۆژانەیی یەکەمی مانگی ئایاردا (ڕۆژی کرێکاران) و (7)ی تشرینی دووەم (ساڵیادی شۆڕشی سۆشیالیستی)یش بوو. بەشی زانیارییەکان هەروەها لەکاتی کردنەوەی کۆنگرە حیزبییەکاندا بەرنامەی ئامادە ئەکردو ئەو بەرنامانەی دەختەبەردەم هەموو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئەوروپا.

گۆڤاری تەلەفزیۆنی (سادرۆژستڤۆ- یەکێتی)[200] تەرخان کرابوو بۆ هەواڵی وڵاتە سۆشیالیستییەکان. بەرنامەی هەفتانەی ڕوانینی نێونەتەوەیی خەریکی ڕووداوە گرنگە جیهانییەکان، هەواڵەکانی وڵاتانیتر، خەباتی ڕەنجدەران بۆ بەرگریی لەمافەکانیان، راپەرینە ئازادیخوازییەکان، پشتیوانی گەلان لەخەباتی خەڵکی سۆڤییەت لەپێناوی ئاشتیدا بوون.

## *بەرنامەکانی تایبەت بەلاوان

بەرنامەکانی لاوان دەستەی نوسەرانی گشتی لاوان ئامادەی ئەکردن. ئەم بەرنامانە دەبوو سەرگەرمی پەروەردەکردنی ئایدۆلۆژیانە و سیاسیانەی لاوان بنو خۆشەویستیان بۆ کارکردنو

---

200 -Sodrughestvo.

هەوڵدان لەپێناویدا ڕەنێوبهێنن. ئامانجی ئەم بەرنامانە یارمەتیدانی لاوان بوو بۆ بەدەستهێنانی جیهانبینییەکی ڕاوەستاو لەسەرپایەی بنەما مارکسی-لینینیەکانو جێکردنەوەی لەژیانی ئەواندا.

پڕوپاگەندەی کەمسەمۆڵو دیاریکردنی ڕێوشوێنی لاوان لە ئەنجامدانی ئەرکە پێشنیارکراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەتداو هاندانیان بۆ هەوڵدان لەوبارەیەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە، بەتایبەتی کۆمەکیان لەحیزبیە بەتەمەنەکان وەردەگرت، بۆنمونە لەبەرنامەی ژیاننامەی ئێمەدا (لەساڵی 1967 بەدواوە)، حیزبییە بەتەمەنەکان قسەیان لەبارەی هەوڵەکانی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حیزبو ئەو فیداکارییانەی کە لەوبارەیەوە کردوویانە باس ئەکردو کۆمەڵە کرێکارییە پێشەنگەکان دەهاتن تا ئالای پەروەردەکردنی لاوان لەبەساڵاچووەکان وەربگرن.

## *بەرنامەی منداڵان

تەلەفزیۆن لەسەربنەمای دروشمە بەناوبانگەکەی سۆڤییەت: باشترین شت بۆ منداڵان گرنگییەکی تایبەتی دابوو بەمنداڵان. پێویستە ئایدیای کۆمۆنیزم لەهەمان ساتە سەرەتاییەکانی ژیانی هاوڵاتیانی ئایندەی سۆڤییەتییەوە بەگوێیاندا بدرێت. تا لەداهاتوودا ئەنجامێکی هەبێت. هەرچەندە ئەو هەوڵانە دواتر بەری نەبوو، بەڵام هەوڵی کارمەندانی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی لەوبارەیەوە شایانی ئاماژەپێکردنە.

لەبەرنامەی منداڵاندا جگەلەبەرنامەی سەرگەرمییەکان، بەرنامەی وەك: خۆشەویستی بۆ نیشتمانی سۆشیالیستی، وەفاداری بۆ بیروبۆچوونە کۆمۆنیستییەکانو خۆشەویستی بۆ کارکردن پڕوپاگەندەیان بۆ ئەکرا.

بەرنامەی دیداری ڕۆژنامەنوسە کەم تەمەنەکان لەمانگێکدا دووجار پەخش ئەکراو تیایدا ڕۆژنامەنوسە کەم تەمەنەکان لەگەڵ کەسانی بەتەمەندا چاوپێکەوتنیان ئەنجام دەداو ئەوان گۆرانی گوێلەمستیان بۆ حیزبی کۆمۆنیستو هەولدان لەبێشکەوە تا ناو گۆڕ بۆ هێنانەدی ئامانجە حیزبییەکان بەگوێی منداڵاندا دەدا.

بەرنامەیەکیتری تایبەت بەمنداڵان کە دەتوانرێ ئاماژەی بۆ بکرێت، بەرنامەی دەستڕەنگینەکانو داهێنانەکانی منداڵان (دەربارەی کاری دەستیو چالاکییەکانیتری منداڵان) بوو.

## *ئەدەبیات، شانۆو هونەر

لەدەورانی یەکێتی سۆڤییەتدا، بەرنامەی هونەری زۆر لەتەلەفزیۆنەوە پەخش ئەکران. ئەم بەرنامانە خەڵکیان بەهونەرمەندانی بەناوبانگی سۆڤییەتی ئاشنا ئەکرد.

باسوخواسی نمایشە هونەرییەکانی وڵاتیان بڵاوئەکردەوە. هەروەها ئەم بەرنامانە ڕەخنەی ئەدەبی نمایشکردنیشیان تاوتوێ ئەکردو خەڵکیان بەبەرنامە نوێو کۆنەکان ئاشنا ئەکرد. بۆ نمونە (قاوەخانەی 13 کورسی) بەرنامەیەکی خۆمانەیی بوو کە تیایدا هونەرمەندان لە ستۆدیۆیەکی هاوشێوەی قاوەخانەدا خڕدەبوونەوەو دەربارەی بابەتی جیاجیا قسەوباسیان دادەمەزراند. دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت، ئەم بەرنامانە بەدەگمەن بڵاوئەکرانەوە. بەهەمانشێوە باسوخواسە هونەرییەکانیتریش چارەنوسیان لەم بەرنامەیە باشتر نەبوو.

## *میوزیك

بەرنامە میوزیکییەکان لەلایەن دەستەی ئامادەکارانی گشتی بەرنامە میوزیکییەکانەوە ئامادە ئەکران، ئەم بەرنامانە بۆچەندین جۆری میوزیك لەوانەش کلاسیك، فۆلکلۆر، مۆدێرنی دەرەوەیی و خۆماڵی، ڕەخنەی میوزیکیو ئاشنابوون بە میوزیکی کلاسیك تەرخان کرابوون.

پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت ئیتر شتێکی وا لە میوزیکی کلاسیکی نەمابۆوە، لەبری ئەو جۆرە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان کەوتنە پەخشکردنی بەرنامە میوزیکییەکانی تەلەفزیۆنەکانی ئەوروپای خۆرئاواو کۆنسێرتی گۆرانیبێژە لاوەکان.

## *بەرنامە دەربارەی بەهرەکانی خەڵکی سۆڤییەت

یەکێك لەبەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی سۆڤییەت، بەرنامەی بەهرەکانی خەڵك بوو. کە ئەوەش دەستەی ئامادەکاری گشتی بەهرەکانی خەڵکی ئامادەیان ئەکرد. لەم بەرنامەیەدا دەربارەی کاری هونەرمەندانی بەهرەمەند لەگۆشەوکەناری وڵاتدا گفتوگۆیان لەسەر ئەکرا. جگەلەوەش چەندین جۆر لەهونەری خەڵك لەوێدا نمایش ئەکرا.

## *بەرنامە زانستیو فێرکارییەکان

بەرنامەی زانستیو فێرکاریی چەندین کاتژمێری لەبەرنامەکانی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی بۆ خۆی قۆرغ کردبوو. دەستەی ئامادەکاری بەرنامە فێرکارییەکان جگەلە بەرنامەی زانستی، ئەرکی ئامادەکردنی وانە تەلەفزیۆنییەکانیشی بۆ خوێندکارانی ناوەندی، دواناوەندی، خوێندنگا هونەرییەکان، خوێندکارانی قۆناغی کۆنکۆرو خوێندکارانی زانکۆی پۆستەیی" لەئەستۆدابوو.

## *فیلمە بەڵگەنامەییو سینەماییەکان

قەوارەی فیلمە تەلەفزیۆنییەکانی سۆڤییەت مانگانە دەگەیشتە (180) کاتژمێر کە لەلایەن دەستەی ئامادەکاری گشتی فیلمەوە ئامادە ئەکرا. هەرچەندە نزیکەی نیوەی ئەو فیلمانە دووبارە بوون.

گرنگترینی ئەو بەرنامەمانە، بەرنامەی لاپەڕەی فیلمی بەڵگەنامەیی، کینۆپانۆراما (دوورنمای فیلم- هەواڵەکانی سینەما)، زانراو و بڕواپێنەکراو (بەرنامەی زانستی دیکۆمێنتاری)، کلیپی گەڕیدەکان (بەرنامەیەکی بەڵگەنامەیی بوو دەربارەی وڵاتە جیاجیاکانی جیهان پەخش ئەکرا، تارادەیەك تاسەی خەڵکی سۆڤییەتی بۆ بینینی وڵاتانیتر تێر ئەکرد)، چاخی تەلەفزیۆنی وڵاتە سۆشیالیستییەکان (بەرنامەی تەلەفزیۆنەکانی وڵاتە سۆشیالیستەکانی بلاوئەکردەوە)، میوزانی ئەفسانە (فیلم لەگەڵ بابەتە ئەفسانەییەکاندا)و بەرنامەی لەجیهانی گیانلەبەرانەوە.

بەگشتی قەبارەی نێوەنجی مانگانەی دەستەی ئامادەکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرنامەکان بەپێی ئاماری ساڵی (1980) بەمجۆرە بووە:

-دەستەی ئامادەکاری گشتی پڕوپاگەندە (25) کاتژمێر.

-دەستەی ئامادەکاری گشتی زانیارییەکان (78) کاتژمێر.

-دەستەی ئامادەکاری گشتی لاوان (12) کاتژمێر.

-دەستەی ئامادەکاری گشتی بەرنامە ئەدەبیو دراماییەکان (84) کاتژمێر.

-دەستەی ئامادەکاری گشتی بەرنامە موزیکییەکان (84) کاتژمێر.

-دەستەی ئامادەکاری گشتی بەهرەکانی خەڵك (22) کاتژمێر.

-دەستەی ئامادەکاری گشتی تایبەت بەمۆسکۆو شاری مۆسکۆ (40) کاتژمێر.

-دەستەی ئامادەکاری گشتی بەرنامە زانستیو فێرکارییەکان (243) کاتژمێر.

-دەستەی ئامادەکاری گشتی فیلمو زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان (180) کاتژمێر.

-دەستەی ئامادەکاری گشتی بەرنامە وەرزشییەکان (52) کاتژمێر.

## *تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی پاش پرۆسترۆیکە

لەساڵی (1985)دا میخائیل گۆرباچۆفی سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتی سیاسەتی حیزبیو حکومی تازەی لەژێرناوی پرۆسترۆیکە (سەرلەنوێ بنیات نانەوە)دا ڕاگەیاند.

پیادەکردنی ئەم سیاسەتە لەکۆمەڵگای سۆڤێتیدا تا ئابی ((1991)) درێژەی هەبوو.

ناوەڕۆکی بنەڕەتی پرۆسترۆیکە، گونجاندنی ئابوری، سیاسەت، ئایدۆلۆژیو فەرهەنگی سۆڤێتی بوو لەگەڵ دروشمو بەها جیهانییەکاندا.

لەڕەوتی بنیات نانەوەی کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا، هەلومەرجی تێکشکانی سیاسیو ئایدۆلۆژی حیزبی کۆمۆنیستو هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت فەراهەم بوونو هاوشانی پرۆسترۆیکەش سیاسەتی گلاسنۆست (ڕوونی یا هۆشیارکردنەوەی گشتی)یش سەبارەت بە ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان پیادە کرا. گلاسنۆست بووەهۆی پەسەندکردنی یاسای چاپەمەنی، لابردنی سانسۆرو گۆڕانکاری سیاسی لەیەکێتی سۆڤییەتدا، و بۆ بواری راگەیاندن لەوانەش ڕادیۆو تەلەفزیۆن تاڕادەیەك جۆرێك لەئازادی دەستەبەرکرد.

گرنگترین کاریگەری ئەم ئاڵوگۆڕانەش، گۆڕانکارییە بەرچاوەکان بوو لەبواری خزمەتگوزارییە هەواڵیو سیاسییەکانی تەلەفزیۆندا.

لەدەورانی پریسترۆیکە، ژمارەی ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنیانەی کە ئامادەکارەکانیان لەژێر کاریگەری حیزبی کۆمۆنیستدا نەبوون، زیادیان کرد. بەرنامەی وەك: چینی دوازدەیەمو ڕوانین کە لەناوەڕاستی ساڵی (1990)دا لەتەلەفزیۆنی ناوەندییەوە پەخش ئەکران، ڕۆڵێکی گرنگیان لەوشیارکردنەوەی خەڵکدا هەبوو. مارك زاخارۆف ئامادەکاری ناسراوی تەلەفزیۆنی،

بۆیەکەمجار لەسۆڤییەتداو لەبەرنامەی (ڕوانین)دا، بیرۆکەی پێویستبوونی دەرهێنانەوەی تەرمی (لینین) لەئارامگاکەی لەمەیدانی سورو ناشتنەوەی لەشوێنێکیتردا خستەڕوو. لەهەندێك بەرنامەدا پەیامنێرەکان کامێراو مایکەکانی خۆیان ئەبردە ناو خەڵك، تا هاوڵاتیان بتوانن لەبارەی مەسەلە سیاسیەکان، کۆمەڵایەتییەکانو ئابورییەکانو فەرهەنگییەکانەوە ئازادانە بیروبۆچوونی خۆیان دەرببڕن.

هاوڵاتیانیش لەبەرانبەر ئەو کارەیاندا، پشتیوانیان لەشێوازە نوێیەکەی کاری تەلەفزیۆن ئەکرد.

هەرچەندە لەساڵانی هەفتادا، ژمارەی ستۆدیۆکانی تەلەفزیۆن لەشارەکانو ناوچەکاندا لەسەرتاسەری سۆڤییەت کەم ببۆوە، بەڵام دوای ساڵی (1985) ژمارەیان زیادی کردەوە.

ئەم ڕەوتە نیشاندەری گرنگی پێدانی خەڵك بوو بەبەرژەوەندییە ناوچەییەکانیانو جیایی بەرژەوەندییەکان لەگەڵ بەرژەوەندی دامودەزگا حکومییەکاندا.

لەساڵی (1987)داو لەهەندێك لەناوچەکانی مۆسکۆ، لینینگرادو شارە گەورەکانیتری سۆڤییەتدا کەناڵی تەلەفزیۆنی کێبڵی دامەزرێنراو کۆمەڵگای تەلەفزیۆنی ناحکومی وەك: (نیکا. تی. ڤی) (کەناڵی هەواڵی سەربەخۆی تەلەفزیۆنی) هاتنەئاراوە.

بەشی لێکۆڵینەوە لە تەلەفزیۆن لەکاتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی (دۆما)ی یەکێتی سۆڤییەت لەساڵی (1985)داو نوێنەرانی ئەنجومەنی باڵای فیدراسیۆنی ڕووسیا لەساڵی (1990)دا، ڕۆڵێکی گرنگیان لەگەشەپێدانی وشیاری سیاسی خەڵکیدا گێڕا.

لەساڵی (1989) بەدواوە، لەژێر گوشاری حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەتیدا کە پشتیوانیان لەبەرنامە و بنەماکانی حیزبی کۆمۆنیست نەئەکرد، کەوتنە ژێرچاودێرییەوەو پاشتریش بەرنامەی چینی دوازدەیەمو ڕوانینو هەروەها بەرنامەی پڕ بینەری (پرۆژێکتێر پرۆستڕۆیکە201) واتا (پرۆژەی بنیاتنانەوە) ڕاگیران. بەڵام بەرنامەی سەربەخۆیتر کە

[201] -Projector Perestroiki.

لەناوەندی لینینگرادەوە پەخش ئەکران، وەك بەرنامەی هەواڵیی (600) چرکەیی‌و بەرنامەی هەواڵی بازنەی پێنجەم" بەرنامە ڕووهەڵماڵەرانەکانی خۆیان درێژەپێدا. لەم بەرنامانەدا بۆیەکەمجار باس لەڕاستییە مێژووییەکانی یەکێتی سۆڤییەت ئەکراو لەخەسڵەتی حیزبی کۆمۆنیست‌و تاوانەکانی سەردەمی ستالین ئاگادار دەبوون

لەساڵی (1990)دا، وەستانەوەی بەرپرسانی تەلەفزیۆنی ناوەندی (ئاستان کینۆ) لەڕووی تێڕوانینە دیموکراسییەکاندا توندتر بوون. لەو سەردەمەدا چەند کەسێك لەڕۆژنامەنووسان، شرۆڤەکاران‌و بەڕێوەبەرانی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بەهۆی دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی خۆیانەوە، لەسەر کارەکانیان دەرکران.

بەناوبانگترینی ئەوانە ئەلیکساندەر بۆڤین[202]ی شرۆڤەکەری بەرنامەی ڕوانینی سیاسی بوو. لە (13)ی کانونی دووەمی ((1991))دا وە بەفەرمانی لێپرسراوی باڵای حیزبی کۆمۆنیست یەکەکانی سوپای سۆڤییەت بەتانك تەلاری تەلەفزیۆنیان لە شاری ڤیلنۆس[203] (کۆماری لیتوانی سۆڤییەت)یان داگیر کرد.

ئەم کارەش بووەهۆی کوژران‌و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك، ڕادیۆو تەلەفزیۆنی ناوەندی مۆسکۆ ڕاستییەکانی تایبەت بەو ڕووداوەی شاردەوەو ئەو کارەشی کاریگەرییەکی خراپی لەسەر متمانەپێکرانی لەلایەن خەڵکییەوە، بۆ چاکسازییەکانی گۆرباتشۆف بەدواوە بوو. بەڵام پەیامنێرانی بەرنامەی (ڕوانین) لەڕێگای کاسێتی ڤیدیۆوە، ڕاستی هەواڵەکانی شاری (ڤیلنۆس)یان بڵاوئەکردەوە.

لەبەهاری ((1991))دا بەفەرمانی یەڵتسین بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ تەلەفزیۆنی ناوەندی سۆڤییەتدا، تەلەفزیۆنێکی سەربەخۆ لەمۆسکۆ دامەزرا.

202 -Alexandr Bovin.

203 -Vilnus.

ڕۆژنامەنوسانی دیموکراتیخواز کە لە تەلەفزیۆنی ناوەندی دەرکرابوون، پەیوەندییان بەم کەناڵەوە کرد. لەمارتی ((1991))دا کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەتی کۆبوونەوەیەکی بەسەرۆکایەتی میخایل گۆرباتشۆف بەست کە ئامانجی سەرەکی لەو کۆبوونەوەیە بەگژداچوونەوەی تەلەفزیۆنی فیدراسیۆنی ڕووسیا بوو.

گۆرباتشۆف لەوەی کە تەلەفزیۆنی فیدراسیۆنی ڕووسیا پشتیوانی لەیەڵتسین ئەکرد زۆر بەگلەیی بوو, لەڕووداوەستانەوەی تەلەفزیۆنی ناوەندی ئەستان کینۆو تەلەفزیۆنی نوێی ڕووسیا تا کۆتاییەکانی ساڵی ((1991)) واتا تا کاتی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت درێژەی کێشا[204].

لەکۆبەندییەکی گشتیدا، دەتوانرێت ئەوە بەدەست بهێنرێت کە بەهاتنەسەرکاری گۆرباتشۆفو دەستپێکردنی دەورانی پرۆسترۆیکە، گۆڕانکاری زۆر لەڕادیۆو تەلەفزیۆنی سۆڤییەتیدا ڕوویان دا کە لێرەدا ئاماژە بەسێ تایبەتمەندی گرنگی ئەم گۆڕانکارییانەی ئەو قۆناغە دەدەین:

1-تاڕادەیەك ئازادی پاش پرۆسترۆیکە، بووە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی بەرنامەی نوێی هەواڵیو شیکاری لە تەلەفزیۆندا کە ساڵانی (1985 تا (1991)) ئەو بەرنامانە پڕبینەرترین بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بوون. بەڵام ئەم بەرنامانە لەگەڵ پەرەسەندنی ئازادی لەکۆمەڵگادا کەوتنە پیاهەڵدان بەدیموکراسی خۆرئاوادا.

2- تەلەفزیۆنی سۆڤییەت پاش پرۆسترۆیکە، دەرگای بۆ هاتنەناوەوەی بەرهەمە سینەماییو تەلەفزیۆنییەکانی خۆرئاوا کردەوە. فیلمە ئەمریکاییو ئەوروپاییەکان لەشەپۆلی سەرەتای پریسترۆیکە وەك دیاری لە تەلەفزیۆنەوە نیشان دەدران.

---

[204] –ی. یۆرۆفسکی. رۆژنامەوانی تەلەفزیۆنی، مۆسکۆ. دەزگای پەخشی زانکۆی حکومی، مۆسکۆ .1994

تاڕادەیەك لایەنی هونەریشیان تێدابووە، بەڵام پاشماوەیەك فیلمە خۆرایییەکانی ئەورووپا چۆڕپڕ بوونو دەبوو فیلمەکان ئیتر بکڕدرێن. لێرەوەبوو کە فیلمی ئاست نزمو بێناوەڕۆکی خۆرئاوایی رژانە ناو بازاڕی تەلەفزیۆنی سۆڤییەتیەوە.

فیلمی نزمو بێڕەوشتانە، وەك سومبولی ئازادیو ڕزگاربوون لەکۆمۆنیزم هوروژمیان هێنایە ناو تەلەفزیۆنەکانەوە.

فیلمی بێبەهاو ناڕەوشتیانەو توندوتیژی، گۆڕدران بەهۆیەك بۆ ڕاکێشانی بینەرو زیانێکی لەقەرەبوونەبووەوەیان دا لەهونەری تەلەفزیۆنو بواری فیلمسازی سۆڤییەتیدا.

3- تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی لەقۆناغی پاش پریسترۆیکە، ڕیکلامی زۆری بڵاوئەکردەوە. بەوتەی ڕەخنەگرە ڕووسەکان، تەلەفزیۆن تەنیا ڕیکلامی بڵاوئەکردەوەو بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی کە پێشکەش ئەکران، تەنها بۆ هەناسەدانێکی نێوان ڕیکلامەکان بوونو هیچیتر.

بەگشتی تەلەفزیۆن لەدووتوێی بەهرەوەرگرتنیدا، لەفەزای ئازادی، کارەکانی پەردەهەڵماڵین بوو لەکارەکانی سیستەمی کۆمۆنیستیو پروپاگەندەکردن بوو بۆ فەرهەنگی خراپی خۆرئاوایی، ئەوکارەش کۆڵەکەکانی فەرهەنگی کۆمەڵگای ڕووسی لەق کرد، و لەتەنگژەی فەرهەنگیدا نقومی کرد. ئەنجامەکانی ئەو هەلومەرجەش بڕەودان بەکلاولەسەرنانو گەندەڵی ئاکاریی بۆ کۆمەڵگای ڕوسی لێکەوتەوە.

## * تەلەفزیۆن پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت

دوابەدوای ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی کە پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت هاتنەئاراوە، هەلومەرجی تەلەفزیۆنو کۆتوبەندەکانی تایبەت بەئەویش بەهەمان خێراییو توندی گۆڕیو سەردەمی پەیدابوونی تەلەفزیۆنی تایبەتی (خصوصی) دەستی پێکرد. وەزارەتی پەیوەندی لەلایەکو خزمەتگوزاریی فیدراڵی ڕادیۆو تەلەفزیۆن لەساڵی (1993)دا دامەزرا، بەڵام چالاکی ڕاستەقینەی خۆیان لەپاییزی (1994)دا دەستی پێکرد. لەلایەکیترەوە ئەوان مافی چاودێریان بەسەر چالاکییەکاندا هەبوو.

بەپێی یاسای چاپەمەنیو ڕاگەیاندن لەڕووسیادا، هەموو کەسێك بۆی هەبوو کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دابمەزرێنێتو بەرەچاوکردنی ئاکاریو سیاسییەکان (پڕوپاگەندە نەکردن بۆ فاشیزمو دوژمنایەتی نێوان نەتەوەکانو..)، بەرنامە بڵاوبکاتەوە. بەڵام کەم کەس هەبوو کە بەتەنیا بتوانێت تەلەفزیۆنێك دابمەزرێنێت.

شێوازی دامەزراندنو تۆمارکردنی کەناڵێکی تەلەفزیۆن، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمپانیایەکی ئاساییدا جیاوازییەکی وای نەبوو.

دامەزرێنەران بڕیارنامەی دامەزراندنیان تۆمار ئەکردو بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانیان ڕوون ئەکردەوە، هەروەك جۆری چالاکی کۆمپانیاکان ناونوس ئەکرانو دواتر لەکۆمیتەی بڵاوکراوەکانی ڕووسیا لەئۆرگانەکانی بەڕێوەبەرێتی خۆجێیەتی (بەڕێوەبردنی شار یا ناوچەکان) بڕوانامەی تۆمارکرانیان وەردەگرت.

هەموو کەس ئێتوانی لەپەیڕەونامەکەی خۆیدا، هەموو جۆرە چالاکییەکیتری بازرگانی بێخەوش باس بکاتو سەرەنجام ئەبێت مەسەلەی نێرەر چارەسەر بکاتو لەجێگای نێرەرەوە (مرسلە) زەمانەت نامەیەك وەربگرێتو نێرەرێك بەکرێ بگرێت. یاخود لە وەزارەتی

پەیوەندی ڕێگاپێدانی بەڵگەنامە باسکراوەکان ئەنێردران بۆ خزمەتگوزاری فیدراڵی ڕادیۆو تەلەفزیۆن. کە ئەم دەزگایە هەماهەنگی پێویستی لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدا ئەنجام دەدا. ئەگەر مەسەلەی نێرەرەکەی گرفتی نەبوایە، ئەوا ڕێگاپێدانەکەی بۆ پەخش کردن ئەدرایە.

ئەگەر چەند کۆمپانیایەك لەسەر یەك فریکانس بوونایە، کۆمیسیۆنەکانی پەخشی خزمەتگوزاریی فیدراسیۆنی ڕادیۆو تەلەفزیۆن، لەپایتەختو لەسەرئاستی ناوچەکان لێیان ئەکۆڵییەوە. بەگشتی وەرگرتنی ڕێگاپێدانی کەناڵی تەلەفزیۆنی کارێکی ئەوەندە گران نەبوو.

مافی وەرگرتنی ڕێگاپێدانی پەخشکردن لە شارێکدا یا ناوچەیەکدا (30) هێندەی لانی کەمی هەقدەستی کەسێك بوو لەڕووسیادا. نرخی مافی پەخشکردن لەدوو ناوچە زیاتر (50) بەرانبەری لانی کەمی هەقدەست بوو. ئەگەر بیانی بیانەوێت کەناڵی تەلەفزیۆنی دابمەزرێنن پێویستە (100) بەرانبەری لانی کەمی هەقدەست بدەن. تۆڕێکی تەلەفزیۆنی کە یەك جار پارە بدات، مافی ئەوەی هەیە (5) ساڵ کاربکات.

## گرنگترین کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ڕووسیا دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤییەت

### *کەناڵی تەلەفزیۆنی کۆمەڵایەتی ڕووسیا (ORT)

ساڵی (1995) لەڕووسیادا ڕووداوێکی گرنگ لەبواری تەلەفزیۆنیدا ڕوویدا، ئەویش بریتی بوو لە دامەزراندنی کەناڵێکی (سەرتاسەری) ڕووسی لەجیاتی کەناڵی بەناوبانگی (ئاستان کینۆ)، بەناوی (ORT) واتا (تەلەفزیۆنی کۆمەڵایەتی ڕووسیا)، ئەم کەناڵە نوێیە لەسەر شێوازی کۆمپانیای هاوبەش‌و بەسەرمایەی کەرتی تایبەت‌و حکومەت دامەزرێنرا. هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەم کەناڵە ئەکرێ لەم چەند خاڵەدا چڕ بکرێتەوە: گرفتی بەردەم حکومەت لەدابینکردنی پارە بۆ بەڕێوەبردنی کەناڵی (ئاستان کینۆ)، خراپی ئاستی بەرنامەکان، کەمبوونەوەی بینەری ئەو تەلەفزیۆنە، بەتایبەتی بەرنامەی (هەواڵ)و هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکی لاواز و کەم تواناو زۆربوونی زیادلەپێویستی کارمەندان‌و گەندەڵی دارایی لەبارەی بڵاوبوونەوەی ڕیکلامە بازرگانییەکان، لەستۆدیۆی ئاستان کینۆوە.

دوای گفتوگۆو مشتومڕێکی زۆری نێوان خەڵک‌و پارلەمان، سەرەڕای کۆسپ‌و ناڕەزایەتییە زۆرەکانی فراکسیۆنی چەپی ناو (دۆما)، بۆ گۆڕانکاریکردن لەیاساکانی تایبەت بە مەسەلەی ڕاگەیاندن. سەرەنجام بەهەوڵی هەموولایەک‌و پێداگرتن‌و سووربوونی سەرکۆمار، لەبەهاری ساڵی (1995)دا کەناڵی (ORT) کەوتە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی خۆی. بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی کارکردنی مانگی یەکەمی ئەو کەناڵە نوێیە، گرنگی دان بوو بە بڵاوکردنەوەی ڕیکلامە بازرگانییەکان. دیارە وردە وردە گۆڕانکاریتریش لەبەرنامەکانیدا ڕوویان دا.

لەسەرەتای کارکردندا، بەرپرسانی ئەو کەناڵە نوێیە، پەیوەندیان بەهەموو ستۆدیۆکانەوە کرد کە پێشتر کاریان بۆ (ئاستان کینۆ)کردبوو، وە بەڵێنیان پێدان کە هەموو بەرهەمەکانیان لێ بکڕنەوە.

بەڵام دواتر لەو بەڵێنەی خۆیان پاشگەزبوونەوەو (ort) لە کڕینی ئەو بەرنامانەی کە دەیزانی بینەریان کەمە خۆی دەپاراست.

بەهارو هاوینی 1995 سەردەمی دەرکەوتنی بۆچوونی نوێ بوو لەتۆمارکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا. لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو کەناڵەدا بینەر شتێکی نوێی لەچالاکیو بەرنامەکانی ئەو کەناڵەدا بەدی نەئەکرد، بەڵام دواتر کاری زۆرباش ئەنجام دراندو لەپایزو زستانی ئەو ساڵەدا وردەوردە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرنامەکانیان شوێنی خۆیان کردەوە.

کەناڵی یەکەمی (ort) تارادەیەکی زۆر گۆڕانی بەسەرداهاتو هەندێك لەبەرنامە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی جارانیان کەمتر بڵاوئەکردەوە،و ئاستی بەرنامە ئاهەنگ ئامێزو سەرگەرمییەکانیان زیادیان کردو بەرپرسانی (ort) هەوڵیان دا بەشی پەیامنێرەکان فراوانتر بکەن، تا ناچار نەبن پەنابەرنەبەر کاسێتە ڤیدیۆییەکانی دەرەوە.

لایەنگرێتی سیاسی کەناڵی (ort) و لەوانەش بەرنامە هەواڵییەکانی بەبەراورد لەگەڵ ئاستان کینۆدا گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆوەبینیبوو.

(ort) وەك كەناڵێکی سەرەکی ئەو وڵاتە هەوڵی دەدا هاوسەنگی خۆی بپارێزێتو کەمتر ڕەخنە لەحکومەت بگرێت و لەهەمانکاتیشدا هێرش نەکاتە سەر ئۆپۆزسیۆن.

نوێنەرانی دۆما کە هێزە چەپەکان (کۆمۆنیستەکانو هاوشێوەکانیان) زۆرینەیان تیادا پێك دەهێنا، زۆرجار هەوڵیان دەدا کە لەبونە کەرتی تایبەتی ئاستان کینۆو گۆڕینی بە (ort) بخەنەبەردەم پرسیار، تا لەو ڕێگایەوە بتوانن کەناڵەکە بگێڕنەوە سەر ڕەوتی پێشووی ئاستان کینۆ، بەڵام لەوبارەیەوە نەیانتوانی هیچ سەرکەوتنێك بەدەست بهێنن.

## *کەناڵی دووەم (کەناڵی ڕووسیاRTR)

کەناڵی دووەم بەتاکە کەناڵی ڕەسمی حکومەت دادەنرا، بودجەی ئەم کەناڵە هەمووی لەبودجەی فیدراڵەوە دابین ئەکراو پێویست بوو لەسەری دیدوبۆچوونەکانی حکومەت بخاتەڕوو، ئەم کەناڵە هەموو باس‌وخواسەکانی تایبەت بەهەڵبژاردنەکانی بڵاوئەکردەوەو بڵاوکراوەو بەیاننامە ڕەسمییەکانی تایبەت بەکاری حکومەتیشی بڵاوئەکردەوە.

لەساڵی (1995)دا کە ساڵی هەڵبژاردنەکانی (دۆما)بوو، کەناڵی دووەم بەگوێ نەدانە داخوازییەکانی لێپرسراوانی پێشوو کە دەیانویست لەسیاسەت یان لایەنی کەم لەهێڵی سیاسی ڕەسمی دووربن، مانگێك بەرلەهەڵبژاردنەکانی دۆما ڕۆژانە کاتەکانی ئەم کەناڵە خرابووە خزمەت سەرکردەی پارت‌و ڕێکخراوە نەیارەکانەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن.

لەکاتی هەڵبژاردنەکانیشدا ئەم کەناڵە

ناچاربوو بڵاوکردنەوەی هەندێ لەبەرنامە لای بینەر خۆشەویستەکان لاببات‌و لەخشتەی پەخشکردنی ڕۆژانەی خۆی دەریانبهێنێت.

لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیشدا، مافی ڕەخنە و شیکردنەوەی بەرنامەو بانگەشەی خۆکاندیدکراوەکان لەڕۆژنامەنووسان‌و لێکۆڵەرەوانی بواری ڕۆژنامەوانی سەندرابۆوە کە ئەو ڕۆژنامەنوسانە ئەو کارەیان بەپێشێلکردنی مافی پیشەیی خۆیان دەزانی. بەدرێژایی ئەو ساڵە پەیوەندی نێوان بەرپرسانی کەناڵەکە و لێپرسراوانی ڕەسمی بەرەو خراپتر دەچوو، تا سەرەنجام بەدەست لەکارکێشانەوەی ئۆلگ پۆپتسۆڤی[205] بەرپرس‌و دامەزرێنەری ئەم کەناڵە کۆتایی هات ( ئەم کەناڵە لەساڵی 1991) دا بەفەرمانی بۆریس یەڵتسین دامەزرا) یەڵتسین لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵەدا، ڕایگەیاند کە لەکەناڵی دووەم نارازییە لەبەرئەوەی تەنیا هەواڵی ڕەشبینانە بڵاوئەکاتەوە، هۆیەکیتری لەسەرکارلادانی بەرپرسی ئەم کەناڵە، هەڵسوکەوتی ئەو

[205] -oleg poptsov.

کەناڵــە بــوو لەگــەڵ دەنگوباســەکانی چیــچانو هەواڵــەکانی شــەڕی چیــچان بەتــەواوی لەدەنگوباسەکانی ئەو کەناڵەدا ڕەنگی دابۆوە.

کەناڵی دووەم لەکاتی شەڕەکانی چیچاندا، وێنەی شەڕو ماڵوێرانییـەکانی ئـەوێ نیـشان دەدا تا ڕایەکی گشتی دروست بکات بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕە.

(ئەدوارد سەگالایۆڤ) کە پێشتر بەرپرسی بەشی بەرنامەی لاوان بوو کرایـە بەرپرسـی ئـەو کەناڵە. بەبۆچوونی سـاگالایۆڤ کەناڵـەکانی راگەیانـدنی حکـومی پێویـستە ئاگـاداری هێڵـی کارکردنو سنوری خۆیان بن، کـەناڵی (B.B.C) کـە ڕووداوەکـانی بـەریتانیا پیـشان دەدات، بەوشێوەیە پیشانی دەدات کـە گۆشـەنیگای بەرژەوەندییـەکانی حکومـەتی بەریتانیایـە نـەك شێوازێکیتر...

## *کەناڵی چوارەم (زانکۆکانی ڕووسیا)

کــەناڵی چــوارەمی تەلــەفزیۆنی ڕووســیا هــەموو ڕۆژ لەبەیانییــەوە تــا کاتــژمێر (6)ی پاشنیوەڕۆ بەرنامە فێرکارییەکانی زانکۆکانی ڕووسیای بڵاوئەکردەوەو سـەربە کـەناڵی (RTR) بوو، واتا کەناڵێکی سەربەخۆ نەبوو. ئەم کەناڵە هۆکارێکی باشی یارمـەتیدانی بڵاوکردنـەوەی بەرنامە فێرکارییەکانی زانکۆ بوو.

تاماوەیــەکی زۆریــش ســەرگەرمی بڵاوکردنــەوەی فیلمــە بەڵگەنامەییــە فێرکارییــەکانی زانکۆکــان بــوو کــە لەپۆلــەکانی خوێندنـدا دەوترانـەوەو ئـەم کەناڵـەش پەخـشی ئەکردنـەوە. بەرنامەی وانەی زمانە بیانییەکان یەکێك بوو لەبەرنامەو چالاکییە گرنگـەکانی پەخـشی ئـەم کەناڵە.

بەتێپەڕبوونی کات نـاوەڕۆکی بەرنامـە فێرکارییـەکان کەمبوونـەوەو وەکـو بەرنامەیـەکی ڕوونـاکبیری گـشتیان لێهـات. لەبەرنامـە نوێیـەکانی پـەروەردەیی نـاو زانکۆکـانی ڕووسـیا،

ئەتوانرێت ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی فیلمی وانەی فێرکردنی میوزیکی مۆدێرن‌و زمانی بیانی‌و هەواڵ‌و بابەتی فەرهەنگی‌و هەروەها بەرنامەی تایبەت بەئایینی مەسیحی بکرێت کە ئەم کەناڵە بڵاوی ئەکردنەوە...

## *کەناڵی 2 × 2

ئەم کەناڵە بەسودوەرگرتن لە تواناکانی کەناڵی سێیەم (کەناڵی مۆسکۆ)، بەرنامەی بڵاوئەکردەوە. لەبەیانییەوە تا کاتژمێر (6)ی دوانیوەڕۆ و دواتریش لە کاتژمێر (11)ی شەوەوە بەرنامەکانی خۆی بڵاوئەکردەوە.

ئاست‌و ڕێژەی ئەو بەرنامانەی کە ئەم کەناڵە بڵاوی ئەکردەوەو تایبەت بوون بەخۆی زۆر کەم بوو، بەشێکی زۆری بەرنامەکانی ئەم کەناڵە زنجیرە فیلمە کارتۆنییەکان‌و فیلمە سینەماییەکان‌و بەرنامەیەکی ئاوێتە لەمیوزیک‌و ئاگادارییە بازرگانییەکان‌و فیلمی رووسی‌و لەگەڵ ئەوانەشدا کورتەی هەواڵەکانی ڕۆژ بوون.

جگەلەوانەش لەم کەناڵەوە پڕوپاگەندە بۆ بەرزی ئاستی ژیان لەوڵاتانی خۆرئاواش ئەکرا.

## *کەناڵی مۆسکۆ

کەناڵێك بوو تەرخانکرابوو بۆ ناوشاری مۆسکۆ، رۆژانە لەکاتژمێر (6)ی پاشنیوەڕۆوە تا (11)ی شەو بەهۆی کەناڵی سێیەمەوە بەرنامەکانی خۆی بڵاوئەکردەوە. ئەم کەناڵە بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگی دەدا بەمەسەلەکانی تایبەت بە شارەکە و بەشێوەی هەواڵ، ڕاپۆرت‌و شیکردنەوە، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی حکومی لەشاری مۆسکۆ بابەت‌و بەرنامەکانی خۆی دەخستەڕوو...

## *كەناڵی (N.T.V)

كەناڵی (N.T.V) یەكێكە لـە كەناڵـە دیـارو ناسـراوەكانی ڕووسـیا. (N.T.V) لەسـاڵی (1993)دا بەسەرمایەگوزاری گروپی بانكی (مۆست) دامـەزرا[206] .

لەساڵی (1996)دا كۆمپانیای گازی پرۆڤیم لە (30٪)ی پشكی ئەو كەناڵەی كـڕی. لەڕاستیدا لە (51٪)ی پشكەكانی تایبەت بوون بەگروپی بانكی مۆسـتو ئەویتریـشی هـی خاوەنی پشك (سهم)ە بچوكەكان بوو. ئەم كەناڵە جگەلە بەرنامەی هـەواڵو سیاسـەت، هـیچ بەرنامەیەكیتری بلاونەئەكردەوە.

زیاتر گرنگی بەبلاوكردنەوەی فیلمی سینەماییو زنجیرەی تەلـەفزیۆنیو فیلمـی كـارتۆنی بیانی دەداو ئەم سیاسەتەی هەرلەسەرەتای دەستبەكاربوونی ئەو كەناڵەوە پەیڕەو ئەكرا.

(N.T.V) لەپڕ كەوتە بلاوكردنەوەی فیلمە ئاست نزمەكانو، ئەم جۆرە فیلمانە بەتایبـەت لەبەرنامـەكانی درەنگەشـەودا پـەخش ئـەكرانو دەنگدانەوەیـەكی فراوانیـشی لەڕووسـیادا لێكەوتەوە، تا ئەو ئاسـتەی لەسـاڵی (1997)دا لـەبلاوكراوەكانو كەناڵـە ڕاگەیاندنـەكانی تـری ڕووسـیادا لـەبارەی ئـەو دیاردەیـەوە بابـەتو وتـەی زۆركـرانو ئـەو دیاردەیەشـیان بەدیاردەیەكی نامۆو چاوەڕوان نەكراو لەڕووسیادا وەسف كردبوو.

شەڕی چیچان كە لەڕووسـیادا دژو لایـەنگریی هـەبوو، هەرلەسـەرەتاوە بـووە ویـستگەی گرنگـی پێـدانی ئـەم كەناڵـەو لێـرەوە بـوو كـە بەرژەوەندییـەكانی كـەناڵی (N.T.V) لەگـەڵ بەرژەوەندییەكانی بەرپرسە ڕەسمییەكاندا وێـك نەدەهاتنـەوە. (ئیگـۆر مالاشـینكۆ) بەرپرسـی (N.T.V) لەیەكێك لەچاوپێكەوتنەكانیدا لەمبارەیـەوە وتویـەتی:" پـاش سـەرهەڵدانی ئـەو شـەڕە، ئێمـە هـەرزوو دەركمـان بـەوە كـرد كـە ئێـستاش ڕەفتارەكـانی پێـشوو لەبەرامبـەر

---

[206] –سەرۆكی گروپی بانكی مۆست، ڤلادیمێر گوسینسگی بوو كە سەرۆكی كۆنگرەی جولەكەكانی ڕووسیا بوو.

ڕاگەیاندندا لای بەرپرسانی ئەمرۆ هەرماوە، ڕاپۆرتو هەواڵەکانی ئێمە لەبارەی چیچانەوە زۆربەی زانیاریو هەواڵە ڕەسمییەکانی حکومەتیان بەدرۆدەخستەوە".

بۆ نمونە: ناوەندی ئاژانسی حکومی ڕایدەگەیاند کە فرۆکەکانی ڕووسیا شاری گرۆزنی بۆمباران ناکەن، بەڵام (N.T.V) بۆمبارانەکەی لەشاشەکەی خۆیەوە پیشان دەدا...).

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، ساڵی (1995) لەڕووسیادا ساڵی خۆئامادەکردن بوو بۆ دوو هەڵبژاردنی گرنگ هەڵبژاردنی دۆما (پارلەمان) و هەڵبژاردنی (سەرۆك کۆمار).

کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەناچاری لەو هەڵبژاردنانەدا بەشداربوون، بەڵام بەشداری کردنەکەیان هیچ شتێکی لەمەسەلەکە نەگۆڕی. بۆنمونە بەرپرسانی کەناڵی (N.T.V) لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، هەڵبژاردنی پارلەمان (تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی 1995) هەوڵیان دەدا ڕێگە لە پێشکەش کردنی خزمەتی کەناڵەکەیان بگرن بۆ پڕوپاگەندەو بانگەشەی ئاشکرای سیاسەتمەدارەکان، لەهەمانکاتیشدا ئەگەر ئەو سیاسەتمەدارانە بیانویستایە لەبەرانبەر ئەو پڕوپاگەندەو بانگەشانەدا بڕێك پارە بدەن ئەوا دەیانتوانی ئەنجامی بدەن.

(N.T.V) پابەند نەدەبوو بەشێوازێکی سیاسی دیاریکراوەوە، بەڵام بەزۆری بابەتو بەرهەمەکانی خۆی بێپەردەو ڕاشکاوانە ڕائەگەیاند، زۆرکەس لەڕووسیادا متمانەیەکی وایان بە (N.T.V) نەبوو، بەڵام هەندێك کاتیش بەتاسوقەوە تەماشای ئەم کەناڵەیان ئەکرد.

هەرچەندە توانای پەخشو بوردی ئەم کەناڵە لە کەناڵی سەرتاسەری حکومەتی ڕووسیا (ORT) کەمتر بوو، بەڵام لەو ناوچانەدا کە یەڵتسن دەنگی زۆرتری بەدەستهێنابوو ئەوا بینەری زۆرتری هەبوو.

بەپێی ئامارێك کـە لەسـاڵی (1997) ئـەنجام دراوە، ڕێـژەی لـە (65٪)ی خـەڵکی ڕووسیا دەیانتوانی سود لەبینینی کەناڵی (N.T.V) وەربگرن‌و دەزگای نێـرەری پەخـشکردنی ئەم کەناڵە لە (466) شارو شارۆچکەو گوندا جێگیر کرابوو[207].

(N.T.V) بێجگـە لـە کەناڵـە ئاسـاییەکەی، کـەناڵێکی سەتەلایتیـشی هەیـە بـەناوی (N.T.V پلوسە).

## *کەناڵی پێنجەمی سانپوتروسبۆرگ

کەناڵی سانپوتروسبۆرگ یەکێك لەکۆنترین کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ڕووسیایە کە لەسـاڵی (1931)ەوە بەرنامە بڵاوئەکاتـەوە. بودجـەی ئـەم کەناڵـە هـەمووی لەلایـەن حکومـەتی فیدراڵەوە دابین ئەکرا،

کەناڵی سانپوتروسبۆرگ هیچکات نێتوانیبوو کە سەرنجی بینەران بەگشتی بەلای خۆیـدا ڕابکێشێت، هەرچەندە بەرپرسانی ئەم کەناڵە باس لەوە ئەکەن (70) ملیۆن بینەریان هەیە.

کەمی سەرچاوەی دارایی ئەم کەناڵە بۆ کڕین‌و بەرهەمهێنانی بەرنامەی بـاش وایکردبـوو کە کەناڵەکە بە ناچاری خشتەی پەخشی خـۆی بەفیلمـە کۆنـە ڕووسـی‌و زنجیرە تەلەفزیـۆنـە هەرزانە ئیتاڵی‌و مەکسیکییەکان‌و هەروەها بەرنامەی (گفتوگۆ)ی کەم تێـچوو و پێـشبڕکێی تەلەفزیۆنی ئاست نزمی هونەری پڕبکاتەوە.

ئەمە جگەلەوەی کە ناوچەی بوردی پەخشی ئەم کەناڵە زۆر فراوانـە و هـەموو ئـەوروپای وڵاتی ڕووسیاو بەشێك لەکازاخستان‌و ئۆکرانیاو بیلاڕووسـیاش ئەگرێتـەوە. هـەر ئـەو مـەودا

---

[207] –ناتیانا کوشکارۆڤا (تەلەفزیۆن وەك ئاوێنەی ئابوری ڕووسیا) نزوا سیمایا گازێتا، 8 تشرینی یەکەمی 1997.

زۆرەی پەخشە وایکردووە پێشنیاری ئەوە بکرێت کە ئەم کەناڵە بدرێتە کەناڵی سەرتاسەری (RTR).

## *کەناڵی (TV-6)ی مۆسکۆ

ئەم کەناڵە بەسەرمایەگوزاری (تێرنێر[208])ی بەڕێوبەری کەناڵی (CNN)ی ئەمریکی دامەزراو زیاتر فیلمە کۆنە ئەمریکییەکانو بەرنامەی هەواڵو دەنگوباسەکانی کەناڵی (CNN)ی بڵاوئەکردەوە. ساڵی (1995) گۆڕانکارییەکی گرنگ لەم کەناڵەدا هاتە ئاراوە، ئەویش تەواوکردنی سیستەمی نێرەری پەخشی لەسەرئاستی مۆسکۆو ئەنجامدانی گرێبەستی ڕیلەیی‌و ناردنی بەرنامەکانی خۆی بۆ ناوچەکانیتری ڕووسیا بوون.

کەناڵی (T.V-6) بەئاشکرا سودی لە ئەزموونەکانی کەناڵی (N.T.V) وەردەگرت‌و فیلمی ڕووسی‌و بیانی‌و زنجیرە تەلەفزیۆنی جۆراوجۆرو بڵاوکردنەوەی چالاکییە وەرزشییەکانی بڵاو ئەکردەوە. هەروەها ڕاپۆرتی دەربارەی بارودۆخی ڕێگاوبانی مۆسکۆو دەوروبەرو ڕووداوەکانی تاوان لە مۆسکۆو دەوروبەر ئەگەیاندە گوێی بینەرەکانی خۆی.

بەهۆی زنجیرەیەك هەنگاوەوە کە بەڕێوەبەری پێشووی ئەم کەناڵە بەهۆی (ئەدوارد ساگاریۆف)ەوە نابوی، بیرۆکەی کردنەپشکی (اسهم) ئەم کەناڵە بوو بۆ ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری ناوخۆ تا لەو بوارەدا سەرمایەکانی خۆیان بخەنەگەڕ. ئەو هەنگاوانەش وایان کرد کە کەناڵی (TV-6) لەتایبەتەوە بگۆڕدرێت بۆ کۆمپانیای هاوبەش.

ئەم کەناڵە هەوڵی داوە کە خۆی لەسیاسەت بەدووربگرێت، یان لایەنی کەم خۆی لە باسکردنی ئاشکرای سیاسەت بپارێزێت. بەرنامەکانی ئەم کەناڵە بەگشتی بڵاوکردنەوەی فیلمی سینەمایی‌و کارتۆنییە ئەمریکییەکانو بەرنامەی تایبەت بەمەسەلەی ئابوری خێزان‌و

---

[208] -Turner.

گەلێك بەرنامێتر بوو. زۆربەی بەرنامەکانی ئەم کەناڵە دەرژانە قاڵبی خزمەت بەسیستەمی سەرمایەدارییەوە. بەپێی ئەو ڕاپرسیو ئامارانەی کە ساڵی (1997) ئەنجام دراون، پیشانیان داوە کە ئەم کەناڵە بەرێژەی لە (30٪)ی بینەری ڕووسی بۆخۆی مسۆگەر کردووە[209].

## *کەناڵی (T.V) سێنتەر

کەناڵی (T.V) سێنتەر لەلایەن (یۆری لوژکۆڤ)ی سەرۆکی شارەوانی ناسراوی شاری مۆسکۆوە لەساڵی (1997)دا دامەزرێنرا. بەرنامەکانی ئەم کەناڵە بۆ پاریزگای مۆسکۆو شاروشارۆچکەکانی دەوروبەری بڵاوئەکرایەوە.

(T.V) سێنتەر واناسرابوو کە تەلەفزیۆنێکی (بێبەرنامە) بوو. ئەم تەلەفزیۆنە هەرلەسەرەتای دەستبەکاربوونییەوە توانیبوی لە (40٪)ی بینەرانی مۆسکۆ بەرەوخۆی کێش بکات. بودجەی ئەم کەناڵە لەلایەن بەرپرسانی مۆسکۆوە دەستەبەرئەکراو لەڕاستیدا کەناڵەکە هی حکومەتی مۆسکۆیە.

---

[209] -ئاندی زولوتوف:"ململانێ بۆ باشترین کاتی پەخشکردن" مۆسکۆ تایمز. 18ی نۆڤەمبەری 1997.

## (کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی کەرتی تایبەت لە ڕووسیادا)

حکومەت لەدامەزراندنی تەلەفزیۆنی تایبەتدا، ڕێگری نەئەکرد. لەسەرتاسەری وڵاتدا، دەیان کۆمپانیای دانانی تەلەفزیۆن ناوی خۆیان تۆمار کردبوو. بەڵام تەنها ژمارەیەکی کەم لەو کەناڵانە توانیان خۆبگرنو سەرکەوتووبوون. هۆکاری ئەو دیاردەیەش دەگەڕایەوە بۆئەوەی کە ئەو کۆمپانیایانە وەکو کەناڵە گەورەکان کە دەیان ساڵ لەوەوبەر دامەزرابوون، پشتیوانیو کۆمەکی دارایی تۆکمەیان نەبوو تا خۆیان بەپێوە ڕابگرن. کەناڵە تازەکان لەسەر شەپۆلی مەتری کاریان ئەکردو کەناڵە گەورەکانیش لەسەر شەپۆلی دەسیمەتری کاریان ئەکرد. هیچ کۆمپانیایەکی نوێ نەیدەتوانی کەناڵی شەپۆلی مەتری هەبێت، مەگەر ئەوەی بیەوێت ململانێ لەگەڵ کەناڵە زەبەلاحەکاندا بکات.

هەموو کەناڵەکانی مۆسکۆ وا دروستکرابوون کە لەسەر شەپۆلی مەتری کاربکەن. بەڵام کەناڵە نوێیەکان هەمووی لەسەر دەسیمەتری کارئەکەن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کەناڵە دەسیمەترییەکان داهاتوویەکی باشیان لەبەردەمدایە. لێرەدا باس لەهەندێك لەو کەناڵانە ئەکەین:

### *کەناڵی (24)

تۆد ترینەر و کەناڵی (CNN) سەرەڕای ئەو شکستەیان کە لەهاریکاریکردنی کەناڵی (TV-6) بینیبوویان بەڵام هەرنەیانەدەتوانی چاو لەهاریکاریکردنی کەناڵە ڕووسییەکان بپۆشن، بۆئەوەی لەو ڕێگایەوە بتوانن درێژە بەپەخش کردنی بەرنامە و کاروچالاکیەیکانی خۆیان بدەن لەناو ڕووسیادا.

کەناڵی (24)یش باشترین بەرنامە و هۆکاری خۆخزاندنی (تود ترینەر)بوو بۆ ناو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ڕووسییەکان.

کەناڵی (24) تاکە کەناڵی تەلەفزیۆنی مۆسکۆ بوو کە (24) کاتژمێر بەردەوام بەرنامەی پەخش ئەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی بینەرانی زۆر سنوردار بوو (لەڕاستیدا ئەوە خاڵی لاوازی هەموو کەناڵە دەسیمەترییەکان)بوو، بەرنامەکانی ئەم کەناڵە بەزمانی ئینگلیزی بلاّوئەکرانەوە. مەسەلەی گرنگ کە شایانی باسە وەرگێرانی ڕاستەوخۆی بەرنامەکان بوو لەم کەناڵەوە.

وەرگێڕانی بەرنامەکان ساڵی (1995) لەسنورو چوارچێوەی ئەزموونی تێپەڕیی بوونو بەوهۆیەوە ئەم کەناڵە ببووە کەناڵێکی خاوەن بینەرانی ئینگلیزی زمان، کە نوێنەرانی ولاّتان (دیبلۆماتەکان) و بازرگانانی دەرەوەو میوزانی ئۆتێلە گەورەکانی مۆسکۆ بوونو بەزۆری تەلەفزیۆنەکانیان لەسەر ئەم کەناڵە بوو.

## کەناڵی (27)

(S.F.C) یەکەمین کۆمپانیای کەرتی تایبەتی ئەمریکا بوو کە لە کۆتایی هەشتاکاندا بۆ جموجۆڵو چالاکی تایبەت لەڕووسیادا دامەزرابوو.

(پیتەر گرۆیی) دامەزرێنەرو سەرۆکی ئەم کۆمپانیایە، بۆیەکەمینجار لەساڵی (1985)دا سەردانی سۆڤییەتی کرد وەك ئامادەکاری ڕێکخستنی کاری تەلەفزیۆنی خۆی ناساندو دواتر پێشکەشکردنی ئەوجۆرە داواکاریانە بۆ دامەزراندنی تەلەفزیۆن لەڕووسیادا بووەباو.

جگە لەوکارەشی، پیتەر گرۆیی فیلمو بەرنامەی تەلەفزیۆنیو ڕادیۆیی ئەمریکی لەڕووسیادا ئەفرۆشت. پیتەر لەساڵی (1990)دا لەگەڵ ڕۆژنامەی (هەواڵەکانی

مۆسکۆ)دا، ئیزگەیەکی ڕادیۆیی بەناوی (Radio Maximum) دامەزراندو لەهاوینی (1991) شدا، (S.F.C) لە کەناڵی تەلەفزیۆنی سان پۆترۆسبۆرگدا کەوتە سەرمایەگوزاریکردنو هاوکات لەگەڵ پترۆس بۆرگدا پرۆژەی هاوشێوەشی لەئۆکرانیادا دامەزراندو ئێستا لەوێ لقی (S.F.C) بەناوی ( International Commercial Television-ICTV) کارئەکات کە سنوری پەخشی کەناڵەکە لە (کیفەوە بۆ هەموو ئۆکرانیا) بەرنامە بڵاوئەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئیزگەی ڕادیۆشیان هەیە.

هەروەها ئەم کۆمپانیایە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لە (کازانو هەروەها پرۆم، سەمارا، نیژنی نڤگورورد)شی دامەزراندووە. لەهاوینی (1996)دا ئەم کۆمپانیایە سەرەنجام کەناڵێکی دەسیمەتری خستەگەڕ. (S.F.C) بووە جێگرەوەی یەکێتی مارافۆنی (T.V) کە بریتی بوو لەکۆمەڵێك کارخانەی پیشەسازی لەبواری بەرگری. لەسەردەمی حکومەتی کۆمۆنیستیدا، ئەنیستیتۆکانو فابریکەکان کە کەلوپەلی بواری پەیوەندیکردنیان بەرهەم دەهێنا، بەگشتی سەربەکەرتی پیشەسازی بەرگرییوونو لەژێر چاودێری سوپادا کاریان ئەکرد. دەتوانرێت کەناڵی (27) وەکو نمونەییەکی ناسەرکەوتوی سوپاییەکان ئاماژەی بۆ بکرێت لەبواری کاروباری ڕاگەیاندنو بواری بەڕێوەبردنی تەلەفزیۆنیدا، ئەم کەناڵە تەنیاو تەنیا بەرنامەکانی شاری مۆسکۆی دەگرتەوەو بەس...

## *کەناڵی (51)

ئەو دوو کەناڵە دەسیمەترییەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدان، دەتوانرێت وەك مەیدانێکی بەهێزی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بیانییەکان لەبواری تەلەفزیۆنیدا باس بکرێت.

(کەناڵی (24) تەنانەت ئەگەر کۆنترۆڵی تەواویشی تیادا بەدەست بیانییەکانەوە نەبێت، ئەوا بەزەقی دەسەڵاتو توانای هونەری ئەوانی پێوەدیارە.) بەڵام دەربارەی توانای ناوەندە

ناوخۆییەکانی ڕووسیاوە، دەتوانرێ ئاماژە بە یەکێتی (کۆسمۆس-10) بدرێت. ئەم یەکێتییە سەربە وەزارەتی پەیوەندی کۆسمۆس-10، تواناى کۆکردنەوەی پارەوپولێکی باشی هەیە بۆ فراوانکردنو گەشەدان بە کەناڵی (51). ئەم یەکێتییە لەسەر داواکاری تەلەفزیۆنی کۆمەڵایەتی ڕووسیاو کەناڵی (N.TV) کۆمەڵێك کاری لەبواری فراوانکردنی ناوچەی پەخشی ئەو دوو کەناڵەدا ئەنجام دا. بەرنامەکانی کەناڵی (51) بەزۆری بڵاوکردنەوەی میوزیکە.

## *کەناڵی (31)

ناوی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی نوێیە کە بە (تەلەئێس پرێس-31) بەناوبانگ و کۆمپانیای یۆرۆسیب لەسانپۆترۆسبۆرگ یەکێك لەلایەنە دامەزرێنەرەکانێتی. توانای بوردی پەخشی کەناڵی (31) نزیکەی (20 کیلۆ واتە).

ئەم کەناڵە بەو بوردە (80کم)ە فراوانەیەوە ئەتوانێ لەناوەندی ناردنییەوە لەئاستان کینۆدا پەخشی بەرنامەکانی خۆی بگەیەنێت، کە ئەگاتە هەموو مۆسکۆو زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەری.

سەیرەکەی لەوەدایە دانیشتوانی دەوری مۆسکۆ، زیاتر بەم کەناڵە ئاشنان نەك ناوشاری مۆسکۆ، ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو هەموو باڵەخانەیە کە لەناوشاردا هەنو دەبنەڕێگر لەبەردەم شەپۆلەکانی ئەم کەناڵەداو هەرئەوەشە وایکردوو لەدەوروبەری مۆسکۆ بەئەنتێنی ئاسایش بەرنامەکانی وەربگیرێت، بەڵام لەناو مۆسکۆدا ئەم کەناڵە دەسیمەترییە وەرگرتنی سەختە. بەرنامەکانی ئەم کەناڵە برێتین لەبەرنامەی هونەری، زنجیرەی تەلەفزیۆنی بیانیو ناساندنی ناوچە جیاجیاکانی ڕووسیان.

## (پڕوپاگەندەو ململانێی نێوان کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان)

لەکاتێکدا گرنگیدانی زۆر بۆ سودوەرگرتن لەتەلـەفزیۆن وەك هۆکارێـك بـۆ سیاسـەتکردن سەیر ئەکرێت لەمۆسکۆدا، بـەڵام کەناڵـەکان خۆیـان زۆرتـر لـەبیری بازرگـانیو دەسـتکەوتی ماددی خۆیاندان.

هەر پێنج کەناڵە سەرەکییەکە هەوڵ دەدەن کـە بەرنامەڕێژییـەکی هەمەلایەنـە بکـەن تـا لەمەیـدانی هـەواڵ، فیلمـی سینـەمایی، کێبڕکـێ تەلەفزیۆنییـەکان، چـاوپێکەوتنو بەرنامـە کۆمەڵایەتییەکاندا بتوانن ڕکەبەری یەکتر بکەن. ئەو کەناڵانە بەرنامەکانی خۆیان ماوە مـاوە ئـەگۆڕنو بـەردەوام بەیـەکتری نیـشان دەدەن کـە ئەمـەیان لـەویتر باشـترو زۆربینـەرترە. هەرکەناڵێك لەوانە هەوڵی ئەوە دەدات کە خۆی وەك کـەناڵێکی پڕبینـەرو کـەناڵی نەتـەوەیی دەربخاتو بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان یەك لەچاو ئەوانیتردا بەرزتر بێتەوە.

هەموو کەناڵە ڕووسییەکان کە خوازیاری بەدەستهێنانی سـامانو پارەیـەکی زۆرن، هـەوڵ دەدەن لەبواری بازرگانیدا لەویتر چالاکتر بێنە مەیدان.

(O.R.T) کە کەناڵێکی نیمـچە تایبەتـە، واتـازە هـەوڵی ئـەوە دەدات کـە لەبەرهـەمی چاکسازی بازرگانی کە لەساڵی (1995)ەوە دەستی پێکردووە بەهرەمەند ببێت.

(R.T.R) کە کەناڵێکی تـەواو دەوڵەتییـە، کـەمێك خـاوتر هەڵـسوکەوت ئـەکات بـەڵام لەساڵی (1996)ەوە کەوتۆتە خۆنوێکردنەوە تا بتوانێت دەرامەتی خۆی زیاتر بکات.

لەسـاڵی (1997)ەوە کـەناڵی (N.T.V) چـوە مەیـدانی پەخـشکردنی بەرنامـەی سەرلەبەیانیانەوە، لەبەرئـەوەی ئـەو کەناڵـە لەهەڵبژاردنەکانـدا یارمەتییـەکی زۆری (بـۆریس یەڵتسین)ی دابوو وەك پێزانینێك بۆ ئـەو خزمەتـەی کـە بـواری بڵاوکردنـەوەی بەیانیانـەی بـۆ

ڕەخساندبوو. کاتی پەخشی بەرنامەکانی ئەم کەناڵە کەم بوو، وا کارئاسانی بۆ کرا کە بتوانێت بەدرێژایی ڕۆژ بەرنامەی هەبێت.

لەهەمانکاتدا (T.V-6)یش لەبڵاوکردنەوە فیلمو بەرنامەی لاوانەوە بەرەو بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ئاسایی تەلەفزیۆنی هەنگاوی نا، چەند کەناڵێکی بەتەواوی نوێ، بەتایبەتی (T.V-سەنتەر) کە سەربەحکومەتە لەمۆسکۆ، وە (S.T.S) کە بەپشتیوانیو کۆمەکی ئەمریکییەکان بەرنامەی هەیەو هەروەها کەناڵیتری کێبڵی هاتنە مەیدانی بواری کاری تەلەفزیۆنییەوە. ئەم شەپۆلە نوێیەی کاری مەیدانی تەلەفزیۆن کە سەریان هەڵدا، تاڕادەیەکی زۆر هۆکارەکەیان ئەو دەستکەوتە زۆرە بوو کە بەهۆی ڕیکلامە بازرگانییەکانەوە بەدەست دەهاتن. ناتوانرێت ژمارەی وردی ئەو دەستکەوتە دیاری بکرێت، بەڵام لەساڵی (1997)دا هەروەك ساڵی پێشتر واتا (1996) دەرامەتی ڕیکلامە بازرگانییەکان بەرێژەی لە (30٪ تا 40٪) زیادیان کردبوو. ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی بواری ڕاگەیاندن کە پێشی دەوترێت (کۆمەڵەی پەیوەندی گشتی ڕووسیا). هەموو ئەو دەرامەتەی کە لەڕیکلامە بازرگانییەکانی تەلەفزیۆنەوە لەساڵی (1996)دا دەستکەوتبوون بە (597)ملیۆن دۆلار قەبڵاندبوو. هەمان ڕێکخراو دەرامەتی کەناڵە سەرەکییەکان: ( ORT, RTR, N.TV, T.V SENTER, T.V-6)ی لەسەرەتای ساڵی (1997) تا ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ بەگشتی بە (743) ملیۆن دۆلار مەزەندەکردبوو کە گەشەکردنی دەرامەت لەچاو ساڵی (1996)دا بەرێژەی لە (25٪)بووە. بەڵام یەکێتی ڕێکخراوە ڕیکلامییەکانی ڕووسیا کە بەردەوام ژمارەیەکی کەمتر ڕادەگەیەنێت لەچاو لایەنەکانیتردا، وانیشان دەدات کە دەرامەتی ڕاستەقینە لەوە کەمتر بووە کە ڕاگەیاندراوە.

ئەم یەکێتییە دەرامەتی ساڵی (1996)ی بە (274) ملیۆن دۆلار ڕاگەیاندووە. لەکاتێکدا کە ئەم پێنج کەناڵە گەورەیەی ڕووسیا بۆ گەشەدان بەخۆیان سەرمایەیەکی زۆر

بەخەرج دەدەن، ڕوون نییە کە ئایا ئەوان ئەتوانن لەکۆتاییدا سودمەند بن یاخود بەزیانیان دەشکێتەوە.

بەپێی بەراوردکارییەك کە ئەنجام دراوە، هەموو بازاڕی ڕیکلامی بازرگانی ڕووسیا ناکاتە یەك ملیارد دۆلار. (RTR) تەنیا بۆ قەرەبووکردنەووەی تێچووی بەرنامەکانی کە ئامادەیان ئەکات، ساڵانە نزیکەی هەشتا ملیۆن دۆلاری پێویستە. ئەو ژمارەیە پەخشی بەرنامە تەلەفزیۆنییە ڕیکلامییەکانی سەردەمی سۆڤییەتی پێشووی تیا نییەو هەروەها پەخشی بەرنامە سەتەلایتییەکەی سۆڤییەت (هۆریزۆنت)یش ناگرێتەوە. واتە جگە لەو دوانە، ئەو بڕە پارەیەی پێویستە. ئەگەر ئەو پارەیەی سەرەوە لەبەرچاوبگرین ئەوا دەگەینە ئەو سەرەنجامەی کە بودجەی ساڵانەی (ORT, RTR, N.TV) بۆ ئامادەکردنو پەخشی بەرنامەکانیان نزیکەی سێسەد ملیۆن دۆلاریان زیاترە. کەناڵی (N.TV) ئێستا گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی قازانجێکی چنگ کەوێت، بەڵام کەناڵی (RTR) و (تیڤی سەنتەر) تائێستاش نەگەیشتونەتە ئەوەی قازانج بکەن. ئەم دوو کەناڵەی دوایی لەبودجەی حکومەتی فیدراڵ و بودجەی شاری مۆسکۆ خەرجییەکانیان دابین ئەکرێت. لەبەر گرانی خەرجی بەرنامەکان، زۆربەی کەناڵەکان چالاکییەکانی پەخشی خۆیان لە بەشی خۆرئاوای ڕووسیا چڕ کردۆتەوە، لەبەرئەوەی لەشوێنەکانیتر ئامادەکردنی بەرنامە تایبەتەکانو بڵاوکردنەوەیان بۆ (11) شوێنی جیاجیا لەوڵاتدا، زۆر گران ئەکەوێت لەسەریان.

# * بەشی چوارەم *

## مێژووی ئاژانسەکانی هەواڵ لەڕوسیادا

*چاوگێڕانێکی گشتی بەئاژانسەکانی ڕوسیادا.

*پرۆسترۆیکەو گەشەکردنی ئاژانسەکان.

*گرنگترین ئاژانسەکانی فیدراسیۆنی ڕوسیا.

## * چاوگێڕانێکی گشتی بەئاژانسەکانی ڕوسیادا

لەساڵی (1866)دا بۆ یەکەمین جار یەکێك لەخاوەن بانکەکانی ڕوسیا، ئاژانسی تەلەگرافی روسیی **RTA**[210] دامەزراند. ناوبراو کەخۆی ڕۆژنامەی (هەواڵی بۆرسە)ی بڵاوئەکردەوە. پەی بەتوانای تەلەگراف لەوەرگرتنو ناردنی هەواڵدا بردبوو. لەسەرەتادا ئەم ئاژانسە تەنها هەواڵو دەنگوباسەکانی دەرەوەی وەرئەگرتو ئەیدایەوە بەڕۆژنامەکانی ناوخۆ، بەڵام دواتر کەوتە کۆکردنەوەی هەواڵەکانی ناوخۆو، ئەو هەواڵانەی ئەناردە دەرەوەی وڵات. یەکەمین ئاژانسی دەنگوباسی جێگای متمانە لەڕوسیادا لەساڵی (1918) بەهەمان ناونیشان واتە (ئاژانسی تەلەگرافی روسیی)، دامەزرا. ئەو ئاژانسە لەو سەردەمەدا تاکە ئاژانسی ناوەندیی هەواڵنێری بوو لەڕوسیادا.

## *ئاژانسی هەواڵنێری تاس

دوای دامەزراندنی یەکێتیی سۆڤییەت، بەفەرمانێکی لینین ئاژانسی تەلەگرافی ڕوسیا لە (1925)دا هەڵوەشێنرایەوەو، لەجیاتی ئەو ئاژانسی تەلەگرافی یەکێتیی گەلانی سۆڤییەت (تاس)[211]، دامەزرا، ئاژانسی هەواڵنێری تاس لەژێر چاودێری ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤییەتدا چالاکییەکانی خۆی ئەنجام ئەدا، ئەرکی سەرەکیشی خستنەڕووی هەواڵو زانیاریو بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی حکومەتی سۆڤییەت بوو لەبواری مەسەلە سیاسیو ئابوریی‌و کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکانی ناوخۆو دەرەوەی ئەو وڵاتەدا بوو.

---

[210] .Rossiiskoi Telegraphnoe Agentsvo

[211]. Telegraphnoe Agentsvo Sovetskogo Soyuza (T.A.S)

لەساڵانی (1930)دا، لەهەموو کۆمارەکانی سۆڤییەتدا لقی ئاژانسی هەواڵنێری (تاس) دامەزرا، بەڵام شێوازی کاروچالاکییەکانیان، لەناوەندەوە پێ ئەسپێردراو، بەوردی لەوێوە چاودێری کارەکانیان ئەکرا.

ئاژانسی هەواڵنێری تاس لەڕێگای نووسینگەی نوێنەرایەتییەکانیەوە، کە لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەبوو، هەواڵو زانیاری وەرئەگرتو بەپێی سیاسەتەکانی پارتی کۆمۆنیست، ئەو هەواڵو زانیارییانەی دادەڕشتەوەو، بەسەر ئاژانسەکانی کۆمارەکانی سۆڤییەتدا، دابەشی ئەکردەوە.

لەساڵی (1956)دا ئاژانسێکی تری هەواڵنێریی بەناوی (ئاژانسی چاپەمەنی نۆڤۆستی (هەواڵەکان)[212]، دامەزرا. ئەو ئاژانسە بەشێوەیەکی فراوان پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا پەیدا کردبوو، ئەرکی سەرەکیشی پڕوپاگەندەو بانگەشە بوو بۆ ئەو پێشکەوتنانەی کە لەسۆڤییەتدا لەبوارە جیاجیاکاندا بەدەستهێنراوە، جگە لەوە کارێکی تری ئاژانسی چاپەمەنی نوڤستی لەچاپدانی کتێبی سەرکردە کۆمۆنیستەکان بوو بەزمانە جیاجیاکانی جیهانو ناردنە دەرەوەو دابەش کردنی ئەو کتێبانە بوو.

پارتی کۆمۆنیست دوای دامەزراندنی هەردوو ئاژانسی تاسو نۆڤۆستی، توانی ئیمپراتۆریەتی زانیارییەکانی خۆی لەسەر ئاستی ناوخۆیی، نێونەتەوەیی و ئایدۆلۆژی دروست بکات. سەرەکی ترین ئەرکی ئاژانسە هەواڵییەکانی سۆڤییەت پڕوپاگەندە کردن بوو بۆ ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی لەناوخۆو دەرەوەی وڵاتدا. لەبەرئەوە ئەو ئاژانسانە لەژێر چاودێری هەمیشەیی و توندی ئۆرگانە باڵاکانی پارتی کۆمۆنیستدا بوون، هەرچەندە ئاژانسی نۆڤۆستی

---

[212]. Agentsvo Pechati Novosti (A.P.N)

لەباری خاوەنداریێتی یاساییەوە، نادەوڵەتیو سەربەخۆبوو، بەڵام لەهەموو کارەکانیدا، بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن پارتی کۆمۆنیستەوە ئەبرا بەڕێوە[212].

چاودێری پارتی کۆمۆنیستو حکومەت بەسەر چالاکییەکانی ئاژانسەکانی هەواڵ لەسۆڤییەتدا، هەر بەسانسۆرکردنەوە نەوەستا بوو، بەڵکو تەنانەت بەبێ ڕەزامەندی بالای حزب نەئەتوانرا بەڕێوەبەرێك بۆ ئاژانسەکە دابنرێت. باسکردنو لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو کەسانەوە کەهەڵئەبژێردران بۆ پۆستی بەڕێوەبەری ئەو ئاژانسە تەنیا لەدەست مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستدا بوو[213]. تەنانەت ئەو کەسانەش کەوەکو هەواڵنێرو نوسەری بابەتە ئایدۆلۆژییەکان کە لەو ئاژانسەدا کاریان ئەدرایە، ئەبوو نامەی پشتگیری تایبەت لەئۆرگانەکانی حزبەوە بهێنن.

ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کە لەناوەندو ناوچەکانی ڕوسیاو کۆمارەکانی سۆڤییەت دەردەچوون، بەزۆری سودیان لەهەواڵو زانیارییە رەسمییەکانی ئاژانسی هەواڵنێری تاسو نۆڤۆستی وەرئەگرت، جگەلەوەش تاس بەشێوەی بەردەوام بەڵگەنامە رەسمییەکانی حکومەتو پارتی کۆمۆنیستی بڵاوئەکردەوەو، راگەیاندنەکانی سۆڤییەتیش دەبوو ئەو هەواڵو زانیارییانەی ئەوان بخەنە بەرچاوی خەڵکی.

---

212- دامەزرێنەرانی نۆڤۆستی برەیتی بوون لە: یەکێتی هەواڵنێران، یەکێتی جەماوەریی سۆڤییەت، یەکێتی نوسەران، هەندێك لە چڤاتە پیشەییو کرێکارییەکانو ژمارەیەك لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان.

213- ج.ن. زاسۆرسکی، ئاژانسی هەواڵدەری رووسیاو سیستەمی زانیاری گەیاندن لە رووسیا، مۆسکۆ: دەزگای بڵاوکردنەوەی بەشی رۆژنامەوانی، 1995.

## *پرۆسترۆیکەو گەشەکردنی هەواڵدەرییەکان

بەهاتنە سەرکاری میخایل گۆرباچۆڤو، نەهێلآنی سنوردارکردنو کەمکردنەوەی سانسۆر، شەپۆلی دامەزراندنی کەناڵی راگەیاندنی سەربەخۆو جیا لەپارتی کۆمۆنیست دەستیپێکرد. ئەم قۆناغەش ئەتوانرێت بەدەورانی پڕهەراو هوریای کەناڵەکانی راگەیاندن ناوببرێتو لەوانەش ئاژانسە هەواڵدەرییە نوێکان لەسۆڤییەتدا، لەنێوان ساڵانی 1989و 1990دا، چەند ئاژانسێکی هەواڵدەری سەربەخۆی وەکو: پۆست فاکتۆم، سورو-رایادا[214]، ئۆراڵ ئەکسێپت[215]، سیب-یا[216]، نیگا[217]و چەند ئاژانسێکی تر دامەزران.

ئەم ئاژانسانە بەزۆری سەرقاڵی ڕۆژنامە دەرکردن بوون، بۆ نموونە ئاژانسی هەواڵدەری نیگا، کەدواتر ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا، ڕۆژنامەی (نیزاڤیسیمەیە گازێتە)ی دەرکرد، لەسەرەتای دەورانی هەڵگرتنی ڕێگریەکانو کەمکرانەوەی سانسۆردا، هەواڵو بابەتی زۆر لەو هەواڵدەرییەوە، وەرئەگیرانو لەبڵاوکراوەکاندا بڵاوئەکرانەوە. لەپاڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا ئاراستەی سەربەخۆبوونی ئۆفیسەکانی سەر بەئاژانسی (تاس)یش لەکۆمارەکانی سۆڤییەتو شوێنەکانی تریشدا دەستیپێکرد.

ئۆفیسەکانی (تاس)، لەکۆمارەکانی بالتیكو گورجستان لەناو یەکەمین کەسانێکدا بوون، کەسەربەخۆیی خۆیان راگەیاند. بەدڵنیاییەوە ئەتوانرێت باس لەوە بکرێت کەڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئۆفیسەکانی ئاژانسی (تاس) لەکۆمارەکانی سۆڤییەتیدا، یەکەم هەنگاوبوون، بەرەوسەربەخۆییو جیابوونەوەی ئەو کۆمارانە لەجەستەی سۆڤییەت.

لەساڵی (1990)دا، حکومەتی فیدراڵی ڕوسیاش رەزامەندی خۆی نیشاندا بۆ دامەزراندنی ئاژانسی هەواڵدەری ڕوسیا بەناوی ئاژانسی (ریا)، لەو کاتەدا واڵێك ئەدرایەوە

---

214- Severo-Zapad.
215- Ural Accept
216- Sib-Ia.
217- Nega

کە ئەو ئاژانسە لەسەر پایەی ئاژانسی چاپەمەنی (نوڤستی) دابمەزرێت، بەڵام ئەم پێشنیارە ڕووبەڕووی نارەزایەتی سەرانی سۆڤییەتو لەوانەیش گۆرباچۆڤ بووە، گۆرباچۆڤ لەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بیرۆکەی دامەزراندنی ئاژانسێکی هەواڵدەری سەربەخۆی فیدراسیۆنی ڕوسیا، لەفەرمانێکدا ناوی ئاژانسی چاپەمەنی نۆڤۆستی گۆڕی بۆ، ئاژانسی هەواڵدەری حکومەتی (نوڤوستی)، بەڵام بەوەش نێتوانی ڕێگا لەدامەزراندنی ئاژانسی هەواڵدەری ڕوسیا بکرێت.

لەڕۆژەکانی کودەتا سەربازییەکانی مۆسکۆ لەئابی (1991)، جیاوازی نێوان هەواڵەکانی ئاژانسە سەربەخۆکانو هەواڵەکانی ئاژانسی هەواڵدەری تاس، بەجوانی دەرکەوت، ئەنجامی جیاوازی لەناوەڕۆکی هەواڵی هەردوولادا، ئەوەبوو کە (تاس)، متمانەی خەڵکی لەبەرامبەر خۆیدا بەتەواوی لەدەستدا.

لەڕۆژەکانی کودەتای حکومەت لەمانگی ئابیدا، ئاژانسی هەواڵدەری (ریا) بوە ئاوێنەی ڕاستەقینەی نیشاندەری ڕووداوەکانو، ناوبانگێکی زۆریشی پەیدا کردو، بووە جێگای سەرنجی خەڵکی.

## *گرنگترین ئاژانسەکانی فیدراسیۆنی ڕوسیا

دوای ئابی (1991) چالاکی پارتی کۆمۆنیست راگیراو قۆناغێکی نوێی کاری هەواڵدەری لەڕوسیادا دەستیپێکرد، ئەوەی خوارەوە ناساندنی گرنگترین ئاژانسەکانی ڕوسیایە:

### *ئاژانسی هەواڵدەری ئیتەر-تاس

لە (22ی کانونی دووەمی 1992)دا، بۆریس یەڵتسین-ی سەرکۆماری فیدراسیۆنی ڕوسیا، بڕیارێکی لەبارەی دامەزراندنی ئاژانسی هەواڵدەری تەلەگرافی ڕوسیا (ئیتەر)[218]ی ژێرچاودێری حکومەتی فیدراسیۆنی ڕوسیا واژۆی کرد. بەپێی ئەو بڕیارەن ئیتەر، وەکو ئاژانسی هەواڵدەری حکومەتی ڕوسیا لەناوخۆو دەرەوەی وڵات کاری ئەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی کەناوی (تاس)، کە ئاژانسی هەواڵدەری رەسمی سۆڤییەت بوو، ناوبانگێکی جیهانی هەبوو، بۆیە ئەو ناوەیان بەتەنیشت ناوی (ئیتەر)ەوە دانایەوە. ئێستا ئاژانسی (ئیتەر-تاس) بەرپرسیارێتی بڵاوکردنەوەی هەواڵە رەسمیو حکومییەکانی لەئەستۆدایە، بەڕێوەبەری ئەو ئاژانسەش لەلایەن حکومەتی ڕوسیاوە دیاری ئەکرێت.

بەپێی ئاماری ساڵی (1996) لەو ئاژانسەدا، چوار هەزار کەس کاریان کردووە، لەمێژووی (ئیتەر-تاس)دا، (74) ئۆفیسی نوێنەرایەتی لە ڕوسیاو کۆمارەکانی تری سۆڤییەتو (64) ئۆفیسی لەوڵاتانی تری جیهاندا هەبوە. هەر بەپێی ئامارەکانی هەمان ساڵ، ئەو ئاژانسە خاوەنی (7)بانکی زانیاریو، (20) بۆڵتنی دەنگوباس، دوو ڕۆژنامە بەناوی (24)و (ئەکسپرێسی ڕۆژهەڵات)و هەروەها گۆڤارێکی وێنەداری بەناوی

---

218- ITAR

(ئێخۆپلانێتی (سەدای گێتی) -ڕەنگدانەوەی دەنگی گێتی)بوو، وە لەو بەروارەدا (ئیتەر-تاس) بەگشتی (8) هەزار بەشداربووی لەناوخۆو سەد وڵاتی جیهاندا هەبووە.

## *ئاژانسی هەواڵدەری (ریا)

ئەم ئاژانسە لەیەکگرتنی ئاژانسی چاپەمەنی نۆڤستیو ئاژانسی ئیتەر-تاس-ی روسی لەساڵی (1992) هاتۆتە ئاراوە.

پاش دامەزراندنی ئاژانسی هەواڵدەری ئیتەر-تاس بەمەبەستی کەمکردنەوەی خەرجیو ڕێگرتن لەدووبارەبوونەوە ئاژانسەکانی تاسو نوڤستی هەڵوەشێنرانەوەو لەبری ئەوان ئاژانسی (ریا)[219] دامەزراو، سەرەنجام ناوی ریانوڤستی لەخۆگرت.

## *ئاژانسی هەواڵدەری ئینتەرفاکس

ئەم ئاژانسە لەئەیلولی 1989 بەسەرمایەگوزاری لیژنەی بەڕێوەبردنی رادیۆو تەلەفزیۆنی سۆڤییەتو کۆمپانیای ئیتەرکوادۆر[220] (کۆمپانیای هاوبەشی سەر بەسۆڤییەت، فینلەنداو ئیتالیا) دامەزرا. بەشداربووانی سەرەکی ئەم ئاژانسە، دیپلۆماتە بیانییەکانو نوێنەرانی کەناڵەکانی راگەیاندنی بیانی بوون.

سەرهەڵدانی ناکۆکی توندی نێوان ئەم ئاژانسەو رادیۆو تەلەفزیۆنی سۆڤییەتی، بوەهۆی ناوبانگ دەرکردنی. بەڕێوەبەرانی رادیۆو تەلەفزیۆنو ئەوان لەسەر ئەو باوەڕە بوون، کەئەو هەواڵانەی ئەم ئاژانسە بڵاویان ئەکاتەوە، رەنگدانەوەی بیروڕاکانی ئەمان نیەو، سەرەنجام لەکانونی دووەمی (1991)دا، (لیونید کراچینکۆ)ی سەرۆکی رادیۆو تەلەفزیۆنی

219- RIA
220-¯ Interqwadro

سۆڤییەت بڕیاریدا چالاکییەکانی (ئینتەرفاکس)[221] بوەستێنێت‌و سەروەت‌و سامانەکەش بلۆك بکات. ئەو بگرەو بەردەیە خۆی بووە پڕوپاگەندەیەکی باش بۆ ئاژانسەکە.

دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت، ئینتەرفاکس بوە کۆمپانیایەکی هاوبەش‌و سەرەکی ترین داهاتی ئەو ئاژانسەش لەڕێگای ئابونەی هاوبەشەکانیەوە دەستەبەر ئەکرا، لەساڵی (1996)دا ئەم ئاژانسە پێنج سەد هەواڵنێری هەبووە، لەزۆربەی شارە گرنگەکانی جیهانیشدا ئۆفیسی دامەزراندوە، ئینتەرفاکس، بوڵتنی هەواڵی‌و شیکردنەوەیش بلاوئەکاتەوە، لەناو ئەو بۆڵتنانەشدا، ئەتوانرێت ئاماژە بەهەواڵی ئینتەرفاکسی دارایی، هەواڵی سەرکۆمارو، تێڕوانینی دیبلۆماسی بکرێت، لەساڵی (1996)دا لەپاڵ ئەو چالاکییانەی ئەو ئاژانسە، کەباسکران، (ئاژانسی زانیاری دارایی‌و ئاژانسی زانیاری نەوتی)یش دامەزران. کەبانکەکان‌و کۆمپانیا هاوبەشەکان‌و ڕێکخراوەکانی بازرگانی، سەرەکی ترین وەرگرانی هەواڵەکانیان بوون.

## *ئاژانسی هەواڵدەری پۆست فاکتۆم

ئاژانسی هەواڵدەری پۆست فاکتۆم[222]، کە لەساڵی 1987 دامەزراوە، بەیەکێك لەگەورەترین ئاژانسە ناحکومیەکان ئەژمێردرێت، ئەم ئاژانسە لەلایەن دەستەیەك ڕۆژنامەنووسی ئازادەوە، لەگەرمەی جولانەوەی دیموکراسی لەڕوسیادا، دایان مەزراند.

پۆست فاکتۆم تۆڕێکی بەربلاوی لەهەواڵنێران لەسەرتاسەری ناوچەکانی ڕوسیاو، ولاتانی تری کۆمەڵەی بەرژەوەندی هاوبەشدا هەیە. ئەم ئاژانسە 24سەعات کارئەکات.

لەساڵی 1995 ئەم ئاژانسە توانی گەورەترین سیستەمی زانیاری کۆمپیوتەری لەڕوسیادا دابمەزرێنێت. لەپاڵ چالاکییەکانی ئەم ئاژانسەدا، ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی زانستی

221- Interfax
222- Post Factum

تایبەت بەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش کەوتە چالاکی نواندن، ئاژانسی پۆست فاکتۆم بڵاوکردنەوەی هەواڵی جۆراوجۆری لەبوارە جیاجیاکانی وەکو: ئابوری، دامودەزگاکانی نەوت و گاز، فڕۆکە دروستکردن و گەردوونیش بڵاوئەکاتەوە.

## *ئاژانسی سکات پرێس

ئەم ئاژانسە لەلایەن دەستەیەك لەدەرچوانی زانکۆی دەوڵەتی مۆسکۆوە لەساڵی 1992 دامەزرا. سکیت پرێس[223]، بەفرۆشتنی هەواڵ و شیکردنەوەی زانیاری، لەبارەی گەشەکردنی بازاڕی دراو لەڕوسیاداو پێشکەشکردنی راوێژکاری دارایی بەکۆمپانیاکان و ڕێکخراوە حکومیەکان، چالاکی خۆی دەستپێکردوون وەکو ئاژانسێکی سەربەخۆن راوێژکارییەکانی خۆی ئەداتە کۆمپانیاکان، ڕێکخراوەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن. راوێژو زانیارییە پیشەییەکانی خۆی پێشکەش بەوان ئەکات. هەروەها بڵاوکردنەوەی جۆراوجۆر لەبارەی بازاڕی دراوی تورکییەوە بڵاوئەکاتەوە. لەو بڵاوکراوانەش ئەتوانرێت ئاماژە بەزانیاری دارایی ڕۆژانە، بازاڕی دراو و بازاڕی دراوی قورس بکرێت. ئەو زانیاریانەی کەئەم ئاژانسە پێشکەشی ئەکات، جگە لەڕوسیا لەوڵاتانی ئەوروپایی و ئەمریکاشدا بڵاوئەکرێتەوە.

## *ئاژانسی ئەکۆ نومیچسکیە نوڤستی

ئەکۆ نومیچسکیە نوڤستی[224] (هەواڵە ئابورییەکان) لەساڵی 1992 لەمۆسکۆ دامەزرا. بوارەکانی هەواڵ و زانیارییەکانی ئەم هەواڵدەرییە، مەسەلەکانی ئابوری و داراییە، لەبەرئەوەی هەواڵە سیاسییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر هەلومەرجی ئابوری هەیە ئەوانیش بڵاوئەکاتەوە.

---

223- Skate Press
224- AEN

ئەم ئاژانسە چەند بولتنێکی هەواڵی لەوانە بولتنەکانی کانزاکانو بەرهەمهێنانی کـانزایی لەڕوسـیاو کاروبـاری بیناسـازیو کۆمپیوتـەرو بـازاڕی کۆمپیوتـەر لەڕوسـیادا، پێـنج جـار لەهەفتەدا بڵاوئەکاتەوە، هەروەها چەند هەفتەنامەیەکی بەناونیشانەکانی، هەواڵی بازرگـانی، بولتنی بازرگانی، بەتایبەتکردنی ئـابوری-یـش بڵاوئەکاتـەوە. بـانکی زانیـاری ئـەم ئاژانـسە زانیاری لـەبارەی ئـاڵوویڵی بۆرسـە، نرخـی دراوی قـورس، کـڕینو فرۆشـتنی دراوی قـورسو داهاتە داراییەکانەوە بڵاوئەکاتەوە.

## *ئاژانسی ئیما-پرێس

ئەم ئاژانسە لەلایەن چەند ڕۆژنامەیەکی ناوچەییەوە لەسـاڵی 1989دا دامـەزرا. ئیمـا پرێس[225]، 30 ئۆفیسی نوێنەرایەتی لەڕوسیاو هەندێك وڵاتـی ئـەوروپاییو ئەمریکاییـدا هەیە. ئەم ئاژانسە ئەم بڵاوکراوانە بڵاوئەکاتەوە:

-پۆپ ئەکۆن[226] کە لەسەر بارودۆخی ئابوری ناوچە جیاجیاکانی ڕوسـیاو کۆمارەکـانی سۆڤییەتی پێشوو ئەنوسێت.

-ڕێت-ئەکسپرێس[227]، کە لەبارەی بۆرسەی شمەكو مادە خاوەکانە، ئەنوسێت.

ئیمـا پـرێس بەشـیکردنەوەو لێکۆڵینـەوەی ڕۆژنامـەکانی ناوەنـدەوە خەریکـەو، لـەبارەی هەلومەرجی داراییو دراوی قورسو کاروباری بانك لەفیدراسیۆنی ڕوسیاوە شت ئەنووسێت.

## *ئاژانسی پال-ئینفۆرم

ئەم ئاژانسە لە (1991) بەدەستپێشخەری ڕۆژنامەنووسانی سـەربەخۆ کـە ئـەزموونی ڕۆژنامەنووسی بازرگانییان هەبوو، دامەزرا.

---

225- Ima-Press
226- Pop-Econ
227- Rait-Express

لایەنی سەرەکی چالاکی ئەم ئاژانسە کاروباری ئابوورییە.

ئاژانسی پال-ئینفۆرم[228]، کۆمپانیایەکی هاوبەشەو، ڕۆژانە بوڵتنەکانی دەربارەی، ئابوری، بازرگانیو بانکدارییە کەبڵاویان ئەکاتەوە. هەروەها لەسەر داواکاریو راسپێری کەسانو دامودەزگا جۆراوجۆرەکان، زانیاری تەواو لەبارەی بابەتەکانی سەرەوە ئامادەو پێشکەش ئەکات، هەواڵنێرەکانی ئەم ئاژانسە لەسەرتاسەری ناوچەکانی ڕوسیاو کۆمارەکانی سۆڤییەتی پێشوو هەندێك وڵاتی ئەوروپیو ئەمریکا چالاکییان هەیە.

## *ئاژانسی هەواڵدەری کۆمینفۆ

ئەم ئاژانسە لەساڵی 1993 بەفەرمانی یەڵتسینو بەمەبەستی پێشکەشکردنی هەواڵو زانیاری بەسەر کۆمار، دامەزرا. ئاژانسی کۆمینفۆ[229]، جگە لەوە بولتنی هەواڵی جۆراوجۆر بۆ وەزارەتەکانو رێکخراوە حکومیەکانی فیدراسیۆنی ڕوسیا ئامادە ئەکرد. هەواڵو زانیارییەکانی ئەم ئاژانسە لەڕێگای تۆڕی تەلەفۆنیە تایبەتیەکانەوە، ئەنێرێت بۆ سەرانی حکومەت.

***

بەگشتی، دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت، سەدان ئاژانسی هەواڵدەری لەڕەهەندی جۆراوجۆرو بەتوانای فراوان یان سنوردارەوە چالاکی ئەنوێنو بەتێپەڕبوونی کات، بازاڕی ئاژانسی هەواڵدەری لەڕوسیادا، لەحاڵەتی پێکهاتندایە، هەروەها بەیەکخستنی ئاژانسەکان لەگەڵ یەکتریدا، دەورانی پێکهاتنی ئاژانسی زەبەلاحی زانیاری لەڕوسیادا سەری هەڵداوە.

---

228- Pal-Inform
229- Cominfo